له بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# شەش گەوهەر
# لە
# بنەماکانی ئەهلی ئەثەر


نوسینی مامۆستای بەڕێز

عبدالمالك بن احمد بن المبارك رمضاني الجزائري

وەرگێڕانی

عبدالوالي عبدالرحيم علي قزلّجى

نوسینی پێشەکی

مامۆستا عبداللطيف أحمد مصطفى


---


ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سونەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

| | | |
|---|---|---|
| | ☐صورة الإذن الخطي للمؤلف بترجمة الكتاب للمترجم | |

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه.

وبعد، فبطلب من أخينا الشيخ أبي منار العلمي، فقد أذنت للأخ عبد الوالي عبد الرحيم علي بترجمة كتابي «درر من أصول أهل الأثر» إلى اللغة الكردية.

وفقه الله الجميع لما يحب ويرضى.

كتبه عبد المالك بن أحمد رمضاني

في مكة ٢٩ رمضان ١٤٣٠ هـ

# ڕێگەدانی نووسەر بە وەرگێڕانی کتێبەکەی بۆ وەرگێڕ

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە وە درووودو سلاّو لەسەر پێغەمبەرمان موحەممەد وە لەسەر ئال و بەیت و یاوەرانی.

لە پاشاندا, لە ڕێی داواکاری برامان مامۆستا ئەبی مەناری عەلەمی, ئەوا ڕێگەم دا بە برامان عبدالوالی عبدالرحیم علی بەوەرگێڕانی ئەو کتێبەم (شەش گەوهەر لە بنەماکانی ئەهلی ئەثەر) بۆ سەر زوبانی کوردی.

خوای گەورە هەمو لایەک یارمەتی بدات بۆ ئەو شتانەی کە پێی خۆشەو لێی ڕازیە.

عبدالمالك بن أحمد رمضاني

نوسیویەتی

لە مەککە ٢٩ ڕەمەزان ١٤٣٠ ك

# پێشەکی مامۆستای بەڕێز

م/عبداللطیف أحمد مصطفی

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله

بێ گومان ئاینی ئیسلام بریتیە لەو پەیامەی کە خوای پەروەردگار بە پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) ناردبووی بۆ بەختەوەر بوونی ئادەمیزادو ڕزگارکردنی خەڵکی لە تاریکیەکانی کوفرو شیرك و خورافەت و نەفامی و جەهالەت و تاوان و بەد ڕەوشتی بۆ ڕووناکی ئیمان و تەنها خواپەرستی و هیدایەت و زانست و ڕەوشتی جوان.

وە ئەم دینەش هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (ﷺ) یەکەم کۆمەڵ بوون کە بەختەوەر بوون پێی و بەتەواوی لەخۆیاندا جێبەجێیان کرد. وە ئەمانەتی ئەو دینەشیان وەکو خۆی نەقڵ کرد بۆ شوێن کەوتەکانی دوای خۆیان, وە بەم شێوەیە جیل بە جیل زانایان و پێشەوایانی ئەهلی سوننەت ئەم دینە ڕاستەیان گواستۆتەوە بۆ دوای خۆیان. وە دینەکەیان پاراستووە لە زێدەڕەوی توندڕەوان و گۆڕانکاری نەفامان و زیادەکاری ناڕەواو بیدعەکاران، وە ئاینی ڕاستەقینەش تەنها ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵە بەڕێزەکانی لەسەری بوون بۆ دوای

خۆيان نەقلّ كراوەو گەيشتوە بە ئێمەش ئەمڕۆ وەك ئيمام مالك فـەرمووی: (**مالم يكن يومئذ دينا فلا يكون اليوم دينا** ) .

وە لەســەردەمی ئێمەشــدا چــەندەها هــەوڵی چەواشــەكاری و گۆڕانكــاری و زێدەكاری دراوە لەناو موسوڵماناندا تاوای لێهاتوە زۆرێك لـە سـوننەت لـە خـەڵكی بووە بە بيدعەو بيدعەشيان لا بووە بە سوننەت، وە لەوەش زياتر شيرك و هـاوەڵ بۆخوا دانان و گۆڕ پەرستی و شەخس پەرستی جێگای خۆی كردوەتـەوە لـە دڵـی زۆر لە موسوڵمانانداو وای لێهاتوە كە بانگی خەڵكی بكرێت بۆ تـەنها خواپەرستی و تەنها پەنا بۆ خـوا بـردن، لێـت تـوڕە دەبـن و قسـەت پـیَ دەڵـێن و پڕوپاگەنـدەی ئەوەت بۆ دەكەن كە دينێكی تـازەت هێنـاوەو دژ بـە پياوچـاكانيت و پێغەمبـەرت خۆش ناوێت و بەكریَ گيراوی دوژمنانی دينيت ! !

پـەنا بـەخوا لـەم چەواشـەكاريەو لـەم سـەر لێشـێواويە كـە حـاڵی زۆرێـك لـە موسوڵمانان وەك حاڵی ئەو موشريكانەی لیَ بێت كە خوا باسی كردوون:

﴿ وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحۡدَهُ ٱشۡمَأَزَّتۡ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِۖ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦٓ إِذَا هُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ ﴾ الزمر: ٤٥ وە هەروەها خەڵكی سەيری لـەوە دێت كە بانگيان بكرێت بۆ ڕۆيشتن لەسەر ئەو ڕێگا ڕاستەی كـە پێغەمبـەر (ﷺ)و هــاوەڵانی (الســلف الصــالح) لەســەری بــوون, بــەڵكو دەيانــەوێت موســوڵمانان پەرتەوازەی گروپ و مەزهەب و حزبايەتی بن!

کەواتە ئەرکی زانایانی ئەهلی سوننەیە کە هەڵسن بە ڕاست کردنەوەی بۆچوون و بیروباوەڕی خەڵکی، وە یەکێك لەو زانایانەی کە بەم ئەرکە هەڵساوە (شێخ عبدالمالك الرمضاني)یە خوا بیپارێزێ کە کتابێکی نوسیوە بە ناوی (ستت درر في أصول أهل الأثر) واتە (شەش گەوهەر لە بنەماکانی ئەهلی ئەثەر).

کە تیایدا ئەم بنچینانەی باس کردووە:

بنچینەی یەکەم: دڵسۆزی لە ئاینی ئیسلامدا تەنها لەبەر خوای گەورە.

بنچینەی دووەم: ڕێگا، یەك ڕێگایە.

بنچینەی سێیەم: ڕێبازی قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی پێشینی چاك.

بنچینەی چوارەم: بەدەست هێنانی سەروەری و پایە بەرزی بە هۆی زانستەوە.

بنچینەی پێنجەم: وەڵامدانەوەی کەسی بەرامبەر کە بۆچونی جیاوازە بەشێکە لە فەرمان کردن بەچاکەو ڕێگری کردن لە خراپە.

بنچینەی شەشەم: پاڵفتە کردن و پەروەردە کردن.

وە هەریەك لەم بنەمایانەش کاریگەریەکی گەورەو گرنگی هەیە لە ڕاست کردنەوەی بیروباوەڕو دیدو بۆچونی چەوتی موسوڵمانان.

وە برای بەڕێزیشمان مامۆستا عبدالوالي عبدالرحيم هەڵساوە بەوەرگێرانی ئـەم پەڕتووکە نایابە لە زمانی عەرەبیەوە بـۆ زمـانی کـوردی بـۆ ئـەوەی موسـوڵمانانی کورد زوبانی خۆشمان سودمەندبن لێی.

وە ئەم کارەش بەڕاستی کارێکی پیرۆزو پێویست و بەسودەو پێویسـتە کـاری لەم شێوەیە زۆرتر بێت و زیاتر هەوڵ بدرێت ئەو پەڕتوکە ڕاستە بەسودانە بکرێنـە کوردی کە زانایانی ئەهلی سوننە نوسیویانە.

خوا پاداشتی برای بەڕێز مامۆستا عبدالوالی بداتـەوە لەسـەر ئـەم کـارەی، وە بەرەکـەت برێـژێت بەسـەر خـۆیی و نوسـینەکەی و خـوای گـەورە موسـوڵمانان سودمەند بکات بەم کتابەو قەبوڵی بکات.

و اخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين .

عبداللطيف أحمد مصطفى الأمين

٤\صفر\١٤٣١هـ

بسم الله الرحمن الرحيم

*** ڕێخۆشکار:**

**ان الحمد لله, نحمده, ونستعينه, ونستغفره, ونعوذ بالله من شرور انفسناومن سيئات اعمالنا, من يهده الله فلا مضل له, ومن يضلل فلا هادي له, واشهد ان لااله الا الله وحده لاشريك له, واشهد ان محمدا عبده ورسوله.**

*** لە پاش ئەمە:**

لە ڕاستیدا هەندێك لەو کەسانەی کە کتابی (مدارك النظر في السياسة بين التطبيقات الشرعية والانفعالات الحماسية) یان خوێندبویەوە پێشنیاریان بۆ کردم کە هەستم بە دەرهێنانی ئەو شەش خاڵەی سەرەتای کتێبەکە کەوەکو ڕێخۆشکارێك نووسیبوم وەوەك شەش بنەما لە بنەماکانی ئەهلی سوننە دامڕشتبو, وە بیکەم بە دانراوێکی ئاسان و سادە بەجیا بۆ ئەوەی ببێتە پەخشەنامەیەك لە ناساندنی ڕێبازی پێشین بە جۆرێك کە هیچ کەسێك نەتوانیٚ دژواری دروست بکات لەسەری, بەڵام چەند ساڵێك مامەوە هیچم نەکرد, بە هیوای ئەوەی کەسێك ئەو کارە بکات کە زۆر لەمن بەتواناتر بێت تێیداوە لە کۆڵی منی بکاتەوە, لەبەر ئەوەی زانیاریم پیٚ گەیشتبو کە کۆمەڵێك قوتابی عیلمی بەڕێزی هەڵبژاردە هەستابون بە شەرح کردنی لە هەندێك لەوڵاتە ئیسلامیەکان.

بەلاّم كاتێك كە داواكاریەكان زۆربون لەسەرم, بەتایبەت لەلایەن كەسانێكەوە كە ناتوانم داواكارییەكەیان ڕەت بكەمەوە, پشتم بە خوای خۆم بەست, وە ئەو شەش خالّەم دەرهێنا هەروەكو خۆی لەگەلّ هەندێك ڕونكردنەوە, وە لەناو ئەو كتابەی كە لەسەرەوە باسم كرد بەم شێوەیە بو كە دێت:

**بنچینەی یەكەم: ڕێگا یەك ڕێگایە.**

**بنچینەی دووەم: ڕێبازی قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی پێشینی چاك.**

**بنچینەی سێیەم: بەدەست هێنانی سەروەری و پایەداری بە هۆی زانستەوە.**

**بنچینەی چوارەم: دەمەوانەی ئاسودەی و پاراستن لە كوفرو دۆڕاندن بە شوێنكەوتنی قورئان و سوننەت دەبێت.**

**بنچینەی پێنجەم: بەرپەرچدانەوەی كەسانی دژ بەشێكە لە فەرمان كردن بەچاكەو قەدەغەكردن لە خراپە.**

**بنچینەی شەشەم: پالاّوتە كردن و پەروەردە كردن.**

پاشان پێم باش بو كە بنەمایەكی تری بۆ زیاد بكەم و بیخەمە پالّ ئەوانی تر, كە بریتیە لە (**پاك ڕاگرتن و دلّسۆزی لە ئاینی ئیسلامدا تەنها لەبەر خوای گەورە**), لەبەر ئەوەی بنچینەی هەمو بنەماكانە بەبێ هیچ دوو دلّیەك, وە بنەمای چوارەم كە بریتیە لە (دەمەوانەی ئاسودەی و پاراستن لە كوفرو دۆڕاندن بە

شوێن كەوتنی قورئان و سوننەت دەبێت) خستمە ژێر بنەمای سێیەم كە بریتیە لە (بەدەست هێنانی سەروەری و پایەداری بەهۆی زانستەوە) بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی كە ئەو بنەمایەش بەرهەمی ئەم خاڵەیە, هەروەك چەند برایەكی بەڕێز ئاماژەیان بۆكردم, هەربۆیە خاڵەكان ئاوهای لێهات:

**بنچینەی یەكەم: دڵسۆزی لە ئاینی ئیسلامدا تەنها لەبەر خوای گەورە.**

**بنچینەی دووەم: ڕێگا یەك ڕێگایە.**

**بنچینەی سێیەم: ڕێبازی قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی پێشینی چاك.**

**بنچینەی چوارەم: بەدەست هێنانی سەروەری و پایە بەرزی بە هۆی زانستەوە.**

**بنچینەی پێنجەم: وەلاّمدانەوەی كەسی بەرامبەر كە بۆچونی جیاوازە بەشێكە لە فەرمان كردن بەچاكەو ڕێگری كردن لە خراپە.**

**بنچینەی شەشەم: پاڵفتە كردن و پەروەردە كردن.**

لە ڕاستیدا من ئەو بنەمایانەم نوسیبو بە مەبەستی نیشان دانی مەنهەجی ئەهلی سوننەو جەماعە كە بە خاوەنی فەرمودەو شوێن كەوتەی ئەثەرو سەلەفییەكان ناسراون.

ئەو مەنهەجەی كە پێویستە دڵ و هۆشی بدرێتێ لە پەروەردەكردنی نەفسدا بە شێوەیەكی دادپەروەرانە، وە بانگەوازكردنی خەڵكی بۆی، چونكە بە

هۆی ئەو مەنهەجەوە خوای گەورە دۆستانی خۆی جیاكردەوە لە خەڵكانی تـر، وە بەهۆیەوە كۆشك و تەلاری بـەرزو بـەهێزی ئـەم دینـەیان دروسـت كـرد لـەو پـەڕی بڵندیدا.

وە كاتێك كە بینیم خەڵكانی دژ بەم مەنهەجە ستەمێكی زۆریان لێ كردوە، وە كۆمەڵێك شتی ناشیرینیان بۆ زیاد كردوە بە شێوەی كاڵایەك كردویانە بە بەری ئەو مەنهەجەدا كە سـەرتاپای داپۆشـیوە پێـی، هـەتاوای كـردوە كـە ڕونـاكی ئـەو مەنهەجە بشارێتەوە بەو بەربەستە، لە كەسانێك كـە بەشـی خۆیـان نەپـچـڕیوە لـە زانستی شەرعی، ئەمانەوای لێكردم كە قۆڵی لێ هـەڵبماڵم و هەسـتم بـە پێشـكەش كردنـی ئامۆژگاریـەك بـۆ خـەڵكی بـە گشـتی، وە بـۆ خـەڵكانی دژ بـەو مەنهەجـە بەتایبەتی.

**وە ئەم كەسی دووەمە:**

یان ترس و پەڕاگەندەییەك هەیە لەدڵیدا بەرامبەر ئـەم مەنهەجـە، ئـەویش بەهۆی نەزانیەوە دەربارەی ئەو مەنهەجە، وە نەزانینی دەربـارەی بەڵگـە تۆكمـەو بەتواناكانی، هەربۆیـە هـەركاتێك ئـەو بەڵگانـەی ناسـی هـۆگری دەبێـت و سـواری كەشتی بەختەوەری ئەو مەنهەجە دەبێت و ئاوڕ ناداتەوە.

**یان** ڕاوەسـتاوە لـە ڕێگەكەیـداو خـەڵكی لـێ دوردەخاتـەوە، بـە هـەموو هێـزو توانایەكیەوە ڕێگری دەكات لێی بـە مـاڵ و دەسـەڵاتی، بـە هـۆی زاڵ بـونی هـەواو

ئـارەزو بەسـەريدا، لەگـەڵ ئـەوەی زانياريشـی هەيـە بـە بـەهێزی بەڵگـەكانی، وە خێرايی كاريگەری لەسەر گەلان و تاك تـاكی خـەڵكی، وە كاتێـك كـە بەڵگـە ڕون و ئاشكراكانی پیٚ دەگات يەك لە دوای يەك، وە بيرخستنەوەكانی يەك لـەدوای يـەك، پاشان خۆی لیٚ لادەدات و دور دەكەوێتەوە لێی، خەڵكی چەواشـەكاری ئـەويان بـۆ دەردەكەوێت، وە لاوازی و بـیٚ بەڵگـەيی بانگەوازەكـەی دەردەكـەوێت، هـەتا ئـەو كاتەی خوای گەورە پشتی دەشكێنیٚ و خەڵكی ئاسودە دەبن و ڕزگاريـان دەبێـت لە خراپەی، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿لِّيَهۡلِكَ مَنۡ هَلَكَ عَنۢ بَيِّنَةٖ وَيَحۡيَىٰ مَنۡ حَيَّ عَنۢ بَيِّنَةٖ﴾ الأنفال: ٤٢ واتـە: بـا ئەم قورئانە ببێتە بەڵگەی ڕون وئاشكرا بۆ كەسانی موعانيد، بۆ ئەوەی هەڵبژاردنيان بۆ بیٚ باوەڕی بەسەر ئيماندا لەسەر بەئاگايی و دڵنياييەوە بێت لـەوەی كـە ئـەوەی ئەو هەڵيبژاردوە پڕوپـوچ و بەتاڵـەو وە لـەلای خـوای گـەورە هـيچ بەهانەيـەكی نەمێنێت، پاشان دەفەرموێت وە ئەوانەی ئيمانيان هێناوە زياتر چاو ڕۆشن و دڵنيا بن لەوەی كە خوای گەورە بەڵگەی ڕون و ئاشكرای نيشانی هەردو كۆمەڵەكە داوە، هەربۆيە بیٚ باوەڕ بەويستی خۆی كوفر هەڵدەبژێریٚ و خوای گەورەش لە قيامەتـدا پشتی دەشكێنیٚ وە ئيماندار زياتر سور دەبێت لـەسەر ئيمانەكەی.

وە هۆكاری دەرهێنانی ئەم بابەتە لە سەرچاوەكەی كە بريتيە لە (**مدارك النظر في السياسة**) وە كردنی بە كتێبێكی سەربەخۆ، بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە كـە مـن لـەو

نوسراوەمدا كە پێشتر ئاماژەم پێ كرد هەستاوم بە باس كردنـی هەنـدێك بانگـەواز لـە ڕوانگـەی ناوزڕانـدنی، وە ڕەخنـەگرتن لـە ڕێبـەرانی ئـەو بانگەوازانـە، وە بـە لەبەرچاوگرتنی خەڵكی كە مەعدەنی جۆراو جۆرن، وە پڕۆگرامـی ئـەو بانگەوازانـە كـە خـەڵكێك باوەشـی بـۆ گرتووەتـەوە، وە گـەورە تێیـدا پـیر بـووە، وە منـداڵ لەسەری گەورە بووە، لەبەر ئەم هۆكارانە ئەم باسـەم بەتـەواوی دامـاڵیوە لـە نـاو هێنانی كەسانی دژ، بۆ ئەوەی نەبێتە ڕێگرێك لە سودوەرگرتن لەم كتێبـە لەلایـەن ئەو كەسانەی كە باوەشیان بۆ ئەو پڕۆگرامانە گرتووەتەوە، وە مـن بـە ئەنـدازەی سودوەرگرتنی خەڵكی لەم كتابە، بە ئومێدی پاداشتم لای خوای گەورە.

وە لێـرەدا پێویسـتە سـەرنج بدرێتـە ئـەوەی كـە مـن بـەم كـارەم (كـە نـاو نەهێنانیانە) لەبەر ئەوە نیە كە من هاو بۆچونم لەگەڵ كۆمەڵێك كەسدا كـە نـاڕازی و نارەحەتن لە خوێندنەوەی ئەو كتابانەی كەوەلاَمدانەوەیە بـۆ كەسـانی تـر، ئـەو كەسانەی كە سەرشێتییان وای لێ كردن كە لابـدەن لـە حـەق و دوربكەونـەوە لێـی خۆیان و شوێن كەوتوانیشیان.

نەخێر، ئێمە هەتا ئەمڕۆش لەسەر ئەو ڕێبازەین كـە لـە پێشـینەی چـاكمانەوە بۆمان ماوەتەوەو ئەوانەش كە شوێن كەوتەی ئەوانن بـە چـاكە بریتیـە لـە ڕەخنـە گرتن لەو ڕێبازو بانگەوازانەی كە لایانداوە لە سوننەت، وە خۆیان بەدور ناگرن لـە

باسکردنیان و داماڵینیان لە بەڵگە بە بەرپاکردنی بەڵگـەکانی قورئـان و سـوننەت، وە ناوهێنانی خاوەنی ئەو بانگەوازانە بە ناوەکانیان و نازناو ناوی خێزانیانەوە.

وە هەرکەسێك وا گومـان بـەرێت کاتێـك کـەوازدەهێنێت لـە ناوهێنانیـان ئـەوە کارێکی چاکی کردووە، ئەوا با چاك بزانێـت کـە لەڕاسـتیدا بـەو کـارەی بـیٚ ڕێـزی کـردوە بەرامبـەر کاروپیشـەی کـۆچ کـردوان و پشـتیوانان و شـوێن کـەوتوانیان و شوێن کەوتەی شـوێن کـەوتوان بـە تێپـەڕبوونی ڕۆژگـارو جیـاوازی شـارەکان، کـە گرنگیان داوە بە جەرح و تەعدیل، وە خۆیان نەپاراستوە لە باس کردنی هەزارەها ڕاوی فەرمودە بە ناوەکانیان و بنەچەیان، وەوەصف کردنـی هەنـدێکیان بـە: **لاواز (ضعیف) و (المنکر) وە درۆزن وە دەججال...**

بۆچی ناویان بردون؟

**وەڵام:** بۆئەوەی خەڵکی بە ئاگابن لێیان دەربارەی دینی خوای گەورە.

بەهەر حاڵ، تێرو تەسەلی ئەم بابەتە خوێنەر پێی دەگات لە کاتی باس کردنی بنچـینەی (**بەرپـەرچ دانـەوەی کەسـانی بۆچـون جیـاواز**), وە (**پاڵاوتـەکردن و پەروەردەکردن**).

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بنەمایانەم داوەتە پاڵ ئەهلی ئـەثـەر هـەروەك ناونیشـانی کتابەکە، وەك بە ئاگا هێنانەوەیەك بۆ خوێنەر بەوەی کە ئایینی ڕاستەقینە تـەنها بریتیە لـە شـوێن کـەوتنی ڕێبـازی ئەوانـەی کـە پـێش ئێمـە هـاتون، ئەوانـەی کـە

ناوهێنراون و باس کراون بە چاکە، لەسەر زوبانی ڕاستگۆی بەڕاست دانراو، بەڵکو لە قورئانی پیرۆزدا، نەك لە عیلمی کەلامدا ئەو عیلمەی کە خەڵکانی دوای ئەوان بە میرات وەریان گرتووە لە ئەهلی کوفرو بێ دین وەك فارس و یۆنانیەکان.

**ئیبن عەبدول بەڕ** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**ئەهلی فیقهو حەدیس لە هەموو شارەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەهلی کەلام ئەهلی بیدەع و گومڕایین، وە بەلای هەموویانەوە لە گشت شارەکان لە چینی زانایان ناژمێردرێن، وە زانایان بە تەنها بریتین لە ئەهلی ئەثەرو شارەزابوان تێیدا، وە ئاستی هەریەکێکیان بە پێی شارەزای و تێگەیشتن و جیاکردنەوەی شتەکان دەگۆڕێت**)[1].

وە **ئیمامی مالیك** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**ئەگەر کەلام زانست بوایە ئەوا هاوەڵان و تابعین قسەیان تێدا دەکرد، هەروەك چۆن قسەیان کردووە دەربارەی حوکمە شەرعیەکان و ئەو شتانەی شەرع دایناوە، بەڵام گومانی تێدا نیە کە کەلام بەتاڵەو دەلالەت لە بەتاڵیش دەکات**)[2].

وە بە **عبدالرحمن کوڕی مەهدی** وتراوە: (فلأنە کەس کتێبێکی نوسیوە تێیدا بەرپەرچی ئەهلی بیدەع دەداتەوە. ئەویش دەڵێ: بە چ شتێك؟ **بە قورئان و**

[1] بڕوانە: جامع بيان العلم و فضله (٢\٩٤٢).

[2] بڕوانە: صون المنطق والكلام عن فن المنطق والكلام للسيوطي (ص:٥٧)، و الأمر بالاتباع له (ص:٧٠).

**سوننەت**؟ وتیان: نا، بەڵکو بە زانستی عەقڵ و وردبونەوە. ئەویش دەڵێ: **سوننەتی نەپێکا، بەڵکو بیدعەیەکی بە بیدعەیەك وەلاّم دایەوە)**[1].

وە ئەبو موظەفەری **سەمعانی** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**لە ڕاستیدا هەموو گروپێك لە بیدعەچیەکان بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو بیروباوەڕەی کە هەیەتی هەمان بیروباوەڕە کە پێغەمبەری (ﷺ) لەسەر بوە لەبەر ئەوەی هەمویان بانگەشەی شەریعەتی ئیسلام دەکەن، وە پەیوەستن بە شیعارەکانیەوە، وەوای دەبینن کە ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) هێناویەتی هەر ئەوە حەقە، پاشان ڕێچکەکان پارچە پارچەی کردن دوای ئەوە، وە کۆمەڵێك شتیان داهێنا لەناو دیندا کە خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ڕێیان پێ نەداوە، هەر بۆیە هەر گروپەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە بە تەنها ئەو دەستی گرتوە بە شەریعەتی ئیسلامەوە، وە ئەو حەقەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی هەستاوە ئەوەیە کە ئەوان کردویانە بە بیروباوەڕیان و شوێن ئەوە کەوتون، بەلاّم خوای گەورە ڕازی نابێت کە ئەو حەق و بیروباوەڕە ڕاستە لەگەڵ هیچ کەسێکدا بێت تەنها لەگەڵ ئەهلی حەدیس و ئەثەردا نەبێت، چونکە ئەوان ئاینەکەیان و بیروباوەڕیان وەرگرتوە خەلەف لە سەلەف وە سەدە لە سەدەوە هەتا دەگاتە تابعین، وە تابعینیش وەریان گرتوە لە هاوەڵانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) ئەوانیش لە**

---

[1] بڕوانة: صون المنطق والكلام للسيوطي (ص: ١٣١).

پێغەمبەرەوە (ﷺ)، وە هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ زانینی ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگەوازی خەڵکی بۆ کردوە لەو ئاینە ڕێکو پێکەو ڕێگا ڕاستە تەنها ئەو ڕێگایە نەبێت کە ئەصحابی حەدیس گرتویانەتەبەر.

وە بەڵام هەمو فیرقەکانی تر بەدوای ئەم ئاینە کەوتن لە ڕێگەیەکی ترەوە، چونکە ئەوان دەگەڕانەوە بۆ لای عەقڵ و خەیاڵات و بۆچونەکانی خۆیان، وە دینیان لەوەوەوەردەگرت، بۆیە هەر کاتێك شتێکیان ببیستایە لە قورئان و سوننەت هەڵیان دەسەنگاند بە پێوەری عەقڵیان، ئەگەر لە گەڵیدا گونجاوەری دەگرن، وە ئەگەر نەگونجا لەگەڵ تەرازوی عەقڵیان ڕەتی دەکەنەوە، وە ئەگەر ناچار بن بەوەرگرتنی دەیگۆڕن بە لێکدانەوەی دورو واتای نابەجێ، هەر بۆیە لایاندا لە حەق. وەوێڵ بون لە دوی، وە ئاینەکەیان پشت گوێ خست، وە سوننەتیان خستە ژێر پێکانیانەوە، پاك و بێگەردی بۆ خوا لەوەی کە ئەوان وەصفی پێ دەکەن.

بەڵام ئەهلی حەق، قورئان و سوننەتیان کردوە بە پێشەوای خۆیان، وە ئاینەکەیان لەو دوانەوەوەرگرتوە، وە هەر شتێکیش کە دێت بە بیرو بۆچونیاندا هەڵی دەسەنگێنن بە قورئان و سوننەت، ئەگەر بینیان ڕێکە لەگەڵ قورئان و سوننەتداوەری دەگرن، وە سوپاسی خوا دەکەن لەسەر ئەوەی کە ئەو شتەی نیشانداون و درکیان پێ کردوە، وە ئەگەر بینیان دژوارە لەگەڵ قورئان و سوننەت

**وازی لێ دەهێنن، وە ڕوو دەكەنە قورئـان و سـوننەت، وە توهمـە دەدەنـە پـاڵ نەفسی خۆیان، چونكە لە ڕاستیدا قورئان و سوننەت ڕێنمـونی ناكـەن تـەنها بـۆ حەق نەبێت، وە بـیرو بۆچـونی مرۆڤـ هەنـدێك جـار ڕاسـتی نیشـان دەدات، وە هەندێك جار بەتاڵ)[١].**

لەگەڵ ئەمانەدا هەستاوم بە تەخریجی ئاسارە سەلەفیەكان لەگەڵ باس كردنی پلەكەی لەڕوی صەحیحی و نەبونی صحەتی، ئەویش بۆ دەم كوت كردنی كەسـانی موخالیف بەرامبەر بە بنەماكانی پێشینەی چاكمان، هەتا هـیچ بوارێـك نەهێڵمـەوە بۆ ڕەت كردنەوەی حەق بە بیانوی ئەوەی كە بەڵگەكانی جـێگیر نـەبون، وە ئـیللا ئـەهلی عـیلم هـەر لەكۆنـەوەوا هـاتوون كـە چاوپۆشـیان كـردوە لـە هێنـانی ئـەو ئەثەرانەی كە (موقوف)ەواتە نادرێتە پاڵ پێغەمبەر (ﷺ)، مـادام ئـەڕوات لەسـەر بنچینە شەرعیە ناسراوەكان.

وە داواكارم لە خوای گەورە كە ئەم كارەم تەنها لەبـەر خـاتری ئـەو كردبێـت، وە شوێن ئەو حەقە كەوتبێتم كە پێغەمبەرەكەی (ﷺ) پێدا ناردوە.

نوسینی

عبدالمالك بن أحمد رمضاني

**مەدینەی نەبەوی لە ٢٩\ رجب \١٤١٩ ھ**

---

[١] بڕوانە: الإنتصار لأهل الحديث (ص:٤٣-٤٥).

# بنچینەی یەکەم

# دڵسۆزی لە دینداریدا بۆ خوا

# بنچینەی یەكەم: دڵسۆزی لە دینداریدا بۆ خوا

نیـاز پـاكی بـۆ خـوای گـەورە لـە ئاینەكەیـدا بریتیـە لـە بنچـینەی دیـن و ئـەو جەمسەرەی كە لە چوار دەوری دەسوڕێتەوە، وە بریتیە لەو یەك خواناسـیەی كـە خوای گەورە پێغەمبەرانی بە هۆیەوە ناردوە، وە پەیامیشـی ناردوەتـە خـوارەوە، وە بانگەوازی پێغەمبەرانیش هەر بۆ ئەوە بووە (سەلامی خوایان لەسـەر بێـت) وە لەسەر ئەو تەوحیدە جیهادیان كردوە، وە بـە تەوحیـد فـەرمانیان پـێ كـراوە، وە هەر بۆ ئەوەش هاندراون.

خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿فَٱعۡبُدِ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ ۝ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُ﴾ الزمر: ٢ – ٣

واتای ئایەتەكە ڕونكردنەوەو فەرمان كردنە بە ئیخلاص، وە ئاماژەكردنە بەوەی كە هەروەك چۆن خوای گەورە لە هەمو ڕویەكەوە تەواوەو هەرچی صـیفاتی تـەواو هەیە هەر بۆ خوایە ئەوا دەبێت عیبادەت و ئیخلاص تیایدا هەر بۆ ئەو بێت، چـونكە ئەو ئیخلاصە دەبێتە هۆی پاككردنەوەی دڵەكان و چاك كردن و داماڵینی لە هەمو خراپەیەك، بە پێچەوانەی هاوەڵ دانان بۆ خوا كە دڵـەكان ڕەش دەكاتـەوەو بـەرەو هەمو خراپەیەك دەبات.

وە دەفەرموێت: ﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾البينة: ٥

واتە: فەرمانیان پێ نەکراوە (باوەڕداران) لە هەمو بەشەکانی شەریعەتدا تەنها بەوە نەبێت کە لە جێ بەجێ کردنی عیبادەتیاندا تەنها مەبەستیان ڕەزامەندی خوا بێت، لەگەڵ ئەوەدا خۆیان بە دور بگرن لە هەمو دینەکانی تر، کە پێچەوانەو دژ بە تەوحیدن، ئنجا لە ناو پەرستنەکاندا باسی نوێژو زەکات دەکات لەگەڵ ئەوەی ئەم دوو عیبادەتەش دەچنە ژێر خانەی ئەو عیبادەتانەی کە پێشتر ئاماژەی پێ کردوە, لەبەر ڕێزو پلەو پایەی ئەم دوو پەرستنەو ئاماژە دان بەوەی کە هەرکەسێك ئەم دوانە بە شێوەیەکی چاك و بە ئیخلاصەوە جێبەجێ بکات ئەوە هەستاوە بە جێبەجێ کردنی هەمو شەریعەتەکان.

وە بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿ قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴾ الأنعـام: ١٦٢ – ١٦٣

واتە: تۆ ئەی محمد (ﷺ) بڵێ نوێژو حەیوان سەربڕین و وە ژیان و مردنم هەموی بۆ خوایە، خوای گەورە لەم ئایەتەدا باسی نوێژو حەیوان سەربڕینی کردوە ئەویش لەبەر فەزڵ و پلەوپایەی ئەم دوو عیبادەتە، وە دەلالەت کردنی لەسەر

خۆشەویستی خوای گەورەو ئیخلاص تێیدا، وە نزیك بونەوە لە خوای گەورە بە دڵ و زوبان و لاشە، وە بە حەیوان سەربڕین كە بەخشینی ئەو ماڵەیە كە لەلای نەفس خۆشەویستە، بۆ ئەو خوایەی كە خۆشەویسترە لە لای، وە هەر كەسێك لەو دوو عیبادەتەدا ئیخلاصی هەبێت ئەوا لە هەمو پەرستنەكانی تردا ئیخلاصی دەبێت، پاشان دەفەرموێت ئەو خوایە هیچ هاوەڵی نیە لە عیبادەتدا، هەروەك چۆن هاوەڵی نیە لە موڵك و كاروباری بونەوەردا، وە پێیان بڵێ ئەم ئیخلاصە شتێك نیە كە من لە خۆمەوە هێنابێتم و بیدعەیەك بێت خۆم دروستم كردبێت، بەڵكو من فەرمانم پێ كراوە لەلایەن خواوەو وە من یەكەم كەسم كە تەسلیمی ئەو فەرمانەی خوا دەبم.

**كەواتە ئەم تەوحیدە بە وێنەی بناغە وایە بۆ بینا.**

**ئیبن قەیم** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**هەر كەسێك بیەوێت بیناكەی بەرز بێت ئەوا پێویستە بناغەكەی ڕێك و پێك و توند بكات و گرنگی پێ بدات، چونكە گومانی تێدا نیە بەرزی بینا بەڕادەی توندوتۆڵی بناغەكەی و پتەویەتی، بە هەمان شێوە كردەوەكان و پلەكان بینان، وە بناغەكەی ئیمانە...**

**كەسی شارەزاش هەمو هەوڵی بۆ ڕێك كردنی بناغەكەیەتی و توندوتۆڵی دەكات، وە كەسی ناشارەزا بینا بەرز دەكاتەوە بەبێ بناغە، هەر بۆیە ئەوەندەی پێ ناچێت دەڕوخێت، خوای گەورە دەفەرموێت:** ﴿أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَـٰنَهُۥ عَلَىٰ

تَقْوَىٰ مِنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٍ خَيْرٌ أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَـٰنَهُۥ عَلَىٰ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَٱنْهَارَ بِهِۦ فِى نَارِ جَهَنَّمَ ﴾التوبة: ١٠٩[1]

خوای گەورە لەم ئایەتەدا نمونە بە مزگەوت دەهێنێتەوەو باسی جیاوازی نێوان دوو مزگەوت دەکات بە پێی مەبەست و نیازی خاوەنەکەی و بە دەست هێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە، وە دەفەرموێت: کەسێك بناغەکەی لەسەر مەبەستێکی چاك و بە ئیخلاصەوە کردبێ، وە بەو جۆرە بێت کە خوا دەیەوێت، کەواتە ئەو کەسە هەردو مەرجی قبولّ بونی کردەوەی جێبەجێ کردوە لە ئیخلاص و شوێن کەوتنی سوننەت، کەسێك ئا بەم جۆرە بێت باشترە یان کەسێك کە بیناکەی لەسەرە ڕێگاو لەسەر ڕۆخی خاکێك دروست کردوە کە خەریکە دەڕوخێت؟ وە سەر ئەنجامیش خۆی و کردەوەکەی دەڕوخێتە ناو ئاگری جەهەننەم.

**لێرەدا دەڵێم:** ئەم ئایەتە دابەزیوە لە حەقی ئەو دوو ڕووانەدا کە مزگەوتێکیان دروست کرد بۆ نوێژ، بەڵام ئەوان لەگەڵ ئەوەی کە هەستان بە ئەنجام دانی ئەو کارە گەورەو بەڕێزە هیچ سودێکی پێ نەگەیاندن، چونکە دڵەکانیان بەتاڵ بو لە ئیخلاص، نەك هەر لێیان قەبولّ نەکرا بەڵکو بەهۆیەوە فڕێ درانە ناو ئاگری دۆزەخەوە هەروەك لە ئایەتەکەدا هاتوە.

---

[1] الفوائد (ص: ٢٠٤– عرموش).

پاشان دەفەرموێت ڕەحمەتی خوای لێبێت: (**وە ئەم بناغەیە دوو شتە:**

**– یەکەمیان: ڕاست و دروستی لە ناسینی خوای گەورەو فەرمانەکانی، هەروەها ناوو صیفاتەکانی.**

**– دوەمینیان: خۆ یەکلایی کردنەوە لە مل کەچ بون بۆ خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بە تەنها.**

**ئەم دوو خاڵە پتەوترین بناغەیە کە بەندە بیکات بە بناغە بۆ بیناکەی، وە بەپێی ئەو بناغەیە بینا بەرزدەبێتەوە چەندی بوێت، هەربۆیە بناغە پتەو بکە، وە تواناییت بپارێزە، وە بەردەوام بە لەسەر خۆپاراستن...**).[1]

وە تەوحید بە وێنەی ڕەگ وایە بۆ درەخت.

**ئیبن قەیم** ڕەحمەتی خوای لێبێت لە ژێر ناونیشانی (**درەختی ئیخلاص**)دا دەفەرموێت:(**ساڵ درەختە، وە مانگەکان پەلەکانیەتی، وە ڕۆژەکان چڵەکانیەتی، وە کاتژمێرەکان گەڵاکانیەتی، وە هەناسەکان بەروبومیەتی، وە هەرکەسێ هەناسەکانی لە گوێڕایەڵی کردندا بێت ئەوا بەرهەمەکەی درەختێکی باش دەبێت، وە هەرکەسێك لە سەرپێچی کردندا بیباتە سەر ئەوا بەرهەمەکەی تاڵ دەبێت.**

[1] الفوائد (ص: ٢٠٤).

**وە چاك بزانە کە لـێ کردنـەوەی بـەروبوم لـە ڕۆژی دوایدایـە، وە لـەکاتی لێ کردنەوەیدا تاڵی و شیرینی بەروبوم دەردەکەوێ.**

**وە ئیخلاص و یەکخواناسی درەختێکن لەناو دڵدا، لقەکانی کردەوەکـانن، وە بەرهەمەکەی خۆشگوزەرانی دونیاو پاداشتی نەبڕاوەی ڕۆژی دواییە، وە هەروەك چۆن بەرهەمەکانی بەهەشت نەبڕاوەو قەدەغە نەکراوە، بەهەمان شێوە بەرهەمی ئیخلاص و یەکخواناسیش وایە لە دونیادا.**

**وە شیرك و درۆو ڕیا درەختن لەناو دڵدا، بەرهەمەکـەی تـرس و دڵ تـەنگی و پەژارەو تاریکی دڵە لە دونیادا، وە بەرهەمەکـەی لـە دوا ڕۆژدا زەققـوم و سـزای نەبڕاوەیـە، وە خـوای گـەورە باسـی ئـەم دوو درەختـەی کـردوە لـە سـورەتی ئیبراهیمدا)**[1].

لێرەدا دەڵێم مەبەستی لەو فەرمایشتەی خوای گەورەیە کە دەفـەرموێت: **أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا كَلِمَةٗ طَيِّبَةٗ كَشَجَرَةٖ طَيِّبَةٍ أَصۡلُهَا ثَابِتٞ وَفَرۡعُهَا فِي ٱلسَّمَآءِ ۝ تُؤۡتِيٓ أُكُلَهَا كُلَّ حِينِۭ بِإِذۡنِ رَبِّهَاۗ وَيَضۡرِبُ ٱللَّهُ ٱلۡأَمۡثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ ۝ وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٖ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ ٱجۡتُثَّتۡ مِن فَوۡقِ ٱلۡأَرۡضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٖ ۝ يُثَبِّتُ ٱللَّهُ**

---

[1] الفوائد (ص: ٢١٤).

﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلۡقَوۡلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَۚ وَيَفۡعَلُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ﴾ إبراهيم: ٢٤ - ٢٧

واته: تۆ نابینی ئەی محمد (ﷺ) كە خوای گەورە نمونـە بـە وشـەیەكی چـاك و جوان دەهێنێتەوە كە ئەویش وشەی (لاالـه الا الـلـه)یە وە دەیشوبهێنێ بە درەختێكی چاك كە ئەویش دارخورمایە، بەوەی كە بناغەكەی جێگیرە لـە زەویدا، وە پەلـەكانی بەرز بونەتەوەو بڵاوبونەتەوە بە ئاسماندا، بـەروبومی پـێ دەگـات هـەمو كاتێـك بـە ویستی خوای خۆی، بە هەمان شێوە درەختی ئیخلاص و ئیمان بناغەكـەی جـێگیرە لـە ناو دڵی باوەڕداردا، بە شـێوەی بیروبـاوەڕو زانسـت، وە پەلــەكانی بـریتین لــە وشەی جوان و باش، وە كردەوەی چـاك و خوڕەوشـتی بـەرز، وە بـەرز دەبێتـەوە بەرەو ئاسمان و دەڕوات بۆ لای خوای گەورە، وە بەهۆیـەوە بـاوەڕدار هـەم خـۆی سودمەند دەبێت وە كەسانی تـریش، پاشـان خـوای گـەورە نمونـە دەهێنێتـەوە بـۆ خەڵكی هەتا بیر بكەنەوە، چونكە نمونە هێنانەوە دەبێتـە هـۆی ڕونكردنـەوەی شـتە مەعنەویەكان بە شتە بەرجەستەییەكان، وە مەبەستی خوای گـەورە بەتـەواوەتی ڕون دەبێتەوە لەو نمونانەدا، وە ئەمـەش لــە ڕەحمـەتی خـواو جـوانی فێركردنـی خـوای گەورەیە بۆ بەندەكانی، دەی كەوایە سوپاس و ستایشی تەواو تەنها بـۆ ئـەو خوایـە بێت.

ئەمە سیفەتی کەلیمەی تەوحیدو جێگیر بونیەتی لەناو دڵدا، پاشان خوای گەورە باسی دژی ئەم وشەیە دەکات کە ئەویش کوفرو ڕیایە وە دەفەرموێت وە وێنەی وشەی پیس و خراپ وەك درەختێکی پیس وایە کە تام و چێژی تاڵو بۆگەنە، وە ناجێگیرە لەسەر زەوی و هیچ ڕەگێکی نیە لەناو زەویدا جێگیری بکات، ناجێگیرەو بەرهەمی نیە ئەگەر هەیشی بێت پیس و بۆگەنە، بە هەمان شێوە وشەی کوفرو سەرپێچی هیچ جێگیربونێکی بە کەڵکی نابێت لەناو دڵدا، وە بەرهەمەکەی تەنها قسەو کرداری خراپ و پیسە، کە ئازاری خاوەنەکەی دەدات، وە هەرگیز بەرز نابێتەوە بۆ لای خوای گەورە، نە سودی بۆ خۆی دەبێت، وە نە بۆ کەسانی تریش.

پاشان خوای گەورە هەواڵ دەدات بەوەی کە بەندەکانی خۆی خۆ ڕاگر دەکات لە دونیادا لە بەرامبەر هەمو گومانێك کە ڕویان تێدەکات دەربارەی دینەکەیان. بە هەمان شێوە خۆ ڕاگریان دەکات لە بەرامبەر ئەو شەهوەت و ئارەزوانەی کە ڕوبەڕوویان دەبێتەوە، وە لە سەرەمەرگیشدا لەسەر ئیسلام دەمرن و کۆتاییەکی باشیان دەبێت، وە لەناو گۆڕدا زوبانیان پاراو دەکات لەکاتی وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی ئەو دوو مەلائیکەیەدا.

لە كۆتایی ئایەتەكەدا دەفەرموێ خوای گەورە ستەم كاران گـومڕا دەكـات وە لایان دەدات لە ڕێگەی ڕاست، نەك بە هۆی ئەوەی كـە خـوای گـەورە سـتەمكار بێت، بەڵكو بەهۆی كردارو گوفتاری خراپی خۆیانەوەیە.

ئەم ئایەتە بەڵگەیەكی ڕون و ئاشكرای تێدایە لەسەر ئەوەی كە چاكسـازی بـە یـەكخوا پەرسـتی دەسـت پێـدەكات، وە هـەر بـەویش كۆتـایی پێـدێت، وە لـەو نێوەندەشدا هەر جەخت لەسەر تەوحید دەكرێتەوە.

وە لەبەر ئەوەی یەكخوا پەرستی بـە وێنـەی بناغەیـە بـۆ بینـا، وە بـە وێنـەی ڕەگە بۆ درەخت، دەبینی یەكەم بابەتە كە ڕودەكاتە خەڵكی لە كـاتی كردنـەوەی قورئانـدا لەسـەرەتایەوە، كـە ئـەویش ئـەو فـەرمودەی خوایـە كـە دەفـەرموێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴾ البقـرة: ٢١

واتە: ئەی خەڵكینە هەستن بە جێبەجێ كردنی حەقی خوای گەورە كە بریتیە لـە پەرستنی بەتەنها وە بەو شـێوەی كـە داوای كـردوە، ئـەو خوایـەی كـە ئێـوەش و ئەوانەی پێش ئێوەشی دروست كردوەو لـە نەبونەوە هێناونیە بون.

پاشان دوای ئەمە ڕاستەوخۆ نەهی لێ کردن لەوشتانەی کە پێچەوانەو دژن بە تەوحید, کە ئەویش هاوەڵ دانانە، لەو فەرمودەی خوای گەورە: ﴿ فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ البقرة: ٢٢

واتە: هاوەڵ بۆ ئەو خوایە بڕیار مەدەن لە کاتێکدا کە ئێوە دەزانن ئەو خوایە ئێوەی دروست کردوە لە نەبونەوە وە ئەو هەموو نیعمەتەی بەسەردا ڕشتون و زەوی بۆ ئامادەکردن بە هەمو پێداویستیەکانی سەری، وە ئاسمانیشی بۆ کردون بە سەقف و مایەی ڕەحمەت و بەرەکەت و ژیانەوەتان، دەی کەوا دەزانن هیچ هاوەڵی نیە لە کاروبارەکانیدا بۆ هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن لە پەرستنیدا؟

وە ئەم قەدەغەکردنە سودێکی ئاشکرای تێدایە، لەبەرئەوەی خوای گەورە تەنها فەرمانی پێ نەکردوین بە پەرستنی خۆی، بەڵکو قەدەغەی کردوین لەو شتانەی کە ئەو عیبادەتە هەڵدەوەشێنێتەوە، کە بریتیە لەپەرستنی جگە لە خۆی، هەر بۆیە چاو ژێرو ژور بکە لەناو قورئاندا دەبینی باسی تەوحیدو دژەکەی یەك بە دوای یەکدا دێت، لەوانە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ۖ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ ﴾ البقرة: ١٦٣

خوای گەورە لەم ئایەتەدا هەواڵمان دەداتێ کە ئەو تاك و تەنهایە، لە زات و ناوو صیفات و کاروباریدا، کەواتە شەریکی نیە لەهیچ کام لەوشتانەدا، کەواتە

هەر خـۆی شـایەنی پەرسـتنە، وە خـاوەنی ڕەحمـەتێكی فراوانـە، كـە بـەهۆی ئـەو ڕەحمەتەوە هەمو خۆشیەك دەستەبەر دەبێت وە هەمو ناڕەحەتیـەكان لادەچـێت، كـە ئەمەمان زانی ئەوا پێویستە لەسەرمان كە هەرچی جۆرەكانی پەرسـتن هەیـە تایبـەتی بكەین بەو خوایەوە، وە ئەوپەڕی ستەم و جێگای بێزراویە كە واز لـە عیبـادەتی ئـەو خوایە بهێنین بۆ عیبادەتی بت و دارو بەردو شێخ و قەبرو دەرگـاو پەنجـەرەی سـەر گۆڕەكان، لـە كاتێكدا ئـەو شـتانە نـاتوانن هـیچ سـودێك دابـین بكـەن، وە هـیچ ناڕەحەتیەك لاببەن، وەلـەم ئایەتەدا بە تـەنها ناسـینی خـوای تێـدا جێگیركـراوە، وە نەهی لـە پەرستنی غەیری ئەو كراوە.

﴿ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ ﴾
النحل:٣٦

واتە: ئێمە بۆ هەمو هۆزو گەلێك پێغەمبەرێكمان ناردوە بـۆ ئـەوەی بانگـەوازی گەلەكانیان بكەن بۆ یەكخوا پەرستی و دوركەوتنەوە لــە پەرسـتنی هەرشـتێكی تـر جگە لە خوای گەورە.

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ﴾
الأنبياء: ٢٥

واتە: ئێمە هەر پێغەمبەرێکمان کە ناردوە پێش تۆ پەیام و وەحیمـان بـۆ نـاردوە بەوەی کە بەو خەڵکە ڕابگەیەنێ کە هیچ خوایەك شایەنی پەرستن نیە تەنها زاتـی اللە نەبێت.

﴿ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗا ﴾النساء: ٣٦

واتە بەتەنهاو بەحەق تـەنها زاتـی اللە شـایەنی پەرسـتنەو هـەر ئـەو بپەرسـتن وە هاوەڵی بۆ بڕیار مەدەن لە هیچ کام لە جۆرەکانی عیبادەتدا.

شێخ **مبـارك الميلـی** –ئەمینـداری یەکیـەتی زانایـانی موسـوڵمانانی جـەزائیر– ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت:– (**خوای گـەورە بـە تـەنها باسـی تەوحیـدی نەکردوە لە شایەتوماندا بەڵکو بە ئاشکرا ئامـاژەی نـەفی کردنـی فـرە خوایـەتی کردوە، وە شەرعەکەشی پەیوەست کردوە بە کەسایەتی نێردراو لـە گەیاندنیـدا**)[1]. وە هاوەڵ دانان یەکەم شـتە لـە حـەرام کراوەکـان کـە خـوای گـەورە نـەهی لێ کــردوە، هــەروەك لــەو فەرمودەیەیــدا:– ﴿ قُلۡ تَعَالَوۡاْ أَتۡلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمۡ عَلَيۡكُمۡۖ أَلَّا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗا ﴾الأنعام: ١٥١

---

[1] رسالة الشرك ومظاهره (ص: ٢٠).

خوای گەورە لـەم ئایەتـەدا بـە پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێت بەوانـە بلّـێ کـە حەرامەکانیان حەلاڵ کردوە، وەرن با هەواڵتان بدەمێ دەربارەی ئـەو شـتانەی کـە خوای گەورە حەرامی کردوە لـەسەرتان بە یەکجاری و بە هەموو جۆرەکانیەوە، لـە بیروبـاوەڕو عیبـادەت و هـەڵس و کـەوت و خـواردن و خواردنـەوە، بـە زۆرو کەمیەوە, یەکەم شت لە حەرام کراوەکان شەریك دانانە بۆ خوای گەورە، ئـەویش بە پەرستنی دروست کراوێك وەك پەرستنی خوای گەورە، یـان بـە گـەورە زانینـی وەك بـە گـەورە زانینـی خـوای گـەورە، یـان پێـدانی هـەر تایبەتمەندیـەك لـە تایبەتمەندیـەکانی خـوای گـەورە لـە ڕوی پـەروەردگاریّتی و پەرسـتراوێتیدا بـە دروستکراوێك لە دروست کراوەکانی، وە بە تەنها پەرستنی خوای گەورەو هاوەڵ دانەنان بۆی مافێکی خوایە بەسەر بەندەکانیەوە.

وە یەکەم ئامۆژگاریە کە لوقمان پێشکەشی کوڕەکەی کرد هـەروەك پێـی وت:

﴿ يَٰبُنَيَّ لَا تُشۡرِكۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ﴾ لقمان: ١٣

واتە: ئەی کوڕی شیرینم هـاوەڵ بـۆ خـوا بڕیـار مـەدە، چـونکە هـاوەڵ دانـان ستەمێکی زۆر گەورەیە.

وە گرنگی دانی خەڵکی بەم بابەتە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تـر دەگۆڕێت، وە گرنگـی دانـی هـەر یـەکێکیان بـەو بابەتـە کاتێـك دەزانرێـت ئـەویش لـەکاتی گیانەڵڵاو دواین ساتەکانی ژیانداو لە کاتی وەسیەتی مردو بۆ زیندوو.

هەیانە وەسیەت بۆ خێزانەکەی دەکات دەربارەی ماڵ و سامانەکەی، هەیانە وەسیەت بۆ خۆشەویستەکەی دەکات دەربارەی کارو پلەو دەسەڵاتەکەی، هەیانە وەسیەت بۆ کوڕەکەی دەکات کە ئاگای لە براکانی بێت... وە باشترینیان ئەو کەسەیە کە وەسیەت بۆ بەندە دەکات دەربارەی پەروەردگاری, هەر بۆیە دەبینی کە تەوحید وەسیەتی پێغەمبەران بووە –سەلات و سەلامی خوایان لەسەربێت – لە کاتی سەرە مەرگیاندا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبْرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَٰبَنِيَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ ٱلْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِنۢ بَعْدِى قَالُوا۟ نَعْبُدُ إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ ءَابَآئِكَ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ﴾ البقرة: ١٣٢ – ١٣٣[١]

واتە: ئێوە ئەی نەوەی یەعقوب –سەلامی خوای لەسەربێت– باوکتان وەسیەتی بۆ کردون بەتایبەتی، کەواتە پێویستە بەتەواوەتی مل کەچ بن بۆ ئەو وەسیەتە، کە ئەویش بریتیە لەوەی کە خوای گەورە ئەو دینەی بۆ هەڵبژاردون وەك ڕەحمەتێك بۆتان، ئێوەش هەستن بە جێبەجێ کردنی، وە ئەنجامدانی شەعیرەکانی و خۆ ڕازاندنەوە بە خوڕەوشتەکانی، وە بەردەوام بن لەسەری هەتا ئەو کاتەی کە دەمرن،

---

[١] بڕوانە: تخريج الوصايا من خبايا الزوايا لصديق حسن خان (ص: ٧٤).

لەبەرئەوەی هەرکەسێك لەسەر شتێك بژی، ئەوا لەسەری دەمرێت، وە لەسەر هەرشتێکیش بمریت لەسەر ئەوە زیندو دەکرێتەوە، وەکاتێك جولەکە وایان دەردەبڕی کە لەسەر دینی ئیبراهیمن وە لە دوای ئەویش لەسەر دینی یەعقوب سەلامی خوایان لێبێت، خوای گەروە بە ئینکاریەوە لەسەریان دەفەرموێت کوا ئێوە ئامادەبون لەو کاتەدا کە یەعقوب سەلامی خوای لێبێت- لەسەرە مەرگا بو وە بە کوڕەکانی فەرمو وەك تاقیکردنەوەیەك، کە چی دەپەرستن لە دوای من، بۆ ئەوەی دڵی ئاو بخواتەوەو چاوەکانی گەش بێت لە دوای بەجێ هێشتنیان، وە هەستن بە ئەنجامدانی وەسیەتەکەی، ئەوانیش وەڵامیان دایەوە بەوەی کە ئەو خوایە دەپەرستن کە پەرستراوی ئەوو باوو باپیرانیەتی کە بریتین لە ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق – سەلامی خوایان لەسەربێت- وە گومانی تیانیە کە لەو سەردەمەدا جولەکە بونیان نەبوە، هەر بۆیە ئایەتەکە وەڵامێکی ڕون و ئاشکرای تێدایە بۆ جولەکە بەوەی کە ئیبراهیم و نەوەکانی لە پێغەمبەران –سەلامی خوایان لەسەربێت- جولەکە نەبون و وەسیەتیشیان بە جولەکایەتی نەکردوە بەڵکو وەسیەتیان بە تەوحیدو حەنەفیەت کردوە.

هەر بۆیە بانگخوازان بۆ یەکخواپەرستی چاکترین و بەڕێزترین بانگخوازن، لەبەر ئەوەی بانگەواز کردن بۆ تەوحید بریتیە لە بانگ هێشت کردن بۆ بەرزترین پلەکانی ئیمان، لە ئەبو هورەیرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرمویەتی: (**باوەڕ حەفتاو ئەوەندە، یان شەست و ئەوەندە بەشە، بەرزترین**

**بەشی بریتیە لە شایەتی دان بەوەی کە هیچ خوایەك نیە کە بەحەق شایەنی پەرستن بێت تەنها زاتی الله نەبێت، وە کەمترینی بریتیە لە لابردنی ناڕەحەتی لەسەر ڕێگای خەڵکی، وە شەرم و حەیاش بەشێکە لە بەشەکانی باوەڕ)**[1].

**نەوەوی** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**پێغەمبەر (ﷺ) ئاگاداری کردوینەتەوە بەوەی کە بەڕێزترین بەشی ئیمان تەوحیدە، ئەو تەوحیدەی کە پێویستە لەسەر هەمو کەسێك، وە هیچ کام لە بەشەکانی تری ئیمان دانامەزرێت هەتا ئەو بەشە دانەمەزرێت)**[2].

لێرەدا دەڵێم: بەڵکو ئەو بەشانەی ئیمان لە دڵی مرۆڤدا ناڕوێت، وە بەرهەمیشی نابێت لەسەر ئەندامەکانی لەشی تەنها بەگوێرەی ڕەنگدانەوەی ئەم ووشە جوانە نەبێت لە لای بەندە.

وە لەبەر ئەوەی باشکردنی تەوحید لەناودیندا بەوێنەی باش کردنی دڵ وایە لەناو جەستەدا، ئەوەتا لە فەرمودەکەی نوعمانی کوڕی بەشیردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (**باش بزانن کە لەناو جەستەدا پارچە گۆشتێك هەیە ئەگەر باش بێت**

---

[1] رواه مسلم (٥٨). 

[2] صحيح مسلم بشرح النووي (١\٢٨٠–ط دار أبي حيان).

**ئەوا هەمو جەستەکە باش دەبێت، وە ئەگەر خراپ بێت ئەوا هەمو لاشەکە خراپ دەبێت، چاك بزانن کە ئەو پارچە گۆشتە دڵە)**[1].

وە بەڵگەی ئاشکرای ئەوەی تێدایە کە چاکسازی لە تەوحیدا –کە بنەماکەی لە دڵەوە دەست پێ دەکات – بریتیە لە بنچینەی هەمو چاك سازییەك و لە هەمویشیان گەورەترە.

وە لەمەوە، ئەوە بەدەر دەکەوێت کە هەمو بانگەوازێك کە سازبوە لەسەر بانگەشەی ئیسلاح، وە لەگەڵ ئەوەشدا جەخت لەسەر تەوحید ناکاتەوە، وە نایکات بەدەست پێك بۆ خۆی، توشی لادان دەبێت بە گوێرەی دوری لەم بنەما گەورەیەوە، هەروەکو ئەوانەی تەمەنیان بەسەربرد لە چاکسازی کردن لە هەڵسوکەوتی خەڵکی لەنێوان یەکتریدا، (وە هەڵسوکەوتیان) لە گەڵ خوادا – واتە بیروباوەڕیان دەربارەی – دورە لە ڕێبازی پێشینەی چاکەوە.

یان وەکو ئەوانەی تەمەنیان بەسەر برد لە بەربەرەکانەی دەزگاکانی دەسەلآت بە مەبەستی چاك کردنی خەڵکی لەو ڕێگەیەوە، یان بە چارەسەرکردنی جۆرەها سیاسەت بە مەبەستی دوای هێنان بە دەسەلآتیان بەبێ گوێدانە خراپی بیروباوەڕی خۆیان و بیروباوەڕی ئەوانەی کە بانگەوازیان دەکەن.

---

[1] رواه البخاري (٥٢) و مسلم (١٥٩٩).

ئەی چۆنە ئەگەر هاتو – لەبەر هۆكاری حزبی – سەرزەنشتی بانگ خوازان بكەن بۆ تەوحید بە گومانی ئەوەی كە ئەو كارە كاتی ئوممەت بەفیڕۆ دەدات ئوممەتێك كە دوژمنەكانی پەلاماریان داوەتیٚ لە هەموو شوێنێكەوە ! وە هەڵدەستن بە ناشیرین كردنی ئەو كەسانەی كە بەرگری دەكەن لە گەورەی تەوحید بە بیانوی ئەوەی كە بانگەواز بۆ تەوحید موسوڵمانان پارچە پارچە دەكات ئەگەر كۆشیان نەكاتەوە تەنها بت پەرستی نەبێت! وە پارێزگاری كردن لە مافی خوا ناوزەند دەكەن جیا لەناوی خۆی بە مەبەستی خەڵك دورخستنەوە لێی، بۆیە دەڵێن: (دەمەقاڵێی!) یان (گفتوگۆی بیزەنتی! !) پەنادەگرین بەخوا لە تورەبونی.

ئەمە بێجگە لەوانەی بانگەواز دەكەن بۆ بیروباوەڕی خراپ، وە هەڵدەستن بە ناشرین كردنی كەسانی بەرامبەر، ئەوە لێرەدا مەودا نیە بۆ باس كردنی، لەبەر ئەوەی هەرلە بنەماوە گەندەڵە.

هەر لەبەر ئەمەشە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) جەختی دەكردەوە لە بانگخوازان كە گرنگی بدەن بەم كارەو بەوە دەست پیٚ بكەن، لە ئیبنوعەبباسەوە خوا لێی ڕازی بێت بۆمان دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە موعازی كوڕی جەبەلی فەرمو كاتیٚ كە ناردی بۆ یەمەن: (**تۆ ئەڕۆیت بۆ لای هۆزێك كە خاوەنی كتێبن (واتە جولەكەو گاورن)، كە پێیان گەیشتیت بانگەوازیان بكە بۆ**

**ئەوەی شایەتی بدەن کە هیچ خوایەك شایەنی پەرستن نیە بە حەق تەنها زاتی الله نەبێت، وە موحەمەدیش (ﷺ) نێردراوی خوایە، _ وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتوە کە– با یەکەم بابەت کە بانگەوازیان دەکەیت بۆی بریتی بێت لە پەرستنی خوا، – وە لەڕیوایەتێکی تردا: کە خوا بە تەنها بناسن، ئەگەر لەمەدا گوێڕایەڵیان کردی، – وە لە ڕیوایەتێکدا: ئەگەر خوایان ناسی، ئەوا هەواڵیان بدەرێ بەوەی کە خوای گەورە فەرزی کردوە لەسەریان پێنج نوێژ لە شەوو ڕۆژێکدا، ئەگەر ئەوان گوێڕایەڵیان کردی لەوەدا، ئەوا هەواڵیان بدەرێ کە خوای گەورە پێویستی کردوە لەسەریان خێرکردنێك کە لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێ و ئەدرێتەوە بە هەژارەکانیان، ئەگەر لەوەشدا گوێڕایەڵیان کردی، ئەوا وریابەو خۆت بپارێزە لەو ماڵو سامانەیان کە زۆر بە نرخە لایان،** (واتە لەکاتی وەرگرتنی زەکات لێیان نەچیت کام بەشە چاکە لە ماڵەکەیان ئەوە بەریت، بەڵکو با مامناوەند بێت)**، وە خۆت بپارێزە لە دوعای ستەم لێکراو، چونکە لە نێوان ئەو کەسەو خوادا هیچ بەربەستێك نیە)**[1].

وە ئەم فەرمودە پڕ شکۆیە هیچ ڕێگایەکی نەهێشتوەتەوە بۆ کەسی بانگخواز، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤۡمِنٖ وَلَا مُؤۡمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ

[1] رواه البخاري (١٤٥٨، ١٤٩٦)، ومسلم (٢٩. ٣٠).

﴿وَرَسُولُهُۥٓ أَمۡرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلۡخِيَرَةُ مِنۡ أَمۡرِهِمۡۗ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلٗا مُّبِينٗا﴾ الأحزاب: ٣٦

واته: نابێت وه ناگونجێت بۆ کەسێك کە هەڵگری سیفەتی ئیمانە تەنها ئەوە نەبێت کە پەلە بکات لە گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) وە خۆی بە دور بگرێت لە تورەبونیان، کەواتە لایەق بە ئیماندار نیە کاتێك کە خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) فەرمانێکی پێ دەکەن ئیختیار بدات بە خۆی کە ئەو فەرمانە جێبەجێ بکات یان نا، چونکە باش دەزانێ کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نەفسی خۆی زیاتر چاکەی بۆ ئەو دەوێت، هەر بۆیە نابێت بەشێك لە هەواو ئارەزوی پێش بخات بەسەر فەرمانیانداو بیکات بە بەربەستێك لەبەردەم گوێڕایەڵی کردنیاندا، پاشان دەفەرموێت هەر کەسێك سەرپێچی فەرمانی خواو پێغەمبەر (ﷺ) بکات ئەوا با چاك بزانێ لە گومڕاییەکی ئاشکرادایە.

ئەی باشە ئەوە خەڵکی چیانە سەریان سوڕماوە لەم بابەتە سەرەتاییەدا، لە کاتێکدا مافی خوا لەوەدا کە بە تەنها بپەرسترێ لە پێشترین شتە کە گەروەکان پێی تێر ئاو بێت، وە زوبانەکان پێی پاراو بێت؟!

ئا ئەمە مافی خوایە بە تەنها، ئەی باشە چۆن ئەم مافە ئەمڕۆ سوك بوە لەلای سەرانی مەنهەجەکانی بانگخوازیەوە؟! ئایا مافی خوا ڕاسترین ماف نیە کە دەرگای بۆ کرابێتەوە، وە سینەکانی بۆ والآ بوبێ؟!

**ئیبن قەیم** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**تەوحید کلیلی بانگەوازی پێغەمبەرانە...**) وە فەرمودەکەی موعازی پێشتر باس دەکات لەو بارەیەوە.[1]

وە هەر ئەوەش بانگەوازی هەر هەمویان بوە – صەلات و سەلامی خوایان لەسەربێت– دەی کەواتە خوای گەورە سنگێك فراوان نەکات کە بەو تەوحیدە دڵ تەنگ و بێزار بێت!

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ﴾ الأعراف: ٥٩

واتە: ئێمە نوحمان نارد –سەلامی خوای لەسەر بێت– بۆ لای گەلەکەی کە بت پەرست بون بۆ ئەوەی بانگیان بکات بۆ پەرستنی خوای گەورە بەتەنها وە پێی ڕاگەیاندن کە بەتەنها خوا بپەرستن، چونکە تەنها ئەو خوایە دروستکارو ڕۆزی دەرو بەڕێوەبەری کاروبارەکانتانە.

[1] مدارج السالكين (٣\٤٤٣).

وە دەفەرموێت: ﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا ۗ قَالَ يَـٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرُهُۥٓ﴾ الأعراف: ٦٥

واتە: وە بۆ قەومی عاد پێغەمبەر هودمان نارد – سەلامی خوای لەسەر بێت – ئەویش بە هۆزەكەی ڕاگەیاند ئەی هۆزەكەم بەتاك و تەنها خوا بپەرستن، چونكە هیچ پەرستراوێكی تر شایەنی پەرستن نیە تەنها ئەو خوایە نەبێت.

وە دەفەرموێت: ﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَـٰلِحًا ۗ قَالَ يَـٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرُهُۥ﴾ الأعراف: ٧٣

واتە: وە بۆ گەلی سەمود صالحمان نارد –سەلامی خوای لەسەر بێت–، وە پێی ڕاگەیاندن ئەی گەلەكەم عیبادەت تەنها بۆ خوا ئەنجام بدەن، چونكە هیچ پەرستراوێكی تر نیە كە بەڕاستی شایەنی پەرستن بێت وە هەمویان دروست كراون و هیچ شتێكیان بەدەست نیە.

وە دەفەرموێت: ﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا ۗ قَالَ يَـٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرُهُۥ﴾ الأعراف: ٨٥

واته: وە بۆ لای مەدیەن شوعەیبمان بۆ ناردن سەلامی خوای لەسەر بێت، ئەویش بەهەمان شێوە بە هۆزەکەی ڕاگەیاند کە تەنها عیبادەت بۆ خوا ئەنجام بدەن، چونکە ئەو بتانەی کەئەوان دەیپەرستن هیچیان بەدەست نیەو بەڵکو دروستکراون.

وە بەم شێوەیە هەرچەندە گەلەکان جیاوازبن، وە کێشەکانیان جیاوازبێت، بانگەواز کردن بۆ تەوحید هەمو کاتێ لە پێشەوەیە، ئیتر ئەگەر کێشەیان لە ئابوریدا بێت هەروەك خەڵکی مەدیەن، یان پەیوەندی بەڕەوشتەوە هەبێت هەروەك قەومی لوط – سەلامی خوای لەسەربێت –.

وە پێویستم بەوە نیە کە بڵێم: یان کێشەکەیان سیاسی بێت، لەبەر ئەوەی هەمو ئەو گەلانە حوکمیان بە بەرنامەی خوا نەدەکرد.

وە دروست نیە ڕوناکی ئەم بانگەوازە پیرۆزە کز بکرێت و داپۆشرێ لە هیچ سەردەمێکدا بە گومانی ئەوەی کە تەوحید جێگیر بوە لە ناو دڵی خەڵکیدا، ئایا گوێت لە پاڕانەوەی پێشەوای ڕاستگۆیان و یەکخواپەرستان ئیبراهیمی خەلیل – صەلات و سەلامی خوای لەسەربێت– نەبوە، کە ترساوە لە نەفسی خۆی کە شەریك بۆ خوا بڕیار بدات؟ وە دەفەرموێت: ﴿رَبِّ ٱجۡعَلۡ هَٰذَا ٱلۡبَلَدَ ءَامِنٗا وَٱجۡنُبۡنِي وَبَنِيَّ أَن نَّعۡبُدَ ٱلۡأَصۡنَامَ ۝ رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضۡلَلۡنَ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ﴾ إبراهيم: ٣٥ - ٣٦

واتە: ئەی پەروەردگار ئەم شارە کە مەبەستی پێی مەککەیە ئاسایش و خۆشگوزەرانی تێدا بەرقەرار بکەیت، وە خۆم و نەوەکانم بە دور بگریت لەوەی کە بت بپەرستین، خوایە گیان ئەو بتانە بونەتە هۆی گومڕابونی زۆرێك لە خەڵکی.

**موغیرەی کوڕی میقسەم** دەڵێت: (ئیبراهیمی تەیمی ئامۆژگاری خەڵکی دەکردوە لە ئامۆژگاریەکانیدا دەیوت: **کێ بێ منەتە لە تاقی کردنەوە لە دوای خەلیلی خوا ئیبراهیم کاتێ کە دەیوت: خوایە خۆم و نەوەکانم بپارێزەو بە دورمان بگرە لەوەی کە بت بپەرستین؟!**)[1].

**شێخ مبارك المیلی** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**پێغەمبەر (ﷺ) وازی لە هەڕەشە کردن لە بت پەرستی نەهێنا کە بەتەنها بو.**

**وە بێ ئاگا نەبو لێی لە کاتێکدا کە ئابلۆقە درابو لەناو دۆڵ و شیوەکاندا بۆ ماوەی سێ ساڵی پڕ ناڕەحەتی.**

**وە لە بیری نەچویەوە کاتێ کە بە نهێنی ڕۆیشت لە کۆچەکەیدا، وە دوژمن زۆر سوربون لەسەر گرتنی.**

**وە گفتوگۆی لە بارەیەوە نەبڕی کاتێك کە لە مەدینە بانگەوازی ئاشکرابو لەنێوان پشتیوانانیدا.**

---

[1] رواه ابن جرير في تفسيره (٧/٤٦٠ – ط دار الكتب العلمية).

**وە دەرگای باس کردنی ئەو بابەتەی دانەخست لە دوای ڕزگارکردنی مەککە.**

**وە بێ ئاگا نەبو لێی لە کاتێکدا جیهادی دەکردو سەردەکەوت، وە هێرشی دەبردو نەدەگەڕایە دواوە.**

**وە بەلایەوە بەس نەبو پەیمان وەرگرتن تەنها لەسەر شەڕکردن لەسەر چەند جارە کردنەوەی پەیمان وەرگرتن لەسەر تەوحیدو وازهێنان لە هاوەڵ دانان.**

**وە ئەوەش ژیاننامە نوسراوەکەیەتی، وە فەرمودە ڕاستەکانیەتی، بە وردی بە دوایدا بچۆ دەبینی ڕاستی ئەو قسانەی کە بانگەشەمان کرد، وە تێروتەسەلی ئەو شتانەی کە بە کورتی باسمان کرد)[١].**

پاشان ئەم پێغەمبەرە (ﷺ) هەواڵی پێ دەگات —لە ڕۆژانی بەهێزی تەوحیدو سەربەرزی ئیسلامدا— کە بتێك هەیە دەپەرسترێت لە یەمەن پێی دەوترێ **(ذو الخلصة)**، وە جێی پێ ناڕەحەت دەبێت، وە دڵی پێی بێتاقەت دەبێت، هەر بۆیە یەکێکی بۆ دەنێرێ لە خەڵکی یەمەن، **جەریری کوڕی عبدالله** ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی وتم: **(ئەوە بۆ ئاسودەم ناکەیت لەدەست (ذي الخلصة)؟** وتم: بەڵێ باش. ئیتر دەرچوم بە یاوەری سەدوپەنجا سوارچاك لە خەڵکی ئەحمەس —کە هەمو خاوەن ئەسپ بون— وە من لەسەر پشتی ئەسپ خۆم بۆ ڕانەدەگیرا، هەربۆیە باسی ئەوەم کرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)،

---

[١] رسالة الشرك و مظاهره (ص: ١٩).

ئەویش بە دەستی کێشای بە سنگمدا هەتا شوێنەواری دەستیم بینی لەسەر سنگم، وە فەرموی: **خوایە دامەزراوی بکە، وە بیکە بە ڕێنوماکارو ڕێنیشاندەر.** جەریر دەڵێ: لە دوای ئەوە هەرگیز لەسەر پشتی ئەسپ نەکەوتم! ئنجا وتی: وە (ذو الخلصة) ماڵێك بو لە یەمەن هی (خثعم و بجيلة)ە بو کە کۆمەڵێك بتی تێدا بو دەپەرسترا، وە پێی دەوترا کەعبە. ئەوەبو هاتین و سوتانمان بە ئاگرو تێکمان شکاند، وە کاتێك جەریر هات بۆ یەمەن پیاوێك هەبو لەوێ قوماری دەکرد، پێیان وت: نێردراوی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێرەیە، دەستی بتگاتێ ئەدات لەملت، لەوکاتەدا کە خەریکی قومار بو، جەریر گەیشتە سەرسەری، وە پێی وت: یان کەرەستەی قومارەکە دەشکێنی وە شایەتی دەدەیت کە هیچ خوایەك شایەنی پەرستن نیە بەحەق تەنها زاتی اللە نەبێت، یان ئەدەم لە ملت. ئەویش شکاندی و وە شایەتی دا، پاشان جەریر کەسێکی نارد لە خەڵکی ئەحمەس پێی ئەوترا (أبا أرطاة) بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) مژدەی پێ بدات بەوە، کاتێ گەیشت بە پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێند بێت بەو خوایەی کە تۆی ناردوە بەحەق نەهاتم هەتا ئەوشوێنەم بەجێ هێشت کە وەك وشتری ڕەش قەترانی لێهاتبو[1]

---

[1] (مەبەستی ئەوەیە ئەو شوێنە ڕەش بوبو بەهۆی ئاگر تێبەردانیەوە کە هەروەك وشتری ڕەنگ کراوی لێهاتبو بە ماددەی قەتران). هەروەك خطابي دەڵێت بڕوانە: فتح الباري (٨٣\٨).

ئنجا دەڵێ: ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) دوعای خێری بۆ خەڵك و ئەسپەکانی ئەحمەس کرد پێنج جار)[1].

**دوو سود:**

١- **ئیبن حەجەر** دەڵێ دەربارەی ئەو وتەیەی پێغەمبەر (ﷺ): **(ئایا ئاسودەم ناکەیت)**: **(مەبەستی بە ئاسودەی ئاسودەی دڵە، وە هیچ شتێك قورس نەبو لەسەر دڵی پێغەمبەر (ﷺ) جگە لە پاشماوەی هاوەڵ دانان نەبێت)**[2].

٢- لە پیشەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەبو کە ئەگەر پێداگری بکردایە لە پاڕانەوەدا سێ جار دەپاڕایەوە، هەروەك هاتوە لە ئیبن مەسعودو غەیری ئەویش، بەڵام لێرەدا پێغەمبەر (ﷺ) پێنج جار پاڕایەوە لەبەر مەبەستێك کەوای دەخواست, ئەویش ئەوەیە کە پاراستنی تەوحید گەورەترین شتە کە بۆی پاڕابێتەوەو سەرخرابێت، باش تێبگە لەوە ![3]

ئەی باشە چۆن دڵی بانگەواز کارانێك ڕاحەت بوە کە خەڵکی فێری دنیا نەویستی یان خوڕەوشت یان سیاسەت دەکەن و یان جگە لەوانە لە ناو مزگەوتانێکدا کە دروست کراوە لەسەر مەزارگە، وە لە شوێنی خۆیان ناجوڵێن،

---

[1] رواه البخاري (٤٣٥٥-٤٣٥٧)، و مسلم (١٣٦-١٣٧) و غيرهما.

[2] الفتح (٨\٧٢). 

[3] بڕوانە: الفتح (٨\٧٤).

بەڵکو لەوانەیە خەڵکێکی سست جولاَبێتن لە غەیری ئەوان وەك غیرەت نواندنێك لەبەرامبەر پاراستنی تەوحید، کەچی ئەوان بەوپەڕی پشێویەوە پێی دەڵێن: ئوممەت پارچەپارچە دەکات! پەلەدەکات وە دانا نیە! شیوعیەکان لە دەستی سەلامەت بون کەچی پیاو چاکەکان لە دەستی سەلامەت نەبون هەتا بە مردویش...!

ئەی کوا ئیخلاص؟! ئەی کوا ئەهلی ئیخلاص؟! ئەی کوان ئەوانەی کە تورەبونیان توند دەکەن بەئەندازەی تورەبونی خوا؟! ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (**خوایە گۆڕەکەم نەکەیت بە جێ نەزرگایەك بپەرسترێت، تورەبونی خوا قورس بو لەسەر گەلێك کە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت)**.[1]

بەڕاستی دۆستایەتی بۆ خوا واتە تورە ببیت لە شتێك کە خوا لێی تورەیە، وە ڕازی ببیت بە شتێك کە خوا پێی ڕازیە، وە ئەو تەوحیدەی کە دۆستایەتی لەسەر دەکەیت، وە ئەو هاوەڵ دانانەی کە دژایەتی لەسەر دەکەیت، پێویستە هاوڕێت بێت بەدرێژای ژیانت.

---

[1]رواه مالك (٤١٤)، و عبدالرزاق (١\٤٠٦)، و ابن سعد (٢\٢٤٠-٢٤١)، و صححه ابن عبدالبر في التمهيد (٥\٤٢), و الألباني في تحذير الساجد (ص٢٦).

وە ئەم ئوممەتە دەربارەی تەوحید هەرچەند چاوڕۆشـن بێـت و وەڵامدانـەوەی هەبێت بۆی بە تەواوەتی، ئەوە کەموکووڕی هەر ڕو لە مرۆڤـ دەکات بـە زۆری، وە خـراپترین کـەم و کـووڕی کـەموکووڕی ئـیخلاص و نـەمانی تەوحیـدە، هـەر بۆیـە پێغەمبـەر (ﷺ) بێـدەنگ نـەبو لـە ڕیسـواکردنی هـاوەڵ دانـان هـەتا لـە کۆتـا ڕۆژەکانیشیدا، لەگەڵ ئەوەی ئوممەت ئەو کاتە گەیشـتبویە ئەوپـەڕی بـەهێزی لـە بەتەنها ناسینی خوای خۆی و یەکڕیزی ڕیزەکانی...

لە جوندوبی کوڕی عبداللەی بەجەلی خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: گـوێم لـە پێغەمبەری خوا بو (ﷺ) پێش ئەوەی وەفات بکات بە پێنج ڕۆژ دەیفـەرمو: (**مـن بەڕائەتی خۆم دەکەم لەلای خوای گەورە کە لەناوتاندا کەسێکتان خەلیلم بێت، بە ڕاستی خوا منی کروە بە خەلیلی خۆی، هەروەك چۆن ئیبراهمی کردوە بە خەلیلی خۆی، وە ئەگەر کەسێکم لە نـاو ئوممەتەکەمـدا بکردایـە بـە خـەلیلی خـۆم ئـەوا ئەبوبـەکرم دەکـرد بـە خـەلیلی خـۆم، بـاش بـزانن ئەوانـەی پـێش ئێـوە گـۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکرد بە مزگەوت، ئاگادارتان دەکەمەوە کە گۆڕەکان نەکەن بە مزگەوت، من قەدەغەی دەکەم لێتان کە کاری وابکەن**).[1]

[1] رواه مسلم.

بەردەوام پێشەوایانی دین جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەم بانگەوازە پیرۆزە، وە هانی خەڵکی دەدەن کە کۆببنەوە لەسەر ئەوەی کە پێشینی چاکی لەسەر بوە دەربارەی:

١- خوای گەورە.

٢- مەلائیکەتەکانی -صەلات و سەلامیان لەسەر بێت-.

٣- پەیامەکانی.

٤- پێغەمبەرانی -صەلات و سەلامە خوایان لەسەر بێت-.

٥- ڕۆژی دوابی.

٦- قەدەر خێرو شەڕی.

وە ئەم شەش دانەیان ناوناوە: **بنچینەی دین.**

# یەك خوا پەرستی

لە ڕاستیدا لەلای پێشەوایانی شارەزا یەکلایی بوەتەوە –لە دوای لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لە دەقەکانی قورئان و سوننەت– کە هەر کەسێك خوای خۆی بە تەنها نەناسێ لە پەروەرگارێتی و پەرستراوێتی و ناوو صیفاتەکانیدا ئەوا خوای نەناسیوە ناسینێك کە بیپارێزێ لە ئاگری سەختی دۆزەخ، وە هەر کەسێك کەمتەرخەم بێت لە بەشێك لەم سێ بەشانە ئاینەکەی بە ئیخلاصەوە جێبەجێ نەکردوە بۆ خوا.

## تەوحیدی پەروەردگارێتی (توحيد الربوبية)

کە بەواتای ئەوە دێت بە تەنها دانانی خوا لە کاروبارەکانیدا، لەبەر ئەوەی هەر خۆی دروستکارەو ڕۆزی دەرەو کاروباری دروست کراوەکانی بەڕێوە دەبات، وە پەروەردەیان دەکات بەو نیعمەتانەی کە دەبێتە هۆی ژیانیان، وە باوەڕ بون بە هەمو کردارەکانی خوای پاك و بێگەرد، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَـٰرَ وَمَن يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُ ۚ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴾ يونس: ٣١

واتە: پێیان بڵێ بەو بێ باوەڕانە کێ ڕزقتان دەدات لە ئاسمان و زەویدا؟ ئەو خوایە نیە کە خاوەنی بیستن و بینینەو شتی زیندو لەناو شتی مردودا دەهێنێتە

دەرەوە وە بە هەمان شێوە شتی مردو لەناو شتی زیندودا دەهێنێتە دەرەوە؟ وە کێ کاروبارەکان دەبات بەڕێوە؟ ئەوا لەوەلاَمدا دەڵێن الله، تۆش پێیان بڵێ ئایا ناتانەوێ گوێڕایەڵی ئەو خوایە بکەن لە فەرمانەکانیداو دوربکەونەوە لەو شتانەی کە قەدەغەی کردوە.

وە ئەم بەشەی تەوحید سودی نابێت بۆ خاوەنەکەی لەلای خوا مەگەر کاتێك کە هیدایەتی بدات بۆ دو بەشەکەی تر: (**پەرستراوێتی**) و (**ناوو صیفاتەکان**), لەبەر ئەوەی خوای گەورە هەواڵی داوینەتێ بەوەی کە هاوەڵ پەیداکەرەکان خوایان دەناسی لە پەروەردگارێتیدا، بەلاَم سودی نەبو بۆیان، لەبەرئەوەی بە تەنها عیبادەتیان بۆ ئەو خوایە نەدەکرد خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ ﴾الزمر: ٣٨

واتە: ئەگەر لێیان بپرسیت کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردوە ئەوا لە وەلاَمدا دەڵێن الله.

**ئیبن قەیم** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**ئەگەر ئەم تەوحیدە –واتە: تەوحیدی پەروەردگارێتی– بە تەنها ڕزگارکەر بوایە ئەوا هاوەڵ دانەرەکانی**

**ڕزگار دەكرد؛ بەڵام مەبەستەكە تەوحیدی پەرستراوێتیە كە جیاكەرەوەیە لە نێوان هاوەڵ دانەران و یەكخوا پەرستان)[1].**

## تەوحیدی پەرستراوێتی (توحید الألوهیة)

بە واتای ئەوە دێت كە خوای گەورە بە تەنها بناسیت لە پەرستندا، لەبەرئەوەی نابێت زاتێك بپەرسترێت تەنها ئەو خوایە نەبێت كە تاك و تەنهایە لە هەمو ئەو شتانەی كە پێشتر باس كران، كەواتە نوێژ ئەنجام نادرێت وە پاڕانەوەو حەیوان سەربڕین نابێت بكرێت تەنها بۆ ئەو خوایە نەبێت، وە تەواف ناكرێت تەنها بەدەوری ماڵەكەی ئەودا نەبێت، وە داوای فریاكەوتن ناكرێت لە مردو و كەسانی نادیار، وە پشت نابەسترێت تەنها بەو خوایە نەبێت كە دروست كردن و فەرمان دەركردن تایبەتە بەخۆیەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ﴾ الكوثر: ٢

واتە: تەنها نوێژ بۆ خوای خۆت ئەنجام بدە وە حەیوان سەربڕینیشت با هەر بۆئەو بێت.

وە دەفەرموێت: ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ ﴾ النمل: ٦٢

---

[1] مدارج السالكین (١\٣٢٧).

واتــە: كــێ وەلآمــی كەسـێك دەداتــەوە كــە زۆر نارەحەتــە كاتێــك كــە لێــی دەپاڕێتەوەوە لەو نارەحەتیە ڕزگاری دەكات؟

وە دەفەرموێت: ﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴾ المائدة: ٢٣

واتە تەنها هیواتان بە خوا هەبێت و پشت بە ئەو ببەستن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن.

وە كەسی خۆش نەوێت وەك خۆشەویستی خوا، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادٗا يُحِبُّونَهُمۡ كَحُبِّ ٱللَّهِۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَشَدُّ حُبّٗا لِّلَّهِ ﴾ البقرة: ١٦٥

واتە: خەڵكانێك هەن شتانێك دەكەن بـە شـەریكی خـواو دەیـان پەرسـتن لـە غەیری خوا، وە خۆشیان دەوێن بە وێنەی خۆشەویستی خـوا، بـەڵام ئەوانـەی كـە باوەڕدارن زۆرترین خۆشەویستیان تەنها بۆ خوایە.

**ئـیبن قـەیم** ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت دەفـەرموێت: (**دەبینـی هـاوەڵ دانـەر قسەكانی كرداروو حاڵی بەدرۆ دەخاتـەوە، دەبینـی دەڵـێ: ئێمـە ئـەو شـتانەمان خۆش ناوێ وەك خۆشویستنی خوا، وە نایانخەینە ئاستی خواوە. پاشان دەبینی لەسەریان خۆی توڕە دەكات بەهەمان شێوە لەسەر حورمەتیان –ئەگەر پێشـێل بكرێت– زیاتر لەوەی كە تـوڕە ببێـت بـۆ خـوا! وە دڵ خـۆش دەبێـت بـە بـاس**

**كردنیان وە ڕوی گەش دەبێت پێی، بە تایبەت ئەگەر باسی شتێك بكرێت لێیانەوە كە نەشیان كردوە: وەك بە دەمەوە چونی كەسێك كە لە حەسرەتدایە، وە لابردنی ناڕەحەتیەكان، وە دابین كردنی پێداویستیەكان، وە ئەوان دەرگان لە نێوان خواو بەندەكانی، دەبینی كەسی هاوەڵ دانەر خۆشحاڵ و دڵ خۆشە، وە دڵی دەكەوێتە جۆش، وە هەژاندنی ئالودەبونێكی گەورەو مل كەچی و دۆستایەتی بۆیان، وە ئەگەر باسی خوای بۆ بكەیت بە تەنها، وە باسی یەكخواپەرستی بۆ بكەیت توشی بێتاقەتی دەبێت و دڵ تەنگ و پەشۆكاو دەبێت و تانەت لێ دەدات بە كەمتەرخەمی دەربارەی خوایەتی خوا كە لە ڕاستیدا ئەو كەمتەرخەمیە لەودا هەیە، وە لەوانەشە دوژمنایەتیت بكات.)[١].**

لێرەدا دەڵێم: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحۡدَهُ ٱشۡمَأَزَّتۡ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِۖ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦٓ إِذَا هُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ ﴾ الزمر: ٤٥

خوای گەورە لەم ئایەتەدا باسی حاڵی هاوەڵ دانەرەكانمان بۆ دەكات كە كاتێك باسی خوایان بۆ دەكرێت كە بە تەنها بیپەرستن و وازبهێنن لە هەمو ئەو بتانەی كە دەیان پەرستن پێی بێتاقەت دەبن و دوردەكەونەوەو پێیان ناخۆشە، بەڵام كاتێك كە

[١] مدارج السالكين (١\٣٤١-٣٤١).

باسی بتەكان و ئەو شتانەی كە دەیپەرستن لە غەیری خوا دەكـەیت كـەیف خـۆش دەبن و پێیان خۆشە بەشان و باڵیاندا هەڵبدەیت.

وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۖ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُۥ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُۥ ﴾سبأ: ٢٢ - ٢٣

واتە: پێیان بڵێ ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) بـەو هـاوەڵ پەیداكەرانـە كـە دروسـت كراوەكانی خوا دەپەرستن لـە غـەیری خـوا كـە نەسـودی هەیـەو نـە زیـان، وەك دەرخستنی بێتواناییان و بەتاڵی پەرستنیان، بانگ بكەن و بپاڕێنەوە لەو بتانـەی كـە بەگومانی خۆتان كردوتانە بە شەریكی خوا، ئەگەر پاڕاناوەكەتان سودی هەیە، بەڵام هیچ سودی نیە چونكە ئەوانە بچوكترین موڵك و دەسەڵاتیان نیە، نە لە ئاسمانـەكان و نە لە زەویدا، هیچیان نیە سـەربەخۆ هـەروەك چـۆن هیچـیان نیـە وەك شـەریك لەگەڵ خوادا، تەنها ئەوە ماوەتەوە كە بڵـێین كـە لەوانەیـە ئـەو بتانـە یاریـدەدەرو وەزیری خوابن وە پاڕانەوەیان لە خوا سـودی دەبێـت، چـونكە ئـەوانیش هەنـدێ پێداویستی خوا جێبەجێ دەكەن لەبەرئەوە دەگـونجێ پاڕاناوەیـان لـە خـوا سـودی هەبێت هـەروەك چـۆن خـەڵكی ئـەم سـەردەمەش لـە پیـاو چـاكان و مردوەكـان دەپاڕێنەوەو دەڵێن ئێمە داوایان لێ دەكەین كـە لـە خـوا بپاڕێنـەوە بۆمـان، بـەڵام

خوای گەورە ئەم شتەش ڕەت دەكاتەوەو ئەم گومانەش ناهێڵێت، وە دەفەرموێت خوا بێ پێویستە لە هەمو ئەو پەرستراوانەو نە وەزیری هەیەو نە یاریدەدەر كە یارمەتی بدەن، لەوانەیە بڵێن ئەتوانن شەفاعەت بكەن هەروەك موشریكەكانی زوو وە گۆڕ پەرستەكانی ئێستا دەیڵێن، بەڵام خوای گەورە ئەم گومانەش ناهێڵێت و شەفاعەت لەكەس قەبوڵ ناكات مەگەر كەسێك كە خۆی ڕێگەی پێ بدات، ئەمە ئەو جۆرە شتانەیە كە هاوەڵ دانەرەكان دڵیان پێوەی پەیوەستە لە بتەكانیان و پەرستراوەكانیان لە مرۆڤ و بەردو دار كە خوا هەموی پوچ دەكاتەوە بۆ بنەبڕكردنی هاوەڵ دانان، لەبەر ئەوەی موشریك دەپاڕێتەوەو عیبادەت دەكات بۆ غەیری خوا چونكە بە تەمای بە دەست هێنانی سودەو لابردنی زیانە لێیان بۆیە دەیان كات بە شەریكی خوا، كەواتە ئەو شتەی كە داوای لێ دەكرێت لە غەیری خوا نە سودو زیانی بەدەستە نە شەریكی خوایە لە موڵكداو نە سەربەخۆ موڵكی هەیەوە نە یاریدەدەرو پاڵپشتی خوایەو وە ناشتوانێت شەفاعەت بۆ كەس بكات بەبێ ئیزنی خاوەن موڵك وە ئەو دوعایانەش بەتاڵە شەرعەن وە ئەقڵەن بەڵكو بەخراپەش بەسەر موشریكدا دەشكێتەوە، چونكە لە ڕۆژی دواییدا ئەو پەرستراوانە دەبن بە دوژمنی ئەوانەی كە پەرستویانن.

وە لەو ڕێنومایيانەی كە خوا ڕێنومایی **ئیبن قەیمی** كردوە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەوەیە كە دەڵێت: (**كەسی هاوەڵ دانەر هەڵدەستێت بە عیبادەت كردن بۆ پەرستراوەكەی، لەبەرئەوەی باوەڕی وایە كە بەهۆیە سودی پێدەگات، وە**

سـود گەیانـدنیش ڕونـادات تـەنها لـە کەسـێکەوە نـەبێت کـە یـەکێك لـەم چـوار خاسیەتەی تێدانەبێت:

–یان خـاوەنی ئـەو شـتە بێـت کـە ئەوکەسـەی کـە دەیپەرسـتێت داوای لێدەکات.

–ئەگەر خاوەن موڵك نەبو، دەبێت شەریك بێت لەو موڵکەدا.

–ئەگەر شەریك نەبێت لەگەڵی، دەبێت یاریدەدەرو پاڵپشتی بیت.

–ئەگەر یاریدەدەریش نەبو، دەبێت شەفاعەت کار بێت لەلای.

خوای پاك و بێگەرد هەر چوار پلەکە ڕەت دەکاتەوەو نایهێڵێت یەك لـە دوای یەك، لەبەرزەوە بۆ نزمتر، هەر بۆیە نەفی موڵك دەکات، شەریکی، سەرخسـتن و پاڵپشتی کردن، وە شەفاعەت کە هاوەڵ دانەر بە گومانی خۆی بڕیاری بۆ دەدات، وە تەنها یەك شەفاعەت ڕێ پێ دەدات کە بەشی هاوەڵ دانەری تێدا نیە، ئەویش شەفاعەت کردنە لەسەر ئیزنی خۆی.

ئەم ئایەتە بەسە وەك ڕوناکیەك و بەڵگەو نـەجات دەرێـك، وە وەك پـاڵاوتنی تەوحید، وە بنەبڕکردنی ڕەگ و ڕیشەی هاوەڵ دانان بۆ کەسێك کە عاقڵ بێـت و لێی تێبگات)[1].

[1] مدارج السالکین (١\٣٤٣).

لێرەدا دەڵێم: حاڵی هاوەڵ دانەر لەوەدا کە هیچ بەشێکی نیە لە تکاکردنی تکاکاراندا زانراوە لە زۆر دەقەوە، بە وێنەی ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە بە ئەبو هورەیرەی فەرمو کاتێ پرسیاری لێ کرد: (بەختەوەرترین کەس کێیە بە شەفاعەتی تۆ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرموی: **بەختەوەرترین کەس بە شەفاعەتی من هەر کەسێکە کە بڵێ: لا اله الا الله بە ئیخلاصەوەو لە ناو کانگای دڵیەوە**)[1].

## سەرئەنجامی پشت هەڵکردن لە تەوحیدی نێردراوان

**شێخ محمد خلیل هراس** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئەو ئەشعەریانە پێیان وایە کە تایبەتی ترینی تایبەتیەکانی پەرستراوێتی بریتیە لە تەنهایی لە دروست کردن و داهێناندا!!... وە زانراویشە کە تەنهایی لە دروست کردندا بریتیە لە تەوحیدی پەروەردگارێتی، ئەوەی کە هاوەڵ دانەرەکان دانیان پێدا دەنا، بەڵام تەوحیدی هەرە گرنگ و گەورە –کە تەوحیدی پەرستراوێتیە– ئەوان گرنگی پێ نادەن، وە باسیشی نیە لە کتێبەکانیاندا، وە لەوانەشە ئەوە نهێنی تێکەڵاوی و تێوەگلانی زۆربەیان بێت**

[1] رواه البخاري (٩٩).

**لە بیدعەی تەصەوفدا، وە دانپێدانانیان بە هۆکارە شیرکیەکاندا کە ئەنجام دەدرێت لەلای مەزارگەی شێخەکانیان کە لەناو گۆڕدان! )**[1].

لێرەدا دەڵێم: وە ئەمە تێبینی زانایەکی ئەزهەری شارەزا بەو قەومەیە، ئەمەت لەبیر بێت!

## تەوحیدی ناوو صیفاتەکان (توحيد الأسماء و الصفات)

کە ئەویش بە واتای ئەوە دێت کە باوەڕهێنان بە هەمو ئەو وەصفانەی کە خوای بالاّ دەست وەصفی خۆی پیّ کردوەو ناوی لێناوە، وە هیچ کەسێك هاوتای نیە لەو وەصفانەدا چەند گەورەش بێت ئەو کەسە، بە هەمان شێوە بەرز ڕاگرتنی خوا لە هەمو ناتەواوی و عەیبێك، لەبەرئەوەی خوای گەورە تەنهایە لە هەمو صیفاتەکانی پیرۆزیی و گەورەیی و تەواوەتیدا، وە بەرزو بڵندەو دورە لە هەمو صیفەتێکی ناتەواوو هاوشێوە بون، وە لەسەر ئەم دەستپێکەوە پێویستە لەسەر هەمو موسوڵمانێك کە دان بنێت بە هەمو ئەو صیفاتانەی کە خوای گەورە بڕیاری داوە بۆ خۆی لە قورئانەکەیدا، یان لەسەر زوبانی زاناترین کەسی دروست کراوەکان بە خوا کە پێغەمبەرەکەیەتی محمد (ﷺ) بەو جۆرەی کە شایستەیە بە

---

[1] دعوة التوحيد (ص: ٢٣١).

خوا ؛ لەبەرئەوەی هاوشێوەو هاوتای نیە، وە هەر خۆی هەواڵ دەدەات دەربارەی خۆی وە دەفەرموێت: ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴾ الشورى: ١١

واتە: هیچ شتێك هاوشێوەی خوای گەورە نیەو خاوەنی بیستن و بینینە. واتە لەم ئایەتەدا خوای گەورە نەفی ئەوە دەكات كە هیچ كام لە دروستكراوەكانی لە هیچ كام لە صیفاتەكانیدا لە ئەو ناچن وە بە نمونە باسی دو سیفەتمان بۆ دەكات كە ئەوانیش بیستن و بینین.

وە دەفەرموێت: ﴿ رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَٱعْبُدْهُ وَٱصْطَبِرْ لِعِبَٰدَتِهِۦۚ هَلْ تَعْلَمُ لَهُۥ سَمِيًّا ﴾ مريم: ٦٥

واتە: خوا پەروەردگاری ئاسمانەكان و زەوی و ئەوەش كە لەو نێوەندەدا هەیە، لەبەرئەوەی دروستكاری هەمویان هەر ئەوە كە بە جوانترین شێوە دروستی كردون، وە بەسیستەمێكی زۆر رێك و پێك كە هیچ ناتەواویەكی تێدا نیە كە بەڵگەیە لەسەر بون و عیلم و دەسەڵاتی خوا، كەواتە تەنها ئەو خوایە شایەنی پەرستنە هەر بۆیە دەفەرموێت دەی كەواتە تۆش هەر ئەو خوایە بپەرستەو ئارام بگرە لەسەر گوێڕایەڵی كردنی، پاشان بێ هاوتایی خۆی بڕیار دەدات و بە پرسیار كردنێك كە مەبەست تێیدا نەفی كردنە دەفەرموێت ئایا تۆ زانیاریت هەیە بەوەی كە خوا هاوتاو هاوشێوەی هەبێت؟ بێگومان نەخێر، چونكە هەمو كەسێكی عاقڵ دەزانێ كە غەیری

خوا دروست کراوەو لاوازەو بێ دەسەلاتەو ناتەواوەو هەژارە، بەلام خوا بە پێچەوانەوە هەمو صیفاتێکی تەواوی تێدایەو دورە لە هەمو ناتەواوییەك و ئەمەش بەڵگەیەکی ڕون و ئاشکرایە لەسەر ئەوەی کە تەنها خوا مافی ئەوەی هەیە کە بیپەرستین.

وە خوای گەورە خۆی ناساندوە بە دروستکراوەکانی لەڕێی ناوە جوان و صیفاتە بەرزەکانی کە باسیان هاتوە لە قورئانەکەیداو لە سونەتی پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ)، وە هەر کەسێك بە جوانی لێیان ورد ببێتەوە ئەوا خوای خۆی دەناسێ بەو جۆرەی کە خوا خۆی بۆخۆی بونی هەیەو سەربەخۆیە، وە ڕاگیرکارو ڕاوەستێنەری غەیری خۆیەتی، بێ پێویستە لە هەمو ئەو شتانەی غەیری خۆی، وە شتەکانی بەدەر لە خۆی هەمو پێویستیان بەوە، بەرزە لەسەرو عەرشەکەی وە لەسەرو هەمو دروستکراوەکانی، ئەبینێ و ئەبیستێ، ڕازی دەبێت، وە تورە دەبێت، خۆشەویستی هەیەوە ڕق لێبونی هەیە، کاروباری دروستکراوەکانی دەبات بەڕێوە، وە لەسەرو عەرشەکەیەوەیەتی و قسە دەکات و فەرمان دەردەکات و قەدەغەی شت دەکات، وە نێردراوانی دەنێرێت بۆ هەمو پارچەکانی فەرمانڕەواییەکانی بەو فەرمودەیەی کە ئەیدات بە گوێی هەر کەسێك لە دروستکراوەکانی کە ویستی لەسەر بێت، وە حوکم دەکات بە دادپەروەرانە، وە پاداشت دەداتەوە لەسەر چاکەو خراپە، وە پشوو درێژەوە لێخۆش بوەو سوپاس گوزارەو بەخشندەو چاکە خوازە، خاوەن هەمو صیفاتێکی تەواوە، وە دورە لە

هەمو ناتەواویەك و عەیبێك، وە لێك چوی نیە، وە دانایی دیارە لە بەڕێوەبردنی كاروباری دروستكراوەكانی، كە چۆن مەزندەی كاروبارەكان دەكات بە ویستی خۆی، كە دژوار نیە لەگەڵ دادپەروەری و داناییدا، وە داناترین و چاكترین دادوەرە، وە لە هەمو شتێك گەورە ترە، وە لەهەمو شتێك جوانترە.[1]

**ئیبن قەیم** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**چ دەسەلاتێكی هەیە دەربارەی كاروباری خۆی كەسێك كە هەمو شتێكی بەدەست خوایە وە نەفسی بە دەستی خوایە، وە دڵی لە نێوان دو پەنجە لە پەنجەكانیەتی هەڵیدەگێڕێتەوە چۆنی بوێت، وە ژیانی بە دەستی ئەوە، وە مردنی بە دەستی ئەوە، وە خۆش گوزەرانی بە دەستی ئەوە، وە بەدبەختی بە دەستی ئەوە، وە جوڵەو وەستانی و قسەكانی و كردەوەكانی بە ئیزن و ویستی ئەوە، وە ناجوڵێت تەنها بە ئیزنی ئەو نەبێت، وە هیچ ئەنجام نادات بە مەشیئەتی ئەو نەبێت، وە ئەگەر بیداتە دەست خۆی ئەوە داویەتە دەست بێتوانایی و فەوتان و كەم تەرخەمی و تاوان و سەرپێچی.**

**وە ئەگەر بیداتە دەست كەسێكی تر ئەوە داویەتە دەست كەسێك كە نە سودو نە زیانی بەدەستە، وە نە مردن، نە ژیان و نە زیندوبونەوەی بە دەستە، وە ئەگەر وازی لێ بهێنی دوژمنەكەی زاڵ دەبێت بەسەریدا، وە دەیكات بە دیلی**

---

[1] بڕوانە: الفوائد لابن القیم (ص: ٢١٦).

**خۆی، کەواتە ئەو کەسە بە قەد هێندەی چاو تروکاندنێك بێ پێویست نیـە لێـی، بەڵكو ئەو پێویستی پێیەتی بە درێژای ژیانی لەهەمو گەردیلەیەك لە گەریدیلەكانی لاشەی لە ناوەو دەرەوەی، پێویستی تەواوی تەنها بەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دژوارە لەگەڵی وە پشتی لـێ هـەڵكردوە، وە خـۆی دوچـاری تورەبـونی دەكـات بـەهۆی سەرپێچی كردنیەوە، لەگەڵ ئەو پەڕی پێویستی بونی بەو لە هەمو ڕوویەكـەوە، كەچـی لـە یـادی ئـەو بـێ ئاگایـە، وە ئـەوی پشـت گـوێ خسـتوە، هەرچـەندە گەڕانەوەشی بۆلای ئەوە، وە لەبەردەستی ئەودا ئەبێت بوەستێ)**[1].

وە ئـەو خـوا پـاك و بێگـەردە خـاوەن شـكۆو دەسـەلات و زالـە، وە هـەمو دروستكراوەكان لەو پەڕی زەلیلی و هەژاریدان، وە ئەوپـەڕی پێویسـتی و تەنگانـە تەنها بۆلای ئەوە، وە هیچ كـام لـە دروسـتكراوەكانی بـێ بـەش نـەبون لـە چـاكەو خەیری ئەو بەقەد چاو تروكاندنێك، بەلأم مرۆڤـ وا گومان دەبات كە خۆی بۆ خـۆی سەربەخۆیەو بێ پێویستە لە خوای خۆی لە كاتی هەڵچون و زاڵ بونی سـتەمكاری بەسەریدا، خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجْعَىٰٓ ﴾ العلق: ٦ - ٨

واتە: نەخێر، مرۆڤەكان یاخی دەبن، كاتێك كە دەبینن و وا هەست دەكەن كـە بێ پێویستن لە خواو پێویستیان بـە یارمـەتی و سەرخسـتن و چـاوەدێری ئـەو نیـە،

---

[1] الفوائد (ص: ٧٤).

لەگەڵ ئەوەدا كە گەڕانەوەیان بۆ لای ئـەوەو لــە بـەردەم ئـەودا ڕادەوەسـتێنرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەكرێت.

وە ئەو خوایە خـاوەن سـۆزێكی فراوانـە، سـۆزی دەگاتـە هـەمو شـوێنێك كـە زانستی ئەو گرتویەتەوە، خوای گـەورە هـەواڵ دەدات دەربـارەی مەلائیكەتـەكانی كە دەڵێن:

﴿ رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَىْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا ﴾ غافر: ٧

واتە: پەروەردگارا ڕەحمەت و زانستی تۆ هەمو شتێكی گرتوەتەوە.

**ئـیبن قـەیم** ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت دەفـەرموێت: (**تــەواوترینی خـەڵك لـە پەرستندا ئەو كەسەیە كە خوا دەپەرستێت بە هەمو ناوو صیفاتەكانی كە نیشان مرۆڤەكان دراون**)[٢].

وە هەر بەمەش ئەهلی عیلم لێكدانەویان بـۆ ئـەو فـەرمودەی پێغەمبـەر (ﷺ) كردوە: (**خوای گەورە نەوەدو نۆ ناوی هەیە، لەسەد یەك دانە نەبێت، هەر كەسێك هەژماریان بكات دەچێتە بەهەشتەوە**)[٣].

---

[١]بڕوانە: القواعد الحسان لتفسير القران للشيخ عبدالرحمن السعدي (ص:١٨).

[٢]مدارج السالكين (١\٤٢٠).

[٣] رواه البخاري (٢٧٣٦)، و مسلم (٢٦٧٧).

**ئـیبن قـەیم** دەفـەرموێت: (**ژمـاردنی نـاوە جوانـەکانی و زانیـاری دەربـارەی، بنچینەی زانستە بە هەمو زانراوەکان، لە ڕاستیدا شتە زانراوەکان بەدەر لەو:**

**یان دروستکراوی ئەون یاخود فەرمانی ئەون.**

**یـان زانسـتە بـەوەی ئـەو بـەدیهێناوە، یـان زانیاریـە بـەوەی کـە بەشـەرع گێڕاویەتی.**

**وە سەرچاوەی دروست کردن و فەرمانەکان لە ناوە جوانەکانیەوە سەرچاوەی گرتـوە ...وە فەرمانـەکانی هـەموی بەرژەوەنـدی و حیکمـەت و سۆزو چـاکەیە. چـونکە سەرچـاوەکەی نـاوە جوانەکانیـەتی، وە کارەکـانی لـە دادپـەروەری و حیکمەت و بەرژەوەندی و ڕەحمەت ناچێتە دەرەوە، چونکە سەرچاوەکەی ناوە جوانەکانیـــەتی، وە هـــیچ کـــەم و کـــوورِی و گاڵتـــەجارِێتی تێـــدا نیـــە، وە دروستکراوەکانی دروست نەکردوە بە بەتاڵ و بێ سودو بە هەوەنتە)**[1].

وە درێژەی بەم باسە داوە ڕەحمەتی خوای لێبێت لە غەیری ئەم شوێنەدا.[2]

**وە ئـیبن قـەیم** ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت دەفـەرموێت: (**شـکۆداری زانسـت پەیوەستە بە شکۆداری شتە زانراوەکە... وە گومانی تێدا نیە کە بەڕێزترین زانراو وە گەورەترین و بەرزترین زانراو بریتیە لـەو خوایـەی کـە هـیچ پەرسـتراوێك نیـە**

---

[1] بدائع الفوائد (١٦٣\١).

[2] بڕوانە: ئەو کتابەی: مفتاح دار السعادة (٥١٠\٢–٥١٣، ط علي الحلبي).

**شايەنی پەرستن بێت ئەو نەبێت وە پـەروەردگاری هـەمو جيهانيانـە، وە ڕاگـری ئاسمانەكان و زەوييە، پادشای ڕاسـت و ئاشـكرا، نـاوبراو بـە هـەمو تەواوييـەك، بەدور لە هەمو كەموكوڕی و ناتەواويەك، وە بـەدور لـە هـەمو لێـك چـون و وێـك چونێك لە تەواوێتيدا، وە گومانی تێدا نيە كە زانياری بە ناوو صيفات و كارەكانی بەڕێزترينی زانياريەكان و لە پێشترينيانە...**

**وە زانياری دەربارەی بنچينەی هەمو زانستێكەو سەرەتای دروست بونيەتی ؛ هەر كەسێك خوا بناسێ ئەوانـەی بـەدەر لـەويش دەناسـێ، وە هەركەسـێك خـوا نەناسێت ئەوە دەربارەی شتەكانی تر زۆر نەزانترە، خوای گـەورە دەفـەرموێت:**

﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ نَسُوا۟ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمْ أَنفُسَهُمْ ﴾الحشر: ١٩

واتە: وەكو ئەوانە مەبن كە خوايان لـەبيرچويەوە، خواش سزای دان بەوەی كـە خۆشيان بير چويەوە، واتە ئەوانە بێ ئاگـا بـون لــە يــادی خــواو جێبــەجێ كردنـی فەرمانەكانی و ڕويان كردە شەهوەت و ئارەزوەكانيان، هەر بۆيە خەسـارەومەندبون بەوەی كە لـە هەردو دنيادا بەدبەخت بون و خوای گـەورە وای لـێكـردن كـە بـێ ئاگابن لـە بەرژەوەنديەكانيان.

**جـوان ورد بـەرەوە لـەم ئايەتـە دەبينـی لـە ژێريـدا واتايـەكی بـەرزو گـەورە دەبينی، ئەويش ئەوەيە كە هەر كەسێك خـوای خـۆی لـەياد بكـات كەسـايەتی و نەفسی خۆشی لەبير دەباتەوە، هەر بۆيـە ڕاسـتی و بەرژەوەنديـەكانی نازانێـت،**

**بەڵکو ئەو شتانەی کە چاکسازی و سەرکەوتنی تێدایە لە ژیان و دواڕۆژیدا لە بیری دەچێتەوە، وە وای لێدێت کە لە کاربکەوێت و فەرامۆش بێت بە وێنەی وڵاخی دابەستە، بەڵکو لەوانەیە ئاژەڵەکان لەو شارەزاترین بە بەرژەوەندیەکانیان....**

**وە ئەوەی کە مەبەستە: ئەوەیە کە زانیاری دەربارەی خوا سەرچاوەی هەمو زانستێکە، وە بنەمای زانیاری بەندەیە بە خۆشگوزەرانی و تەواوێتی و بەرژەوەندی دنیاو دواڕۆژی...)**[1].

وە هەر کەسێك لەمە دڵنیابو لە دڵیدا نەفسی خۆی لەلا کەمتر دەبێت لەوەی کە ڕاحەتی و خۆشیەکانی پێش بخات بەسەر ڕەزامەندی خوادا، ئەمە لە ناسینی نرخی نەفسی خۆیدا.

بەڵام لە ناسینی بایەخی خوای خۆیدا، ئەوە وای لێ دەکات کە شەرم لە خوا بکات، وە خۆشی بوێت، وە دڵی پەیوەست بێت پێیەوە، وە تامەزرۆ بێت بۆ بینینی، وە ئاسودەبون بە هۆیەوە، وە بگەڕێتەوە بۆلای، وە ترسان لێی وە ڕاکردن لە دەست خەڵکی بۆلای ئەو، وە خەڵکی جیاوازن لەم شتانەدا بە جۆرێك کە نایژمێرێت تەنها ئەو خوایە نەبێت کە ئەوانی بە خۆی ناساند، وە بۆ دڵەکانیانی دەرخست لە ناسینی شتانێك کە شاردویەتەوە لە غەیری ئەوان، وە زاناترینی دروستکراوەکان بەخوا پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت: **(سەناووەصفی**

---

[1] مفتاح دار السعادة (١\٨٦).

**تۆ ناتوانم بژمێرم بەڵكو خۆت چۆن وەصفی خۆت كردوە شایەنی تۆیە)**[1]. وە هەواڵی داوە كە خوای باڵادەست لە ڕۆژی دوایدا فێری جۆرەها سوپاس گوزاری دەكات كە ئێستا نایزانێ.[2]

**ئیبن قەیم** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**وە خۆشەویستی و تامەزرۆیی پەیوەستە بە ناسینی و زانیاری دەربارەی، هەرچەندە زانیاری دەربارەی تەواو بێت ئەوا خۆشەویستی تەواوتر دەبێت... هەركەسێ بڕوای بە خواو ناوو صیفاتەكانی هەبێت، وە باشتر بیناسێ ئەوا خۆشتری دەوێت، وە تاموچێژی گەیشتن بەو وە نزیك بونەوە لێی و تەماشاكردنی ڕوی و گوێبیستی فەرمودەكانی زیاتر دەبێت... وە تەواوێتی بەندە بە پێی ئەم دوو توانایەیە: زانست و خۆشەویستی، وە باشترین زانست، زانستە دەربارەی خوا، وە بەرزترین ڕادەی خۆشەویستی، خۆشەویستیە بۆ ئەو، وە تەواوترین تاموچێژ بە پێی ئەو دوانەیە، وە هەر خوا یارمەتی دەرە**)[3].

---

[1] رواه مسلم (٤٨٦).

[2] هو في صحيح البخاري (٤٧١٢)، و صحيح مسلم (٣٢٦). وە بڕوانە: الفوائد لابن القيم (ص ٢٢١).

[3] الفوائد (ص: ٧٠). 

**مالیکی کوڕی دینار** ڕەحمەتی خـوای لێبێـت دەفـەرموێت: (**ئـەهلی دونیـا لـە دونیا دەرچون، وە تامی خۆشترین شتیان نەکرد تێیدا، وتیان: ئەو شتە چیە ئەی باوکی یەحیا؟ فەرموی: ناسینی خوا**)[1].

وە لەبەرئەوە هەرچەند ناسینی بەندە بە خوای خۆی زۆربێت، تامەزرۆی زیـاد دەکات بـۆ بینینـی، **ئـیبن مەسـعود** خـوا لێـی ڕازی بێـت دەفـەرموێت: (**بـاوەڕدار ئاسودەیی بۆ نیە بە بێ بینینی خوا، هەر کەسێکیش ئاسودەیی لە بینینی خوادا بێت خەریکە پێی بگات**)[2].

وە واتاکەی: کە ئەو کەسە ئیمانی گەیشتە ئـەو ڕادەیـە لـە شـادومان بـون بـە هۆی خوای گەورەوە، وە ئارام بونی دڵ بە هۆیەوە ئەوا پێـی گەیشـتوە، هـەروەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ **ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطۡمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكۡرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ** ﴾ الرعد: ٢٨

**واتە: ئەوانەی کە باوەڕدارن وە دڵـەکانیان بـە یـادی خـوا ئـارام دەبێـت، وە دڵنیابن تەنها بە یادی خوا دڵەکان ئارام دەبن.**

---

[1] رواه الدينوري في المجالسة (٢٢٢, و ١٨٧٩)، و أبونعيم في الحلية (٣٥٨\٢)، وابن عساكر في تاريخ دمشق (٥٦\ ٤٢٠-٤٢١-٤٢٦-٤٢٧) بأساند يصحح بعضها بعضا. وروي من قـول عبـدالله بـن المبـارك كمـا في الحلية لأبي نعيم (١٦٧\٨).

[2] رواه وكيع في الزهد (٨٦)، وأحمد في الزهد (ص ١٥٦)، بشطره الأول، و بتمامه رواه أبوالحسن الأخمـيني في حديثه (١\٦٣\٢) كما في السلسلة الضعيفة للألباني (١١٦\٢) و هناك صححه هذا لأخير.

ئەی چۆن دەربارەی كەسێك كە دڵی بەجۆشە بۆ بینینی خوا، وە بێتاقەت نابێت لە دورکەوتنەوەو جیابونەوە لە هاوەڵەکانی؟!

هەروەك **عەدی كوڕی عەدی** دەڵێ: (**عومەری كوڕی عەبدول عەزیز** نوسراوێكی بۆناردم نوسیبوی: **أما بعد، باوەڕ زۆر فەریزەو شەریعەت و سنورو سوننەتی هەیە، هەر كەسێك تەواوی بكات باوەڕی تەواو كردوە، وە هەركەسێك تەواوی نەكات باوەڕی تەواو نەكردوە، ئەگەر بژیم ئەوە بۆتانی ڕون دەكەمەوە هەتا كاری پیێ بكەن، وە ئەگەر بمرم ئەوە من لەسەر هاوەڵی كردنتان سورنیم)**[1].

وە لە پێش ئەمانەوە هەمویان سەرداری زانایان بە خوا، كە پێغەمبەرانن – سەلات و سەلامی خوایان لەسەر بێت– كە چاودێری خوای خۆیان بە ڕادەیەك بەسەریانەوە بو كە كاتێ هەڵبژاردنی دەدانێ لە نێوان زیاتر ژیان و مردندا، هەمویان گەیشتن بە لیقای خوای خۆیان هەڵدەبژارد، هەروەك **بوخاری** باسێكی داڕشتوە لە صەحیحەكەیدا: (باسی ئەوەی هەر كەسێك گەیشتن بە لیقای خوای پێ خۆش بێت، خواش بینینی ئەوی پێ خۆشە)، وە سەنەدێكی هێناوە لە عائیشەوە خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێت: (پێغەمبەری خوا (ﷺ) كاتێ كە لەشی ساغ بو بەردەوام دەیوت: **بە ڕاستی هیچ پێغەمبەرێك وەفاتی نەكردوە**

[1] رواه البخاري في صحيحه تعليقا (١\٤٥ – الفتح) و وصله ابن ابي شيبة في كتاب الايمان (١٣٥)، و ابن حجر في تغليق التعليق (١\١٩)، وصححه هو و العيني في عمدة القاري (١\١٤١)، و الألباني في تعليقه على الايمان لابن أبي شيبة (ص ٤٥).

**هەتاوەكو جێگەی خۆی پێ نیشان نەدرابێت لە بەهەشت پاشان هەڵبژاردنی دەدرێتێ.** وە كاتێك مردن نزیك بویەوە لێی وە سەری لەسەر ڕانم بو لەهۆش خۆی چو ماوەیەك پاشان بە ئاگا هاتەوە، چاوەكانی بڕەیە سەقفەكە، پاشان فەرموی: (**خوایە گیان دۆستانی سەرەوە.** وتم: كەواتە ئێمە هەڵنابژێری، وە زانیم ئەوە ئەو فەرمودەیەیە كە بۆی باس دەكردین، ئنجا دەڵێت: ئەوە كۆتا وشە بو كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەریبڕی كە ئەو فەرمودەیەی بو: **خوایە گیان دۆستانی سەرەوە**)[1].

ئەی باشە چۆن سروشتی قەومێك وشك هەڵهات و بەربەستەكانیان ئەستور بو لە ڕێگری كردن لە تێگەیشتنی ئەمە؟! وە خەریكن هەمو ئەوانەی كە بەرگری دەكەن لە صیفاتەكانی خوای گەورەو ناوەكانی لە گومانەكانی ئەهلی لەكارخەرەكان (التعطیل) و لێك چوێنەرەكان (التمثيل) تاوانباریان دەكەن بەوەی خەریكی شتی پڕوپوچن، وەوایان نەبینی كە خوای گەورە مافی هەیە بەسەریانەوە لەوەدا كە بەربگری بكەن لە زاتی پیرۆزی!!

چۆن فێركردنی ئەو تەوحیدەی كە پێشینی چاكمانی لەسەر بوەو بەرگری كردن لێی دەمەقاڵەو گفتوگۆی بێزەنتیە؟! چۆن بەمە فریو دەخۆی – برای خوێنەرم!! – لە كاتێكدا تۆ بەیەك ئایەتی قورئاندا تێناپەڕی ئیللا ئەو ئایەتە

---

[1] رواه البخاري (٦٥٠٩)، و مسلم (١٨٩٤\٤).

کۆتای هاتووە بە یادخستنەوە بە ناوێك لە ناوەکانی خوا، یاخود سیفەتێك لە سیفەتەکانی؟!

بەوێنەی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ التوبة: ٥

واتە: بەڕاستی خوای گەورە لێخۆش بو وە میهرەەبانە، هەروەها ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ النساء: ١٧ واتە: خوای گەورە زاناو دانایە، هەروەها ﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ ذُو ٱنتِقَامٍ﴾ المائدة: ٩٥ واتە: خوای گەورە بە دەسەلاّت و تۆڵە سێنە، هەروەها ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ فَٱحْذَرُوهُ ۚ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾ البقرة: ٢٣٥ واتە: چاك بزانن کە خوای گەورە زانیاری هەیە بە هەمو ئەو شتانەی کە لەناو ناختاندا هەیە، دەی کەواتە بترسن لێی, وە چاکیش بزانن کە خوای گەورە لێخۆشبوەو پشوو درێژە، هەروەها ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ قَوِيًّا عَزِيزًا﴾ الأحزاب: ٢٥ واتە: خوای گەورە خاوەن دەسەلاّت و توانایە، هەروەها ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾ الشعراء: ٦٨ واتە: وە پەروەردگاری تۆ خاوەن شکۆ و بەبەزەییە، هەروەها ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ النساء: ١ واتە: خوای گەورە چاودێرە بەسەرتانەوە، هەروەها ﴿وَٱللَّهُ غَنِىٌّ حَمِيدٌ﴾ التغابن: ٦ واتە: خوای گەورە خاوەنی

هەمو موڵكەكانەو دەوڵەمەندەو سوپاس كراویشە لەسەر ئەو هەمو نیعمەتانەی، هەروەها ﴿إِنَّ بَطۡشَ رَبِّكَ لَشَدِيدٌ إِنَّهُۥ هُوَ يُبۡدِئُ وَيُعِيدُ وَهُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلۡوَدُودُ ذُو ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡمَجِيدُ فَعَّالٞ لِّمَا يُرِيدُ﴾ البروج: ١٢ - ١٦ واتە: سزای خوای تۆ زۆر توندە، هەر ئەو سەرەتای دروستبونی هەمو شتەكانی كردوەو هەر ئەویش دوبارە دروستیان دەكاتەوەو، وە هەر ئەو خوایە لە تاوانەكان خۆش دەبێت و هەرئەو خۆشەویستی بەندەكانیەتی، خاوەن عەرشی گەورەیە، هەرچیەكی بیەوێت دەیكات.

هەمو ئەمانەوە ڕەندانەوەی ئەم ناوە جوانانەو صیفاتە بەرزانە لە كاریگەری لەسەر دڵی كەسانی شارەزا پێی، هەتا هەست بە چاودێری خوا بكات لە هەمو كاروبارەكانیدا، وە بەوەش شەرمی پێ تەواو بكات، لە **سەعیدی كوڕی یەزیدی ئەنصاریەوە** دەگێڕێتەوە كە پیاوێك وتی: (ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامۆژگاریم بكە. فەرموی: **ئامۆژگاریت دەكەم بەوەی كە شەرم لە خوا بكەیت هەروەك چۆن شەرم دەكەیت لە پیاو چاكێكی قەومەكەت)**[1].

**وە ئەبوبەكری صدیق** ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێت لە كاتێكداوتار بۆ خەڵكی دەدات: (**ئەی كۆمەڵی موسوڵمانان! شەرم بكەن لە خوا، سوێند بەو**

---

[1] رواه أحمد في الزهد (٤٦)، و البيهقي في الشعب (٧٣٤٣)، و غيرهما، و قال فيه الألباني: (وهذا اسناد جيد)، السلسلة الصحيحة (٧٤١).

**خوایەی کە نەفسی منی بەدەستە! من کاتێك کە دەچم بۆ سەرئاو بۆ شوێنێکی چۆڵ بەردەوام خۆم دادەپۆشم بە پۆشاکەکەم وەك شەرمێك لە خوای خۆم)**[1].

وە هەر لەبەر ئەوەش پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی داوە بەوەی کە بەندە هەڵناسێ بە ئەنجامدانی هەندێك تاوان مەگەر کاتێ کە دڵی خاڵی بێت لە ئیمان لەکاتی ئەنجامدانیدا، لە ئەبو هورەیرەوە ڕەزای خوای لێبێت، دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە فەرمویەتی: **(زیناکار زینا ناکات کاتێك کە زینا دەکات ئیمان داربێت، وە دز دزی ناکات کاتێك کە دزی دەکات ئیماندار بێت، وە مەی ناخواتەوە کاتێك کە دەیخواتەوە ئیماندار بێت، وە پەشیمان بونەوە هێشتا ڕێگەی پێدراوە)**[2].

**عیکریمە** دەڵێ: بە **ئیبن عەبباسم** وت: چۆن ئیمانی لێ دادەماڵرێ؟ فەرموی: **(بەم شێوەیە –پەنجەکانی کرد بەناو یەکداو دوای دەرهێنایەوە– وە ئەگەر تەوبەی کرد ئەوا ئیمانەکەی بۆ دەگەڕێتەوە ئا بەم شێوەیە، پەنجەکانی کردەوە بەناو یەکدا)**[3].

---

[1] رواه ابن مبارك في الزهد (٣١٦)، وابن أبي شيبة (١\١٠٥–١٠٦)، و هناد في الزهد (١٣٥٦)، و عبدالله بن أحمد في زوائد الزهد (٢١١)، و الخرائطي في مكارم الأخلاق (٢٩٠)، وابن حبان في روضة العقلاء (ص: ٥٧)، و أبونعيم في الحلية (١\٣٤)، و البيهقي في الشعب (٧٣٣٧)، وهو صحيح.

[2] رواه أحمد (٢\٣٧٦)، و البخاري (٦٨١٠)، و مسلم (٥٧)، و غيرهم.

[3] رواه البخاري (٦٨٠٩).

هەربۆیـە كاتێـك كـە نـوح سـەلامی خـوای لەسـەربێت بانگـەوازی گەلەكـەی كردوەوەلاَمیان نەدایەوە زانی ئـەوان ئـەو وەلاَمنەدانـەوەیان لـە نەزانینیانـەوە بـە گەورەی خواوە هاتوە، كە بـە شـكۆدار نـاوی بـردوە، وە فـەرمویـەتی: ﴿ مَّا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا ﴾ نوح: ١٣

واتە: ئەی گەلـەكەم ئەوە چیتانە بۆ لـەخوا ناترسن، ئیبن عـەبباس دەفـەرموێت: **(بۆ بە گەورەیی ئەو نازانن)**[١].

وە لە ڕیوایەتێكی تردا لێكدانەوەی ئەم ئایەتەی كردوە بەوەی: **(ئەوە چیتانە خوا بە گەورە دانانێن بەو جۆرەی كـە شایسـتەیە پێـی)**[٢]. لەبەرئـەوەی دروسـت كراوەكان ئەگەر خوایان بە گەورە بزانیایە ئەوە بـە هـیچ شـێوەیەك هاوەڵیـان بـۆ بڕیار نەدەدا، چونكە خەیرو چاكە هەموی بەدەست ئەوە، ئیتر چۆن پـەنا دەبەنـە بـەر غـەیری ئـەو، ئـەوەتا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَائِنُهُ ﴾ الحجر: ٢١؟!

---

[١] رواه ابن جرير في تفسيره (٢٩\٩٥)، و أبو الشيخ في العظمة (٧٣)، و البيهقي في الشعب (٧١٧)، مـن طـرق يقوي بعضها بعضا، لاسيما التي بعد هذا الأثر.

[٢] رواه ابن جرير في تفسيره (٢٩\٩٤) و هو صحيح بما قبله.

واتە: هەمو شتێك گەنجینەکەی لە لای خوایە بە کێی بدات ئەیدات بە کێشی نەدات نایدات بەپێی حیکمەت و ویستی خۆی.

وە لەبەرئەوەی لە هەمو شەڕێك پارێزراون بەهۆی تواناو هێزو دەسەلاتی ئەو، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ﴾ الزمر: ٣٦

واتە: ئایا لە بەخشندەیی و چاکەو چاودێری ئەو خوایە نیە بۆ بەندەکەی، کەوای لێکردوە بە جۆرێك کە هەستاوە بە پەرستنی و جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی، وە دور کەوتنەوە لەو شتانەی کە قەدەغەی کردوە، بە تایبەت تەواوترینی بەندەکان لە پەرستنی خوادا، کە موحەممەدە (ﷺ) وە خوای گەورە یارمەتی دەدات لە کاروباری دین و دونیادا وە دەیپارێزێت لە هەمو ئەوانەی کە دەیانەوێت ئازاری پێبگەیەنن، ئنجا دەربارەی بێباوەڕەکان دەفەرموێ: ئەوان بە بت و پەرستراوەکانیان دەت ترسێنن بەوەی کە زیانت پێبگەیەنن، کە ئەمەش بە هۆی گومڕای و سەرلێشێواویانەوەیە.

ئەگەر خەڵکی گەورەی خوایان بزانیایە ئەوا ترس و بیم لەناو دڵەکانیاندا ئۆقرەی دەگرت، هەتا سەرپێچی کارێکت تێدا نەدەبینین، چونکە ترسی خوا دەبو بە ڕێگر لەنێوان ئەوان و ئەنجامدانی ئەو شتانەی دەبێتە هۆی تورەبونی، هەروەك

**سەعیدی کوڕی جوبەیر** دەفەرموێت: (**لە ڕاستیدا ترسان بریتیە لەوەی کە لە خوا بترسیت هەتا ئەو ترسانەت بەربەست بێت لە نیوان تۆ و تاوانەکانتدا، ئەوە ترسانە، وە زیکر بریتیە لە گوێڕایەڵی کردنی خوا، هەرکەسێك گوێڕایەڵی خوا بکات ئەوا زیکری ئەوی کردوە، وە هەرکەسێك گوێڕایەڵی ئەو نەکات ئەوا یادی ئەوی نەکردوە، با تەسبیحات و قورئانیش زۆر بخوێنێتەوە**)[١].

وە لەم وتەیەیداواتایەکی وردی تێدایە کە پێویست تێبینی بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە بەندە سەرپێچی خوا ناکات مەگەر کاتێك کە هەست کردن بە چاودێری خوای گەورە لە دڵیدا نەمێنێ، وە بێ ئاگا بێ لەوەی کە خوا لەگەڵیدایەتی دەیبیستێ و دەیبینێ، وە زاڵ بێت بەسەریدا حەزو ئارەزوی نەفسی بۆ تاوان، وە دڵی رابکێشێ بەرەو تاوان چۆن ڕاکێشانێ، وە بەلاّم هەرکاتێ بیری کەوتەوە کە خوا ئاگای لێیەتی و دەیبینێ دەست هەڵدەگرێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ أَلَمۡ يَعۡلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ﴾ العلق: ١٤

واتە: ئایا نازانیٚ کە خوا دەبینیٚ.

وە ئەو وتەیەی کە دەڵێ ڕەحمەتی خوای لێبێت: (**هەر کەسێك گوێڕایەڵی خوا بکات ئەوە بە دڵنیایەوە یادی خوای کردوە**) مەبەستی بە یاد: بنچینەی زیکرو

[١]رواه أبو نعيم في الحلية (٢٧٦\٤)، باسناد صحيح، و محمد بن حسن البخلي وثقه أحمد بن سيار كما في الثقات لابن حبان (٨١\٩).

بنەوانەكەیەتی، كە بریتیە لە زیكری دڵ، كە گەورەترین هاندەرە بۆ گوێڕایەڵی كردنی خوا، هەروەك **میمون بن مهران** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**زیكر دو جۆرە: زیكری زوبان كە چاكە، وە لەوەش باشتر ئەوەیە كە بەندە لەكاتی تاوانكردندا خوای بیربكەوێتەوەو دەستی لێ هەڵبگرێ**)[1].

هەمو كارەكە لە گوێڕایەڵی كردنداو وازهێنان لە تاوان دەگەڕێتەوە بۆ ناسینی خواو هەست كردن بە چاودێریكردنی و ترسان لێی، هەمو ئەمەش لە بەگەورەزانینی خوای تاك و تەنهایە.

بەڵكو جاری واهەیە مرۆڤ هەست بە گەورەی خوا دەكات بەجۆرێك كە عیبادەتەكانی لە بەرچاوی دەكەون هەرچەندە زۆریش بێت وە بەهیچی نازانێت لەبەرامبەر گەورەی خوادا، ئەمەش پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەوەی كە تێبكۆشێ لە عیبادەتەكانیداو بە چاكی ئەنجامی بدات، بەبێ كەم كردن و زیاد كردن بەڵكو بەو جۆرەی كە شەرعیە.

وردبەرەوە لە حاڵی ئەوانەی كە چێژ لە شەوەكانیان دەبینن بە گوێڕایەڵی كردنی خوای گەورەو زیندو كردنەوەی بە شەو نوێژ، كە چۆن كۆتای بە عیبادەتەكەیان دەهێنن بە داوای لێخۆش بون كردن لە كەمتەرخەمیان بە

---

[1] رواه ابن أبي الدنيا في الورع (٤٩)، و أبونعيم في الحلية (٤\٨٧) باسناد صحيح.

ترسـەوە، خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ كَانُوا۟ قَلِيلًا مِّنَ ٱلَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ وَبِٱلْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ ﴾ الذاريات: ١٧ - ١٨

واتە: ئا ئەو چاکەکارانە لەشەودا زۆر کـەم دەنوسـتن وە زۆربـەی شـەوکانیان زیندو دەکردەوە بـە شـەو نوێـژو قورئـان خوێنـدن و زیکـرو پاڕانـەوە، وە پـێش هەڵهاتنی فەجر کە پێی دەوترێ پارشـێو خـەریکی داوای لێخۆشـبونن لـە خـوای گەورە، دەبینی تا پارشێو خەریکی شەونوێژن پاشان لە کۆتاییەکەیدا داوای لێخۆش بون دەکەن، لە تاوان و کەم تەرخەمیەکانیان.

وە لە عوتبەی کوڕی عەبدەوە دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: **(ئەگەر پیاوێك لەسەر دەم و چاوی ڕابکێشرێ لەو ڕۆژەوەی کە لە دایك بوە هەتا ئەو ڕۆژەی کە تەواو بە ساڵدا دەچێت و دەمرێت لە پێناو ڕەزامەندی خوادا ئەوا لە ڕۆژی دواییدا لەبەرچاویدا بە هیچی نازانێت)**[1].

---

[1] رواه أحمد (١٨٥\٤)، و البخاري في التاريخ الكبير (١٥\١)، و الفسوي في المعرفةو التاريخ (٣٤٠\١)، و الطبراني في الكبير (١٢٣\١٧)، و أبو نعيم في الحلية (١٥\٢)، و (٢١٩\٥)، و البيهقى في الشعب (٧٥١)، باسناد جيد. بڕوانە: السلسلة الصحيحة للألباني (٤٤٦). و رواه ابن المبارك في الزهد (٣٤)، و أحمد (١٨٥\٤)، و البخاري في التاريخ الكبير (١٤\١)، و الطبراني (٢٤٩\١٩) موقوفا على الصحابى محمد بن أبي عميرة باسناد صححه الألباني في المصدر السابق (١\ القسم الثاني ص: ٨٠٨) و قال: (و هو في حكم المرفوع).

وە لـەم ڕیوایەتـەوە ئـەوە دەخوازێـت کـە نابێـت بەنـدە دور بکەوێتـەوە لـە گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورە، یاخود کەم تەرخـەمی بکـات لـە سـوپاس گـوزاری کردنی، وەوا هەست بکات دەربـارەی خـوا کـە خۆشـحاڵە پێـی کـاتیٚ کـە دەبینـیٚ خوای گەورە نیعمەتەکانی ڕشتوە بەسەریدا، وەوا حساب بکات کە لێی ڕازیـە بـەو تۆزە عیبادەتـەی کـە لـە نەفسـی دەیکێشـێتەوە، خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ أَفَأَمِنُواْ مَكْرَ ٱللَّهِۚ فَلَا يَأْمَنُ مَكْرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴾ الأعراف: ٩٩ [١]

واتە: ئایا بیٚ باکن لە سزای خوا، هەرکەسێك بیٚ باك بێت لە سزای خوا ئـەوە باوەڕی نیە بە پاداشتی کردەوەکان، وە باوەڕیشی نیە بە نێردراوانـی خـوا. وە ئـەم ئایەتە پیرۆزە هەڕەشەیەکی زۆر گەورەی تێدایە، بەوەی کە نابێت بەندە ئـەمین بێـت بەو تۆزە ئیمانەی کە هەیەتی، بەڵکو ئەبێت بەردەوام بترسـێت لـەوەی کـە توشـی فیتنەیەك بێت ئەو ئیمانەی کە هەیەتی لە دەستی بدات، وە هەمیشە داوا بکـات لـە خوا کە جێگیری بکات لەسەر ئیمان و بە ئیمانەوە بمرێت، وە تێبکۆشـێت لـەوەی کە هەمو هۆکارێك بگرێتە بەر بـۆ ڕزگـاربون لـە خراپـە لـە کـاتی ڕودانـی هـەر فیتنەیەك، چونکە بەندە هەرچەندە بگاتە پلەی بەرز لـە ئیمـان ئـەوا سـەلامەت نیـە لەوەی کە توشی فیتنە نەبێت.

[١] بڕوانە: المنهاج في شعب الايمان للحليمي (١\٥٠).

هەرلەبەر ئەمەشە **ذو النون** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفـەرموێت: (**چـاك بـزانن ئەوەی كە شەرمی بزواندن لەبەرامبەر خوا زانیاریان بو دەربـارەی چـاكەی خـوا لەگەڵیان، وە زانیاریان بەوەی كە ئەو شتانەی كە خوا پێویستی كردوە لەسەریان لە سوپاس گوزاری كردنی فەرامۆشیان كردوە، وە سوپاس كردنـی كۆتـای نیـە، هەروەك چۆن گەورەی كۆتای نیە**)[١].

لەبەرئەوە سەرپێچی خوا ناكات مەگەر ئەوەی كەسێك كە ڕێزی خوای لەلانەبێت بەو جۆرەی كە پێویستە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَٱلسَّمَـٰوَٰتُ مَطْوِيَّـٰتٌۢ بِيَمِينِهِۦ** ﴾الزمر: ٦٧

واتە: ئەو هاوەڵ دانەرانە ڕێزی خوایان نەگرت بەو جۆرەی كە شایستەی ئەوە، وە بە گەورەیان نەزانی بەو جۆرەی لایەق بە گەورەی ئەوە، بەڵكو كارێكیان كـرد كە پێچەوانەی ئەوەیە بەوەی شـتانێكیان كردبـە هـاوەڵی كـە ناتـەواون لـە هـەمو وەصف و كردارێكیاندا، نە سودیان بەدەستە نـەزیان نـە هـیچ دەبەخشـن نـە هـیچ دەسێننەوە، تەماشـا دەكـەی ئـەو دروسـتكراوە ناتەواوانـەیان شـوبهاند بـە خـوای دروست كارو تەواو لە هەمو ڕویەكەوە.

---

[١] رواه البيهقي في الشعب (٧٣٤٩).

وە نـەزانین دەربـارەی گـەورەی خـوا بریتیـە لـە سـەری نـەزانین، وە ئـەوەش هۆكاری چاو نەترسی بەندەیە بۆ بەزاندن و پێشێل كردنـی ئـەو شـتانەی كـە خـوا حەرامی كردوە، خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمۡ حُرُمَٰتِ ٱللَّهِ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ ﴾الحج: ٣٠

واتە: ئەو حوكمانەی كـە بۆمـان بـاس كـردون وە ئـەوەش كـە تێیدایـەتی لـە بەگەورە ڕاگرتنی ئەو شتانەی كە خوا حەرامی كردوە، بەوەی كە ڕێزی بگرن و بە چاوی حورمەتەوە سەیری بكەن، هەركەسـێك ڕێـزی بگرێـت و پێشـێلی نـەكات خوای گەورە پاداشتی دەداتـەوەوە دەبێتـە مایـەی خێـرو چـاكە بـۆی لـە دونیـاو دوارۆژدا.

وە دەفەرموێت:﴿ إِنَّمَا ٱلتَّوۡبَةُ عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعۡمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٖ ﴾النساء:١٧

تەوبەی بەندەكان بۆ خوا دو جۆرە: یارمەتی دانـی بـۆ تەوبـەكردن، وە قـەبولّ كردنی, دوای ئەوەی كە بەندە تەوبە دەكات. لەم ئایەتەدا هاوەڵمان دەداتیٚ بەوەی كە ئەو تەوبەیەی كە خوا پێویستی كردوە لەسەر خۆی قەبولّی بكات ئـەویش وەك بەخشندەی و گەورەییەك كە لەبەرامبەر بەندەكانی دەینوێنیٚ بۆ ئەوانەیـە كـە تـاوان دەكەن بە نەزانی، نەزانین بە سەرئەنجامی ئەو تاوانەو سزاو تورەی خواو نەزانینی بـە چاودێری خواو تەماشاكردنی خوا بۆی، كەواتە هەمو سەرپێچی كارێك نەزانـە بـەم

پێیە بێت، بابشزانێت ئەو کارە حەرامە، بەڵکو زانیاری بە حەرامی ئەو کارە مەرجی بە تاوان دانانی ئەو کارەیەو سزادانیەتی لەسەری.

لە ئەبی عالیەوە کە دەگێڕێتەوە لە هاوەڵانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە دەیان وت: (**هەمو تاوانێك بەندە ئەنجامی دەدات ئەوە بە هۆی نەزانینەوەیە**)[1].

بەهەمان شێوە بە صەحیحی هاتوە لە **قەتادەوەوە** باسی ئەوە دەکات کە **هاوەڵانی** پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر ئەوە یەك دەنگن.[2]

وە ئەمەش لە شارەزای **هاوەڵانەوەیە** —خوا لێیان ڕازی بێت— دەربارەی قورئان، وە زانیاریان دەربارەی نەفسی مرۆڤ، وە ئەو کاریگەریە زۆرەی کە تەوحید هەیەتی لە پاکردنەوەی، هەتا **(السدی)** دەربارەی ئەو فەرمودەی خوا:﴿ إِنَّمَا ٱلتَّوْبَةُ عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٍ ﴾ النساء: ١٧

دەفەرموێت: (**هەتا سەرپێچی خوا بکات نەزانە**)[3].

---

[1] رواه ابن جرير في تفسيره (٨\٨٩– شاكر) باسناد صحيح، و سعيد هو: ابن أبي عروبة، ثقة اختلط باخره، الا ان الراوي عنه هو يزيد بن زريع، سمع منه قبل اختلاطه كما قال الامام احمد بن حنبل. بڕوانە: المعرفة و التاريخ للفسوي (٢\١٤٠).

[2] رواه عبدالرزاق في تفسيره (١\١٥١)، و ابن جرير في تفسيره (٨\٨٩) باسناد صحيح.

[3] رواه ابن جرير في تفسيره (٨\٨٩–٩٠) باسناد جيد.

**ئیبن تەیمیە** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: **(وە مەبەست ئەوەیە كە هەمو یاخی یەك لە خوا نەزانە، وە هەمو ئەوانەی لێی دەترسن ئەوە زاناو گوێڕایەڵن بۆ خواوە ئەو كەسە نەزانیەكەی بە هۆی ناتەواویەوەیە لە ترسانەكەیدا، چونكە ئەگەر ترسەكەی لە خوا تەواو بوایە سەرپێچی نەدەكرد**، وە لەوەشەوەیە ئەو وتەیەی **ئیبن مەسعود** ڕەزای خوای لێبێت: **(بەسە بۆ ترسان لە خوا كە بە زانیاری دابنرێ، وە بەسە بۆ لە خۆبایبون لە ئاستی خوادا كە بە نەزانی دابنرێ)**[1].

---

[1] رواه ابن المبارك في الزهد (٤٦)، و بن ابي شيبة (٢٩١\١٣). و احمد في الزهد (ص: ١٥٨)، و ابو داود في الزهد (١٧٨)، و الطبراني في الكبير (٢١١\٩–٢١٢)، و ابن بطة في ابطال الحيل (٩– العمير)، و البيهقي في الشعب (٧٣٢)، و في المدخل (٤٨٧)، كلهم من طريق المسعودي، وهو وان كان قد اختلط، فان ذلك لا يضر روايته هذا، لانها عن القاسم، وكان قد اتقنها، فقد سئل يحيى بن معين عن المسعودي، فقال: (كان ثقة... وكان صحيح الرواية فيما حدث به عن القاسم ومعن). رواه الخطيب في تاريخ بغداد (٢٢١\١٠).

لكن بقي الانقطاع بين القاسم، و عبدالله بن مسعود، الا ان الجملة الاولى – التي هي موضع الشاهد – قدوردت من رواية اخرى بلفظ: (العلم الخشية). و هي في معناها تماما، رواه أحمد قي الزهد (١٨٥)، و أبو نعيم في الحلية (١٣١\١)، و البيهقي في المدخل (٤٨٦) من طريق عون بن عبدالله بن عتبة بن مسعود، عن ابن مسعود، وهو اسناد صحيح، لولا الانقطاع بين عون و ابن مسعود، قال الترمذي في سننه (٥٦١\٣): (عون بن عبدالله لم يدرك ابن مسعود)، و انظر كلام الشافعي فيه في السنن الكبرى للبيهقي (٣٣٢\٥)، و الدارقطني في سؤلات البرقاني (٣٨٥)، و العلائي في جامع التحصيل (ص: ٢٤٩).

وهذه الرواية تقوي رواية القاسم السابقة، لاسيماوان لها شواهد كثيرة في الكتاب و السنةواثار السلف، لا يتسع المقام لسردها.

**لەبەرئەوەی بیركردنەوە لەو شتەی كە لێی دەترسی وا دەكات كە ڕابكەی لێی، وە ڕامان لەو شتەی كە خۆشت ئەوێ وا دەكات بەدوایدا بگەڕێی، ئەگەر لەوە ڕانەكات و، بە دوای ئەمەدا نەچێت، بەڵگەیە لە سەرئەوەی كە ئەو كەسە بەباشی بیری لە شتەكان نەكردوەتەوە)**[1].

وە چەندە بەندە زیاتر خوای خۆی بناسێ ئەوا زیاتر لێی دەترسێ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟﴾ فاطر: ٢٨

واتە: لە ناو بەندەكانی خوادا بەتەنها زانایان بە تەواوی لێی دەترسن.

وە زاناترینی زانایان پێغەمبەری خوایە (ﷺ) كە زۆر دەترسا لەوەی سەرپێچی خوا بكات، ئەویش كێیە! لەبەرئەوەی خوای گەورە فەرمانی پێكردوە بەوەی كە بڵێ: ﴿قُلْ إِنِّىٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّى عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ الأنعام: ١٥

واتە: پێیان بڵێ كە من دەترسم لەوەی كە ئەگەر سەرپێچی پەروەردگارم بكەم سزام بدات بە سزای ڕۆژێكی گەورە.

---

تنبيه: جاء في اسناد أبي نعيم من رواية عون بن عبدالله أنه قال: (قال لي عبدالله). كذا في الحلية (١٣١\١)، ولولا انني لم اجد من صرح بسماع عون بن عبدالله من ابن مسعود لقلت بذلك، فلعله يكون تصحيفا أو نحوه.

و على كل حال، فلا أشك في صحة نسبة هذه المقولة لابن مسعود (رضي الله عنه) لما سبق ذكره، وان كان الخطب هنا هينا، و العلم عند الله.

[1] مجموع الفتاوى (٢٢\٧-٢٣).

لەبەرئـەوەی تـاوان لـەلای یەکخواپەرسـتانی شـارەزا بـە خـوا – ئەگـەر چـی بچوکیش بێت – وەك شـاخێك دەیبیـنن، لەبـەر زانیاریـان بـە گـەورەی خـوای بـە دەسەڵات و تەنها، وە جیلی هاوەڵان چونکە زاناترین جیل بون بـە مافـەکانی خـوا لە هەمو کەس زیاتر دەترسان، **عەبـدوڵڵای کـەوڕی مەسـعود** دەفـەرموێت: (**ئێـوە کاری ئەوتۆ دەکەن کە لە بەرچاوتاندا لە تاڵـە مـو بچـوك تـره، کەچـی ئێمـە لـە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) ئەو کارانەمان بە تاواتی گەورە دەزانی**)[1]. **بوخـاری** دەڵێ: واتە **بە هیلاکبەرەکان.**

وە ئەمــەش نــاڵێین وەك هەنــدێك کــە دەڵــێن: چــاکەی چــاکەکاران خراپــەی نزیکەکانە لە خواوە، بەڵکو بریتیە لـەو تاوانـەی بـا لـە بنچینەدا بچوك بێـت ئـەوا لەلای ئەو کەسەی کە دەیکات گەورەیە کاتێ کە بەبیر خۆی دەهێنێتەوە گـەورەی و بەدەسەڵاتی ئەو خوایەی کە سەرپێچی کردوە، هەربۆیەوازدەهێنێ لە شەرماندا.

**ئەوزاعی** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت گوێم لە **بـیلالی کـوڕی سـەعد** بـو دەیفەرمو: (**مەڕوانـە بچـوکی تـاوان، بـەڵام بڕوانـە ئـەو خوایـەی کـە سەرپێچـیت کردوە**)[2].

---

[1] رواه البخاري (٦٤٩٢).

[2] رواه ابـن المبـارك في الزهـد (٧١)، و عبـدالله بـن أحمـد في زوائـد الزهـد (ص: ٣٨٤)، و العقيلـي في الضـعفاء (٢٣٢\٣)، و أبو الفضل الزهري في حديثه (٤٠٢)، و أبو نعيم في الحلية (٢٢٣\٥)، و ابن عسـاكر في تـاريخ دمشق (١٠\٥٠١–٥٠٢)، و الذهبي في السير (٩١\٥)، وهو صحيح، وإن كـان فيـه عنعنـة الوليـد بـن مسـلم

جوان ورد بەرەوە لەو ئەثەرەی کە دێت جوان تێدەگەیت لە نهێنی ترسی ئەو جیلە لە خوای گەورە، وە پەیوەندی ئەوە بە ئیخلاصەوە بۆ خوا، **یەحیای کوڕی موعازی ڕازی** دەفەرموێت: (**چۆن کردەوەکانم ڕزگارم دەکەن، لە کاتێکدا من لەنێوان چاکەو خراپەدام؟ خراپەکانم هیچ چاکەی تێدا نیە، وە چاکەکانم تێکەڵە بە خراپە، وە تۆش خوایە قەبوڵت نیە هیچ کارێك ئیخلاص نەبێت تێیدا، لەدوای ئەمەش هیچ نەماوە تەنها بەخشندەیت نەبێت**)[١].

وە ئەم بەکەم زانینی نەفسە دڵ پاك دەکاتەوە لە خۆبای بون بە هۆی کردەوەوە، لەبەرئەوەی لە خۆبای بون ئیخلاص ناهێڵێ لە ڕوی تێبینی کردنی نەفس و دانە پاڵی هەمو شتەکان بۆ لای خوا، لەگەڵ ئەوەی هەمو چاکەیەك کە توشی مرۆڤ دەبێت لەلایەن خواوەیە، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعۡمَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِ ﴾النحل: ٥٣

واتە: هەمو ئەو نیعمەتانەی کە پێتانەوەیە لەلای خواوەیە.

هەر لەبەر ئەوەیە ئیبلیس کاتێ نەیتوانی لوتی بەندە شۆڕ بکات لەتاواندا وە بینی لێبڕاوە لە گوێڕایەڵی کردنی خوای خۆی، دەستەواژەی مەدح و بەباش دانان

---

المدلس، فقد صرح بالتحديث في إحدى طريقي ابن عساكرو الذهبي، ثم هو قد توبع كما تعرفه من مصادر التخريج.

[١]رواه البيهقي في الشعب (٨٢٤)، و نحوه برقم (٨٢٣).

دەخاتە ناو دڵیەوە، هەتا لەخۆبای بون و ڕیاو بەدەست هێنانی ناوبانگی تێدا دەوروژێنێ، وە بەردەوام ئەوانە دەدات بەگوێیدا، وە چاوی تێبڕیوە هەتا کۆتا پاشماوەی ژیانی.

**عەبدوڵای کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل** دەفەرموێت: (سەرەمەرگی باوکم هات, منیش لەلای دانیشتم، وە پارچە پەڕۆیەکم بەدەستەوە بو –وە ئەو لە گیان دەرکێشاندا بو– بۆ ئەوەی هەردو شەویلگەی پێ گورجو گۆڵ بکەمەوە، وە لە هۆش خۆی دەچو هەتاوامان دەزانی کە مردوە پاشان دەهاتەوە هۆش خۆی، وە دەیوت: **نا هێشتا! نا هێشتا!** وای دەوت جارێك و دوجار.

لە جاری سێهەمدا پێم وت: ئەی بابە گیان! ئەوە چیە ئەو شتەی کە دەیڵێیت لەم کاتەدا؟ پێی وتم: **کوڕی خۆشەویستم نازانی؟**

وتم نەخێر!

وتی: **ئیبلیس – دوربێت لە ڕەحمەتی خوا! – پێڵاوەکەی هەڵگرتم و گازی لە پەنجەکانی دەگرت لە داخی من و، دەیوت: ئای ئەحمەد! لە دەستم دەرچوی.**[1]

وە منیش دەموت: نا هێشتا! هەتا ئەمرم)[1].

---

[1] واتە: ئیبلیس وای نیشان دەدات: کە تۆ ڕزگارت بو لەدەستم، بۆ ئەوەی لە خۆی بای بێت بەنەفسی خۆی, ئەمەش – سوێند بەخوا – فیتنەیەکی زۆر گەورەیە، وە کاتێکی سەخت و ترسناکە، وە پارێزراویش ئەو کەسەیە کە خوا بیپارێزێت.

وە هەركەسێك یادی ئەمەی هەبێت وە ئەوەش كە پێغەمبەرانی لەسەر بوە — صەلات و سەلامیان لەسەربێت — لە باس كردن و یادخستنەوەی تەوحیدو وەوەسیەت كردن پێی هەتا لە كاتی سەرەمەرگیشیاندا — وەك پێشتر باسمان كرد — دەزانێ نهێنی پەیوەندی ئەم وشەیە — ئەگەر لە دڵدا جێگیر بێت — لە بەردەوام بون و جێگیربون لەسەر ئیسلام لە كاتی بەجێهێشتنی ئەم دونیایەدا، وە ئەوەش وەرگیراوە لە ناونانی بەوتەی جێگیر لەو ئایەتەی سورەتی ئیبراهیم كە ئەو فەرمودەیەی خوایە: ﴿ يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِي ٱلْآخِرَةِ ﴾ إبراهيم: ٢٧

واتە: خوای گەورە ئەوانەی كە ئیمانیان هێناوە جێگیرو دامەزراو دەكات بەوتەی جێگیر لە ژیانی دونیاو لە ڕۆژی دوایشدا، بەوەی لە دنیادا هیدایەتیان دەدات بۆ ئیمان و ئیسلام و لەسەرە مەرگیشدا لەسەر ئەو ئیمانە دەمرن و وە لەیەكەم وێستگەی دوارۆژدا كە ناو گۆڕە خوای گەورە زمان پاراویان دەكات لەكاتی وەڵامدانەوەی ئەو دو مەلائیكەیەی كە پرسیاری لێدەكەن، وە لە

---

[1]رواه ابن علم في جزئه كما في السير (٣٤١\١١)، و أبو نعيم في الحلية (١٨٣\٩)، و البيهقى في الشعب (٨٢٦)، و ابن الجوزي في مناقب أحمد (ص: ٥٤٦–٥٤٧) بإسناد جيد، قال الذهبي في السير (٥٤٤\١٥)، عند ترجمة ابن علم — راوي هذه القصة –: حكاية عن عبدالله بن أحمد في قول أبيه لا تعد منكرة). وە بڕوانە هەروەها السير (٣٤١\١١)، فإنه يحتاج الى تحرير، و إن كان معنى القصة لاشئ فيه من الناحية الفقهية، بڕوانە الشعب للبيهقي (٨٢٧) وما بعدها.

نارِەحەتیەكانی ناو گۆڕ دەیپارێزێت، وە لە ڕۆژی دوایشدا لەگەڵ ئەهلی ئیمان حەشری دەكات و لە سەختی ئەو ڕۆژە دەیپارێزێت.

هەر لەبەرئەمەشە **ئیبن قەیم** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**تەوحید یەكەم شتە كە بە هۆیەوە مرۆڤ پێی دەچێتە ناو ئیسلامەوە، وە كۆتا شتیشە كە لەسەری دونیای پێ بەجێدەهێڵێ** هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (هەركەسێك **كۆتا وشەی: لا اله الا الله بێت، دەچێتە بەهەشتەوە**)[1].

**وە تەوحید یەكەم پێویستیەو وە كۆتا پێویستیە، كەواتە تەوحید یەكەم بابەتەو كۆتا بابەتە**)[2].

وە لەبەر ئەمەش نەریتی خوا دەربارەی بەندەكانی وا ڕۆشتوە كە هەركەسێك لەسەر تەوحیدی پاك و پوخت ژیابێت، وە پیسی نەكردبێت بە گومانەكانی ئەهلی (**التأويل**) (ئەوانەی كە لێكدانەوەی نابەجێ دەربارەی ناو صیفاتەكانی خوا بڕیار دەدەن)، و ئەهلی (**التعطيل**) (ئەوانەی كە دەڵێن خوا هیچ ناو صیفاتێكی نیە)، و ئەهلی (**التمثيل**) (ئەوانەی كە خوا دەشوبهێنن بە دروست كراوەكانی)، ئەوا خوای گەورە لەسەر ئەو

---

[1] رواه أحمد (٥\٢٣٣)، و ابوداود (٣١١٦)، و الحاكم (١٣٥١) من حديث معاذ رضي الله عنه و صححه، و وافقه الذهبي.

[2] مدارج السالكين (٣\٤٤٣).

تەوحیدە دەیمرێنیّ، بەتایبەت ئەوانەیان کە بانگەواوی بۆ دەکەن و پارێزگاری لێدەکەن.

**حافظ عبد الغافر الفارسي** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: **(گوێم لە باوکی صالح بو دەیوت: چومە لای أبی بکر اللباد لە کاتی سەرەمەرگیدا، گوێم لێی بو دەیوت – لە کاتێکدا گیانی دەدا:** ﴿ٱلْمَلِكُ ٱلْقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلْمُؤْمِنُ﴾ الحشر: ٢٣

**وە ناوەکانی تری هەمو ژمار هەتا کۆتای)**[1].

وە ئەوەی کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە ئامۆژگاری مامۆستامان **موحەمەد ئەمان ئەلجامیە** ڕەحمەتی خوای لێبێت کە بۆیان باس کردین ئەوانەی کە ئامادە بون لەلای لە مامۆستاکانمان و کەسانی تریش کە لە کاتی سەرەمەرگیدا دەیوت: **(عەقیدە ! عەقیدە ! ئامۆژگاریم بۆتان ئەوەیە)**.

مردنێکی چەند خۆشە ! لە ڕاستیدا ئەم مامۆستایە بۆ تەوحید ژیا، وە زۆربەی قسەکانی دەربارەی تەوحیدو بەرگری کردن بو لێی، وە خواش بەوە کۆتای بە ژیانی هێنا، بە جۆرێك کە کردی بە ئامۆژگاری بۆ دوای خۆی، هەروەك ئیبراهیمی خەلیل و نەوەکانی – صەلات و سەلامیان لەسەر بێت – کردیان، خوای گەورە

[1] (المنتخب من السیاق لتأریخ نیسابور) لإبراهیم الصریفیني (ص: ٣٦)، وهذا سند صحیح.

دەفـــەرموێت: ﴿ وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبْرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَـٰبَنِىَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ ٱلْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِنۢ بَعْدِى قَالُوا۟ نَعْبُدُ إِلَـٰهَكَ وَإِلَـٰهَ ءَابَآئِكَ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَـٰعِيلَ وَإِسْحَـٰقَ إِلَـٰهًا وَٰحِدًا وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ﴾ البقرة: ١٣٢ - ١٣٣

## خۆ دەرخستن (الرياء)

هـەروەك چـۆن تـەوحيـد بەرامبەرەكـەی هـاوەڵ دانانـە، بێگومـان ئیخلاصـیش بەرامبەرەكەی ڕیایە، وە هەروەك چۆن ڕوناكی ئیخلاص بەڵگەی لە خۆباییبون بـە نەفسـەوە دەكوژێنێتـەوە لـەناو دڵـی مرۆڤـدا ئەگـەر لـەو دڵـەدا بێـت، چـونكە بـە دڵنیاییەوە ئیخلاص هەرگیز لەگـەڵ ڕیـادا هـەڵناكات، خـوای گـەورە دەفـەرموێت:

﴿ وَٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ ۗ وَمَن يَكُنِ ٱلشَّيْطَـٰنُ لَهُۥ قَرِينًا فَسَآءَ قَرِينًا ﴾ النساء: ٣٨

واتە: ئەوانەی كە ماڵ دەبەخشن بۆ ئەوەی كە خـەڵكی بیـان بیـنن و مـەدح و سەنایان بكەن، نەك ماڵ بەخشینیان بە هۆی ئیخلاص و ئیمانیانەوە بێـت بـە خـوای گەورەو بەتەمای پاداشتی ئەو بن، وە ئەمەش لـە هەنگاوەكانی شەیتانە كە بانگەوازی حزبەكەی بۆ دەكات بۆئەوەی لـە ئەهلی ئاگر بن وە بەهۆی ئەو كارەوەیان بون بـە

هاوەڵ و دۆستی شەیتان، وە هەر كەسێك شەیتان دۆستی بێت ئەوە خراپترین كەسی كردوە بە دۆستی خۆی كە بەرەو فەوتان دەیبات.

وە ڕیا لە دیارترین صیفاتی دوڕوەكانە، لە بەرئەوەی ئەوان شتێك نیشان دەدەن كە لە ناخیانداوانیە، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ وَلَا يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا ﴾ النساء: ١٤٢

واتە: ئەو دوڕوانە كاتێك كە دێن بۆ نوێژ بەو پەڕی تەممەڵی و بێتاقەتیەوە دێن وە كاتێك دێن كە خەڵكی بیان بینێت وەك نوێژی عەسرو نیوەڕۆ كە دنیا ڕوناكەو خەڵكی دەیان بینن بەڵام بۆ نوێژی عیشاو بەیانی ناچن چونكە دنیا تاریكەو كەس نایان بینێت، وە لەكاتی ئەنجام دانی نوێژەكەشدا زۆربەكەمی یادی خوای تیادەكەن.

هەربۆیە مەرجی قەبوڵ بونی تەوبەیان ئەوەبو كە بە ئیخلاصەوە دینداری بكەن، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ وَأَصْلَحُوا۟ وَٱعْتَصَمُوا۟ بِٱللَّهِ وَأَخْلَصُوا۟ دِينَهُمْ لِلَّهِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مَعَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾ النساء: ١٤٥ ـ ١٤٦

خوای گەورە لەم ئایەتەدا باسی سەرئەنجامی دوڕوەكان دەكات، كە لە بنی بنەوەی دۆزەخن وە لە ناو خراپترین سزادان وە لە ژێر بێباوەڕەكانەوەن،

لەبەرئەوەی هاوشانیانن لە بێباوەڕی و دژایەتی کردنی نیردراوانی خوا، وە زیاد لەوەش لەوان فێڵاوی ترو وە توانایان زۆرترە دژایەتی ئیمانداران بکەن بە شێوەیەك کە هەستی پێنەدەکرا، وە بە هۆی ڕوکەشیانەوە کە خۆیان بە موسوڵمان نیشان دەداوەك موسوڵمان مامەڵەیان لەگەڵ دەکراو حوکمەکانی ئیسلامیان بەسەردا جێبەجێ دەکرا، هەرلەبەر ئەمەش شایستەی ئەوەبون کە سزایان لە بێبوەڕان سەخت تربێت, پاشان دەفەرموێت وە تەنها شت ڕزگاریان بکات لە سزای خوا ئەوەیە کە تەوبە بکەن لە تاوانەکانیان، وە ناخ و ڕوکەشیان چاك بکەن، وە تەنها پشت بە خوا ببەستن لە بەدەست هێنانی خۆشی و لابردنی ناخۆشیەکان، وە بە ئیخلاصەوە دینداری بکەن، وە لە کردەوەکانیاندا تەنها مەبەستیان ڕەزامەندی خوا بێت، هەرکەسێك ئائەم شتانە لە خۆیدا جێبەجێ بکات ئەوا لە دونیاو لە ژیانی بەرزەخ و لە ڕۆژی دوایشدا لەگەڵ باوەڕداراندایە.

هەربۆیە هەمو کردەوەیەك مەبەست تێیدا ڕەزامەندی خوا نەبێت قەبوڵ ناکرێت، وە ئەو کارەی ماڵە بەسەر خاوەنەکەیەوە لە ڕۆژی دوایدا، لە ئەبو هورەیرەوە ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێت: پێغەمبەر خوا (ﷺ) دەفەرموێت: **(خوای گەورە فەرمویەتی:- من دەوڵەمەندو بێنیازم لە بەندایەتی سەرجەم دروست کراوەکانم، وە هەرکەسێك کردەوەیەك ئەنجام بدات و هاوەڵ بڕیار بدات تێیداواتە لە ئەنجام دانی ئەو کارەیدا تەنها مەبەستی من نەبێت بەڵکو مەبەستی**

**کەسێکی تریش بێت، ئەوا منیش لێی قەبوڵ ناکەم و خۆیشی و کارەکەشی واز لێدەهێنم.**

وە لە ڕیوایەتێکە تردا: **(وە من بەریم لە خۆی و کارەکەی، وە ئەو کارەی بۆ ئەو کەسەیە کە کردویەتی بە هاوەڵ لەگەڵ من)**[1].

وە لەبارەی پێناسەی ئیخلاصەوەوتراوە: **(ئیخلاص واتە هاوتابونی کردەوەکانی بەندە لەڕوکارو ناخدا، وە ڕیا بەوە دەبێت کەڕوکەشی چاکتر بێت لە ناخی، وە ڕاستگۆیی لە ئیخلاصدا بەوە دەبێت کە ناخی ئاوەدانتربێت لە ڕوکەشی)**[2].

**بیلالی کوڕی سەعد** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: **(دۆستی خوا مەبە لە ئاشکرایدا، وە دوژمنی بیت لە نهێنیدا)**[3].

---

[1] رواه ابن ماجة (٤٢٠٢) وهو صحيح.

[2] بڕوانە ئەم پێناسەیەو ئەوەش کە لە دوای هاتوە لە مدارج السالكين (٩١\٢).

[3] رواه أحمد في الزهد (ص: ٣٨٥)، و الفريابي في صفة المنافق (٩١)، و أبوفضل الزهري في حديثه (٤٠١)، و أبونعيم في الحلية (٢٢٨\٥)، و البيهقي في الشعب (٦٥٤٨)، وابن عساكر في تاريخ دمشق (٤٨٨\١٠-٤٨٩)، و الذهبي في السير (٥١٨\١١).

وهو صحيح وإن كان فيه عنعنة الوليد بن مسلم المدلس، فقد صرح بالتحديث في بعض هذه الطرق، ثم هو قد تابعه بقية بن الوليد، كما في إحدى طريقي أبي نعيم.

وە ئــەم پێناســەیەی كۆتــای ڕاســتگۆی دەرهێنــراوە لــەو فەرمودەیــەی خواوە: ﴿وَإِن تُخۡفُوهَا وَتُؤۡتُوهَا ٱلۡفُقَرَآءَ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ﴾ البقرة: ٢٧١

واتە: ئەو خێرانەی كە دەیكەن بە نهێنی بیكەن و بیدەن بە هەژارەكان ئەوە زۆر باشە بۆ ئێوە، چونكە دورە بێت لە ڕیاو خۆدەرخستن و زیاتر ئیخلاصی پێوە دیارە، وە بۆ ئەو كەسەش كە هەژارە بەوجۆرە باشترە چونكە لایەنی دەرونی ئەو كەسە پارێزراو دەبێت لەوەی كە هەست بكات بە ناتەواوی.

وە سیفەتێكیشە لە سیفەتەكانی ئەو حەوت كەسەی كە خوای گەورە دەیانخاتە ژێرسێبەری خۆیەوە لە ڕۆژێكدا كە هیچ سێبەرێك نیە تەنها ئەو سێبەرە نەبێت كە خوا بڕیاری دەدات، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: **(وە پیاوێك خێرێك دەكات و دەیشارێتەوە، هەتا دەستی چەپی نازانێت دەستی ڕاستی چی بەخشیوە...)**[1]

وە خەڵكی چالاكن لە شاردنەوەی خراپەكانیان زۆر زیاتر لە شاردنەوەی چاكەكانیان، لەبەرئەوەی ئەیانەوێت بەوە پلەو پایەیان دەست بكەوێت لە لای خەڵكی، بەڵكو زۆربەیان دەبینی چالاكن لە بەرچاودا، وە تەمبەڵن لە تەنهایدا، هەربۆیەوتراوە **(ئیخلاص واتە نەگەڕێیت بە دوای شایەتێكدا لەسەر كارەكانت تەنها خوا نەبێت، وە بەتەمای پاداشت نەبیت لە غەیری ئەو).**

---

[1] رواه البخاري (٦٦٠)، و مسلم (١٠٣١).

وە ئەگەر مرۆڤ تێبكۆشایە لە شاردنەوەی چاكەكانی لە خەڵكی هـەروەك چـۆن تێدەكۆشـێ لـە شـاردنەوەی خراپـەكانی لێیـان ئـەوە دەگەیشـتە پلەوپایـەی ڕاستگۆیان, هەروەك **باوكی حازم سەلەمەی كوڕی دینار** ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت دەفەرموێت: (**چاكەكانت بشارەوە، هەروەك چۆن خراپەكانت دەشاریتەوە**)[1].

وەوتراوە: ئیخلاص: (**بریتیە لە بە تەنها دانانی خوا لە مەبەستت لە گوێڕایەڵی كردنیدا**).

وەوتراووە: (**پاڵاوتەكردنی كردەوە لە چاودێری كردنی دروستكراوەكان**).

هەربۆیـە بـە **سەهل** وتـراوە: چ شـتێك زۆر قورسـە لەسـەر نـەفس؟ فـەرموی: (**ئیخلاص، لەبەرئەوەی هیچ بەشێكی تێدا نیە بۆ نەفس**).

**أبوبكر المروزی** دەڵێت: گوێم لە پیاوێكەوە بو بە بـاوكی عەبـدوڵڵای وت[2]— وە باسی ئیخلاص و ڕاستگۆی بۆكرد — باوكی عەبدوڵڵاش وتی: (**ئابـەوە ئـەو قەومـە بەرز بونەوە**)[3].

---

[1] رواه الفسوي في المعرفةو التـاريخ (١\٦٧٩)، و أبـونعيم في الحليـة (٣\٢٤٠)، و البيهقـي في الشـعب (٦٤٩٦)، وابـن عساكر في تاريخ دمشق (٢٢\٦٨) وهو صحيح.

و في رواية للبيهقي في الشعب (٦٥٠٠) بلفظ: (أخف حسنتك كما تخفي سيئتك، ولا تكـونن معجبـا بعملـك، فـلا تدري أشقي أنت أم سعيد).

[2] وفي طريق: (پرسیاری لێكرد: ئەو قەومە بە چی گەشتنە ئەو ئاستەی هەتا مەدح كران).

[3] رواه ابن الجوزي في مناقب الإمام أحمد (ص: ٢٦٧)، و (ص: ٢٧٤) من ثلاث طرق، يصحح بعضها بعضا.

هەربۆیە پێشەوایانی ئەم ئوممەتە ڕقیان لە ناوبانگ بو، وە حەزیان لە باس نەکردن بو، بە هۆی چاودێری کردنیانەوە بۆ ئیخلاص و ترسیان لە دڵەکانیان لە فیتنەی ستایش و مەدح کردن، خەڵکی ئەوتۆ هەیە کە کۆڵەوار بوە بەدەست ئەوەی کە خەڵکی شوێن پێی هەڵدەگرن، وە ماچ کردنی دەستی، وە دانانی لە لای سەرەوە لە ناو کۆڕو کۆمەڵدا، وە داواکردن لێی بۆ ئەوەی دۆعا بکات بەئومێدی بەرەکەتی، وە هاوشێوەی ئەوە، وە هەرکەسێك بەشی لە ئیخلاصدا کەم بێت ئەو شتانەی پێخۆشەو لەوانەشە داوای بکات.[1]

**حەممادی کوڕی زەید** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**لەگەڵ ئەیوبدا دەڕۆشتم، لە ڕێگەی واوە دەیبردم، من سەرسام دەبوم پێی چۆن ئەو ڕێگایانە دەزانێ؟ ڕای دەکرد لە دەست خەڵکی تا نەیبینن و بڵێن: ئەوە ئەیوبە**)[2].

هەروەها دەڵێت: (**ئەیوب لە ڕێگەی ئەوتۆوە دەیبردم کە دورتربو! منیش دەموت: ئەم ڕێگەیە نزیکترە! ئەویش دەیوت: من خۆم بەدور دەگرم لەم کۆڕانە، وە ئەگەر سلاوی بکردایە ئەواوەلامیان دەدایەوە بەجۆرێك زۆر زیاتر**

[1] بڕوانە: الفوائد لابن القیم (ص: ٢٢٣).

[2] رواه ابن سعد (٢٤٩\٧)، و الفسوي في المعرفةو التاريخ (٢٣٢\٢)، و هو صحيح.

**لەوەلأمدانەوەی خەڵكی تر، وە دەیوت: خوایەگیان خۆت چاك دەزانی من ئەوەم ناوێت! خوایەگیان خۆت باش دەزانی كەمن ئەوەم ناوێت!)**[1].

**وە ئەبو زورعە یەحیای كوڕی ئەبی عەمر** دەفەرموێت: (ضە حاكی كوڕی قەیس چوە دەرەوەی شار بۆ نوێژە بارانە، وە باران نەباری، وە هیچ هەورێكیان نەبینی, ضە حاك وتی كوا یەزیدی كوڕی ئەسوەد؟ – وە لە ڕیوایەتێكدا – كەس وەلأمی نەدایەوە! پاشان وتی: كوا یەزیدی كوڕی ئەسوەدی ئەل جورشی؟ سوێندم خواردوە لێی ئەگەر گوێی لە قسەكانمە ئیلا دەبێت هەستێت. ئەویش وتی: **ئەوە منم!** فەرموی: هەستە تكامان بۆ بكە لەلای خوا با بارانمان بۆ ببارێنێت، ئەویش هەستاو سەری شۆڕكردەوە لە نێوان هەردو شانیەوەوە دەستەكانی دەرخست و بەرزی كردەوە، وە فەرموی: **خوایەگیان ئائەو بەندانەت منیان كردوە بە تكاكار لەلای تۆ.** سێ جا نەپاڕایەوە هەتا بارانێكیان بۆ باری خەریك بو بخنكێن بە هۆیەوە، پاشان فەرموی: **خوایە گیان ئەم كارە منی دەرخست و ناوبانگم دەركەوت ڕزگارم بكە لێی،** وە دوای ئەوە نەژیا هەفتەیەك نەبێت هەتا مرد)[2].

---

[1] رواه ابن سعد (٢٤٨\٧)، و الفسوي (٢٣٩\٢– بشطره الأخير)، وهو صحيح.

[2] رواه الفسوي في المعرفةو التاريخ (٣٨١\٢)، ومن طريقه ابن عساكر في تاريخ دمشق (١١٢\٦٥) و رواه اللالكائي في الكرامات (١٥٠)، و البيهقي في الشعب (٦٥٧٧)، ومن طريقه ابن عساكر أيضا (١١٣\٦٥).

وە کۆکەرەوەترین پێناسە بۆ ئیخلاص کە بینیبێتم، کە کۆکەرەوەی هەمو ئەوانەیە کە پێشتر باسمان کرد ئەو پێناسەیەیە کە **ئەبو عوسمان سەعیدی کوڕی ئیسماعیل** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**ڕاستگۆی لە ئیخلاصدا لەبیرکردنی بینینی دروستکراوەکانە بە هۆی بەردەوام تەماشاکردنی دروستکار، وە ئیخلاص واتە بتەوێت بە دڵ و کردەوەو پیشەت ڕەزامەندی خوا لە ترسی توڕەبونی، هەروەك ئەوەی کەوای نیشان بدەی بە ڕاستی کردەوەکانت کە ئەو دەتبینیٚ، هەتا ڕیا بڕواتەدەر لەناو دڵتدا.**

**پاشان لەیادت بێت منەتی خوا بەسەرتەوە کە یارمەتی داویت بۆ ئەو کارانە، هەتا لە خۆڕازی بون بچێتە دەر لەناو دڵتدا، وە نەرم ونیانی بەکاربهێنی لە کارەکانتا، هەتا پەلە کردن بچێتە دەر لەناو دڵتدا**، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (**نەرمو نیانی لە هەر شتێکدا دابنرێ ئەوا دەیڕازێنێتەوە، وە لەهەر شتێك دەربهێنرێت ئەوا ناشیرینی دەکات**)[1].

**ئەبو عوسمان** دەڵێ: **وە پەلە کردن بریتیە لە شوێن کەوتنی هەواو ئارەزو، وە نەرمونیانی بریتیە لە شوێن کەوتنی سوننەت، وە کاتێك کە تەواو بویت لە کردەوەکەت وە دڵت داچڵەکی لە ترسی خوا لەوەی کە کردەوەکەت بداتەوە بە**

---

و رواه أبو زرعة الدمشقي في تاريخه (١٧٠٤- مختصرا)، و من طريقه ابن عساكر أيضا (١١٢\٦٥)، ومن طريقه غيره (١١٣\٦٥- مختصرا أيضا) وفي إسناده أيوب بن سويدوقد توبع.

[1] رواه مسلم (٢٥٩٤).

**نێوچەوانتداو قەبوڵی نەکات لێت،** خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤۡتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمۡ وَجِلَةٌ أَنَّهُمۡ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ رَٰجِعُونَ ﴾ المؤمنون: ٦٠

واتە: ئەوانەی کە هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی ئەو شتانەی کە فەرمانیان پێکراوە بە پێی توانایان لە نوێژو ڕۆژو زەکات و حەج و خێرو شتی تر، لەگەڵ ئەوەشدا ئەترسن لەکاتی نیشاندانەوەی کردەوەکانیان و وەستانیان لە حضوری خوادا، کە کردەوەکانیان ڕزگاریان نەکات لە سزای خوا، چونکە خوای خۆیان دەناسن، کە شایەنی هەمو جۆرە عیبادەتێکە بە تەواوترین شێوە.

**وە هەرکەسێك ئەم چوار خەسڵەتەی کۆکردەوە ئەوە کەسێکی موخلیصە لە کردەوەکانیدا – إنشاء الله –)**[١].

جوان ورد بەرەوە لێرەدا بزانە چۆن نەرمونیانی گێڕاوە بە شوێن کەوتنی سوننەت، چونکە نەفس حەزی بە شتانێکە، وە کە حەزی پێکرد داوای دەکات بە پەلە، چونکە بەشی لەو شتەدا هەیە، وەئەم ئارەزوە تەنها لەسەرخۆی سنورەکەی دەشکێنێ، وە بەلەسەرخۆی مرۆڤ دەتوانێ چاودێری کردەوەکانی بکات بە چاوی سوننەت بۆ ئەوەی شیاوی حەق بێت، نەك بە چاوی هەواو ئارەزو، هەربۆیە **ئیبراهیمی خەواص** دەفەرموێت: (**پەلەکردن ڕێدەگرێت لە پێکانی حەق)**[٢].

---

[١] رواه البيهقي في الشعب (٦٤٧٥).

[٢] رواه البيهقي في الشعب (٦٤٧٧) بسند صحيح.

بەهەرحاڵ لە ڕاستیدا بابەتی: (**ئیخلاص لە دینداریدا بۆ خـوا**) بابـەتێکی دورو درێژە، وە زۆری دەوێت بـۆ بەدەسـت هێنـانی، بـەڵکو لـە گـەورەترین بابەتـەکانی ئاینە پاکەکەمانە بە تێکـڕای، وە بـەڵام ئامـانجی مـن لێـرەدا هەوڵدانـە بـۆ تۆزێـك شارەزای بون و سەرلێدەرچون لێی وە لەو بنەمایانەی کە بۆ هیچ کەسێك نیـە کـە کەمتەرخەمی تێدا بکات، وە ئیخلاص – لەگەڵ ئەمەدا – زۆر لەوە گـەورەترە کـە کتابێك بتوانێ هەموی باس بکات، یان وتارێك هەموی لەخۆبگرێت.

# بنچینەی دووەم

## ڕێگا تەنها یەك ڕێگایە

## بنچینەی دووەم: ڕێگا، یەك ڕێگایە

چـاك بزانـە -ڕەحمـەتی خـوات لێبێـت- ئـەو ڕێگایـەی کـە دەسـتەبەری خۆشـیەکانی ئیسـلامت بـۆ دەکـات یـەك ڕێگایـەو نابێـت بـە چـەند دانەیـەك، لەبەرئەوەی خوای گەورە سەرکەوتنی تەنها بۆ یەك حزب بڕیارداوەوە فەرمویەتی:

﴿ أُوْلَٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾ المجادلة: ٢٢

واتە: ئەوانەی کە دۆستایەتی و دوژمنایەتی تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوا دەکەن، ئا ئەوانە ئەوانەن کـە خـوای گـەورە ئیمـانی لـەناو دڵەکانیانـدا جـێگیر کـردوەو بەردەوام یارمەتیان دەدات و وە ڕازی بوە لـێیان و بەهەشتێکی بۆ ئامادە کردون کە خۆشیەکانی نەبڕاوەیە، وە هەرئەوانەش حزبی خوان، چاك بـزانن کـە تـەنها حزبـی خوا سەرفرازو سەرکەوتون، وە باقی حزبەکانی تر حزبی شەیتانن و سەرشۆڕن.

وە سەرخستنی تەنها بۆ ئـەم حزبـە بڕیـارداوەوە فەرمویـەتی: ﴿ وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَإِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ﴾ المائدة: ٥٦

واتە: هەرکەسێك دۆستای خواو پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) و بـاوەڕداران بکـات، ئەوە ئەو کەسە لەگەڵ حزبی خوادایە، وە خوای گەورە سەریدەخات بەسـەر هـەمو نارەحەتیەکانداوە دەستەبەری هەمو خۆشیەکانی بۆ دەکات، چونکە بەڕاسـتی تـەنها حزبی خوا سەرکەوتوەو سەردەخرێن.

وە چەند بگەڕێیت بەناو قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ئەوا هەرگیز نابینی پارچەپارچەکردنی ئوممەت بۆ چەند کۆمەڵ و بە حزبایەتی کردنی لە چەند گروپێکدا ئیللا سەرزەنشت کراوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ۝ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا ۖ كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾ الروم: ٣١ - ٣٢

واتە: وەکو هاوەڵ دانەرەکان مەبن، چونکە هاوەڵ دانان دژی تەوحیدە، وە پارچەپارچە بونە لەکاتێکدا تەوحیدواتە یەکگرتن و خڕبونەوە لەدەور یەك ڕێبازو بەرنامە کە ئاینی ئیسلامە، وەکو ئەو هاوەڵ دانەرانە مەبن کە دینەکەیان هەرچەندە بەتاڵە کەچی کردویانە بەچەند بەش و گروپ و حزبێك، هەیانە دار دەپەرستێ یان ڕۆژ یاخود مانگ، یان دارو بەرد یاخود مەلائیکەو پێغەمبەران و جنۆکە یان پیاو چاکان و گۆڕو مەزارگەکانیان، ئەم دینانە هەمو بەتاڵ و گومڕاین، وە تەنها حزب و ڕێگای ڕاست ئیسلامە، کەچی دەبینی هەریەکەیان دڵی بەو حزبەو بەرنامەیە خۆشە کە خۆی لەسەریەتی و ئەوانەی تر بە ناحەق دەزانێ، خوای گەورە لەم ئایەتەدا هەڕەشە لە ئیمانداران دەکات کە دینەکەیان پارچە پارچە نەکەن و نەبن بەچەند حزب و گروپێك.

چۆن پەروەردگارمان ڕازی دەبێت لە ئوممەتەکەی  بە پارچەپارچە بون دوای ئەوەی پاراستویەتی بە قورئانەکەی، وە بەڕائەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەکات لەو کارە ئەگەروای لێهات وە هەڕەشەی لێدەکات لەسەری وە دەفەرموێت: ﴿ **إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ** ﴾ الأنعام: ١٥٩

واتە: ئەوانەی کە ئاینەکەیان پارچە چارچە کردوەو  بون بە چەند کۆمەڵ و لایەنێك، تۆ لە هیچ شتێکدا لەگەڵ ئەوانە نیت، وە چارەنوس و سەرئەنجامی ئەوانە دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا، وە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات و سەرئەنجامی کاری خراپی خۆیان نیشان دەدات، وە سزای خۆیان وەردەگرن لەسەر ئەو کارەیان.

لە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانەوە دەفەرموێت: چاك بزانن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژێك هەستا لەناوماندا فەرموی: (**ئاگادار بن ئەوانەی پێش ئێوە لە ئەهلی کیتاب (واتە جولەکەو گاور) پارچەپارچە بون بۆ حەفتاو دو تاقم، وە ئەم ئوممەتەش پارچەپارچە دەبێت بۆ حەفتاو سێ تاقم، حەفتاو دویان دەچنە ناو**

**ئاکری دۆزەخەوە، وە تەنها یەك دانەیان دەچێتە بەهەشتەوە، ئەویش کۆمەڵی موسوڵمانانە)**[1].

**ئەمیری صەنعانی** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: **(باس کردنی ئەو ژمارەیە لە فەرمودەکەدا بۆ ئەوە نیە کە بڵێت ئەوانەی کە تیادەچن زۆرن، وە بەڵام بۆ ڕونکردنەوەی ئەوەیە کە ڕێچکەکانی گومڕای فراوانەو چەندەها لقی لێدەبێتەوە، وە ڕیگای حەق یەك ڕێگایە، هاوشێوەی ئەوەی کە پێشەوایانی تەفسیر باسیان کردوە دەربارەی ئەو فەرمودەی خوا: ﴿وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ﴾** الأنعام: ١٥٣

واتە: شوێن ڕێچکەکان مەکەون، با لە ڕێگە ڕاستەکە لاتان نەدات.

---

[1] رواه أحمد (١٠٢\٤)، و أبوداود (٤٥٩٧)، و الدارمي (٢٤١\٢)، و الطبراني (٨٨٤\١٩,٣٧٦–٨٨٥)، و الحاكم (١٢٨\١)، و غيرهم. و هو صحيح ، و رواه أحمد (٣٣٢\٢)، و أبوداود (٤٥٩٦)، و الترمذي (٢٦٤٢)، و ابن ماجة (٣٩٩٠)، و أبويعلى (٥٩١٠,٥٩٧٨,٦١١٧)، و ابن حبان (٦٢٤٧\١٤)، و (٦٧٣١\١٥)، و الحاكم (١٢٨\١,٦)، و غيرهم من حديث أبي هريرة، وله روايات أخرى كثيرة عن أنس، و عبدالله بن عمرو بن العاص، و غيرهما.

وصححه الترمذي والحاكم و الذهبي والجوزجاني في الأباطيل (٣٠٢\١)، والبغوي في شرح السنة (٢١٣\١)، و الشاطبي في الاعتصام (٦٩٨\٢– الهلالي) وابن تيمية كما في المجموع (٣٤٥\٣)، وابن حبان في صحيحه (٤٨\٨)، وابن كثير في تفسيره (٣٩٠\١)، وابن حجر في تخريج الكشاف (ص ٦٣)، والعراقي في المغني عن حمل الاسفار (٣٢٤٠)، والبوصيري في مصباح الزجاجة (١٨٠\٤)، والألباني في السلسلة الصحيحة (٢٠٣)، وغيرهم كثير جدا.

وإنما ذكرت هذا لإفحام بعض أهل البدع، الذين يحاولون عبثا تضعيف هذا الحديث العظيم الذي قال فيه الحاكم رحمه الله: (هذا حديث كبير – أو – كثر ضبطه بعضهم – في الاصول).

كـە ڕێگـەی بـە كـۆ هێنـاوەوە قەدەغـەی كـردوە لـە شـوێن كـەوتنی بـۆ ڕونكردنـەوەی ئـەوەی كـە ڕێچـكەكانی گـومڕای زۆرو فـراوانن و چـەندەها لقـی لێدەبێتەوە، وە ڕێگەی هیدایەت و حەقی بە تاك هێناوە بە هۆی ئەوەی تەنهایەو نابێتە چەند دانەیەك)[1].

وە لە **ئیبن مەسعودەوە** ڕەزای خوای لێبێـت دەفـەرموێت: (**پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) خەتێكی بۆ كێشاین، پاشان فەرموی: ئەمە ڕێگەی خوایـە. پاشـان چـەند خەتێكی تری كێشا لە لای ڕاستی، وە لەلای چەپیەوە، پاشان فـەرموی: ئەمانـە تولە ڕێگان، وە لەسەر هەر تولە ڕێیەك شەیتانێكی لێیە بانگەواز بۆ ئەو تولە ڕێیە دەكات**). پاشـان ئـەم ئایەتـەی خوێنـدەوە: ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦ ﴾الأنعام: ١٥٣[2]

وە دەقی ئەم فەرمودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ڕێگا یەك ڕێگایە.

**ئیبن قەیم** دەفەرموێت: (**وە ئەمە لەبەرئەوەی ڕێگای گەیەنەر بۆلای خوا یەك دانەیە، وە ئەویش ئەوەیە كە نێردراوی بە هۆیەوە ناردوەوە كیتابی بـە هۆیـەوە ناردوەتە خوار، وە كەس پێی ناگات تەنها لەم ڕێگایەوە نەبێت، وە ئەگەر خەڵكی**

---

[1] حديث افتراق الامة إلى نيف و سبعون فرقة (ص: ٦٧-٦٨).
[2] رواه أحمد (١\٤٣٥) و غيره وهو صحيح.

**لە هەمو ڕێگاکانی ترەوە هاتن وە لە هەمو دەرگاکان بدەن، ئەوا ڕێگاکان لێیان گیراوە، وە دەرگاکان لەسەریان داخراوە، تەنها لەیەك ڕێگەوە نەبێت، وە ئەو ڕێگەیە گەیشتوە بە خوا، وە دەتگەیەنێت بۆ لای خوا)**[1].

لێرەدا دەڵێم: وە بەڵام زۆری ڕێچکەکانی دەبێتە هۆی دروست بونی گومان دەربارەی ڕێگە ڕاستەکەو شەرمەزار بوون و دابڕان لێی، وە تەنها ئەوانە لایان دا لێی لە تاقم و کۆمەڵەکان کە دڵخۆش بوون بە فرەی، وە ترسان لە تەنهای، وە پەلەیان کرد لە گەیشتن و وە ترسان لە چونە ژێر باری درەنگ گەیشتن.

**ئیبن قەیم** دەفەرموێت: (**هەرکەسێك ئەو ڕێگە ڕاستە بە دورو درێژ بزانێت ئەوا ڕۆیشتنی لاواز دەبێت)**[2].

## پێناسەی ئەو ڕێگایە

لەو وتە یەکەمەی ئیبن قەیمەوە ئەو ڕیگایەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، وە تێدەگەین کە مەبەست لە ڕێگا ئا لێرەدا بریتیە لە پایەی دوەم لە پایەکانی تەوحید لە دوای شایەتی دانی أن لا الـه الا الله، واتە: شایەتی دانی ئەوەی کە موحوممەد پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، وە بەهەمان شێوە پایەی دوەمە لە

[1] التفسير القيم (ص: ١٤-١٥).

[2] الفوائد (ص:٩٠) ط. دار الكتب العلمية.

پایەکانی قەبوڵ بونی کـردەوە، چـونکە کردەوەوەرنـاگیریٚ — هـەروەك زانـراوە — بەدو مەرج نەبێت:

١- ئیخلاص لە دینداریدا بۆ خوای گەورە.

٢- بە تەنها شوێن کەوتن بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ).

وە من ئێستا لە باسی ئەوەدا نیم کە بەڵگە بهێنمەوە بۆ ئەم یاسا بەناوبانگـە، لەبەرئـەوەی مەبەسـت لـەم توێژینەوەیـە بریتیـە لـە ڕونکردنـەوەی ڕێگـای پێغەمبەرایـەتی کـە ناتگەیـەنێت بـە خـوا تـەنها ئـەو نـەبێت، چـونکە (**نـەزانین دەربارەی ئەو ڕێگەیەو نەهامەتیەکانی و مەبەستی ئەبێتـە هـۆی ناڕەحەتیـەکی زۆرو, لەگەڵ سودێکی کەم**)[1].

وە ڕونکردنەوەی ئەوەی کە ئەم ڕێگەیە یەك دانەیە، وە دروست نیە قسەکردن بەدەم پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بە بانگەشەی ئەوەی کە ڕێگا بەرەو لای خـوا بـە ژمارەی نەفەسەکانی مرۆڤایەتیە، یان جگە لەوانە لەو بەنگەشـانەی کـە پڕوپوچـی زانـراوە لـە ڕوانگـەی ئـەو ئاینـەی کـە خـوا ناردویـەتی بـۆ ئـەوەی ئەهلەکـەی یـەکپێبگرێت, نـەك پارچەپارچـەیان بکـات، وە خـوای گـەورە دەفـەرموێت:

﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ كُنتُمۡ أَعۡدَآءٗ فَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِكُمۡ فَأَصۡبَحۡتُم بِنِعۡمَتِهِۦٓ إِخۡوَٰنٗا ﴾ آل عمران: ١٠٣

---

[1] الفوائد لابن القيم (ص ٢٢٣).

واتە: دەست بگرن بەو حەبلەی خواوە هەرهەموتان وە دەستی لێبەرمەدەن و پارچەپارچە مەبن، چونکەوازهێنان لەو حەبلەی خواو دورکەوتنەوە لێی دەبێتە هۆی دوبەرەکی و جیاواز بون و بێدەسەلاتی و لاوازی، وە بیهێننەوە یادی خۆتان ئەو هەمو خۆشی و نیعمەتانەی کە خوای گەورە ڕشتویەتی بەسەرتاندا، لەوانە پێش ئەوەی ئەم قورئانە دابەزێت و پەیام بەری بۆ بنێررێت ئێوە دوژمنی یەکتری بون بەجۆرێك کە گەورە بچوکی دەچەوسانەوە، بەهێز لاوازی دەکوشت، ماڵوسامانی یەکتریتان دەخوارد بە داگیرکردن و بردن و تالانی و بە غەش کردن وە هەمیشە شەڕوشۆڕ لەناوتاندا بو بەلام خوای گەورە بە فەزڵ و ڕەحمەتی خۆی ئەم قورئانەی نارده خوارەوەوە هەموتانی کرد بە برا. کەواتە گەڕانەوە بۆ دوبەرەکی و جیاوازی گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی پێش هاتنی ئیسلام، وە نەخۆشیە نەك چارەرسەر.

وە تەفسیری ئەم حەبلە هاتوە کە دەستبەری کۆکردنەوەی موسوڵمانانە بە: (کتابی خوا).

**ئیبن مسعود** ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێت: (**ئەم ڕێگەیە ئامادەبوی تێدایە، شەیتانەکان ئامادەن تێیدا، بانگ دەکەن: ئەی بەندەکانی خواوەرن! ئەمە**

**ڕێگەیە، بۆ ئەوەی خەڵکی لابدەن لە ڕێگەکەی خوا! ئێوەش پشت ببەستن بە حەبلی خوا، لە ڕاستیدا حەبلی خوا کتابەکەی خوایە)**[1].

**وە لەم ئەثەرەوە دوو سود هەیە:**

**یەکەمیان:** کە ڕێگا یەکە، وە بەلاَم شەیتانەکان چواردەوری دەدەن بە مەبەستی ئەوەی خەڵکی لە چوار دەور دور بخەنەوە، وە هیچ ڕێگەیەك نادۆزێتەوە بۆ بلاَوە پێکردنیان کە چاك بێت لەو بانگەشەیە نەبێت کە دەڵێت چەندەها ڕێگا هەیە! وە هەرکەسێك وا نیشانی خەڵکی بدات کە حەق داخراو نیە تەنها لە دوتوێی یەك ڕێگەدا، ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەو کەسە شەیتانە، وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَمَاذَا بَعْدَ ٱلْحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُ﴾یونس: ٣٢

واتە: لەدوای حەق و ڕاستی هیچ شتێك نیە تەنها گومڕای نەبێت.

**دووەم:** لێکدانەوەی (حەبلی خوا) – کە پێویستە موسوڵمانان دەستی پێوە بگرن بۆ ئەوەی یەکبگرن – بە قورئانەکەی خوا، وە ئەمەش دژوار نیە لەگەڵ

---

[1] رواه أبو عبيد في فضائل القران (ص ٧٥)، و الدارمي (٢\٤٣٣)، و ابن نصر في السنة (٢٢)، و ابن الضريس في فضائل القران (٧٤)، و ابن جرير في تفسيره (٧٥٦٦– شاكر)، و الطبراني (٩\٩٠٣١)، و الاجري في الشريعة (١٦– الوطن)، و ابن بطة في الإبانة (١٣٥)، وهو صحيح.

وتەکەی **ئیبن مەسعود** ڕەزای خوای لێبێت کە دەڵێ: (**ڕێگای ڕاست: ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمەی لەسەر بەجێهێشت**)[1].

لەبەرئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قورئان و سوننەتی بۆ بەجێهێشتن، هەروەك فەرمویەتی: (**بۆم بەجێهێشتون لە دوای خۆم کە ئەگەر دەستی پێوە بگرن ئەوا هەرگیز گومڕا نابن: ئەویش: کتابەکەی خواوە سوننەتەکەم**)[2].

وە هەروەها لەبەرئەوەی سوننەت وەکو کتابەکەی خواوایە لەوەدا کە ئەویش هەروەحیە، پاشان سوننەت لێکدەرەوەی قورئانە، بەڵکو باشترین کەس کەوتەکانی خوای لێکدابێتەوە لەناو دروستکراوەکانیدا پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ﴾النحل: ٤٤

واتە: ئێمە ئەم قورئانەمان بۆ تۆ ناردوەتە خوارەوە بۆئەوەی کە بۆ خەڵکی ڕون بکەیتەوە ئەو حوکم و یاساو فەرمانانەی کە خوای گەورە باسی کردوە تێیدا هەتا خەڵکی لەسەر چاوڕۆشنی بژین و هیچ بەهانەیەکیان نەمێنێت بۆ ڕۆژی دوای وە

---

[1] رواه الطبراني (١٠\١٠٤٥٤)، و البيهقي في الشعب (٤\١٤٨٧)، و نحوه ابن جرير في تفسيره (٨\٨٨-٨٩)، و ابن وضاح في البدع (٧٦- بدر)، وهو صحيح.

[2] رواه مالك (٢\٨٨٩)، و ابن نصر في السنة (٦٨)، و الحاكم (١\٩٣) و حسنه الألباني في تعليقه على المشكاة (١٦٨).

نەڵێن خوا هیچ بەرنامەیەکەی بۆ ئێمە دانەبەزاندوە یان بڵێن ئێمە لەو شتانە تێناگەین کە خوا باسی کردوە.

وە **عائیشە** خوا لێی ڕازیبێت دەفەرموێت: (**خوڕەوشتی هەموی قورئان بو**)[1].

**هەربۆیە** پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بە ئوممەتەکەی کردوە کە ئەگەر توشی ناکۆکی و دوبەرەکی بون دەست بگرن بە سوننەتەکەیەوە، وە فەرمویەتی: (**...وە هەرکەسێك لە ئێوە بژی لەدوای من ئەوا جیاوازی و دوبەرەکیەکی زۆر دەبینێ، ئاگادارتان دەکەم بەوەی کە دەست بگرن بە سونەتەکەمەوەو پابەند بن پێوەی وە بەسوننەتی جێنشینە هیدایەت دراوەکانم، بە باشی پەیوەست بن پێوەی، وە بە کاکیلەکانتان قەپاڵی پێدابکەن، وەوریابن لە شتە داهێنراوەکان** (کە مەبەست پێی ئەو شتانەیە کە لە دیندا زیاد کراون)، **چونکە هەمو زیاد کردنێك لە دیندا بیدعەیە...**)[2].

**ئیبن بە ططە** ڕەحمەتی خوای لێبێت لە باسی کۆڕای وتەی پێشین لەسەر یەك بیروباوەڕ دەفەرموێت: (**چاخی یەکەم بەردەوام لەسەر ئەوەبون بە تێکڕا، لەسەر خۆشەویستی و کۆبونەوەی دڵەکان و ڕێکەوتن لەسەر یەك ڕێباز: قورئانەکەی خوا ئەیگێڕانەوە لە تاوان، وە سوننەتی موستەفا پێشەوایان بو، ڕاو بۆچونیان بەکار**

---

[1] رواه أحمد (٩١,١٦٣\٦)، و مسلم (٧٤٦). 

[2] رواه أبوداود (٤٦٠٧)، و الترمذي (٢٦٧٦)، و غيرهم، وهو صحيح.

**نەدەهێنا، وە هەڵپەیان نەدەکرد بۆلای هەواو ئارەزو، بەردەوام ئەو خەڵکە لەسەر ئەوەبون، وە دڵەکان بە پاراستنی خوای خاوەن دەسەڵات پارێزراو بو، وە نەفسەکان لە گرفتارییان بە چاودێری ئەو بەندکرابون)[1].**

وە ڕاستی کرد ڕەحمەتی خوای لێبێت، چونکە لەڕاستیدا ئاینەکەی خوا یەکەو جیاواز نیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا﴾ النساء: ٨٢

واتە: ئەگەر ئەو قورئانە لەلایەن غەیری خواوە بوایە ئەوا جیاوازی و ناتەواوی زۆرتان تێدا دەبینی.

وە ئەو ڕێگەیەی کە خەڵکی بۆ بانگ دەکەین بریتیە لە ئاشکراترین و ڕوناکترین و تەواوترین و دەوڵەمەندترین ڕێگە، لە **عیرباضی کوڕی ساریەوە** ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: **(ئێوەم بەجێهێشتوە لەسەرڕوێنەیەکی ڕوناك و سپی، شەوی وەکو ڕۆژوایە، لەدوای من کەس سەری لێناشێوێت تێیدا مەگەر کەسێك کە خۆی بەهیلاکا چوبێت )[2].**

---

[1] (الإبانة) — القدر (٢٣٧\١).

[2] رواه أحمد (١٢٦\٤)، و ابن ماجة (٥)، و (٤٣)، و ابن أبي عاصم في السنة (٤٨-٤٩)، و الحاكم (٩٦\١)، و صححه الألباني في ظلال الجنة في تخريج السنة (٢٧\١).

وە ئەگەر مرۆڤ بیەوێت تەواوی بکات یان بیڕازێنێتەوە بە شتێك کە پێغەمبەر (ﷺ) نەیکردبێت هەروەها هاوەڵەکانی، ئەوا ئەو کارەیان دەیان بات بەرەو تولە ڕێگاکان, بەڵکو بەرەو شیوەکانی فەوتان، وە هەر ئەوەشە کە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی بردوە بە: (**داهێنان گومڕاییە**).

هەربۆیە نارەزای پێشینی چاك توندە لە بەرامبەر ئەوانەی کە شت زیاد دەکەن لە دیندا، یان شتی تێکەڵ دەکەن بەبیرو ڕای خۆیان.

**عومەری کوڕی خەتتاب** خوالێی ڕازی بێت دەفەرموێت: (**وریابن لە دانیشتن لەگەڵ هاوەڵانی ڕاو بۆچون، ئەوانە دوژمنی سوننەتن، سوننەتم پێڕاگەیاندن بۆئەوەی ئاگاداری بکەن و بیپارێزن، وە لەبیریان کرد – وە لەڕیوایەتێکدا: وە لەدەستیان دەرچو – وە فەرمودەکان کە باش دڵی بدەنێ، وە پرسیاریان لێکرا لە شتانێك کە نایزانن، شەرمیان کرد بڵێن: نازانین! وە فەتوایاندا بە بیرو بۆچونی خۆیان، وە گومڕا بوون و خەڵکێکی زۆریشیان گومڕا کرد، وە گومڕابون و لایان دا لە ڕێگای ڕاست، وە چاك بزانن کە پێغەمبەرەکەتان (ﷺ) خوای گەورە نەیبردەوە بۆلای خۆی هەتا بەوەحی بێپێویستی کرد لە ڕاوبۆچون، وە ئەگەر**

**ڕاوبۆچون لەپێشتر بوایە لە سوننەت ئەوا ژێرەوەی خوفەکان لەپێشتر بو بۆ مەسح کردن لە پشتەکەی)**[1].

وە لەبەرئەوەی ئاین ڕاوەستاوە لەسەر شوێن کەوتن نەك داهێنان، وە بیروبۆچون زۆربەی کات سەرزەنشت کراوە، چونکە زۆرێك لە کاروبارەکانی ئاین عەقڵ بەتەنها دەرکی پێناکات و ڕێنمویی ناکات بۆی، بەتایبەت لە کاتێکا کە عەقڵەکان جیاوازن لە تێگەیشتنەکانیاندا، وە لەو شتانەی کە کاریگەریان تێدەکات، وە بیروبۆچون لەوانەیە هەندێ جار سوپاس بکرێت.[2]

وە **ئیبن مەسعود** ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێت: **(شوێن سوننەت بکەون، وە شت زیاد مەکەن، سوننەتاتن بەسە، پەیوەست بن بە قورئان و سوننەتەوە)**[3].

[1] أخرجه ابن أبي زمنين في أصول السنة (٨)، و اللالكائي في شرح أصول الاعتاقد (٢٠١)، و الخطيب البغدادي في الفقيه و المتفقه (٤٧٦-٤٨٠)، و ابن عبدالبر في جامع بيان العلم و فضله (٢٠٠١)، و (٢٠٠٣-٢٠٠٥)، و ابن حزم في الاحكام (٦\٤٢-٤٣)، و البيهقي في المدخل (٢١٣)، قوام السنة في الحجة (١\٢٠٥). وفي بعض أسانيدها لين، وفي الاخرى انقطاع، لكن يقوي بعضها بعضا، فلعله لهذا قال ابن القيم رحمه الله: (و أساند هذه الاثار عن عمر في غاية الصحة). إعلام الموقعين (١\٤٤).

[2] بڕوانە تێروتەسەلی ئەو بابەتە لەلای ئیبن قەیم لە إعلام الموقعين (١\٦٣).

[3] رواه وكيع في الزهد (٣١٥)، و عبدالرزاق (٢٠٤٦٥)، و أبوخثيمة في العلم (٥٤)، و أحمد في الزهد (ص ٦٢)، و الدارمي (١\٦٩)، و ابن وضاح في البدع (٦٠- بدر)، وابن نصر في السنة (٧٨)، و (٨٥)، و الطبراني (٩\٨٧٧٠، ٨٨٤٥)، و ابن بطة في الابانة \الإيمان (١٦٨-١٦٩)، و (١٧٤-١٧٥)، و (١٩٢)، و اللالكائي في شرح أصول الاعتقاد (١٠٤)، و (١٠٨)، و البيهقي في المدخل (٣٨٧-٣٨٨)، و الخطيب في الفقيه و المتفقه (١\٤٣)، و صححه الالباني في تعليقه على كتاب العلم لأبي خثيمة.

وه **عەبدولاَی کوڕی عومەر** ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێت: (**هەمو بیدعەیەك گومڕاییە، با خەڵکیش بە چاکی بزانن**)[1].

وە مادام باسەکەم دەربارەی کاریگەری بیدعەیە لە دابڕینی ڕێگا لە ئەوکەسەی بەدوای ڕێگای ڕاستدا دەگەڕێت، ئەوا لێرەدا باسی ئەثەرێك دەکەم لە **ئیبن عەبباسەوە** لەو بارەیەوە، کە بەڵگەیە لەسەر فراوانی زانستی هاوەڵان، لە عوسمانی کوری حاضره وە دەفەرموێت: (چومە لای ئیبن عەبباس وە پێم وت: ئامۆژگاریم بکە. ئەویش وتی: **بەڵێ! پابەندبە بە تەقوای خواوە، وە بەردەوام بون لەسەر ڕێگەی ڕاست و ئەثەر، شوێنکەوتەبەوە شت دامەهێنە**)[2].

جوان ورد بەرەوە لەمە! ئەو دو شتی بۆ کۆکردەوە کە بریتین لە:

–تەقوای خوا: کە لێرەدا بەمانای ئیخلاص دێت، چونکە لەگەڵ شوێن کەوتندا هێناویەتی.

–وە شوێن کەوتن: کە بەواتای ڕێگەی ڕاست دێت، وەك پێشتر باسمان کرد.

---

[1] رواه ابن نصر في السنة (٨٢)، و اللالكائي في شرح أصول الاعتقاد (١٢٦)، و البيهقي في المدخل (١٩١)، وهو صحيح.

[2] رواه الدارمي (٥٣\١)، و ابن وضاح في البدع (٦١– بدر)، و ابن نصر في السنة (٨٣)، و ابن بطة في الابانة \الإيمان (٢٠٠)، و (٢٠٦)، و الخطيب في الفقه و التفقه (١٧٣\١) من طريق تقوي إحداهما الأخرى.

پاشان ئاگاداری داوە لەو شتانەی کە دژوارە لەگەڵ ئەو دوانە، کە ئەویش بیدعەیە, ئابەو شێوەیە دەبینی تێکڕای وتەکانی پێشین کۆکەرەوەو بنەبڕە لەگەڵ کورتیەکەیدا.

وە پێشینی چاك بەردەوام توند بون لەسەر ئەوانەی کە دەگەڕێن بەدوای وتەی پیاوانێك بۆئەوەی پاڵەپەستۆ بخەنە سەر حوکمەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، هەرچەندە بڵند بێت پلەوپایەی ئەو پیاوە بەڕێزانە.

وە گومانی تێدا نیە کە بەکارهێنانی ئەدەب لەگەڵ ئەهلی عیلمداو خۆشەویستیان و وە پێش خستنیان بەسەر ئەوانەی کە لەدوای ئەوان هاتون، وە تۆمەت دانە پاڵ بۆچونی خۆت لە بەرامبەر بۆچونی ئەواندا کارێکە کە زۆر گرنگە، بەلاَم ئەمە شتێکە، وە پێش خستنی دەق لە دوو وەحیەکە دوای ڕونبونەوەی شتێکی ترە.

عوروە بە ئیبن عەبباسی فەرمو: (دایك ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات! خەڵکیت گومڕا کرد! فەرمان دەکەی بە عومرە کردن لەم دە ڕۆژدا (کە مەبەست پێی **دە ڕۆژی** مانگی ذي الحجة) یە، لە کاتێکدا عومرەی تێدا نیە؟! ئەویش فەرموی: ئەی عورەی! دەیکەواتە پرسیار لە دایکت بکە. ئەویش وتی: خۆ ئەبوبەکرو عومەر شتی وایان نەوتوە، وە ئەوان زۆر شارەزاترن لەتۆ دەربارەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە لەتۆ زیاتر شوێنی دەکەون. ئەویش فەرموی: **ئا لێرەوە بۆتان دێن!**

**ئێمەوتەی پێغەمبەری خواتان (ﷺ) بۆ دەهێنین، ئێوەش وتەی ئەبوبەكرو عومەر؟!** – وە لە ڕیوایەتێكی تردا –: **ئەو دوانە – دایك ڕۆڵە ڕۆت بۆ بكات!– لە پێشترن لەلات یان ئەوەی كە لە كتابەكەی خوادایە، وە ئەوەش كە پێغەمبەری خوا بە سونەت گێڕاویەتی بۆ هاوەڵەكانی و ئوممەتەكەی –**).

وە لە ڕیوایەتێكی تردا: (**وایدەبینم تیا دەچن، ئەڵێم: پێغەمبەر (ﷺ) وا دەفەرموێت، كەچی دەڵێت: ئەبوبەكرو عومەر قەدەغەیان كردوە!!**)[1].

شێخ **عبدالرحمن كوڕی حەسەن** ڕەحمەتی خوای لێبێت دوابەدوای ئەم ئەثەرە دەفەرموێت: (**وەوتەكەی ئیبن عەبباس ئەوەی تێدایە كە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەركەسێك بەڵگەی پێگەیشت وەوەری نەگرت بە هۆی چاولێكردنی ئیمامەكەی، ئەوە پێویستە بە توندی ئیدانە بكرێت لەبەرئەوەی موخالەفەی بەڵگەی كردوە**)[2].

هەروەها فەرمویەتی: (**لە ڕاستیدا ئەم كارە ناشیرینەوەك بەلایەك بەربڵاوە، بەتایبەت لەلایەن ئەوكەسانەی كە خۆیان ئەدەنە پاڵ زانست، چەندەها فێڵ و**

---

[1] رواه إسحاق بن راهوية في المطالب العالية (١٣٠٦– الوطن)، و ابن أبي شيبة (١٠٣\٤)، و من طريقه الطبراني (٩٢\٢٤)، و رواه أحمد (٢٥٢,٣٢٣,٣٣٧\١)، و الطبراني أيضا (٩٢\٢٤)، وفي الاوسط (٤٢\١)، و الخطيب في الفقه و المتفقه (٣٧٩,٣٨٠)، وابن عبدالبر في جامعه (٢٣٧٨)، و (٢٣٨١) و صححه ابن حجر في المطالب، و حسنه الهيثمي في المجمع (٢٣٤\٣)، و ابن مفلح في الاداب الشرعية (٦٦\٢).

[2] فتح المجيد شرح كتاب التوحيد (ص ٣٣٨).

تەڵەیان داناوە بۆ ڕێگری كردن لەوەرگرتنی قورئان و سوننەت، وە ڕێگریان كرد لە شوێن كەوتنی پێغەمبەر (ﷺ) و وە بەگەورە زانینی فەرمانەكانی و نەهیەكانی, وە لەو فێڵانەیان ئەو قسەیانە:

(كەس بەڵگە بە قورئان و سوننەت ناهێنێتەوە تەنها موجتەهید نەبێت، وە ئیجتیهادیش بەهەمو شێوەیەك نەماوەو دابڕاوە)!.

وە دەڵێت: (ئەو كەسەی كە من چاولێكەری دەكەم لەتۆ زاناترە بە فەرمودەكانی و ئەو حوكمانەی كە هەڵوەشێنەرەوەن و ئەوانەش كە هەڵوەشاونەتەوە)!.

وە هاوشێوەی ئەوە لەو وتانەی كە ئامانجەكەی وازهێنانە لە شوێن كەوتنی ئەو پێغەمبەرەی (ﷺ) كە بە هەواو ئارەزوی خۆی قسە ناكات، وە پشت بەستن بە كەسێك كە دەگونجێ هەڵە بكات، لەگەڵ ئەوەی غەیری ئەو لە پێشەوایانی تر موخالەفەی دەكەن، وە رێگری دەكەن لەوتەكەی بە بەڵگە، وە هیچ پێشەوایەك نیە ئیللا ئەوەی كە پێیەتی هەندێكە لە زانست نەك هەموی، وە ئەوەی كە پێویستە لەسەر هەمو كەسێك (مكلف) كە ئەگەر هاتو بەڵگەی پێگەیشت لە قورئان و سوننەت، وە تێگەیشت لێی كە كردەوەی پێبكات، با پێچەوانەشی بكەن ئەوانەی كە پێچەوانەی دەكەن، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ اتَّبِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ ۗ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴾ الأعراف: ٣

واتە: شوێن ئەو قورئانە بکەون کە بۆتان دابەزیوە لەلایەن پەروەردگارتانەوە، ئەو پەروەردگارەی کە دەیەوێت پەروەردەکردنتان تەواو بکات هەربۆیە ئەو پەیامەی بۆناردون کە ئەگەر شوێنی بکەون پەروەردەتان تەواو دەبێت و وە نیعمەتەکانی تەواو دەڕژێنێت بەسەرتانداو ڕێنمومایتان دەکات بۆ چاکترین و بەرزترین خوڕەوشت و کردار، وە شوێن هەواو ئارەزوی خەڵکانی تر مەکەون و دۆستایەتیان مەکەن وە لەبەر خاتری ئەوان واز لە حەق بهێنن، وە ئەگەر بیرتان بکردایەتەوەو بەرژەوەندی خۆتان بزانیایە، ئەوا زەرەرتان بەسەر سوددا هەڵنەدەبژارد، وە دوژمنتان بەسەر دۆستا هەڵنەدەبژارد.

وە دەفەرموێت: ﴿ أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَىٰ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴾ العنكبوت: ٥١

واتە: ئایا بەسیان نیە ئەو بێباوەڕانە کە چاك دەزانن و دڵنیان لە ڕاستگۆی تۆ، وە لە ڕاستی ئەو قورئانەی کە بۆت هێناون، لە کاتێکدا کە بۆیان دەخوێنرێتەوە، چونکە دەزانن کە ئەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارە (ﷺ)، وە هاتنی ئەو قورئانەو ناردنی بەودا گەورە ترین بەڵگەیە لەسەر ڕاستێتی ئەو قورئانە، وە پاشان نەتوانینیان لەبەرامبەر بەربەرەکانە کردنی بەڵگەیەکی ترە، وە پاشان دەرکەوتنی و ئاشکرابونی

و وە ڕاگەیاندنی لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) لە كاتێكدا كە پشتیوانی كەم بو وە دوژمنانی زۆر بون، وە ئەو شتانە هیچ لە گڕوتینی كەم نەكردەوە بەڵكو لەبەرچاوی هەموویاندا بانگەوازی بۆ دەكردوە دەیوت ئەمەوتەی پەروەردگارمە، وە كەس نەیتوانی بەرپەرچی بداتەوەو یان وتەیەك بهێنێت كەوەكو ئەو بێت، وە دەست گرتنی بەسەر هەمو پەیامەكانی پێش خۆی و دانان بەوشتانەی كە ڕاست بوە تێیانداو بە درۆ خستنەوەی ئەو شتانەی كە زیاد كرابون و دەستكاری كرابون تێیاندا، هەروەها ڕێنمونی ئەو قورئانە بۆ ڕێگەی ڕاست، لە فەرمانەكانی و نەهیەكانی، دەبینی فەرمانی بە شتێك نەكردوە كە عەقڵ بڵێت: خۆزگە فەرمانی پێنەكردایە، وە قەدەغەی شتێكی نەكردوە كە عەقڵ بڵێت: خۆزگە قەدەغەی نەكردایە، بەڵكو هەمو حوكمەكانی پڕبەپڕی دادپەروەری و هاوسەنگیە، وە بەسە بۆ كەسێك كە حەقی بوێت، چونكە بە ڕاستی ئەم قورئانە ڕەحمەت و بەزەی و یادخستنەوەیە بۆ ئەوانەی كە باوەڕیان هێناوە.

**وە پێشتر باسی كۆدەنگی كرا لەسەر ئەوە، وە باسی ئەوە كرا كە كەسی چاو لێكەر (مقلد) لە ئەهلی عیلم نیە، وە هەروەها ئەبو عومەری كوڕی عبدالبرو جگە لەویش باسی كۆدەنگیان كردوە لەسەر ئەوە)**[1].

---

[1] فتح المجيد شرح كتاب التوحيد (ص ٣٣٩-٣٤٠).

وە بەگەورەزانینی سوننەت گەشتبوە ئاستێك لەلای پێشینی چاكمان كە ئەوان كە سێك فەرمودەیەكی پێغەمبەری (ﷺ) ڕەت بكردایەتەوە دەیاندایە پێش شمشێر، هەروەك **شافیعی** كاتێ كە شكاتی كرد لە بیشری مریسی لە لای قازی ئەبی ئەلبەختەری، وە فەرموی ڕەحمەتی خوای لێبێت: (**وتووێژم كرد لەگەڵ مریسی دەربارەی تیروپشك[1]، ئەویش وتی – واتە مریسی: ئەی باوكی عبداللە، ئەوە قومارە ! ! منیش بردم بۆلای ئەبا ئەلبەختەری وە پێم وت: گوێم لە مریسی بو دەیوت: تیروپشك قومارە ! ئەویش وتی: ئەی باوكی عبداللە، شایەتێكی تر بهێنە دەیكوژم**).

وە لە ڕیوایەتێكی تردا: **شایەتێكی ترو بەرزی دەكەمەوە لەسەر تەختەو لە خاچی دەدەم**)[2].

---

[1] مەبەستی ئەو فەرمودەیەیە كە عیمرانی كوڕی حوصەین ڕیوایەتی كردوە: (كە پیاوێك شەش بەندەی ئازاد كرد لە كاتی سەرەمەرگیدا، وە هیچ سامانێكی تری نەبو جگە لەوان، هەربۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی كردن وە كردنی بە سێ بەشەوە، پاشان تیروپشكی بۆكردن، دوانیانی ئازاد كرد، وە چواریانی كردەوە بە كۆیلە، وە زۆر بە توندی سەرزەنشتی ئەو پیاوەی كرد). رواه مسلم (١٦٦٨).

[2] رواه الخلال في السنة (١٧٣٥)، و الخطيب في تاريخه (٦٠١٧)، و إسناده صحيح.

# بنچینەی سێیەم

## شوێن کەوتنی قورئان و سوننەت

## بە تێگەیشتنی پێشینی چاك

# بنەمای سێیەم

## شوێن کەوتنی قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی پێشینی چاك

بگەڕێرەوە بۆ الاعتصام للشاطبي (٢\٢٥٢).

ئەوەی کەوا ناکۆکی تێدا نیە لەنێوان موسوڵمانانا لەکۆن و تازەدا ئەوەیە کە ئەو ڕێگایەی خوای گەورە پێی ڕازیە بۆ ئێمە بریتیە لە ڕێگای قورئان و سوننەت، وە هەمو شتێك بۆلای ئەو ڕێگایە دەگێڕنەوەوە دەستپێکیشان هەر لەو ڕێگەیەوەیە، ئەگەر جیاوازیش بن لەڕوەکانی هێنانەوەیان بە بەڵگەواتە قورئان و سوننەت.

وە خوای گەورەش زەمانەتی بەردەوامی و دامەزراوەی بۆ ئەو کەسە کردوە کە شوێن قورئانی پیرۆز دەکەوێت هەربۆیە لەسەر زوبانی جنۆکە باوەڕدارەکانەوە فەرمویەتی: ﴿ قَالُواْ يَٰقَوْمَنَآ إِنَّا سَمِعْنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِيٓ إِلَى ٱلْحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾ الأحقاف: ٣٠

واتە: ئەی گەلەکەمان ئێمە گوێمان لە پەیام و قورئانێك بو کە لەدوای موسا سەلامی خوای لەسەربێت هاتۆتە خوارەوە کە هەموو ئەو پەیامانەی کە پێش ئەم هاتونەتە خوارەوە بەڕاستی دەزانێت و دڵنییای لەسەر دەکاتەوەوە ئەو قورئانە ڕێنمونی هەمو مرۆڤایەتی دەکات بۆ ڕاستی و ڕێگایەکی ڕاست و ڕەوان.

هـەروەك چـۆن زەمانـەتی ئەوانـە دەكـات كـە شـوێن پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەكەون، كە خوای گەورە پێی دەفەرموێت: ﴿ وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴾ الشورى: ٥٢

واته: بەڕاستی ئەو بەرنامەیەی كە بۆتۆمان ناردوەتەوە خوارەوە ڕێنمونی دەكات بۆ ڕێگایەكی ڕاست و دروست.

بەڵام ئەوەی كەوای لە گروپـە ئیسـلامیەكان كـردوە لـە ڕێگـای ڕاسـت لابـدەن ئەوەیە كە كۆڵەكەی سێیەمیان لەبیر كـردوە كـە لـە هـەردو وەحیەكـەدا ئامـاژەی پێدراوە، ئەویش بریتیە لە تێگەیشتنی پێشینی چاك بۆ قورئان و سوننەت.

وە بە ڕاستی سورەتی فاتیحە زۆر بەڕونی هەرسێ بنچینەكەی لەخۆ گرتوە:

كە دەفەرموێت: ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴾ الفاتحة: ٦

واته: خوایە گیان ڕێنمونیمان بكەیت بۆ ڕێگای ڕاست.

كە هەردوو بنچینەی قورئان و سوننەت دەگرێتـەوە، هـەروەك پێشـتر باسمـان كرد.

وە كە دەفەرموێت: ﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ ﴾ الفاتحة: ٧

واته: ڕێگای ئەوانەی كەوا نیعمەت و بەخشینەكانی خۆتت پێداون.

وە ئەوە تێگەیشتنی پێشین دەگرێتەوە بۆ ئەو ڕێگایە، لەگەڵ ئەوەی كە هیچ كەسێك گومانی نیە لەوەدا كە هەركەسێك دەست بگرێت بە قورئان و سوننەتەوە ئەوە بەڕاستی هیدایەت دراوە بۆ ڕێگای ڕاست، تەنها ئەوە نەبێت كە تێگەیشتنی خەڵكی بۆ قورئان و سوننەت هەندێكی ڕاستەو هەندێكیشی هەڵەیە، كە ئەوەش پێویستی بە بنچینەیەكی سێیەم هەیە بۆ لابردنی ئەو خیلاف و بیروڕا جیاوازانە، ئەویش بریتیە لە گرێدانی تێگەیشتنی ئەوانەی كەوا پاشینەن بە تێگەیشتنی ئەوانەی كەوا پێشینەن.

**ئیبن قەیم** دەفەرموێت: (**ورد بەرەوە لە نهێنیەكی جوان لە باس كردنی هۆكارو پاداشت بۆ ئەو سێ تاقمە بە كورترین و پوخت ترین دەربڕین، لەبەرئەوەی نیعمەت پێبەخشینیان بەستراوەتەوە بەو هیدایەتەوە كە بریتیە لە زانستی بەسودو كردەوەی چاك**)[1].

وە دەفەرموێت: (**وە هەركەسێك زیاتر حەق بناسێت و شوێنی بكەوێت ئەوا ئەو كەسە نزیكترە لە ڕێگای ڕاست، وە هیچ گومانیشی تێدا نیە كە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) ڕەزای خوایان لەسەر بێت ئەوان لەپێشترن بۆ ئەم وەصفەوەك**

---

[1] مدارج السالكين (١\١٣).

**لە ڕافیزەکان... هەربۆیە پێشین لێکدانەوەی (ڕێگـای ڕاسـت و ئەهلەکـەیان) بـە ئەبو بەکرو عومەرو هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێکداوەتەوە...)**[1].

وە ئەمەش دەقێکە لەوەوە ڕەحمەتی خوای لێبێت لەسەر ئەوەی کە باشترین کەسانێك کـە خـوای گـەورە فـەزڵ و نیعمـەتی زۆری پێبەخشـیون لـە زانسـت و کـردەوەی چـاك هـاوەڵانی پێغەمبـەرن (ﷺ)، چـونکە ئـەوان ئامـادەی دابـەزینی قورئان بون، وە ئاگاداری سوننەت و ڕێنمونیـەکانی پێغەمبـەر (ﷺ) بـون و تێـی گەیشـتبون و بـەجوانی لێکیـان دەدایـەوە، هـەروەك **ئـیبن مەسـعود** ڕەزای خـوای لێبێت دەفەرموێت: (**هەرکەسێك لەئێوە کە دەیەوێت شوێن کەسێك بکەوێت ئـەوا با شوێن ئەوانە بکەوێت کە مردوون، چـونکە کەسـی زینـدوو لـە فیتنـە پـارێزراو نابێـت, وە ئەوانــە هــاوەڵی موحەممــەدن (ﷺ)، وە ئەوانــە باشــترینی ئــەم ئوممەتـەن, وە خـاوەنی باشـترین دڵـن، وە بەسـود تـرین زانسـتیان پێبـوە، وە کەمترین داواکاریان هەبوە، ئەوانە گـەلێك بـون خـوای گـەورە هـەڵی بـژاردن بـۆ هاوەڵایەتی کردنی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و سەرخسـتنی ئاینەکـەی، بۆیـە ڕێـزو گەورەی ئەوانتان لەبەر چاو بێت، وە شوێن ڕێبازی ئەوان بکەون، وە ئەوندەی کە**

---

[1] مدارج السالكين (١\٧٢-٧٣)، وقد صح هذا التفسير موقوفا على أبي العاليةو الحسن، ذكره ابن حبان في الثقات (٦\٢٩٩) تعليقا، و وصله ابن نصر في السنة (٢٧)، و ابن جرير في تفسيره (١٨٤)، و ابن أبي حاتم في تفسيره (١\٢١-٢٢)، و الحاكم (٢\٢٥٩)، و صححه هو و الذهبي.

وە بڕوانە: الإمامة و الرد على الرافضة لأبي نعيم (٧٣)، فقد ورد فيه مثله عن ابن مسعود رضي الله عنه.

دەتوانن دەست بگرن بە ڕەوشت و ئاینی ئەوانەوە، چونكە بەڕاستی ئەوان لەسەر ڕێگایەكی ڕاست بون)[1].

وە هەروەها دەفەرموێت: (خوای گەورە سەیری دڵی بەندەكانی كرد دڵی موحەممەدی (ﷺ) بە باشترین دڵ بینی، هەربۆیە هەڵیبژارد بۆخۆی و پەیامەكەی خۆی پێدا نارد، پاشان تەماشای دڵی بەندەكانی كرد لەدوای دڵی موحەمەد (ﷺ) دڵی هاوەڵاّكانی بە باشترین دڵ بینی، هەربۆیە كردنی بەوەزیرو یاریدەدەری پێغەمبەرەكەی (ﷺ)، ئەوان لە پێناو ئاینەكەیدا دەجەنگان، وە هەر شتێك كە موسوڵمانان بە باشی دابنێن ئەوا لەلای خوای گەورەش باشە، وە هەر شتێك بەخراپ دایبنێن ئەوا لەلای خوای گەورەش خراپە)[2].

وە ئەو موسوڵمانانەش كە ئیبن مەسعود مەبەستنی بریتین لە هاوەڵاّن ڕەزای خوایان لەسەر بێت.

[1] أخرجه بنحوه ابن عبدالبر في جامع البيان (٩٧\٢)و رواه أبو نعيم في الحلية عن ابن عمر (٣٠٥\١).

[2] رواه أحمد (٣٧٩\١)، و غيره وهو حسن.

**ئیمامی ئەحمەد** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**بنچینەی سوننەت لەلای ئێمە بریتیە لە دەست گرتن بەو بەرنامەیەی کە هاوەڵانی پێغەمبەری (ﷺ) لەسەربوەوە هەروەها شوێنکەوتنیان تێیدا**)[1].

وە هەرکەسێکیش ڕەزامەندی خوای بەدەست هێنابێت لەدوای ئەوان ئەوا بەهۆی شوێن کەوتنی ئەوانەوەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلسَّـٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَـٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَـٰنٍ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ﴾ التوبة: ١٠٠ [2]

(**والسابقون الأولون**) ئەوانەن کە پێش ئەم ئوممەتە کەوتن وە دەست پێش خەریان کردووە لە ئیمان هێنان و کۆچ کردن لەبەر خوا بۆ مەدینە، هەروەها تێکۆشاون و بەردەوام لەسەر ئەو ئاینە بوون کە خوای گەورە ناردوویەتی یە خوارەوە کە ئاینی ئیسلامە. (**من المهاجرين**) ئەوانەن کە دەرکران لە ناو ماڵ و سامانیان وە بەتەمای پاداشتی خوای گەورە بوون و ڕەزامەندی ئەویان دەویست وە مەبەستییان سەرخستنی دینی هەڵبژێری خواو پاشان پێغەمبەرەکەی بووە (ﷺ).

---

[1] رواه اللالكائي في شرح أصول اعتقاد اهل السنة (٣١٧)، و ابن الجوزي في مناقب أحمد (ص: ٢٣) في كلام طويل، وساق الخلال إسناده في السنة (١٦٨)، و اختصره.

[2] وە بڕوانە: تخريج استدلال مالك بهذه الاية في إعلام الموقعين لابن القيم (٤\٩٤–٩٥).

بەڕاستی ئەوانە ڕاستگۆن (**والأنصار**) وە لە پشتیوانان كە ئیمانیان هێناو لە دڵ و دەروونییان و ماڵەكانیاندا جێگیربوو، وە ئەو كۆچ كردوانەیان خۆش دەویست كە دەهاتن بۆ لایان وەپێش خۆیانیان دەخستن ئەگەر لە شتێكیشدا بوایە كە تایبەتی خۆیان بووایە. (**والذين إتبعوهم بإحسان**) ئەوانەش كە بەچاكی شوێن كەوتەی ئەوانن لە بیرو باوەڕو گووتارو كردەوەدا چونكە ئەو پێشینە چاكە لە هەموو زەم كردنیك ڕزگاریان بووەو ئەوپەڕی ستایش كراون و باشترین ڕێزیان لێ گیراوە لە لایەن خوای میهرەبانەوە. (**رضي الله عنهم**) خوای گەورە ڕازی بووە لێیان وە ئەوەش گەورەترین نیعمەتە لە بەهەشت دا.

(**ورضوا عنه**) ئەوانیش بەو بەشە ڕازین كە خوا پێی بەخشیون.

وە دیاری كردنی ماوەی سەردەمی پێشین هاتوە ئەو پێشینەی كە ڕەوا نیە سەرپێچی بكرێن ئەویش بە داهێنانی جۆرە تێگەیشتنێك كە ئەوان ئەو تێگەیشتنەیان نەبوبێت، وەك لە فەرمودەكەی **ئیبن مەسعود** كە دەفەرموێت: **پێغەمبەری خوا** (ﷺ) فەرمویەتی: (**باشترینی خەڵكی خەڵكی ئەم سەردەمەی منن، پاشان ئەوانەی كە لەدوای ئەمان دێن، وە پاشان ئەوانەی كە لەدوای ئەمانیشەوە دێن، وە پاشان خەڵكانێك دێن كە شایەتی دانەكەیان پێش سوێند**

**خواردنەکـەیان دەکـەوێت، وە سوێندەکەشـیان پـێش شـایەتی دانەکـەیان دەکەوێت)**[1]. متفق علیه[2].

وە **ئیمام عبدالحمید بن بادیس** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفـەرموێت: (ئیسلام ئەوەیە کە لـە قورئـانی پـیرۆزو سوننەتی پێغەمبەردایە (ﷺ) وە ئـەوەش کـەوا پێشینەکانی لەسەری بوون لە ئـەهلی ئـەو سێ سـەدەیەی کـە شـاهێدی باشـی و چاکەیان بۆ دراوە لەسەر زوبانی ئەو کەسەی کە ڕاستگۆیەو بە ڕاستگۆ دانـراوە)[3]. وە بۆ ئەم بنچینەیەش تێڕوانین و بەڵگە هەیە لە قورئان و سوننەت، لەوانە: خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ﴾ النساء: ١١٥

واتە: هەرکەسێك سەرپێچی پێغەمبەر (ﷺ) بکات و دژایەتی ئـەو دینـە بکـات کە هێناویەتی لـەدوای ئـەوەی کـە بەڵگـەکانی بـۆ ڕوون کرایـەوە لـە قورئـان و سوننەت، وە شوێن ڕێبازی غەیری موسوڵمانان کەوت، ئەوا دەیدەینە دەسـت ئـەو ڕێبازو بەرنامەیەی کە خۆی هەڵیبژاردوەوە لـە سەرئەنجامیشدا بەهۆی ئەو لادانەیەوە

---

[1] وە هەرکەسێك بەگومانە لە ژمارەی سەدەکان با بگەڕێتەوە بۆ کتابی الصحیحة للألباني رقم (٧٠٠).

[2] البخاري (٢٦٥٢)، و مسلم (٢٥٣٣).

[3] اثار الامام عبدالحمید بن بادیس (٥\٧٣).

دەیخەینە ناو ئاگری دۆزەخەوەو سزای دەدەین، وە دۆزەخیش خراپ ترین شوێنە کە چاوەڕێی ئەوان دەکات و چارەنوسی ئەوانی بۆ دەگەڕێتەوە.

وە شاهید لێرەدا بریتیە لە گرێدانی دورکەوتنەوە لە ڕێبازی موسوڵمانان لەگەڵ سەرپێچی کردنی پێغەمبەر (ﷺ) بەیەکەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو هەڕەشە توندە جێبەجێ ببێت، لەگەڵ ئەوەی کە سەرپێچی کردنی پێغەمبەر (ﷺ) بەتەنها بەسە بۆ ئەو هەڕەشەیە هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَشَآقُّوا۟ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْهُدَىٰ لَن يَضُرُّوا۟ ٱللَّهَ شَيْـًٔا وَسَيُحْبِطُ أَعْمَـٰلَهُمْ ﴾ محمد: ٣٢ [١]

واتە: ئەوانەی کە بێباوەڕیان هەڵبژاردو وە خۆیان و خەڵکانی تریان بەرەو بێباوەڕی برد ئەویش بەهۆی ڕێگریان لە ڕێبازەکەی خوای گەورە بە لاشەو ماڵ و سامان وە دژایەتی پێغەمبەریان (ﷺ) کردو سەرپێچیان کرد لەدوای ئەوەی کە هەمو بەڵگەو ئایەتەکانیان بۆ ڕون کرایەوە ئائەوانە با باش بزانن بەو کارەیان هیچ زیانێکیان بە خوا نەگەیاندوە چونکە خوای گەورە بێپێویستە لە هەمو دروستکراوەکانی، وە هەمو ئەو پەرستن و کارانەی کە ئەنجامی دەدەن بۆ غەیری خوا هیچی لەلای خوا قەبوڵ نیەوە هەموی پوچەڵە.

---

[١] بڕوانە: مجموع فتاوى لابن تيمية (١٩\١٩٤).

وە هەروەها عەبدولاَی كوڕی لوحەی لە موعاویەی كوڕی ئەبو سوفیانەوە دەگێڕێتەوە كەوا لەناوماندا هەڵساو وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەڵسا لەناومانداو فەرموی: (**وریابن وە چاك بزانن كە ئەوانەی پێش ئێوە لە ئەهلی كیتاب بوون بە حەفتاو دوو تاقمەوە، وە ئەم گەلەش دەبێت بە حەفتاو سێ تاقم، حەفتاو دوویان بۆ ناو ئاگرن، وە یەكێكیشیان بۆ ناو بەهەشتە، كە ئەویش (الجماعە) یەواتە**: ئەوانەی كە پەیوەستن بە قورئان و سوننەتەوە بە تێگەیشتنی هاوەڵان )[1].

وە شاهید لێرەدا ئەوەیە كەوا كۆمەڵی ڕزگاربوی بە (**جەماعە**) وەصف كرد، وە خۆلادان لە دانە پاڵیان بۆلای قورئان و سوننەت، لەگەڵ ئەوەشدا كە بەهیچ شێوەیەك ئەوان لەم دوانە دەرناچن، وە نهێنی ئەمەش لەوانەیەوریاییەك بێت لەسەر (**جەماعە**) كە بەتەواوی لە قورئان و سوننەت گەیشتون، وە هەروەها كردەوەی پێدەكەن بەوشێوەیەی كەوا خواو پێغەمبەر (ﷺ) دەیانەوێت، وە ئەو كاتەش هیچ كۆمەڵێك نەبون تەنها هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) نەبێت، وە هەربۆیەشە زانایان لەفزێكی تری ئەم فەرمودەیەیان بە صەحیح داناوە كە حاكم و غەیری ئەویش ڕیوایەتیان كردوە كە پێغەمبەر (ﷺ) وەصفی كۆمەڵی ڕزگاربوی

[1] رواه ابوداودوغیره وهو صحیح، وقد تقدم.

کردوەو فەرمویەتی: (**ئەوانەن کەوا لەسەر ئەو مەنهەج و ڕێبازەن کەمن و هاوەڵانمی لەسەرن**).

وە هەروەها **عیرباضی کوڕی ساریە** دەفەرموێت: (**پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامۆژگاری کردین ئامۆژگاریەکی زۆر کاریگەر، بەهۆیەوە فرمێسك بەچاوەکاندا هاتە خوارەوە، وە دڵەکانیشی ڕاچڵەکاند، ئنجا یەکێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): ئەوەوەکو ئامۆژگاری کەسێکە کە ماڵئاوای دەکات، بەچی ئامۆژگاریمان دەکەیت؟ ئەویش فەرموی: ئامۆژگاریتان دەکەم بەوەی کە لەخوا بترسن، وە ئامۆژگاریتان دەکەم بە گوێڕایەڵی و ملکەچی نواندن، ئەگەر بۆ بەندەیەکی حەبەشیش بوو، چونکە بەڕاستی هەرکەسێك لەدوای من بژی ئەوا دوبەرەکی و جیاوازی زۆر دەبینێت، بۆیە فەرمانتان پێدەکەم کە دەست بگرن بە سونەتی منەوە، وە هەروەها دەست بگرن بە سوننەتی هاوەڵە هیدایەت دراوەکانەوە، وە پەیوەست بن پێیانەوە بە کاکیلەکانتان توند دانی پێدا بنێن، وەوریابن و خۆتان بپارێزن لە شتە داهێنراوەکان، چونکە بەڕاستی هەمو تازە داهێنراوێك بیدعەیە، وە هەمو بیدعەیەکیش گومڕاییە**)[١].

وە شاهێد لێرەدا بریتیە لە کۆکردنەوەی شوێن کەوتنی سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) و سوننەتی جێنیشینە هیدایەت دراوەکانی[٢]، پاشان وردبەرەوە کە چۆن

---

[١] رواه ابوداودو غیره، وهو صحیح، وقد تقدم.

[٢]کە ئیبن قودامە ڕەحمەتی خوای لێبێت لە (لمعة الاعتقاد) دا ئاماژەی پێداوە (بە ژمارە ٦– البدر).

پێغەمبەر (ﷺ) وتەکەی خۆی کرد بە ئامۆژگاری بۆ ئوممەتەکەی لەدوای خۆی تا فێری ڕاستگۆی ووتەکانیان بن لە ڕەسەنایەتی ئەم مەنهەجەدا، پاشان ورد بەرەوە کەوا چۆن بەرەنگاری ناکۆکی و جیاوازی بوەتەوە بە پەیوەست بون بەو مەنهەجەوە بۆ فێربونی ئەو بنچینەی کەوا (تێگەیشتنی پێشینی چاك) **هۆکاری** ڕزگار بونە لە پەرتەوازەی و تەفرەقە.

**شاطبي** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (هەروەك دەبینی — پێغەمبەر (ﷺ) سوننەتی جێنشینە ڕێنمونیکراوەکانی بەستەوە بە سوننەتی خۆیەوە، وە لە شوێن کەوتنی ئەو شوێن کەوتنی سوننەتی ئەوانە، وە شتی تازە داهێنراویش پێچەوانەی ئەمەیە، لە هیچ شتێکدا لەو نیە، چونکە ئەوەی ئەوان ڕەزای خوایان لێبێت کردویانە بە سوننەت و لەسەری ڕۆشتون: یان شوێن کەوتن بوە بۆ سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)، وە یان شوێن کەوتن بوە بۆ ئەو شتەی کە ئەوان لێی تێگەیشتون لە سوننەتەکەیدا (ﷺ) لەوردو درشتی بە شێوەیەك کەلای غەیری ئەوان شاراوە بووە، وە ئەوەش لەمە زیاتر نیە)[1].

وە هەموو ئەم دەقانەم هێناون و کردومن بە بەڵگە لەسەر ڕەسەنێتی ئەو بوارەی کەویستومە باسی بکەم، چونکە بۆم دەرکەوت کە **ئیبن ئەبی ئەل عیز** لە

[1] الإعتصام (١\١٠٤).

شەرحی ئەو وتەیەی طه حاوی ئـەوەی لاداوە کـە دەڵێـت: **(وە شـوێن سـوننەت و جەماعە دەکەوین، وە دوردەکەوینەوە لە دوبەرەکی و جیاوازی و نامۆی)**[1].

**جێبەجیٚ کردن:**

لەبەر پێویستی پابەند بـون بـە تێگەیشـتنی قورئـان بـەهۆی سـوننەتەوە، وە هـەروەها پابەنـد بـون بـە تێگەیشـتنی قوررئـان و سـوننەت بـەو شـێوەیەی کـەوا پێشینە چاکەکان لەسەری بـون، لێـرەدا بەسـەرهاتێك دەهێنمـەوە کـە لـە ڕۆژانـی مەینـەتی ئیمـام ئەحمـەد ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت ڕویـداوە، بـۆ ئـەوەی هـەردو مەبەستەکە ڕون بکاتەوە لەیەك کاتدا.

**ئاجوری** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (پێم ڕاگەیەنراوە لە – المهدی – یەوە ڕەحمەتی خوای لێبێت کەوتویەتی: باوکم لە کەسی نەداوە – واتە: الواثـق– تەنها لە مامۆسـتایەك نـەبێت کـە لـە – مصیصـە – وە هێنرابـو، وە ماوەیـەك لـە بەندینخانە مابویەوە، پاشان ڕۆژێك باوکم بیری کەوتەوەو وتـی: ئـەو مامۆسـتایەم بۆ بهێنن، هێنایان کـە دەسـت و پێوەنـد کرابـو، کاتێـك لەبـەر دەستیداوەسـتێنرا سلاٚوی لیٚ کرد، بەلاٚم ئەو وەلاٚمی سلاٚوەکەی نەدایەوە.

---

[1] (ص ٣٨٢-٣٨٣) ط. المكتب الاسلامي.

مامۆستاکەش پێی وت: ئەی پێشەوای باوەڕداران! تۆ ئەدەبی خوای گەورەت لەگەڵدا بەکار نەهێنام، وە هەروەها ئەدەبی پێغەمبەریش (ﷺ)، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا۟ بِأَحْسَنَ مِنْهَآ أَوْ رُدُّوهَآ ﴾النساء: ٨٦

واتە: ئەگەر سڵاوتان لێکرا ئەوا بە جوانترین شێوەوەڵامی سڵاوەکە بدەنەوە یان هەروەکو خۆی وەڵامی بدەنەوە.

وە هەروەها پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی کردوە بەوەڵامدانەوەی سەلام!!

ئەویش پێی وت: وعليك سلام. پاشان بە (ابن ابي دؤاد)ی وت: پرسیاری لێ بکە, ئەویش وتی: ئەی پێشەوای باوەڕداران! من دەست بەسەرو بەندکراوم، لە بەندینخانەدا بە تەیەموم نوێژ دەکەم، وە ئاوم لێ قەدەغە کراوەو پێم نادەن، فەرمان بکە کۆت و زنجیرەکەم بکرێنەوە، وە فەرمان بکە ئاوم بدەنێ خۆم پاك بکەمەوەو نوێژ بکەم، پاشان پرسیارم لێ بکە.

وتی: فەرمانی کردو بەندەکانی کرانەوە، وە فەرمانی کرد کە ئاوی بدەنێ، دەست نوێژی گرت و نوێژی کرد، پاشان بە (ابن ابي دؤاد)ی وت: پرسیاری لێ بکە.

ئنجا مامۆستاکەوتی: پرسیارکردن بۆ منە، فەرمانی پێبکە کەوەڵامم بداتەوە، ئەویش وتی: پرسیار بکە، مامۆستاکە ڕوی لە (ابن أبي دؤاد) کردو پرسیاری لێ

كردو وتی: هەواڵم بدەرێ دەربارەی ئەو شتەی كە خەڵكی بۆ لا بانگ دەكەی، ئایا ئەم شتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەڵكی بۆ بانگ كردوە؟

وتی: نەخێر!

وتی: ئەی ئەو شتە ئەبوبەكری صدیق ڕەزای خوای لێبێت لەدوای ئەو خەڵكی بۆ بانگ كردوە؟

وتی: نەخێر!

ئەی ئایا شتێكە كە عومەری كوڕی خەتتاب ڕەزای خوای لێبێت بانگەوازی بۆ كردوە لەدوای ئەوان؟

وتی: نەخێر!

مامۆستاكەوتی: ئەی ئەو شتە عوسمانی كوڕی عەففان ڕەزای خوای لێبێت بانگەوازی بۆ كردوە لەدوای ئەوان؟

وتی نەخێر!

وتی: ئەی ئەو شتە عەلی كوڕی ئەبو تالیب ڕەزای خوای لێبێت بانگەوازی بۆ كردوە لەدوای ئەوان؟

وتی: نەخێر!

مامۆستاکەوتی: کەواتە شتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگەوازی بۆ نەکردبێت، وە ئەبوبەکر، وە نە عومەر، وە نە عوسمان، وە نە عەلی – ڕەزای خوایان لێبێت– بانگەوازیان بۆ نەکردوە تۆ خەڵکی بۆ بانگ دەکەیت؟! ئەمەش لەوە زیاتر نیە کە بڵێین: **زانیویانە یان نەیانزانیوە.**

ئەگەر بڵێیت: زانیویانە بەلاَم بێدەنگ بون لەسەری، چۆن ئەوان کە زانیویانەو دروست بوە بێ دەنگ بن لەسەری بەهەمان شێوەش بێ دەنگ بون بۆ ئێمە دروستە لەسەری,

**وە ئەگەر بڵێیت**: ئەوان نەیان زانیوەو من زانیومە، ئەی ناپاکی کوڕی ناپاك! پێغەمبەر (ﷺ) و جێنشینە ڕێنوما کراوەکان شتێکیان نەزانیبێت تۆو هاوەلاَنت دەیزانن؟!

موهتەدی وتی: باوکم بینی هەڵساو سەرسام بو، وە جلەکانی بەدەمیەوە ناو پێ دەکەنی، پاشان وتی: ڕاست دەکات، لەوە زیاتر نیە کەتۆ بڵێیت: نەیان زانیوە یان زانیویانە.

ئەگەر بڵێین: زانیویانەو بێ دەنگ بون لەسەری. ئەوە بێ دەنگ بونمان بەسەوەك ئەوان بێ دەنگ بون.

وە ئەگەر بڵێین: ئەوان نەیانزانیوەو تۆ زانیوتە. ئەی ناپاکی کوڕی ناپاك!

پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی – ڕەزای خوایان لێبێت – شتێکیان نەزانیوە تۆو هاوەڵانت زانیوتانە؟!

پاشان وتی: ئەی ئەحمەد! وتم: بەڵێ، وتی: مەبەستم تۆ نیە، بەڵکو مەبەستم (ئیبن ئەبی دؤاد)ە، هەڵسا بۆلای و وتی: شتێك بدە بەو مامۆستایە، وە دەری بکە لە شارەکەمان).

وە لە ڕیوایەتێکی تردا زەهەبی لە (السير) دا هێناویەتی (... **وە ئیبن ئەبی دؤادی لەبەرچاو کەوت، وە لەدوای ئەو کەسی تری تاقی نەکردەوە**).

وە لە ڕیوایەتێکی تردا: (**موهتەدی دەڵێ: وە بەهۆی ئەو وتووێژەوە من پەشیمان بومەوە لەو قسەیە، وە گومان دەبەم کە باوکیشم لەوکاتەوە گەڕابێتەوە**)[1].

لێرەدا دەڵێم: جوان ورد بەرەوە: ئەو مامۆستایە ئەم کارەی گەڕانەوە بۆ ژیاننامەی پێشینە چاکەکانمان و وە جیاوازی و ناکۆکیەکان ڕاستەوخۆ نەمان، وە

---

[1] قال الذهبي: (هذة القصة مليحة، وإن كان في طريقها من يجهل ولها شاهد) السير (١١\٣١٣).

قلت: وقد رواها الاجري في الشريعة بلاغا (١\٤٥٥)، ثم أسندها (رقم: ١٩٣)، وعنه ابن بطة في الابانة الرد على الجهمية (٤٥٢).

وأخرجها أيضا من طريق أخرى ابن بطة تحت الرقم السابق و (٤٥٣)، و الخطيب في تاريخ بغداد (٤\١٥١-١٥٢)، و (١٠\٧٥-٧٩)، وابن الجوزي في مناقب الامام أحمد (ص: ٤٧٥-٤٨٠)، و عبدالغني المقدسي في المحنة (ص: ١٦٩-١٧٤) و (١٦٧-١٦٩)، وابن قدامة في التوابين (ص: ٢١٠-٢١٥).

**هەروەها هۆكاری هیدایەت دانی** (واثق و موهتەدی) بون وەك لە بەسەرهاتەكەدا باس كرا، وە ئەمەش ڕێنیشان دەرتە لەسەر ئەوەی كە بەڕاستی ئەمە بنچینەیەكی ڕەسەنە، بۆیە پارێزگاری لێبكە!.

هەربۆیەشە تا ئێستاش زانایان وتەكەی پێشەوا **مالیكی كوڕی ئەنەس** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەهێننەوە كە دەڵێت: (**كۆتای ئەم كارە چاك نابێت تەنها بەوە نەبێت كە سەرەتاكەی پێ چاك بوە**). وە ئەم وتە گەورەیە مالیك وەری گرتوە لە مامۆستاكەیەوە**وەهبی كوڕی كەیسان**[1].

**وریاییەك:**

ئەگەر پێشینە چاكەكانمان لەشتێكدا جیاوازیان هەبوبێت ئەوا تەنها ڕێگا بۆ چارەسەر كردنی ئەو جیاوازیە بریتی بوە لە بەڵگەی قورئان و سوننەت، چونكە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا﴾ النساء: ٥٩

واتە: ئەگەر لە هەر شتێكدا كێشەو ناكۆكی كەوتە نێوانتانەوە ئەوا بۆ چارەسەر كردنی بگەڕێنەوە بۆلای خوای گەورە (قورئانی پیرۆز) و پێغەمبەر (ﷺ) (فەرمودە

---

[1] رواها الجوهري في مسند الموطأ (ق ١٣٨ ب)، من طريق إسماعيل بن أبي أويس، وابن عبدالبر في التمهيد (١٠\٢٣) من طريق أشهب بن عبدالعزيز، كلاهما عن مالك قال: (كان وهب بن كيسان يقعد إليناولا يقوم حتى يقول لنا: اعلموا...) وذكرها و إسنادها صحيح، ودونك هذا التكرار.

صەحیحەكانی)، ئەگەر بەڕاستی ئێوە باوەڕتـان بـەخواو بـە ڕۆژی دوای هەیـە، وە ئەمەش چاكترو باشترە بۆ ئێوە.

وەوشەی (**شئ**) لێرەدا نەناسـراوە (**نكـيرە**)يـەو لـە سـياقی مەرجـدا (**شـرط**)دا هاتوە، كە ئەمەش هەمو جیـاوازی و ناكۆكیـەك دەگرێتـەوە لـە بـوارە بنچینەی و لاوەكیەكاندا (الاصول و الفروع)، هەروەك مامۆستا محمد ئەمین شنقیطی ئامـاژەی پێداوە.[1]

وە هەروەها **ئیبن قـەیم** دەفـەرموێت: (**ئەگـەر لـە قورئـانی پـیرۆزو سوننەتی پێغەمبەردا (ﷺ) ڕونكردنەوەی ئەو شانەی تێدا نەبوایە كە جیاوازی و نـاكۆكی لەسەرەو ئەم دوانەش بەس نەبونایە، ئەوا فەرمانی نەدەكرد بە گەڕانەوە بـۆلای قورئان و سوننەت، چونكە نابێت و نەگونجاوە خـوای گـەورە فـەرمان بكـات بـە گەڕانەوە بۆلای شتێك لە كاتی دوبەرەكی و ناكۆكیدا لە كاتێكدا كە نەتوانێت ئەو جیاوازیە یەك لای بكاتەوەو نەیهێڵێت**)[2].

---

[1] أضواء البيان (١\٣٣٣).

[2] إعلام الموقعين (١\٤٩).

# بنچینەی چوارەم

## بەدەست هێنانی سەربەرزی بەهۆی زانستەوە

# بنەمای چوارەم

## بەدەست هێنانی سەربەرزی بە هۆی زانستەوە

ئـەم بەشـە لـە بـەنرخترین بەشـەکانی ئـەو شـەش بنەمایەیـە، لەبەرئـەوەی مەبەست لـەوە ڕونکردنـەوەی بنچینەی کردەوەیـە کـە پێویسـت دەکات بناغـەی هەمو تواناکانی لەسەر بنیات بنرێت، ئەگەر گەلێك گورجو گۆڵیەکی زۆر ببیـنن کـە هێزی کوفرو گومڕای تێیدا تێدەکۆشن، ئەوانیش واگومان دەبـەن سـەربەرزیان بـۆ دەگەڕێتـەوە تـەنها بـەوەی کـەوا بەرامبـەر ئـەو گورجـو گۆڵیـەیان بوەسـتن بـە لێبڕانێکی بەهێزتر لەوان، وە بەرامبەریان دەوەسـتنەوە بـە هـەر هۆکارێك کـە لـە تواناکانیانـدا بێـت و هـەیان بێـت، وە زۆر بـەخراپیش زانسـتی شـەرعی پشـت گـوێ دەخـەن! وە لـە ڕاستیشـدا هەرچـۆنێك خۆیـان ڕێـك بخـەن و پـلان دابنـێن و زۆر خۆیان گورجو گۆڵ بکەن و خۆیان بپارێزن لە فێڵی دوژمن، ئەوا بـەهیچ شـێوەیەك پێشەوایەتی و سەربەرزیان پێ نابەخشرێت تـا ئـەو کاتـەی کردەوەکانیـان لەسـەر زانست و عیلم بنیات نـەنێن و قـەدری عـیلم و هەڵگرانیشـی نـەزانن، خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿يَرۡفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ دَرَجَٰتٖ﴾ المجادلة: ١١

واتە: خوای گەورە لەناو ئێوەدا پلەو پایەی ئەوانەی کە ئیمانیـان هێنـاوە بـەرز دەکاتەوە، وە هـەروەها ئەوانـەش کـەوا خـاوەن عـیلم و زانسـتن چـەندەها قـات پلەوپایەیان بەرز دەکاتەوە.

**هەروەها دەفەرموێت:** ﴿ **نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُ** ﴾الأنعام: ٨٣

**واتە: پلەو پایەو ئاستی هەرکەسێك کە مەبەستمان بێت بەرز دەکەینەوە.**

**مالیك** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: **بەزانست**[1].

وە ئەوەش مالیك لە مامۆستاکەیەوەوەری گرتوە کە **زەیدی کوڕی ئەسلەمە** ڕەحمەتی خوای لێبێت، کەوتویەتی ڕەحمەتی خوای لێبێت: گوێم لە **زەیدی کوڕی ئەسلەم** بو دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿ **نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُ** ﴾الأنعام: ٨٣ دەیفەرمو: (**بەڕاستی ئەوە عیلم و زانستە، خوای گەورە هەرکەسێکی بوێت لە دنیادا بەهۆیەوە بەرزی دەکاتەوە**)[2].

وە ئەم سەربەرزیەش هەر لە دونیادا دەبێت پێش ڕۆژی دوای، هەروەك خوای گەورە دەربارەی هەڵبژێرراوی خۆی طالوت بۆ پێشەوایەتی کۆمەڵێك لە نەوەکانی ئیسرائیل دەفەرموێت: ﴿ **وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ ٱللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًاۚ قَالُوٓاْ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ ٱلْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِٱلْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً**

---

[1] شرح السنة للبغوي (٢٧٢\١).

[2] رواه ابن أبي حاتم في تفسيره (١٣٣٥\٤)، و (٢١٧٦\٧)، و أبو الفضل الزهري في حديثه (٥٤٥) و ابن عبدالبر في جامع بيان العلم و فضله (١٩٠١)، وهو صحيح.

﴿مِّنَ ٱلْمَالِۚ قَالَ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُۥ بَسْطَةً فِى ٱلْعِلْمِ وَٱلْجِسْمِۖ وَٱللَّهُ يُؤْتِى مُلْكَهُۥ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾ البقرة: ٢٤٧

واته: پێغەمبەرەکەیان پێی وتن: بەڕاستی خوای گەورە طالوتی بۆ ناردون وەك پاشایەك بۆتان، ئنجا جولەکەکان وتیان: چۆن ئەو بۆ پاشایەتی دەگونجێت بەسەر ئێمەدا لە کاتێکدا ئێمە شایستە ترین و ئەویش هیچ ماڵ و سامانێکی وای نیە، ئەویش لەوەڵامدا پێی وتن: بەڕاستی خوای گەورە هەڵی بژاردوە بەسەر ئێوەداو وە خوای گەورە توانای هێزو جەستەو زانست و زانیاریشی پێداوە، وە خوای گەورە موڵکی خۆی دەبەخشێت بەهەر کەسێك کەخۆی بیەوێت، وە بەخشینی خوای گەورە زۆر فراوانەو زانست و زانیاریشی بێسنورە.

وە لە صەحیحی موسلیمدا هاتوە[١] لە (عامر بن واثلة) کە نافیعی کوڕی عەبدول حاریث گەیشتوە بە عومەر لە (عسفان)، کە عومەر کردویەتی بەوالی لە مەککە، وتی کێ والیە بەسەر خەڵکی ئەم دۆڵەدا؟ وتی: ئیبن ئەبزی، ئەویش وتی: ئیبن ئەبزی کێیە؟ وتی: بەندەیەکە لە بەندەکانی خۆمان، ئەویش وتی: واتە بەندەیەك فەرمان ڕەواییان دەکات؟! وتی: بەڕاستی ئەو قورئان خوێنە، وە زانایە بە زانستی میرات، **عومەر**وتی: ( **بە ڕاستی پێغەمبەرەکەتان (ﷺ) فەرمویەتی:**

---

[١] بەژمارە (٨١٧)، وە رواە ایضا ابن ماجة (٢١٨).

**(بە ڕاستی خوای گەورە بەهۆی ئەم کتێبەوە (قورئان) گەلانێك بەرز دەکاتـەوە، وە چەندانی تریشی پێ نزم دەکاتەوە).**

هەربۆیە خوای گەورە هەواڵ دەدات کەوا پیاو چاکان و لەخوا ترسـانی نـەوەی ئیسرائیلی بەرز کردوەتەوە هەتا کردونی بە کاربەدەست بەسـەریانەوەو لەناویانـدا فەرمانـەکانی خـوای گـەورەیان جێبـەجێ کـردوە کـە دەفـەرموێت: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَا ٱلتَّوۡرَىٰةَ فِيهَا هُدٗى وَنُورٞۚ يَحۡكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ بِمَا ٱسۡتُحۡفِظُواْ مِن كِتَٰبِ ٱللَّهِ وَكَانُواْ عَلَيۡهِ شُهَدَآءَ ﴾المائدة: ٤٤

واتە: ئێمە تەوراتمان ناردوەتە خوارەوە کە هیدات و ڕێنومای لـەخۆی گرتـوە، بۆئەوەی ئەو پێغەمبەرانەی کە لە بەنو ئیسرائیلدا کـە خواناسـی ڕاسـتەقینە بـون و پیاوچاکان و لـەخوا ترسان و زانایـان هەربـەوە حـوکم بکـەن و وە پێویسـت بـوە لەسەریان بیپارێزن و کاری پێبکەن و وە هەرواش بون و پاراسـتیان و هیچـیان لـێ نەگۆڕی.

وە ئەو پیاو چاك و لەخواترسانەوەصف کراون بەوەی کە خاوەن زانستن و خەڵکیشیان فێری ئەو زانستە کردوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ مَا كَانَ لِبَشَرٍ

أَن يُؤْتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا۟ عِبَادًا لِّى مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَـٰكِن كُونُوا۟ رَبَّـٰنِيِّـۧنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَـٰبَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴾آل عمران:٧٩.

واته: هیچ کەسێك نیە کەوا خوای گەورە کتاب و دانـای و پێغەمبەرایـەتی پـێ بەخشی بێت پاشان بەخەڵکی بڵێـت: وەرن بـبن بـە بەنـدەی مـن جگـە لـەخوای گەورە, بەڵکو دەڵێت: تـەنها بەنـدەی خـوابن و بەندایـەتی بـۆ ئـەو بکـەن و بـەو جۆرەی کە لەو پەیامەدا فێر بون وە خەڵکیش فێربکەن.

وە لە قورئانی پیرۆزدا دو ئایەت هەیە کە لەوتەداوەك یەك وان، لـە یەکەمیانـدا خوای گـەورە دەربـارەی **ئیـبراهیم** (ﷺ) دەفـەرموێت: ﴿ وَتِلْكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيْنَـٰهَآ إِبْرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ ۚ نَرْفَعُ دَرَجَـٰتٍ مَّن نَّشَآءُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴾ الأنعام: ٨٣

واته: وە ئەوە بەڵگەو ڕێنموماى ئێمە بو کە نارمان بۆ ئیبراهیم تا گەلـەکەی پـێ هۆشیار بکاتەوە، وە هەرکەسێك کە بمانەوێت ئەوا پلەو پایەی بەرز دەکەینـەوە، وە بەڕاستی پەروەردگارت زۆر زاناو داناو کاربەجێە.

وە لـە ئایـەتی دوەمیانـدا دەربـارەی **یوسـف** (ﷺ) دەفـەرموێت: ﴿ نَرْفَعُ دَرَجَـٰتٍ مَّن نَّشَآءُ ۗ وَفَوْقَ كُلِّ ذِى عِلْمٍ عَلِيمٌ ﴾ یوسف: ٧٦

واته: هەركەسێك كـە بمانـەوێت ئـەوا پلـەو دەرەجـەی بـەرز دەكەینـەوە، وە لەسـەرو هـەمو خـاوەن عـیلم و زانسـتێكەوە كەسـێك هەیـە كـە لـەو زانـاترەو شارەزاترە.

وە لەمەشدا نهێنی یەكی زۆر جوان هەیە لە نهێنیەكانی قورئانی پیرۆز كە **ئیبن تەیمیـە** لەوتەیـەكی زۆر جوانـدا باسـی كـردوە، كـە دەفـەرموێت: (**خـوای گـەورە ئەوەی كردوە كە هەركەسێكی مەبەست بێت و بیەوێت ئەوا پلەی بەرز دەكاتەوە لە چیرۆك و بەسەرهاتی ئیبراهیم و بەسەرهاتی ون كردی یوسـف، وە هەربۆیشـە پێشین وتویانە: ئەوە بەهۆی زانستەوەیە، چونكە نـاوەڕۆكی ئایەتەكـە بەڵگەیـە لەسەر ئەوە، بەسەرهاتی ئیبراهیم بە عیلم و زانست و بەڵگەو گفتوگۆیە بۆلادانی زیانی ناحەزان لەسەر دین، وە چیرۆكی یوسف بـە زانیـاری بـون بـە سیاسـەت و بەڕێوەبردنە بۆ دەست خستنی ئەو سودەی كە داواكراوە.**

**یەكەمیان: زانیاریەكە كە دەبێتە هۆی لادانی زەرەرو زیان لەسەر دین.**

**دووەمیان: زانیاریەكە كە دەبێتـە هـۆی بەدەسـت خسـتن و دەسـت كـەوتنی سودەكان.**

**یان وتـراوە: یەكـەمیان: ئـەو زانیارییەیـە كـە بەهۆیـەوە زەرەر لەسـەر دیـن لادەدرێت, وە سودەكەی بەدەست دەهێنرێت.**

وە دوەمیان: زانیاری بونێکە بەلادانی زەرەرو زیان لەسەر دونیا، وە بەدەست خستنی سودەکانی.

یان وتراوە: چیرۆکی ئیبراهیم لە زانستی قسەو گوفتاری بەسودە لەو کاتەی کەوا پێویستە.

وە چیرۆکی یوسف لە زانستی کردەوەکانە لەکاتی پێویستدا، وە پێویستیەکەش دەست خستنی سودەو لادانی زەرەرو زیانە کە هەندێك جار بەوتەو قسە دەبێت, وە هەندێك جاریش.....[١].

وە هەربۆیەشە ئەوانەی کەمتەرخەمن لە زانستی بەڵگەکان و زانستی سیاسەت و بەڕێوەبردندا بێ دەسەلاتن بەرامبەر ئەم دوو کۆمەڵە جارێك بەوەی کە پێویستیان بەوانە کاتێك ئەگەر هاتو دوژمن هێرشی کردو دینەکەی تێك دان بەهۆی دەمەدەمەو دەمەقاڵەوە یان دونیاکەی تێك دان بەهۆی زوڵم و ستەمەوە، وە جارێکیش پێویستیان پێیان هەیە بۆ ئەوەی هەندێکیان ڕزگار بکەن لە شەڕی هەندێکی تریان لە دین و دونیادا، وە جارێکیش لەژێر سێبەریاندا دەژین کە هیچ بیدعەچیەکی لێ نیە کە دەست بگرێت بەسەریاندا یان والیەك کەوا زوڵمیان لێ بکات، وە ئەمەش نایەتە دی تەنها بەهۆی بونی زانایانی خاوەن بەڵگەی بەهێز

---

[١] سپێتی یەکە لە ئەصلدا! (واتە هیچ نەنوسراوە).

**نەبێت لەبەرامبەر ئەهلی بیدەعدا، وە هەروەها بونی کەسانی خاوەن سیاسەتێکی بەهێز لەبەرامبەر زوڵم و ستەمدا)**[1].

بۆیە پێشەوایەتی و سەرۆکایەتی دین و دونیا لە چوارچێوەی (زانست و عیلم) دا دەسورێتەوە، چونکە بنچینەو بنەمایە بۆ هەردوکیان.

وە هەربۆیە دوبارە **ئیبن تەیمیە** دەفەرموێت: (**خوای گەورە لە قورئانە پیرۆزەکەیدا فەرمویەتی:** ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ ۖ وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ﴾ الحديد: ٢٥

واتە: ئێمە پێغەمبەرانمان ناردوە بە بەڵگەی ڕون و ئاشکراو کتاب و تەرازومان لەگەڵدا دابەزاندون تا بە دادپەروەرانە دادوەری خەڵکی بکەن و دادپەروەر بن لەگەڵیان، وە هەروەها ئاسنیشمان دابەزاندوە کە هۆکارەو بەکار دەهێنرێت لە کاتی شەرو سودو کەڵکی تریشی هەیە بۆ خەڵکی لە کاتی ئاشتی و ئاسودەیدا، ئەمەش بۆ ئەوەی خوای گەورە بۆتانی ڕون بکاتەوە تا بزانن کێ بەڕاستی لەکاتی نهێنی و پەنهاندا دینەکەی خواو پێغەمبەرەکانی سەردەخات .

---

[1] مجموع الفتاوى (١٤\٤٩٣–٤٩٤).

**لەمەوە خوای گەورە هەواڵ دەدات کە کتێب و تەرازوی ناردوەتە خوارەوە تاکو خەڵکی لەناو خۆیاندا دادپەروەر بن، هەروەها خوای گەورە ئاسنیشی دابەزاندوە هەروەك باسی کردوە.**

**بۆیە پاراستن و ڕاگرتنی دین و ڕاگەیاندنی بە هۆی کتێبی خوای گەورەو شمشێری سەرخەر دەبێت،** ﴿وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ هَادِيًا وَنَصِيرًا﴾ الفرقان: ٣١

واتە: خوا بەسە کە ڕێنومایتان بکات و سەرتان بخات.

**وە کتێبی خوای گەورە بنچینەی سەرەکیە، وە هەربۆیەشە یەکەم شتێك کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) نارد بریتی بو لە دابەزاندنی قورئانی پیرۆز، وە لە مەککەدا مایەوەو فەرمانی پێنەکرد بە بەکار هێنانی شمشێر تا ئەو کاتەی کە کۆچی کردوە سەرخەرو پشتیوانی بۆ پەیدا بو تا بتوانن جیهاد بکەن)[١].**

وە پێم خۆشە کە خوێنەر ئاگادار بکەمەوە لێرەدا لەوەی کە دەبینم هەندێك لەوانەی موبتەلان بە هەڵچونی فیکری هەڵدەسن بە قرتاندنی ئەم قسانەی ئیبن تەیمیە لەکاتی قسەکردن لەسەر ئەم ئایەتەی سورەتی الفرقان، چونکە قسەکانی دوابەدوای ئەمە دەبێتە هۆی ڕوخاندن و لەناو بردنی ئەو مەبەستەی کە هەیەتی لە قۆزینەوەی قسەکانی شێخ! هەربۆیە ئاگادار بە!

---

[١] مجموع الفتاوى (٢٣٤\٢٨).

بۆیە ئەوانەی کەوا دەبینن دەوڵەتی ئیسلامی تەنها بەهۆی سۆزو عاتیفەیەکی ئیسلامی دروست دەبێت، وە بە فکرەیەك کە دورەو داماڵراوە لە بەڵگەی شەرعی وە ناویان ناوە (فکری ئیسلامی!)، وە شتێکی ئاوا ئاوەڕوت کراو لە عیلم و زانست کە ناویان ناوە (ڕۆشنبیری ئیسلامی!) وە دەڵێن فێرکردن قۆناغێکە لەدوای ئەو یێت، بەڕاستی ئەوانە بەدوای سەرابەوەن، چونکە ئەوان هیواو ئومێدیان هەیە بەڵام بەبێ گرتنە بەری هۆکارەکان.

وە یەکەمینی ئەو دو هێزەش ئەو هێزە دینیەیە کە خوای گەورە بەهۆیەوە بەڵێنی سەرکەوتنی داوە بە ئیمان داران و دەفەرموێت: ﴿وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ الروم: ٤٧

واتە: بەڕاستی سەرخستن و یارمەتی دانی ئیمانداران وەعدێکە کە ئێمە پێویستمان کردوە لەسەر خۆمان کە جێبەجێی بکەین.

هەرلەبەر ئەوەشە **ئیبن قەیم** دەفەرموێت: (**جیهاد کردن لەبەرامبەر دوژمنانی خوای گەورە لە دەرەوەدا لقێکە لە جیهادی نەفس لەلایەن بەندەوە لە پێناوی خوای گەورەدا، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (موجاهید ئەو کەسەیە کەوا جیهادی نەفسی خۆی دەکات لە گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورەدا، وە کۆچ**

کردوش ئەو کەسەیە کە کۆچ دەکات و ئەو شتانە بەجێ دەهێڵێ کە خوا پێی ناخۆشە)[1].

وە جیهادی نەفس پێش خراوە بەسەر جیهادی دوژمندا لە دەرەوەداوە بنچینەی ئەوە، چونکە بە ڕاستی ئەو کەسەی کەوا جیهادی نەفسی خۆی نەکات لە سەرەتاداو ئەو فەرمانانە ئەنجام نەدات کەوا فەرمانی پێکراوەو واز نەهێنێت لەو شتانەی کەوا نەهی لێکراوەو نەجەنگێ لە بەرامبەریاندا لە پێناوی خوادا، ئەوا بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت جیهادی دوژمنەکەی بکات لە دەرەوەدا، چۆن دەتوانێت جیهادی دوژمنەکەی بکات و بجەنگێت لەگەڵیدا، لە کاتێکدا ئەو دوژمنەی کە لە بەرامبەریدایە بەهێز ترە لەو، وە زاڵە بەسەریدا، وە جیهادی نەکردوەو لەگەڵیدا نەجەنگاوە لەپێناوی خوادا؟! بەڵکو ناتوانێت بچێتە دەرەوەو بەرامبەر دوژمنەکەی بوەستێتەوە تا ئەو کاتەی جیهادی نەفسی خۆی نەکات و لەگەڵیدا نەجەنگێت.

وە ئەم دوو دوژمنەش بەندە بە جیهاد کردن لەگەڵیاندا تاقی دەکرێتەوە، وە لە نێوانیاندا دوژمنی سێیەم هەیە، ئەم دوو جیهادەش ناکرێت تا ئەو کاتەی جیهادی ئەو نەکرێت، وە ئەویش لەو نێوانەداوەستاوەو بەندە سارد دەکاتەوە لە جیهاد کردن لە گەڵیانداو فێڵی لێ دەکات و دوای دەخات لێی، وە بەردەوامیش

[1] رواه أحمد (٢١\٣) و غيره وهو صحيح.

**هیـواو ئـاواتی بـۆ دەهێنێـت دەربـارەی جیهـادی ئـەوان لـە لادان و وازهێنـان و لەدەست دانی لەزەت و خۆشیەكان، وە جیهـادی ئـەم دو دوژمنـەش ناكرێـت تـا جیهادی ئەو نەكرێت، وە جیهادی ئـەویش بنچینەی جیهـادی ئـەم دوانەیـە، كـە ئـەویش شـەیتانە، خـوای گـەورە دەفـەرموێت:** ﴿ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمۡ عَدُوّٞ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّا ﴾فاطر: ٦

واته: بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئێوەیە، دەیكەوایە ئێوەش بە دوژمنی دابنێن.

**وە فەرمان كردنیش بەوەی كەوا بە دوژمن دابنرێت وریا كردنەوەیەكە لەسەر هەوڵدان و زیاد كردنی بوار بۆ دژایەتی كردنی و جیهاد كردن لەگەڵی، وەك ئەوەی كەوا دوژمنێك بێت خاو نەبێتەوەو ماندو نەبێت و كەمتەرخەمی نەكات لە دژایەتی و دوژمنایەتی كردنی بەندە بە درێژای و بە بەردەوامی ژمارەی هەناسەكان)**[1].

ئەم وتەیە لەوپەڕی ڕونی و ڕۆشنیدایە، كە ئەویش ڕاست كردنەوەی مەنهـەجی ئەوانەیە كەوا بەرد دەگرنـە كەسـانی تـر، وە ماڵەكانیشـیان لـە شوشـەیە! وە لـە هەمان كاتدا هۆكارە مادیەكان بە گەورە دادەنێنن تا ئەو ئەندازەیەی كەوا دەبینن كە دوژمنەكەیان هێزو توانـای جـێگیر بـوە، وە لـە ڕاستیشـدا دوژمـن ناچـێتە نـاو خانوەكانیانـەوە، واتـە موسـوڵمانان ناشـكێن و نـاڕوخێن بـەهۆی بـەهێزی

[1] زاد المعاد (٦\١٣). 

دوژمنەکەیانەوە بەڵکو بەهۆی لاوازی ئیمان و بڕوایانەوە دەشکێن، تەنانەت ئەگەر دەستیشیان بەتاڵ بێت لە هەمو هۆکارەکـان — لـەدوای هـەوڵ دان — ئـەوا خـوای گەورە دەیانپارێزێت.

**ئـیبن تەیمیـە** ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت دەفـەرموێت: (**لـە سـوننەتی خـوای گەورەیە کە ئەگەر هاتو باوەڕداران نـەیانتوانی خۆیـان بپـارێزن لەوانـەی کـەوا ئـازاری خـواو پێغەمبـەر (ﷺ) دەدەن، ئـەوا بەڕاسـتی خـوای گـەورە تۆڵـە بـۆ پێغەمبەرەکەی دەکاتەوەو دەیپارێزێت لێیـان، وەك هەنـدێك لـەو شـتانەی کـە پێشـتر باسمـان کـرد لەچـیرۆکی ئـەو نوسـەرە درۆزنـە، وەوەك خـوای گـەورە دەفـــــــــــــەرموێت: ﴿ فَٱصۡدَعۡ بِمَا تُؤۡمَرُ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ إِنَّا كَفَيۡنَٰكَ ٱلۡمُسۡتَهۡزِءِينَ ﴾**الحجر: ٩٤ – ٩٥ [١]

واتە: ئەوەی کەوا فەرمانت پێکراوە ڕای بگەیەنـەو بـڵاوی بکـەرەوەو پشـت هەڵبکـە لـەو هـاوەڵ دانەرانـە، بەڕاسـتی ئێمـە دەتپـارێزین لـەو کەسـانەی کـەوا گاڵتەجارِن.

وە هەروەها **ئیبن قەیم** ڕەحمەتی خوای لێبێـت: (**سـوێند بـەخوا! سـوێند بـە خوا دوژمن هیچ کات ناتوانێت زەفەرت پێ بەرێت مەگەر کاتێك کە دۆستانت وازت**

---

[١] الصارم المسلول (ص:١٦٤).

**لێ بهێنن و دەورت چۆڵ بكەن وەوا گومان نەبەیت كە شەیتان سەركەوتووەو زاڵە بەڵكو ئەو خوایەی كەدەتپارێزێت وازی لێ هێناویت و سەركەوتوت ناكات)**[1].

وە چاك دەزانیت كەوا بێ بەش دەبیت لە دۆستایەتی پەروەردگارت ئەگەرواز بهێنی لە جێ بەجێ كردنی فەرمان پێكراوەكان، هەروەك چۆن پارێزراوی ئەگەر پارێزگاری بكەیت لە فەرمان و نەهیەكانی خوای گەورە، بەمەش بنەمای شتەكان دەگەڕێتەوە بۆ زانست، لەبەرئەوەی فەرمان و قەدەغەكردن نازانرێت لەڕێی زانستەوە نەبێت.

**دڵنەواییەك:**

لە زوبەیری كوڕی عەدیەوە دەڵێت: چوین بۆلای **ئەنەسی كوڕی مالیك** دەڵێت: سكالاو گلەی خۆمان كرد لەو شتانەی كەوا توشمان بوە لەلایەن حەجاجەوە، ئەویش فەرموی: (**هیچ ساڵێك نایەت ئیللا ئەوەی كە لەدوای دێت خراپترە هەتا ئەو كاتەی دەگەن بە پەروەردگارتان. ئەوەم گوێ لێبوە لە پێغەمبەرەكەتان (ﷺ)**)[2].

**ئیبن حەجەر** دەفەرموێت: (**هەندێك جار ئاڵۆزیەك دێتە ئاراوە دەربارەی ئەو ڕەهاییەی كە هەندێك كات و زەمەن زۆر خراپترو ناڕەحەت ترە لە كات و زەمەنی**

[1] الفوائد (ص \٧٩).

[2] رواه أحمد (١١٧\٣)، و البخاري (٧٠٦٨)، و الترمذي (٢٢٠٦).

**دوای خۆی، وە ئەگەر هیچ سەردەمێك نەبێت جگە لە سەردەمی عومەری كوڕی عەبدول عەزیز، كە ئەویش بە كەمێك لە دوای زەمەنی حەججاج بوە، وە ئەو خێرو خۆشیەش كە لە سەردەمی عومەری كوڕی عەبدول عەزیزدا هەبوە زۆر ناوبانگی هەیە..... وە هەندێك وەلاَمی ئەمەیان داوەتەوە بەوەی كە مەبەست لەو خێرو فەزلَە فەزلَ و خەیری كۆكراوەی سەردەمە لەسەر كۆكراوەی سەردەم ، لەبەرئەوەی لە سەردەمی حەججاجدا زۆرێك لە هاوەلاَن لە ژیاندا بون، وە لەسەردەمی عومەری كوڕی عەبدول عەزیزدا ئەمان مردن، وە ئەو سەردەمەی كە هاوەلاَنی تیادا ژیاون خێرو چاكترە لەو سەردەمەی دوای ئەوان چونكە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (باشترینی سەدەكان سەدەی منە.....) وە لە بوخاری و موسلیمدا هاتوە)[١].**

پاشان دەلێت: (پاشان دوای ئەوە شتێكی ترم لە عەبدولاَی كوڕی مەسعودەوە دەست كەوت كە ڕاشكاوانە باسی مەبەستەكە دەكات، كە ئەوەش لەپێشترە بۆ شوێن كەوتن كە یەعقوبی كوڕی شەیبە هێناویەتی لە ڕێگەی حاریسی كوڕی حەصیرەوە لە زەیدی كوڕی وەهبەوە كەوتویەتی: **(گوێم لە عەبدولاَی كوڕی مەسعود بو دەیفەرمو: (هیچ ڕۆژێك دانایەت بەسەرتاندا ئیللا خراپترو ناخۆشترە لەو ڕۆژەی كە لە پێش خۆیەوەیەتی، مەبەستم خۆشبەختی و**

---

[١] لفظ الصحيحين: (خير الناس قرني...). وقد أشار الشيخ الألباني في تعليقه على التنكيل للمعلمي (٢\٢٢٣) إلى أنـه لا أصل للفظ الذي ساقه الحافظ هنا.

**بەختەوەری نیە لە ژیاندا كە توشتان دەبێت، وە ماڵێكیش نا كە سودی هەبێت، بەڵكو هیچ ڕۆژێكتان بەسەردا نایەت ئیللا عیلم و زانستی تیادا كەمترە لەو ڕۆژەی كە لە پێشیدا ڕۆیشتوە، وە ئەگەر زانایانیش مردن و ڕۆیشتن و نەمان ئەو كاتە خەڵكی هەمویان یەكسان دەبن، فەرمان بە چاكە ناكرێت و ڕێگری و نەهیش لە خراپە ناكرێت، بۆیە لەو كاتەدا خەڵكی بەهیلاك دەچن).**

وە لە ڕێگای شەعبیەوە لە مەسروقەوە ئەویش لە **ئیبن مەسعودەوە** دەفەرموێت: (**هیچ سەردەمێكتان بەسەردا نایەت ئیللا خراپترو ناخۆش ترە لە پێش خۆی، وە بەڵام من مەبەستم ئەوە نیە كەوا پێشەوایەك باشتر بێت لە پێشەوایەكی تر، وە ساڵێك باشتر بێت لە ساڵێكی تر، بەڵام زاناو شارەزاكانتان دەمرن و نامێنن، پاشان جێنشین و پێشەوایەكتان دەست ناكەوێت، ئنجا قەومێك دێن بەڕاو بۆچونی خۆیان فەتوا دەدەن**)[١].

دەڵێم: لابردنی ئەو ئاڵۆزیە بە ئەثەر ئەوە بینای چاوانی ئەهلی ئەثەرە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو شتە پەیوەندی بە بنچینەوە هەبێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵكی بەهۆی ماڵ و سەروەت و سامان و دەسەڵاتەكەیەوە دەگاتە جەهەننەم، ئایا گوێت لەو ئایەتەی خوای گەورە نەبوە كە هەواڵ دەدات دەربارەی ئەوانەی

---

[١] الفتح (٢١\١٣) و هناك حسن ابن حجر الأثر، و رواه الفسوي كما في ذيل المعرفةو التأريخ (٣٩٣\٣)، و ابن عبد البر في جامع بيان العلم و فضله (١٣٦\٢) و غيرهما.

كە بە دەستی چەپ نامەكەیان وەردەگرن و پەشیمان دەبنـەوە كـە دەڵـێن: ﴿ مَآ أَغۡنَىٰ عَنِّي مَالِيَهۡۜ هَلَكَ عَنِّي سُلۡطَٰنِيَهۡ ﴾ الحاقة: ٢٨ - ٢٩

واتـە: مـاڵ و سـامانەكەم هـیچ سـودی پێنەگەیانـدم، وە دەسەڵاتەكەیشـم بـە هیلاكیدا بردم.

جـا ئەگـەر لـە بـەلای بزوتنـەوە ئیسـلامیەكان — سـەرەای ئـەوانی تـر — ورد بیتەوە ئەوا دەبینی كۆبوەتەوە لەم دو بابەتە ڕەگەز پەرستیەدا:

— تێڕوانینێك كە پێی وایە چاكی و باشی ئوممەتێك بەسەر ئوممەتێكی تـرەوە پەیوەستە بە چاكێتی دەسەڵاتدارەكانیانەوە.

— یان بە زۆری و تێرو پڕی ئابوریانەوەیە.

ئایا نابینی زۆربەیان بەهیچ شێوەیەك واز لە تەختی پاشایەتی ناهێنن، ئەگـەر چاویشی بڕیبێتـە دیموكراتیـەتی ختـورەو خـەیاڵ، وە هەنـدێكی تریـان وا دەبیـنن كەوا گەڕانەوەی سەربەرزی موسـوڵمانان بـە پێشـكەوتنی شارسـتانیە، هەربۆیشـە بەهیچ شێوەیەك واز لە كورسی و دەسەڵات ناهێنن!

وە ئەمـەش نهێنـی ئـەوەت بـۆ ڕون دەكاتـەوە كـە ئـیبن مەسـعود چـەندە بـە خەمەوە بوە بۆ چارەسەر كردنی ئەم دوشتە جیاواز لەوانی تر، وە سـوێند بـەخوا ئەوە ئەو شارەزاییەیە كە خوای گەورە بەسەریدا ڕشـتوە، وە — بـرای موسـوڵمانم

— فەزڵی پێشینەکان بزانە، وە دەست بگرە بە ڕێبازی ئەوانەوە ڕزگارت دەبێت و ئیسراحەت دەکەیت لە شوبهەکانی سەر ڕێگا.

**وە لە کۆتایدا:** هەوڵ بدە بۆ عیلم و زانست! ئەی ئەو کەسەی کەوا داوای سەرخستنی ئیسلام دەکەیت، وە لە **تەمیمی داریەوە** دەفەرموێت: **(خەڵکی لە سەردەمی عومەردا پێشبڕکێیان دەکرد لە دروست کردنی خانوبەرەدا، عومەریش پێی دەفەرمون: ئەی کۆمەڵی عەرەبەکان! زەوی زەوی! ئیسلام نابێت تەنها بە جەماعەت و کۆمەڵ بون نەبێت، وە جەماعەتیش نابێت تەنها بە ئیمارەت نەبێت، وە ئیمارەتیش نابێت تەنها بە گوێڕایەڵی کردن نەبێت، بۆیە هەرکەسێك گەلەکەی بەرەو فێربونی فیقه بەرێت ئەوە دەبێتە هۆی ژیانەوەی خۆی و ئەوانیش، وە هەرکەسێکیش گەلەکەی بۆ غەیری ئەوە هان بدات دەبێتە مایەی بەهیلاکدا چون بۆ خۆی و ئەوانیش)**[1].

وە لە **حەسەنەوە** فەرمویەتی: **(پێشین ئەیان وت: مردنی زانا کەلێنێکە دەکەوێتە ئیسلامەوە هیچ شتێك پڕی ناکاتەوە هەتا ڕۆژو شەو بەدوای یەکدا بێن)**[2].

---

[1] رواه الدارمي رقم (٢٢١).

[2] المصدر السابق رقم (٣٢٤)، و أحمد في الزهد (ص: ٢٦٢)، و ابن عبدالبر في جامع البيان (١\١٥٣)، وهو صحيح، فإن هشام بن حسان تابعه أبو الأشهب جعفر بن حيان العطاردي كما في المصدر الأخير. وفي شرح السنة للبغوي أنه من قول ابن مسعود.

وە لە **هیلالی کوڕی خەبباب**ەوە فەرمویەتی: (**پرسیارم کرد لە سەعیدی کوڕی جوبەیروتم: ئەی ئەبو عەبدولاّ! نیشانەی بەهیلاك چونی خەڵکی چیە؟ وتی: ئەگەر زاناکانیان مردن**)[1].

## دەمەوانەی خۆپاراستن لە کوفرو ڕوخان شوێن کەوتنی قورئان و سوننەتە

لەم بەشەدا تەنها مەبەستم ڕوکەشەکەی نیە کە بە خەیاڵدا دێت و بەس، چونکە لانی کەم ئەمە بە قسە لەلای موسوڵمانان شتێکی زانراوە، بەلاّم ئەمەوتەیەکە بۆ ئەو کەسانەی کەوا قەناعەت بە بانگەوازی قورئان و سوننەت ناهێنن، کاتێك بینیویانە کەوا هێزی بێباوەڕی و دوڕوی کۆبوەتەوەو زاڵ بوە بە بەسەروڵاتی موسوڵماناندا، هەر لە ڕۆژگاری ئەندەلوس و فەلەستینی لەدەست چوەوە، تاوڵاتانی بۆسنەو هێرسکی بریندار، وە ناڕەحەتی لەسەر ناڕەحەتی بەسەر موسوڵماناندا زیاد دەکات کاتێك کەمتەرخەمیان کرد لە دەست گرتن بە سەرچاوەی هێزو توانایانەوە: **قورئان و سوننەت**، وە بێڕێزو بێ بایەخ بون لای خوای گەورە کاتێك گومانی خراپەیان بەو دوانە برد، کاتێك کەوا دەبینن کە کاریگەریان کەمە لەسەر دڵ و دەرونەکان، وە بانگەوازی مزگەوت بێهێزە لە

[1] رواه ابن سعد (٦\٢٦٢)، و ابن أبي شيبة (١٥\٤٠)، و الدارمي (٢٥١)، و أبو نعيم (٤\٢٧٦)، و الخطيب في الفقيه و المتفقه (١٤٨)، و ابن عبدالبر في جامعه (١\١٥٣)، وهو حسن، وإن كان فيه هلال بن خباب، لأن هلالا هو السائل، ومثل هذا يضبط عادة.

جولاّنـدن و زیندوکردنـەوەی ئوممەتـدا تـەنها بەشـێوەیەکی لاوازو خـاو نـەبێت کـە ناگاتە ئەو گورجو گۆڵیو هۆکـارە جـۆراو جۆرانـەی کـەوا شـیوعیەکان و جولەکـەو گاورەکان پێی هەڵدەستن.

وە ئـەم بانگەشـەیە — ئەگـەر ڕاستیەکیشـی تێـدا بێـت — ئـەوا بەسـە بـۆ خاوەنەکەی کە تاوان بار دەبێت بە هۆی وەلادانی گەنجان لـە گرنگـی دان بـە دوو وەحیەکە لـەڕوی لەبـەر کـردن و فێربـون و فێرکردنیانـەوە، وە ئەگـەر هەنـدێکیان خۆیان تەرخان کرد بۆ فێرکدنی خەڵکی و شارەزا کردنیان لە ئاینەکەیان، ئەوا زۆر بەکەمی قورئان و فەرمودە بەکار دەهێنن وەك تەبەروك نەبێت، وە گومـانی باشـە بردن بە قسەکانی خۆیان وای لێکردون کە کەمتەرخەمی و کـەمتر ئـاوڕ لەوتـەکانی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بدەنەوە.

سوێند بەخوا! ئەمجارەش سوێند بەخوا! ئەمجارەش سوێند بـەخوا کەسـانی وەهایان تێدایە کە ئەوەندەی خشـوعی بـۆ دروسـت دەبێـت بـەهۆی سـرودێکەوە، ئەوەندە خشوعی بۆ دروست نابێت لەبەرامبەروتـەکانی پـەروەردگاری جیهـان، وە ئەگەر باڵندە گوێبیستی ببوایە ئەوا هەمویان پۆل پۆل دەبون و دەگەڕانەوە بۆلای خوای خۆیان.

کوان ئەوانەی کە شارەزان لە قورئاندا بە لێکدانەوەیەکی ڕەسەن؟!

كـوان ئەوانـەی كـە ڕێگـای پێشـینیان زینـدو كـردەوە بـە گوێبیسـت كردنـی فەرمودەكانی پێغەمبەر (ﷺ)، وە كەم كردنەوەی قسەی مرۆڤەكان؟!

ئایا نازانن كە بێباوەڕان توانایان نابێت بەسەرتاندا تاوەكو ئێوە بـەردەوام بـن لـە خوێندنـەوەو ورد بونـەوە لـە دو وەحیەكـە؟! خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ كَٰفِرِينَ وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنتُمْ تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ وَفِيكُمْ رَسُولُهُۥ ۗ وَمَن يَعْتَصِم بِٱللَّهِ فَقَدْ هُدِىَ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾ آل عمران: ١٠٠ - ١٠١

واتە: ئەی ئەوانەی كە باوەڕتان هێناوە ئەگەر گوێڕایەڵی تاقمێك لـەوانـە بكـەن كە پێش ئێوە پەیامیان بۆ هاتوەو خاوەن پـەیامن واتـە جولـەكـەو گاوەرەكـان ئـەوا بەرەو بێباوەڕیتان دەبەن لەدوای ئەوەی كە ئێوە ئیمـان دار بـون، ئایـا چـۆن ئێـوە گوێڕایەڵیان دەكەن و بێباوەڕی هەڵدەبژێرن لـە كاتێكـدا ئێـوە ئایەتـەكانی خواتـان بەسـەردا دەخوێنرێتـەوە كـە قورئانـە، وەهـەروەها پێغەمبـەری خواشـتان (ﷺ) لەناودایە، چاك بزانن كە هەركەسێك پشت ببەستێ بە خوای خۆی واتە گوێڕایەڵی قورئان و سوننەت بكات و گوێ نەدات بە قسەی ئـەم و ئـەو ئـەوا بەڕاسـتی ئـەو كەسە ڕێنمونی كراوە بۆ ڕێگایەكی ڕاست و دروست.

**وە لە دەقی ئەم ئایەتە پیرۆزە دو سود هەیە:**

**یەکەمیان:** پارێزراوی بۆ شوێن کەوتوانی هەردو وەحیەکە لەوەی کە بکەونە کوفرەوە، **ئیبن کەثیر** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**واتە بێباوەڕی دورە لێتانەوەوە حاشا لەوەی کە ئێوە بکەونە کوفرەوە، چونکە ئایەتەکانی خوا بەردەوام دادەبەزێت بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بە شەو و ڕۆژ وە ئەویش ئەیخوێنێتەوە بەسەرتانداو وە دەیگەیەنێت پێتان**)[1].

**وە دوەمیان:** لە ڕاستیدا خوای گەورە بە تەنها باسی گەورەترین فێڵی کردوە کە بێباوەڕەکان دایان ڕشتوە بۆ موسوڵمانان کە ئەویش ویستی بێ باوەڕ کردنیانە، هەروەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّنۢ بَعْدِ إِيمَـٰنِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْحَقُّ ﴾البقرة: ١٠٩

واتە: زۆرێك لە ئەهلی کیتاب هەوڵی ئەوە دەدەن کە لە دوای ئەوەی کە باوەڕتان هێناوە بتان گێڕنەوە بۆ بێباوەڕی ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ئەوان حەسودیتان پێ دەبەن و ڕقیان لێتانەوە حەز دەکەن ئێوەش وەکو خۆیان بێباوەڕ بن چونکە چاك دەزانن کە ئەو ئیسلامەحەقە، هەربۆیە خوای گەورە دەفەرموێت ئەوان

---

[1] تفسير القران العظيم (٥٩٧\١) ط. دار الفكر.

واتە ئەهلی كیتاب بە تـەواوەتی ڕاسـتیەكانیان بـۆ ڕوون بوەتـەوەو دەزانـن حـەق كامەیە.

هـەروەك بلێـی كـە خـوای گـەورە دەفـەرموێت: هەرچـەندە فێـڵ و تەڵەكـەیان گەورە بێت بە جۆرێك شاخەكان خۆیان لەبەریدا نەگرن خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿وَإِن كَانَ مَكۡرُهُمۡ لِتَزُولَ مِنۡهُ ٱلۡجِبَالُ﴾ إبراهيم: ٤٦

واتە: ئەگەر فرت و فێڵیان ئەوەندە گەورە بێت بـەجۆرێك كـە شـاخەكان لـە بەرامبەریدا بتوێتەوە.

ئەوا بیروباوەڕی ئێوە بەهیچ شێوەیەك ناتوێتەوە هەتاوەكو ئێوە بەردەوام بن لە خوێندنەوەی وەحی كە قورئان و سوننەتە.

وە ئەمە نامۆ نیە بەلای كەسێكەوە كە یەقینی هەبێت لەناو دڵیـدا بـەوەی كـە خوای گەورە سەرچاوەی ژیانی لەناووەحیدا داناوەوە فەرمویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسۡتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمۡ لِمَا يُحۡيِيكُمۡ﴾ الأنفال: ٢٤

واتە: ئەی ئەوانـەی كـە باوەڕتـان هێنـاوەوەڵامی خـواو پێغەمبەرەكـەی (ﷺ) بدەنەوە لـە كاتێكدا ئەوان بانگەوازتان دەكەن بۆ ئاینێك كە بەهۆیـەوە دەژیەنـەوەو دەبێتە هۆی بەسەر بردنـی ژیـانێكی خـۆش و بەختـەوەری لـە هـەردو ژیانەكـەدا. وە گەورەترینی دو ژیانەكە ژیانی دڵە، وە زیندو ترینـی خـەڵكی ئـەو كەسـەیە كـە

زیاتر شوێن وەحی دەکەوێت، وە ئەو وەحیە دەیانپارێزێت لە گومڕای، وە بەمەش تێگەیشتنت ورد دەبێت بۆ ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێت: **(دوشتم لەدوای خۆم لەناودا جێهێشتون کە لە دوای ئەو دوانە هەرگیز گومڕا نابن: قورئانەکەی خواو وە سوننەتەکەم، وە توشی دوبەرەکی و جیاوازی نابن هەتا ئەو کاتەی کە دێن بۆلام بۆسەر کانی کەوسەر)**. رواه الحاکم و مالك وهو حسن[1].

وە **ئەبو بەکری ڕاستگۆ** ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێت: **(هیچ شتێکم واز لێ نەهێناوە کە پێغەمبەر (ﷺ) کردبێتی ئیللا منیش ئەو کارەم کردوە، وە دەترسم لەوەی کە ئەگەر شتێك جێبەجێ نەکەم لە فەرمانەکانی توشی گومڕای و لادان ببم)**[2].

ئەوە ئەبو بەکری ڕاستگۆی ئەم ئوممەتە لە نەفسی خۆی دەترسێ کە توشی لادان ببێت لە ڕێگای ڕاست بەهۆی ئەوەی کەوا کەمتەرخەمی یەك بکات لە ئەنجامدانی شتێك لە ڕێنماییەکانی پێغەمبەر (ﷺ) – لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر توند بوە لە دەست گرتن بەوردو درشتی سوننەتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) – ئەی چۆن چاوی بیدعە چیەکان ئۆقرە دەگرێت و ناخیان ئاسودە دەبێت، وە بوخاری و موسلیم لە **ئەبو هورەیرەوە** گێڕاویانەتەوە کەوا فەرمویەتی: **(کاتێك پێغەمبەر**

---

[1] پێشتر تەخریجی ئەم فەرمودەیە کراوە.

[2] رواه البخاري (٣٠٩٣)، و مسلم (١٧٥٩).

(ﷺ) کۆچی دوای کردو لەدوای ئەو ئەبو بەکر بو بە جێنشین، هەندێك لە عەرەبەکان کافر بونەوە، عومەر بە ئەبو بەکری وت: تۆ چۆن شەڕ لەگەڵ خەڵکدا دەکەیت لە کاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: (فەرمانم پێ کراوە شەرو کوشتار لەگەڵ خەڵکیدا بکەم هەتا دەڵێن: (لا اله الا الله)، وە هەرکەسێك بڵێت (لا اله الا الله) ئەوا ماڵ و نەفسی لەسەر من پارێزراو دەبێت تەنها بە حەقی خۆی نەبێت وە حیسابیشی لەلای خوای گەورەیە.

ئەویش فەرموی: سوێند بەخوا! شەڕو کوشتار لەگەڵ هەرکەسێکدا دەکەم کەوا جیاوازی دەخاتە نێوان نوێژو زەکاتەوە، چونکە زەکات حەقی ماڵ و سامانە، سوێند بەخوا ئەگەر گوریسێك بێت کەدابێتیان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە ئێستا نەیدەن بەمن ئەوا شەڕیان لەگەڵدا دەکەم لەسەری. عومەریش دەفەرموێ: سوێند بەخوا! ئەوەندەی نەبرد هەتا بۆم دەرکەوت کە خوای گەورە دڵی ئەبو بەکری والاّ کردوە بۆ شەڕ کردن لە گەڵیانداو بۆم دەرکەوت کە لەسەر حەقە)[١].

ورد بەوە لەم سوربونە لەسەر جێبەجێ کردنی فەرمانێك بەهەمو ئەو وردەکاریانەی کە لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) هەبوە، ئەگەر بێتو لە پێش خستنی بچوکترین شتیش بوبێت.

---

[١] البخاری (٧٢٨٤)، و مسلم (٣٢).

وە كاتێكیش پێغەمبەران – سەلات و سەلامی خوایان لەسەر بێت – زیاتر لە خەڵكی شوێن وەحی دەكەوتن پاڵپشتی خوایی بە تەواوترین شێوە لێیانەوە نزیك بو، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغۡلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِيٓ ﴾المجادلة: ٢١

واتە: خوای گەورە بڕیاری داوە بەوەی كەوا تەنها خۆی و پێغەمبەرانی سەردەخات بەسەر بێباوەڕاندا.

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدۡ سَبَقَتۡ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا ٱلۡمُرۡسَلِينَ إِنَّهُمۡ لَهُمُ ٱلۡمَنصُورُونَ وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ ﴾ الصافات: ١٧١ – ١٧٣

واتە: بە ڕاستی هەر لە سەرەتاوە بڕیارمان داوە لە بەرامبەر پێغەمبەرەكانمان كە سەردەكەون بەسەر بێ باوەڕەنداو وە بەڕاستی تەنها سەربازان و شوێن كەوتوانی ئێمە سەركەوتو دەبن.

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ ﴾ غافر: ٥١.[1]

واتە: ئێمە پێغەمبەرانی خۆمان و ئەوانەی ئیمانیان هێناوە سەردەخەین لە دونیاو لە ڕۆژی دوایشدا.

---

[1] بڕوانە: الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح لابن تيمية (١٧٩\٢) ط. دار العاصمة.

کەوا بو هەرکەسێك بەڕاستی شوێن ئەوان بکەوێت ئەوا هەمان پشتگیری و سەرخستنی بۆ هەیە، خوای گەورە دەربارەی موساو هارون – سەلامی خوایان لێبێت– و شوێن کەوتوانیان دەفەرموێت:﴿ أَنتُمَا وَمَنِ ٱتَّبَعَكُمَا ٱلْغَـٰلِبُونَ ﴾القصص: ٣٥

واتە: ئێوەو ئەوانەش کەوا شوێنتان کەوتون سەرکەوتو دەبن.

وە هەروەها بە عیساو شوێن کەوتوانی دەفەرموێت: ﴿ إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَـٰعِيسَىٰٓ إِنِّى مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَىَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ فَوْقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴾آل عمران: ٥٥

واتە: کاتێك خوای گەورە بە عیسای فەرمو: ئەی عیسا من تۆ دەمرێنم و بەرزت دەکەمەوە بۆلای خۆم وە پاکت دەکەمەوە لەوانەی کەوا بێباوەڕ بون و ئەوانەش کەوا شوێن تۆ کەوتون سەریان دەخەم بەسەر بێباوەڕەکاندا هەتا ڕۆژی دوایی.

**ئیبن قەیم** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**کە گاورەکان بەهۆی ئەو شوێن کەوتنەیانەوە ئەو پشکەیان هەبو بێت و کە لەسەرو جولەکەکانەوەن هەتا**

**ڕۆژی دوای، کەوا بو مادام موسوڵمانانیش شوێن کەوتنیان زیاترە لـە گاورەکـان ئەوا لە سەرو گاورەکانەوەن هەتا ڕۆژی دوای)**[1].

وە **ئیبن تەیمیە** دەفەرموێت: (**لەبەر ئەوە هەرکەسێك شوێن پێغەمبەر (ﷺ) بکەوێت ئەوا خوای گەورە لە گەڵیدایە بە ئەنـدازەی ئـەو شـوێن کەوتنـە، خـوای گـەورە دەفـەرموێت:**﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَسْبُكَ ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾الأنفال: ٦٤

واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تۆو ئەو ئیماندارانەی کەوا شوێن تۆ دەکەون خوایان بەسە کە پاڵ پشتیان لێ بکات.

**واتە: تۆ خوای گـەورەت بەسـەو ئیمانـدارانیش خـوای گـەورەیان بەسـە، وە هەرکەسێك لە باوەڕداران شوێن پێغەمبـەر (ﷺ) بکـەوێت ئـەوا خـوای گـەورەی بەسە, وە ئەمەش مانای ئەوەیە کە خوای گەورەی لەگەڵدایە، وە پشت بەستن و پشت گیری تەواو لە شوێن کەوتنی تەواودایە، وە پشتگیری ناتەواویش لە شوێن کەوتنی ناتەواودایە، وە ئەگەر هاتو هەندێك لەو باوەڕدارانەی کەوا باوەڕیان پـێ هێناوەوەشوێنی کەوتون وە لەسەر ئەوەش دژایەتی کران ئـەوا بەڕاسـتی خـوای**

[1] إغاثة اللهفان (٢\١٩٧–١٩٨)، وە بڕوانە: الجواب الصحيح (٢\١٧٨).

**گەورەی بەسە، وە لەگەڵیدایەتی، وە بەشێکی بەر دەکەوێت لەو فەرمودەی خوای گەورە کە دەفەرموێت:**

﴿إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا﴾التوبة: ٤٠

واتە: کاتێك کە پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵەکەی دەفەرموێت کە ئەبو بەکرە ڕەزای خوای لێبێت مەترسەو دڵ تەنگ مەبە چونکە ئێمە خوامان لەگەڵە، ئەمە لە کاتێکدا کە لەناو ئەشکەوتی (ثور) دان وە هاوەڵ دانەرەکانی قورەیش بەسەر سەریانەوەن.

**وە ئەم کەسە دڵی پەیوەستە بە پێغەمبەرەوە (ﷺ) با هاوەڵیشی نەکردبێ بە لاشەی، وە بنچینە لەم دڵەدا، بەو جۆرەی کە لە صەحیحی بەخاری و موسلیمدا هاتوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە فەرمویەتی: (پیاوانێك هەن لە مەدینە کە ئێوە هیچ هەنگاوێکتان نەناوەوە هیچ دۆڵێکتان نەبڕیوە ئیللا ئەوانتان لەگەڵن. وتیان: لەگەڵ ئەوەی لە مەدینەشن؟ فەرموی: بەڵێ ئەوان لەمەدینەن، عوزر ڕێگای لێگرتون کە بێن لەگەڵمان)[1]. ئەوانە بە دڵیان لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بون و لەگەڵ هاوەڵانی تێکۆشەری، وە مانای هاوەڵایەتیان پێ دەبەخشرێ لەگەڵ**

[1] البخاری (٢٨٣٩)، و مسلم (١٩١١)، وە لە صەحیحی موسلیمدا زیادەیەك هەیە: (ئیللا هاوبەشن لەگەڵتاندا لە پاداشتدا).

**ئـەودا، وە خـوای گـەورەش لەگەڵیاندایـە بـە ئەنـدازەی ئـەو هاوەڵایـەتی كردنـە مەعنەویە)**[1].

وە ڕاستی وتوە ڕەحمەتی خوای لێبێت، چونكە لە ڕاستیدا لە قورئاندا هاتوە كە بە ڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ئەوان لە گەڵیاندا بون بە ناخیان، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەوان كاتێك كە هاتن بۆ ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بیان بات لەگەڵ خۆی بۆ جیهاد كردن گێڕایانیەوە، لەبەرئەوەی ئەوەندەوڵاخی سواری لەلا نەبو هەتا بیانداتێ، ئەوانیش گەڕانەوەوە دڵەكانیان دەسوتاوە چاوەكانیان پڕ فرمێسك بو بەهۆی ئەوەوە هەتا خوای گەورەوەصفی كردن بەو فەرمایشتەی: ﴿ وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ إِذَا مَآ أَتَوۡكَ لِتَحۡمِلَهُمۡ قُلۡتَ لَآ أَجِدُ مَآ أَحۡمِلُكُمۡ عَلَيۡهِ تَوَلَّواْ وَّأَعۡيُنُهُمۡ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمۡعِ حَزَنًا أَلَّا يَجِدُواْ مَا يُنفِقُونَ ﴾ التوبة: ٩٢

واتە: ئەوانە تاوان بـار نـابن كاتێـك كـە هـاتن بـۆلات وە داوایـان لێ كـردی كەوڵاخی سواریان بدەیتێ هەتا جیهاد بكەن لـەگەڵ تۆدا لـە پێناوی خوادا، وە تـۆش لەوەڵامیاندا دەتوت من شتێكم لـەلا نیە هەتا بتان دەمێ، ئـەوانیش دەگەڕانـەوە بـە

---

[1] منهاج السنة (٨\٤٨٧–٤٨٨) ط. جامعة الإمام بن سعود.

چاوی پڕ فرمێسکەوەو بە دڵێکی پڕ تەنگەوە بە هۆی ئـەوەی ئەونـدە ماڵیـان نـەبو هەتا لـە ڕێگای خوادا خۆیان و ماڵەكەشیان ببەخشن.

پاشان دەفەرموێت ڕەحمەتی خوای لێبێت: (**وە ئەگەر پیاوێك بە تەنیا بێت لە هەندێك شارو لە هەركاتێكداوە هەستێت بە جێبەجێ كردنی حەقێك كە پێغەمبەر (ﷺ) هێناویەتی، وە خەڵكی سەریان نەخست لەسەری، ئەوا بە دڵنیاییەوە خوای لەگەڵدایە, وە پشكێكی بەر دەكەوێت لەو فەرمایشتەی:** ﴿ إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ثَانِىَ ٱثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِى ٱلْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَـٰحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ﴾التوبة: ٤٠

واتە: ئەگەر ئێوەش سـەری نەخـەن ئـەوا بەدڵنیایـەوە خـوای گـەورە سـەری دەخات، لـەكاتێكدا ئەو بێباوەڕانەی مەككەوەدەریان ناووە لـەگەڵ هاوەڵەكـەی كـە ئەبوبەكرە ڕەزای خوای لێبێت ڕۆیشتن بۆ ئەشكەوتی سەوروە لـەناو ئەشكەوتەكەدا بون كە هاوەڵ دانەرەكان بەسەر سەریانەوە بون، وە ئەگەر تەماشای بـەرپێی خۆیـان بكردایە دەیان بینین، هەربۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دڵنـەوای دەكـردو دەیفـەرمو: هـیچ خەمبار مەبە ئێمە خوامـان لـەگەڵـە، وە خـوای گـەورە پاراسـتنی و بـە سـەلامەتی گەیشتنە مەدینەو خوای گەورە سەری خست بەسەر هەمو بێباوەڕەكاندا، وە ئەوەش وەعدی خوایی بو بۆی.

چونکە سەرخستنی پێغەمبەر (ﷺ) بریتیـە لـە سەرخسـتنی ئاینەکـەی کـە هێناویەتی لە هەرشوێنێك و لەهەر کاتێکدا بێت، وە هەرکەسێك شوێنی بکـەوێت ئەوا هاوەڵیەتی لەسەری بەو مانایە، وە ئەگەر ئەو هاوەڵە هەستێت بەجێ بەجێ کردنی بەو جۆرەی کەخوا فەرمانی کردوە ئەوا بە دڵنیاییەوە خوا لەگەڵ ئەوەدایە کە پێغەمبەر (ﷺ) هێناویەتی وە لەگەڵ ئەو کەسەشدایە کە هەڵدەستێت پێ ی، وە ئەم شوێن کـەوتوەی پێغەمبـەر (ﷺ): خـوای بەسـە، وە خـواش بەسـە بـۆ پێغەمبەر (ﷺ) هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَسۡبُكَ ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾ الأنفال: ٦٤

واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) خوات بەسە کە پشتگیریت بکـات وە ئەوانـەش کـە باوەڕیان هێناوەو شوێن تۆ دەکەون خوایان بەسە.

وە لە ئیبن مەسعودەوە هاتوە: (پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی عیشای کـردو پاشان ڕۆی، وە دەستی عەبدوڵای کـوڕی مەسـعودی گـرت و بـردی هـەتا بردیـە چۆڵەوانیەکی مەککە پاشان داینیشان پاشان خەتێکی ڕاسـتی بـۆ کێشـا پاشـان فەرموی: لەو خەتە تێنەپەڕی وە چاك بزانە پیاوانێك دەگەنە لات، قسەیان لەگەڵ نەکەی چونکە ئەوانیش قسەت لەگەڵ ناکەن. دەڵێ: پاشان ڕۆیشـت پێغەمبـەری خوا (ﷺ) بۆ ئەو شوێنەی کـە خـۆی دەیویسـت، لـە کاتێکـدا مـن خـەریك بـوم

دانیشتبوم لە خەتەکەی خۆمدا لەو کاتەدا پیاوانێك هاتن بۆلام دەتوت (الزط)ن[١] نە لاشەیانم دەبینی نە پێستیان، وە دەهاتنە لام و بەلاَم خەتەکەیان تێنەدەپەڕاند, پاشان دەگەڕانەوە بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەتا بوبە کۆتـای شـەو، بـەلاَم پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆلام وە من دانیشتبوم، فەرموی: ئەم شەو من هەر نەخەوتوم، پاشان هاتە لام بۆ ناو خەتەکەم وە ڕانمی کرد بە پشتی بۆخۆی، وە ڕاکشاوە پێغەمبەری خـوا (ﷺ) کاتێـك کـە خـەوی لێ دەکـەوت دەیپرخـان، وە کاتێك من خەریك بوم دانیشتبوم وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕاکشابو لەسەر ڕانم، دەبینم پیاوانێك پۆشاکی سپییان لەبەردایە، هـەرخوا خـۆی دەزانـێ کـە چـەندە جوان بون، گەیشتن پێم، کۆمەڵێکیان دانیشتن لەلای سـەری پێغەمبـەری خـواوە (ﷺ) وە کۆمەڵێکیان لەلای قاچیەوە، پاشان لە نێوان خۆیانداوتیان: ئێمە هیچ بەندەیەکمان نەبینیوە کە شتی پێ بەخشرابێت بەوێنەی ئەو شتانەی کـە دراوە بەم پێغەمبەرە: چاوەکانی دەخـەون وە بـەلاَم دڵـی بەخەبـەرە، نمونەیـەکی بـۆ بهێننـەوە بەوێنـەی پادشـایەك کـە کۆشـکێکی دروسـت کـرد، پاشـان سـفرەی ڕازاندەوەوە خەڵکی بانگ کرد بۆ خواردن و خواردنەوەکەی، هەرکەسێك وەلاَمـی دایەوە لەخواردنەکەی خوارد، وە لە خواردنەوەکەشی خواردەوە، وە هەرکەسێك وەلاَمـی نەدایـەوە سـزای دا، یـان فـەرموی: ئـازاری دا. پاشـان ئـەو ناوەیـان بەجێهێشت، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو کاتەدا خەبەری بویـەوەوە فـەرموی:

---

[١] قەومێکن لە سودانیەکان یاخود حەبەشەییەکان لە ڕەشتێتیدا لە سەرو قژ و لاشەیاندا

**گوێـت لێ بـو ئەوانــە چــیان وت؟ وە دەزانـــی ئەوانــە کــێ بــون؟ وتم: خــواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) زاناترن.**

**فەرموی: ئەوانە مەلائیکەت بون. دەزانی ئەو نمونەیەی کەهێنایانەوە چی بو؟ وتم: خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) زاناترن. فەرموی: ئەو نمونەیەی کە هێنایانەوە: خوای میهرەبان – پاك و بەدەسەڵات – بەهەشتی دروسـت کـرد، وە بەنـدەکانی بانگ کرد بۆی، هەرکەسێك وەڵامی دایەوە دەچێتە بەهەشـتەوە، وە هەرکەسـێك وەڵامی نەدایەوە سزای دا یاخود ئازاری دا)[1].**

ئەوەتا دەبینی لەم چیرۆکە گەورەیەدا گوێڕایەڵی ئیبن مەسعود بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك کە فەرمانی پێ کرد بـە مانـەوە لـە شـوێنی خۆیـدا کـە بـەدوری گرت لە خراپەی قەومێك کە هاتن بۆلای لە ناشرین ترین شێوەدا، لەگەڵ ئەوەی لە نێوان ئەم و ئەواندا تەنها خەتێك هەبو ئەگەر بای بهاتایە شوێنەوارەکەی نـەدەما، بـەڵام ئـەم خەتـەوەکو خـەتاکانی تـر نیـە، ئـەوە خـەتی سـوننەتە، هەرکەسـێك پەیوەست بێت پێوەی خوای گەورە دەیپارێزێت لەو شتانەی دێتە ڕێی.

دوابەدوای ئەوەی کە بەڵگەکانم ڕون کردوەتەوە لەسـەر ئـەوەی خـوای گـەورە ئوممەتی شوێن کەوتە جێگیرو سەرفراز دەکات، ئەوا دەکرێ لێرەدا ڕوداوێك بهێنم کە شایەتی بۆ هەردو کارەکە دەدات بەیەکەوە، وە باسی پلەو پایەیەکی گـەورەی

---

[1] صحيح سنن الترمذي للألباني رقم (٢٢٩٦).

لەخۆ گرتوە بۆ ئەبو بەكر كە خوای گەورە دینەكەی بەهۆیەوە پاراست و سەری خست لە دوای پێغەمبەرەكەی (ﷺ)، هەتا ئەبو هورەیرە دەفەرموێت ڕەزای خوای لێبێت: (**سوێند بەو خوایەی كە هیچ پەرستراوێك نیە تەنها ئەو نەبێت ئەگەر ئەبو بەكر نەبوایە بە خەلیفە خوا نەدەپەرسترا. پاشان جارێكی تر ئەم قسەی كردەوە، پاشان بۆ جاری سێیەمیش وتیەوە، پێیان وت، بەسە ئەی ئەبو هورەیرە !. ئەویش فەرموی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئوسامەی كوڕی زەیدی ڕەوانە كرد بۆ شام لەگەڵ حەوت سەد كەس، كاتێ جەیشەكە گەیشتە (ذي خشب) پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی كردوە لەو كاتەدا عەرەبەكانی چوار دەوری مەدینە پاش گەز بونەوە لە ئیسلام، هەربۆیە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كۆبونەوە لەلای وەوتیان: ئەی ئەبو بەكر! ئەوانە پاشگەز بونەتەوە لە ئیسیلام, ئەوانەش ڕویان كردوە بەرەو لای ڕۆم، وە دەشزانی عەرەبەكانی چوار دەوری مەدینە پاش گەز بونەتەوە لە ئیسلام؟! فەرموی: سوێند بەو خوایەی كە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەو، ئەگەر سەگ پەلاماری قاچی خێزانەكانی پێغەمبەر (ﷺ) بدات و پەل پەلیان بكەن من سوپایەك ناگێڕمەوە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕەوانەی كردبێ، وە ئاڵایەك داناگرم كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرزی كردبێتەوەو چەقاندبێتی. هەربۆیە ئوسامە بەرەو ئەوێ ڕۆیشت، وە بەلای هیچ هۆزێكدا تێنەدەپەڕی كە بیانویستایە پاشگەز ببنەوە لە ئیسلام ئیلا دەیانوت: ئەگەر ئەمانە تواناو دەسەڵاتیان نەبوایە ئەمانە نەدەهاتنە دەرەوە لە لایان، وە**

**بەلاّم لێیان دگەڕێین هەتا دەگەن بە ڕۆمەكان. وە گەشتن بە ڕۆمەكان وە تێكیان شكاندن وە كوشتاری باشیان لێكردن وە گەڕانەوە بە سەلامەتی، وە دامەزراو بون لەسەر ئیسلام)**[1].

ئائەوە پەیوەست بونی ئەبو بەكرە بە سوننەتەوە سەرەڕای ئەو ئازارە بە ئێشەی وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە مەینەتی پاشگەز بونەوەی عەرەب لە ئیسلام، زیاد لەوەش ورە بەردانی خەڵكی بۆی وەك دەستپێكێك لەو ئەقڵەی كە بڕیار دەدات بەو جۆرەی كە ئەوان بڕیاریان دا، وە بەلاّم ئەو شەرعەی كە ئەبو بەكر فێری بو بو لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) ئەوە بو كە ڕێنمای كرد بۆ كارێك كە پێشنیارەكانی ئەوانی ڕەزیل كرد، كە ئەویش ترسانی بو ڕەزای خوای لێبێت لە دواخستنی شتێك كە پێغەمبەر (ﷺ) پێشی خستوە، وە سەرئەنجامی پەیوەست بونەكەی بە سوننەتەوە سەركەوتن بو بەسەر دوژمنداو دامەزاوەی بو لەسەر ئیسلام.

## وریایی كردنەوەیەك:

مامۆستا **محمد ئەمین شنقیطي** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: (**زانایان ڕونیان كردوەتەوە كە سەركەوتنی پێغەمبەران دوجۆرە: سەركەوتنێك بە بەڵگەو**

---

[1] العواصم من القواصم لابن العربى (ص:٦٣)، وە ئەگەر دەتەوێ زیاتر بزانی بڕوانە: تاریخ الطبري، و سیرة ابن هشام، و الامتاع للمقریزي.

**ڕونكردنەوە، وە ئەمەش بۆ هەمویانە، وە سەركەوتنێك بە شمشێرو سەرە ڕم، وە ئەمەش بۆ ئەوانەیە كە بەتایبەتی فەرمانیان پێكراوە لەناویاندا بە جەنگین لە پێناوی خوادا...)**[1].

هەربۆیە بڕیاریان داوە بەوەی كە ئەو باوەڕدارانەی كە بێ دەسەڵاتن لەناو كۆمەڵگاكانیاندا ئەمڕۆ، ئەوانەی كە فەرمانیان پێ ناكرێ بە شەڕ كردن، سەركەوتون بە بەڵگەی زانستی كە هەمو بەتاڵ و مشت و مڕێك لەناو دەبات، وە بەڵام ئەوانەی كە تواناو دەسەڵاتیان هەیە ئەوا فەرمانیان پێدەكرێ بە شەڕ كردن بۆ پاڵپشتی كردنی بەڵگەكان بە سەرە ڕمەكان، وە لەمەشەوە دەردەكەوێ كە بەڵگەی زانستی سەركەوتوە لە هەمو كاتێكدا، وە سوپاس بۆ خوا لەسەر ئەوە.

وە بەهۆی ئەوەی ئەهلی فەرمودە بەهێزترینی خەڵكین لە بەڵگەدا، لەبەر ئەوەی زاناترین كەسن بە قورئان هەروەك **عومەری كوڕی خەتتاب** دەفەرموێت: **(خەڵكانێك مشت و مڕتان لەگەڵ دەكەن بەو ئایەتانەی كە چەندواتایەكیان هەیە، ئێوە بیان گرن بە سوننەت، چونكە هاوەڵانی سوننەت زاناترین كەسن بە قورئانەكەی خوا)**[2].

---

[1] بڕوانە: أضواء البیان (١٣٥٣) وە ئەوەش كە لەدوای دێت.

[2] رواه الدارمي (٤٩\١)، و الاجري في الشريعة (٩٣)، و ابن بطة في الابانة \ الإيمان (٨٣)، و غيرهم.

وە بەهۆی ئـەوەی زانـاترین کـەس بـون بـە ڕێبـازی پێغەمبەرایـەتی (ﷺ) لـە هـەمو خـەڵکی زیـاتر شـوێن قورئـان سـوننەت کـەوتون، هەربۆیـە بـا هـیچ پاشـین (خلف)یەك بەلایەوە جێگای سەرسوڕمان نـەبێت کەوتـەی ئـەهلی عـیلم کـۆك بێـت لەسـەر ئـەوەی کـە کۆمـەڵی ڕزگـار بـو بـە ئـەهلی فـەرمودە لێـك بدەنـەوە لـەو فەرمودەیەیدا: (**هەرکەسێك خوای گەورە بیەوێت توشی خـەیری بکـات شـارەزای دەکات لە دین... وە بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم سەرکەوتو دیارن لەسەر حەق... رواه البخاري (٧١)، و مسلم (١٠٣٧).**)[١].

لەگەڵ ئەوەی شاراوە نیە لە الحصیف پەیوەندی ڕستەی یەکەم – کە بریتیـە لە شارەزا بون لە دین – بەوەی ترەوە – کە بریتیە لە سـەرکەوتوی ئـەم کۆمەڵـە – وە ئەمەش لەوتە کۆکەرەوەکانی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)[٢].

---

[١] بڕوانە: الجواب الصحيح (١٨٠\٢).

[٢] بڕوانـة: (شـرف أصـحاب الحـديث) للخطيـب البغـدادي، و الصـحيحة للألبـاني (٢٧٠)، و أهـل الحـديث هـم الطائفـة المنصورة الناجية للشيخ ربيع بن هادي المدخلي.

# هەڕەشەکردن لە پێچەوانەکاری پێغەمبەر (ﷺ) بە گومڕایی بون یاخود بێ باوەڕی

مادام خوای گەورە بڕیاری داوە بە دامەزراوەی لەسەر دین بۆ شوێن کەوتوانی پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەوانەی کە پێچەوانەی دەکەن بەرەو ترسناکی دەیان بات لە دینەکەیانداوە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيْتَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا فَكَيْفَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ثُمَّ جَآءُوكَ يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنْ أَرَدْنَآ إِلَّآ إِحْسَٰنًا وَتَوْفِيقًا﴾ النساء: ٦١ ـ ٦٢

واتە: ئەگەر پێیان بوترێ وەرن بۆ جێبەجێ کردن و گوێڕایەڵی کردنی ئەو قورئانەی کەخوای گەروە ناردویەتە خوارەوەوە شوێن کەوتنی سوننەتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەبینی ئەو دوڕوانە پشتت لێ هەڵدەکەن و وەڵامت نادەنەوە، ئەی باشە چۆن لە ڕویان هەڵدێت کاتێك کە توشی بەلاو نارەحەتیەك دەبن بە هۆی کارو کردەوەی خراپی خۆیانەوەوە پاشان دێن بۆلات و سوێندت بۆ دەخۆن بە اللّٰه وە دەڵێن ئێمە تەنها چاکەو باشەمان دەوێت وە دەمانەوێت یەکێك بین لەوانەی کە خوای گەورە یارمەتیان دەدات بۆ چاکە کردن.

**ئیبن قەیم** دەفەرموێت: (**خوای گەورە هەڕەشەیان لیٚ دەكات بەوەی كە كاتێك ئەوان توشی ناڕەحەتیەك دەبن لە ئەقلٚیانداو لە دین و بینای و لاشەیان و مـالٚ و سامانیان بەهۆی پشت هەلٚكردنیان لەو ڕێبازەی كە پێغەمبەر هێناویەتی (ﷺ)، وە حوكم كردن لەلای غەیری ئەو، وە گێڕانەوەی حـوكم بـۆلای، هـەروەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ ﴾** المائدة: ٤٩

واته: ئەگەر پشتیان لیٚكردیت، ئەوا چاك بزانـە كـە خـوای گـەورە دەیـەوێت توشی بەلاو ناڕەحەتیان بكات بەهۆی هەندێك لە تاوانەكانیانەوە.

**وە پۆزش دەهێننەوە بەوەی كـە ئـەوان تـەنها مەبەسـتیان چـاكەو یارمـەتی بوە...)**[1].

وە داخی سێیەم ئەوەیە كە ئەم بەلآیە لەوانەیە توشی دینی مرۆڤ ببێت وەوای لێبكات هەتا بێبـاوەڕ دەبێـت، **ئـیبن تەیمیـە** دەربـارەی ئـەو فەرمایشـتەی خـوای گـــــــەورە: **﴿ فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾** النور: ٦٣

[1] إعلام الموقعين (١\٥٠).

واتە: با ئەوانەی کە پێچەوانەی فەرمانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەن بترسن لەوەی کە خوای گەورە توشی فیتنەو نارەحەتیان بکات یاخود توشی سزایەکی زۆر سەختیان بکات.

دەفەرموێت: **(فەرمانی کردوە بەو کەسەی کە سەرپێچی فەرمانەکانی دەکات کەوریا بێت لە فیتنە: وە فیتنە: بریتیە لە پاشگەزبونەوە لە دین و بێباوەڕی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ﴾** البقرة: ١٩٣........

واتە: بجەنگن لەگەڵیان هەتا فیتنەو ئاژاوەیان بەربلاو نەبێتەوە.

**ئیمام ئەحمەد** لە ڕیوایەتی فەزڵی کوڕی زیاددا دەفەرموێت: **(تەماشای ناو قورئانم کرد بینیم گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەر (ﷺ) لە سی و سێ شوێندا هاتوە، پاشان ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە: ﴿فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾** النور: ٦٣. **وە بەردەوام دوبارەی دەکردەوەوە دەیوت: ئەی فیتنە چیە؟ هاوەڵ دانانە، لەوانەیە ئەگەر هەندێك لەوتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ڕەت بکاتەوە بە هۆیەوە شتێك لە گومڕای بکەوێتە ناو دڵیەوە، وە دڵەکەی ڕەش ببێتەوەوە لەناوی ببات، وە خەریك بو ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ﴾**
النساء: ٦٥

واتە: سوێند بە پەروەردگاری تۆ ئیمانیان دانامەزرێت هەتا لەهەمو ئەو كاروبارانەی كە ڕوو دەدات لەنێوانیاندا نەگەڕێنەوە بۆلای تۆ وە تۆ نەكەن بە حاكم لە نێوان خۆیاندا.

وە **ئەبو تاڵیب ئەل میشكانی** دەفەرموێت: كاتێك پێیان وت: خەڵكانێك هەن واز لە فەرمودە دەهێنن، وە دەڕۆن بۆلای بۆچونی سوفیان؟ فەرموی: **(سەرت بسوڕمێ لە خەڵكێك گوێ بیستی فەرمودە بون، وە سەنەدەكەشی دەزانن وە ڕاستی سەنەدەكەش دەزانن، وەوازی لێدەهێنن و دەچن بۆلای بۆچونی سوفیان و غەیری ئەو، خوای گەورەش دەفەرموێت:** ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ النور: ٦٣ .!

**دەزانی فیتنە چیە؟**

**بێباوەڕی، خوای گەورە دەفەرموێت:**﴿وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ﴾ البقرة: ٢١٧

واتە: فیتنە گەورە ترە لە كوشتار.

**واز دەهێنن لە فەرمودە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) وە هەواو ئارەزوەكانیان زاڵ دەبێت بە سەریانداو دەیانبات بەرەو لای ڕاوبۆچون، وە ئەگەر سەرپێچی كاری فەرمانەكانی وریا كرابێتەوە لە بێباوەڕی و هاوەڵ دانان یاخود لە سزایەكی**

**سەخت, بەڵگەیە لەسەر ئـەوەی لەوانەشـە سەربکێشـێت بـۆ بێبـاوەڕی و سـزای سەخت...)**[1].

وە لەو وتە بەربڵاوانەی پێشین ئەو ووتەیانە: (**خێراترینی خەڵکی بـۆ پاشـگەز بونەوە لە ئیسلام خەڵکانی خاوەن هەواو ئارەزون)**[2].

وە بەهۆی ئەوەی کە بنچینەی بێباوەڕی ئەهلی کیتاب لە ڕوانگـەی سەرپێچـی کردنـــی پێغەمبەرانەوەیـــە خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ ﴾التوبة: ٣١

واتە: ئەهلی کیتاب زانـاو ڕاهیبـەکانیان کردبـون بـەخوا بەسـەر خۆیانـەوەوە گوێڕایەڵی ئەوانیان دەکرد لەباتی گوێڕایەڵی کردنـی خـوای گـەورە، وە عیسـای کوڕی مەریەمیان دەپەرست و کردبویان بە خوا.

**وە لە دەقی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە دوو سود بەرچاو دەکەوێت:**

**یەکەمیان:** هۆکاری بێباوەڕیان بریتی بوە لە بە گەورە زانینی زاناکانیان هـەتا چاوپۆشـیان کـرد لـە مـافی خـواو پێغەمبەرەکـەی لـەوەدا کـە بـۆ حـوکم کـردن

---

[1] الصارم المسلول (ص:٥٦–٥٧) و الاثر الأول عن أحمد تجده في الإبانة لابن بطة رقم (٩٧).

[2] لە ئیبن سیرینەوە بە صەحیحی هاتوە هەروەك لە المعرفـةو التـاريخ للفسـوي (٣\٣٨٨–٣٨٨٩) و الابانـة لابـن بطـة (٣٥٣)، و شرح أصول الاعتقاد للالكائي (٢٣٤).

بگەڕێنەوە بۆلایان، لە **عودەی كوڕی حاتەمەوە** دەفەرموێت: **هاتم بۆلای پێغەمبەر** (ﷺ) وە لە ملمدا خاچێك هەبو لە ئاڵتون، فەرموی: (**ئەی عودەی! ئەو بتە لەخۆت بكەرەوە**). وە گوێم لێبو لە سورەتی بەڕائەی دەخوێندەوە: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾ التوبة: ٣١ وە فەرموی: (**چاك بزانە كە ئەوان نەیان دەپەرستن، بەڵام ئەوان ئەگەر شتێكیان بۆ حەڵاڵ بكردنایە ئەوانیش بە حەلاڵیان دەزانی، وە ئەگەر شتێكیان لەسەر حەرام بكردنایە ئەوانیش بە حەرامیان دەزانی**)[١].

**وە دوەمیان:** قاڵ كردنەوەی هەڕەشەكردن لە كاروكردەوەی جولەكەو گاورو ئاگادار كردنەوەیە لەسەر هەردو جۆرەكەی سەرپێچی بۆ پێغەمبەران كە سێیەمی نیە، وە ئەو دوانەش:

– كرچوكاڵی: كە بریتیە لە زۆرترین بەش بۆ جولەكە ئازار دەران و بكوژانی پێغەمبەران.

– ڕۆچون: كە بریتیە لە زۆرترین بەش بۆ گاورەكان كە ڕۆ دەچن.

وە ئەمەش لە ئیعجازی قورئانی گەورەوەیە، وەوریای دان لە هەردو كارەكە هاتوە بەیەكەوە لە یەك فەرمودەدا، وە ئەویش ئەو فەرمودەی پێغەمبەرە (ﷺ):

---

[١] صحيح سنن الترمذي للألباني رقم (٢٤٧١).

**(لێم گەڕێن ئەوەتان بەسە كە بۆم هێناون، چاك بزانن ئەوانەی پێش ئێوە تیا چون بەهۆی زۆری پرسیارو سەرپێچیان بۆ پێغەمبەرەكانیان، ئەگەر قەدەغەم لێكردن لە كارێك ئەوا لێی دور بكەونەوە، وە ئەگەر فەرمانم پێكردن بە كارێك ئەوا ئەوەندەی كە دەتوانن جێبەجێی بكەن)**[1].

ئەو وتەیەی: (**بە زۆری پرسیارەكانیان**). لە ڕۆچون و قوڵ بونەوەیە.

وە ئەو وتەیەی: (**سەرپێچی كردنیان لە فەرمانی پێغەمبەرەكانیان**). لە كرچوكاڵی و كەمتەرخەمییەوەیە.

هەربۆیە **بوخاری** لە كیتابی (**دەست گرتن بە قورئان و سوننەتەوە**) **هێناویەتی**، وە ئەوەش لەووتە كۆكەرەوەكانی پێغەمبەرە (ﷺ).

وە بەهۆی ئەوەی كە شوێن كەوتن بەو وردەكارییەیە خوای گەورە ستایشی باوەڕداران ناكات تەنها بەهۆی شوێن كەوتنەوە, بەڵكو ستایشی شوێن كەوتن دەكات بە چاكەوە دەفەرموێت: ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ﴾ التوبة: ١٠٠ .

واتە بریتیە لە شوێن كەوتنێك لە ڕوكەش و ناخدا، وە هەركەسێك وابێت وە شەیتان بەشێك لە گوێڕایەڵی لێپچڕی، زو دەگەڕێتەوەوە تەوبە كردنیش سودی

---

[1] البخاري (٧٢٨٨)، و مسلم (١٣٣٧).

دەبێـت بـۆی، هــەر بـەو شـێوەیەی کـە خـوای گەورەوەصـفی کـۆچ کـردوان و پشتیوانانی کردوە، لەبەرئەوەی سەرپێچی کردنـی ئـەوان لـەناو کانگـای دڵیانـەوە نەبوە، وە نهێنی ئەم چاودێریە خواییە بۆیان بەهۆی ئەو شوێن کەوتنـە تەواوەیـە کە پێی ناسراون.

جوان ورد بەرەوە لە هەواڵ پێدانی خوای گەورە لـە پاراسـتنی دڵـەکانیان لـە گومڕای بەهۆی ڕاستگۆییان لە شوێن کەوتندا لە کـاتی ناڕەحەتیـدا خـوای گـەورە دەفــــەرموێت: ﴿ لَّقَد تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلنَّبِيِّ وَٱلْمُهَـٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ فِى سَاعَةِ ٱلْعُسْرَةِ مِنۢ بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِّنْهُمْ ﴾ التوبـــــة: ١١٧

واتە: بە ڕاستی خوای گەورە تەوبەی پێغەمبەرەکەی قەبوڵ کردوە لێخۆش بونی خۆی ئاشکرا کرد بۆ کۆچ کردوان و پشتیوانەکان، ئەوانەی کـە شـوێن پێغەمبــەر (ﷺ) کەوتن وە سەریان خست لـەو کاتە ناڕەحەتەدا کـە پێیــدا تێپــەڕین لــەدوای ئەوەی خەریك بوو دڵی تاقمێك لەوان توشە گومڕای و سەرلێشێوان ببێت.

دەبــا ئاگــادارو وریــابن ئەوانــەی کــە لەســەر ڕوکەشــی ســوننەتن بــەبێ ناوەڕۆکەکەی، وە بەهەمان شێوەش بە پێچەوانەوە.

## سەرپێچیکارانی پێغەمبەران بە زووی دەدۆڕێن

هەربەو شێوەیەی کە شوێن کەوتوانی پێغەمبەران سەرکەوتون، بە دڵنیاییەوە پێچەوانەکارانیان سەرشۆڕن خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ فِى ٱلْأَذَلِّينَ ﴾ المجادلة: ٢٠

واتە: بە دڵنیای ئەوانەی کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەکەن، ئاەوانە لە پیڕی سەرشۆڕان و زەلیلەکانن.

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (... **وە خوای گەورە سەرشۆڕی و زەلیلی بڕیار داوە بۆ ئەوانەی کە سەرپێچی فەرمانەکانم دەکەن)**[1].

وە لێکدانەوەکەیشی ئەوەیە کە **ئیبن تەیمیە** دەفەرموێت: **(وە بیدعە هاوتایە لەگەڵ دوبەرەکی، هەروەك چۆن سوننەت هاوتای جەماعەتەوە ئەوترێ: ئەهلی سوننەو جەماعە. هەروەك دەوترێ: ئەهلی بیدعەو دوبەرەکی)**[2].

وە خەڵکانی ژیر یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە گەورەترین هۆکاری بەزین بریتیە لە دوبەرەکی، وە گەورەترینی – بە بێ گومان – دوبەرەکیە لە دیندا، وە

---

[1] رواه أحمد (٢\٥٠)، و ابن أبي شيبة (٥\٣٢٢)، و غيرهما، وهو حسن، بڕوانە: السير للذهبي (٥٠٩\١٥)، و الفتح لابن حجر (٦\٩٨).

[2] الاستقامة (١\٤٢) وە بڕوانە ئەگەر دەتەوێ: اجتماع الجيوش الإسلامية لابن القيم (ص: ٦).

لەبەرئـــەوەی جیـــاوازی بەرهـــەمی کەمتەرخەمیـــە لـــە گوێڕایـــەڵی کردنـــی خـــواو پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) خـوای گـەورە بەیەکـەوە هێنـاونی لـە یـەك ئایەتـدا، وە دەفەرمویت: ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡ﴾الأنفال: ٤٦

واته: گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بکەن وە جیاوازو پەرتەوازە مەبن چونکە دەبێتە هۆی لەناو چون و ڕۆیشتنی هێزو تواناتان.

وە بەهۆی ئەوەی کە پەیوەست بون بە سوننەتەوە بریتیە لە کەشتی ڕزگار بون لە دەریای پەرتەوازەیەتیدا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کردوە بە پەیوەست بون پێوەی لە کاتی ڕودانی جیاوازی وە فەرمویەتی: (... **وە هەرکەسێك بژی لە ئێوە لە دوای من ئەوا بەدڵنیاییەوە جیاوازیەکی زۆر دەبینێت، دەست بگرن بە سوننەتەکەمەوەوە بە سوننەتی جێنشینە ڕێنومای کراو ژیرەکانەوە، بە چاکی پەیوەست بن پێیەوە، وە بە کاکیلەکانتان قەپاڵی پێدا بکەن، وەوریابن لە شتە داهێنراوەکان**)[1].

وە خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَٱخۡتَلَفُواْ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُ﴾آل عمران: ١٠٥

---

[1] رواه أحمد (٤\١٢٦-١٢٧)، و أبوداود (٤٦٠٧)، و الترمذي (٢٦٧٨)، و ابن ماجة (٤٢-٤٤)، و الدارمي (١\٤٤,٤٥)، وهو صحيح.

واتە: وەکو ئەوانە مەبن کە پارچە پارچە بـون و دوبـەرەکی کەوتـە ناویانـەوە لـــــەدوای ئـــــەوەی بەڵگـــــەی ڕون و ئاشـــــکرایان بـــــۆ هـــــات. واتە ئـەو وەحیـەیان بـۆ هـات کـە مایـەی کۆبونەوەیانـە، کاتێـك کـەوازیان لێهێنـا پەرتەوازە بون.

وە ئەمـــەش دیـــارو ئاشـــکرایە لـــە مێـــژوی جولەکـــەو گـــاوردا لەگـــەڵ پێغەمبەرەکانیان، گاورەکان شوێن ڕەهبانیەتێك کەوتبون کە خۆیان دایان هێنـابو وەوازیان هێنا لە هەندێك لەو فەرمانانەی کە فەرمانیان پێکرا بوو خـوای گـەورەش دوژمنایـــەتی و ڕق و کینـــەی خســـتە نێوانیانـــەوە، هـــەروەکو خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَهُمۡ فَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَأَغۡرَيۡنَا بَيۡنَهُمُ ٱلۡعَدَاوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ﴾المائدة: ١٤

واتە: وە لـەوانەی کەوتیان ئێمـە گـاورین ئێمـە پـەیمانمان لێ وەرگـرتن، کەچـی ئەوان بەشێك لەو شـتانەی کـە ئێمـە فـەرمانمان پێکـرد بـون لـەیادیان کـرد، لـە بەرامبەردا ئێمەش دوبەرەکی و ڕق و کینەمان خســتە نێوانیانــەوە هــەتاوەکو ڕۆژی دوای.

**ئیبن تەیمیە** دەفەرموێت: (**ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوان وازیان هێنا لە هەندێك لەو شتانەی کە فەرمانیان پێکرابو پێی وە ئەو واز هێنانە لێی هۆکار بو بۆ کەوتنەوەی دوژمنایەتی و ڕق و کینە کە هەردوکیان حەرامە**)[1].

وە بەهەمان شێوە جولەکەکان وازیان هێنا لە هەندێك لەو شتانەی کە فەرمانیان پێکرا بو هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ وَنَسُوا۟ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ﴾ المائدة: ١٣

واتە: ئەو جولەکانە هەڵدەستن بە لادانی وتەکان لە شوێنی خۆیدا ئەویش بە گۆڕین و دەستکاری کردن و لێکدانەوی نابەجێ بۆ فەرمایشتەکانی خوای گەورە، وە هەندێك لەو شتانەی کە بۆیان باس کرابو لە یادیان کردو پشت گوێیان خست.

بەڵام وازهێنانی ئەوان بۆ ئەو بەشەی کە فەرمانیان پێکرا بو سەرچاوەی گرتبو لەو کەتەرخەمیەی کە پێی ناسراو بون بەهۆی ڕق لێبونەوەیان بۆ ئەو ئایەتانەی کە خوای گەورە ناردویەتە خوارەوە، هەروەك خوای گەورە

---

[1] مجموع الفتاوی (١٠٩\٢٠).

دەفەرموێت: ﴿وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا ۚ وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾المائدة: ٦٤[1]

واتە: زۆربەی ئەو جولەکانە ڕقیان دەبێتەوە لەو قورئانەی کە خوای گەورە ناردویەتە خوارەوە بۆت ئەویش بەهۆی یاخی بون و بێباوەڕیانەوە، وە دوژمنایەتی و ڕق و کینەمان خستە ناویانەوە هەتاوەکو ڕۆژی دوای.

وە **ئیبن تەیمیە** دەفەرموێت: (**وە ئەو جیاوازییەی کە هەیە لەناو ئەو نەتەوانەی کە ئاینیان نیە زۆر زیاترە لەو نەتەوانەی کە ئاینێکیان هەیە، وە هەمو ئەوانەی کە نزیکتر بن لە شوێن کەوتنی پێغەمبەرانەوە ئەوانە کەمتر جیاوازیان لە نێواندایە، وە ئەو جیاوازیەی کە نقلّ کراوە لە فەلاسیفەکانی یۆنان و هندو هاوشێوەیان شتێکە لە ژماردن نایەت مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت چەندە، وە لەدوای ئەمانیش ئەو جیاوازییەی کە لەلای گەورە ترین نەتەوە لە بیدعە کردندا هەیە کە ڕافیزەکانن, وە دوای ئەمانیش ئەو دوبەرەکییەی کە لە نێوان موعتەزیلەو هاوشێوەیان هەیە، وە دوای ئەمانیش جیاوازی ئەو تاقمانەی کە دەدرێنە پالّ ئەهلی سوننەو جەماعە, وەکو کیلابیەوە ئەل کەرامیەوە ئەل ئەشعەریەوە هاوشێوەیان، وە دوای ئەمانیش جیاوازی ئەهلی فەرمودە، وە ئەهلی فەرمودە کەمترینی ئەو تاقمانەن کە جیاوازیان هەبێت لە بنچینەکانیاندا، لەبەر**

---

[1] بڕوانە: مجموع الفتاوی بەهەمان شێوە (١٣\٢٢٧).

**ئەوەی میراتی ئـەوان لـە میراتـی پێغەمبەرایـەتی زۆر زیـاترە لـە میراتـی غـەیری ئەوان، هەربۆیە خوای گەورە پاراستنی بەو پردە بەتینـەی کـە دەسـتیان پێـوە گرت، وە فەرمویەتی:** ﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا ﴾آل عمران: ١٠٣

واتە: هەمو دەست بگرن بەو پردە بەتینەی کە خوای گەورە بـۆی دانـاون کـە ئەویش قورئانەکەیەتی.

وە یەکێك لە گەوهەرە بەنرخەکانی **ئەبی موزەفەری سەمعانی** ئەو وتەیەیەتی:

**(وە یەکێك لەو شتانەی کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەهلی فەرمودە لەسەر حەقن ئەوەیە کە ئەگەر بێت و بڕوانیتە هەمو نوسراوەکانیان لـە سـەرەتایانەوە هەتا کۆتایان، ئەوانەی زو وە ئەوانەی کە تـازەن لەگـەڵ جیـاوازی شـارو کـات و دوریان لە یەکتریەوە، وە نیشتە جێبونی هەریەکەیان لە پارچەیەك لە پارچەکانی سەر زەوی، دەیانبینی لە ڕونکردنەوەی بیرو باوەڕدا هەمویان لەسەر یەك شێوەو ئاڕاستە دەڕۆن، لەسەری دەڕۆن بەجۆرێك کە لێی لانادەن وە بە ڕاست و چـەپدا ناڕۆن، وتەیان لەوەدا یەکێکەوە ئەوەش کە نقڵی دەکەن هەر یەك شـتە، نـابینی جیاوازی و پارچە پارچە بون هەبێت لە نێوانیاندا لە هیچ شتێکدا ئەگەر کـەمیش بێت، بەڵکو ئەگەر هەمو ئەوشتانەی کە لەسەر زوبانیان هاتوەوە نقڵیان کردوە لە پێشینیانەوە کۆبکەیتەوە دەبینی هەر دەڵێی لەناو کانگای یەك دڵەوە هاتوە، وە لەسەر یەك زوبانەوە هاتوە، ئایا بۆ لەسەر حەق بونی ئەوان بەڵگەیەك هەیە لەمە**

ڕون تر؟ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُوا۟ فِيهِ ٱخْتِلَـٰفًا كَثِيرًا ﴾ النساء: ٨٢

واتە: ئایا بۆ بەجوانی ورد نابنەوە لە ئایەتەكانی قورئان كە چەندە ڕێك و پێك و تەواوە هیچ ناتەواوی و دژوارییەك لەنێوان ئایەت وحوكم و زانیاری و هەواڵەكانیدا نیە، خۆ ئەگەر بهاتایەو ئەم قورئانە لەلایەن غەیری خوای گەورەوە بهاتایە ئەوا بە دڵنیاییەوە جیاوازی و ناتەواوییەكی زۆرتان تێدا دەبینی.

وە دەفەرموێت: ﴿ وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟ ﴾ آل عمران: ١٠٣

**وە بەڵام ئەگەر بڕوانیتە ئەهلی هەواو ئارەزوەكان و ئەهلی بیدەع دەیانبینی پارچە پارچەو جیاوازن یاخود بون بەچەند تاقم و حزبێكەوە، نابینی دوانیان لەسەر یەك ڕێباز بن لە بیرو باوەڕدا، هەندێكیان حوكمی بیدعە ئەدەن بەسەر هەندێكیاندا، بەڵكو سەردەكێشن بۆ حوكمی بێباوەڕی دان بەسەر یەكتریدا، كوڕ باوكی خۆی كافر دەكات، وە پیاو برای خۆی، وە دراوسێ دراوسێكەی، دەیانبینی هەمیشە لە ململانێ و دوبەرەكی و جیاوازیدان، تەمەنیان كۆتای پێ**

دێت کەچی وتەیان هەرگیز یەك ناگرێت: ﴿تَحۡسَبُهُمۡ جَمِيعٗا وَقُلُوبُهُمۡ شَتَّىٰۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡقِلُونَ﴾ الحشر: ١٤ [١]

واتە: کە دەیان بینی وادەزانی دڵەکانیان هەرهەموی بەیەکەوەیەوەك ئەوەی کە بڵێی یەك دڵیان هەیە، ئەمە لە ڕوکەشدا بەڵام لە ڕاستیدا دڵەکانیان زۆر لە یەکەوە دورە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە خەڵکانێکن کە هەرگیز بیر ناکەنەوە.

وە مەبەست لەمانە هەموی بریتیە لە ڕونکردنەوەی ئەوەی کە تێك شکانی یەخەی ئەوانە دەگرێت کە سەرپێچی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەن وە زوبەزوی دەدۆڕێن، بەهۆی ئەو دوبەرەکیەی کە باڵی کێشاوە بەسەریاندا، وە ئیبن سەعدو ئەحمەدو بەیهەقی و غەیری ئەوانیش ڕیوایەتیان کردوە بە چەند سەنەدێك لە کۆمەڵێك لە هاوەڵانەوە کە فەرمودەی هەندێکیان تێك هەڵکێش بوە بە فەرمودەی هەندێکیان، وە فەرمویانە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەبدوڵڵای کوڕی حوزافەی سەهمی نارد — کە یەکێکە لەو شەش کەسە — بۆلای کیسرا بانگەوازی بکات بۆ لای ئیسلام وە نوسراوێکی لەگەڵدا نارد، **عەبدوڵلا** دەڵێ: منیش نوسراوەکەی پێغەمبەری خوام (ﷺ) دایە دەستی، پاشان وەری گرت و دڕاندی، کاتێك کە ئەم

---

[١] من الحجة لقوام السنة (٢\٢٢٥).

هەواڵە گەیشتەوە بە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: **(خوایەگیان موڵك و دەسەڵاتەکەی لەناو بەریت)**[1].

وە کیسرا نوسراوێکی نوسی بۆ بازان کە کاربەدەستی ئەو بو لەیەمەن وە پێی وت کە دو پیاوی بەهێز لەلایەن خۆتەوە بنێرە بۆلای ئەو پیاوەی کە لە حیجازە با هەواڵی ئەوم بۆ بهێننەوە، بازانیش قارەمان و پیاوێکی تری نارد، وە نوسراوێکی لەگەڵدا ناردن، وە گەیشتنە مەدینە، وە نوسراوەکەی بازانیان دایە پێغەمبەر (ﷺ)، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێکەنی، وە بانگەوازی کردن بۆ ئیسلام لەو کاتەدا ئەوان هەر چوار پەلیان دەلەرزی.

**وە لە ڕیوایەتێکدا:** کاتێ کە بینی سمێڵەکانیان شۆڕ بوەتەوەو ڕومەتەکانیان تاشراوە، دورکەوتەوە لێیان وە فەرموی: **(هاوار بۆ ئێوە کێ فەرمانی پێکردون بەمە)**. وتیان: **گەورەکەمان** – مەبەستیان کیسرا بو –. پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: **(بەڵام من پەروەردگارم فەرمانی پێکردوم کە ڕیشم بهێڵمەوە، وە سمێڵم کورت بکەمەوەوە فەرموی: ئەمڕۆ بگەڕێنەوە لەلای من وە سبەینێ وەرنەوە بۆلام، هەواڵتان دەدەمێ بەوەی کە دەمەوێت.** ئەوانیش بۆ سبەینێ هاتنەوە بۆلای وە

[1] هەتا ئێرە ڕیوایەتی بوخاریە لە صەحیحەکەیدا (٦٤) بەڵام زیادەی دوعاکە لەلای ئەو (مرسلة)ە.

پێیانی فەرمو: **هەواڵ بدەن بە هاوەڵەكەتان كە پەروەردگاری من گەورەی ئەو (كیسرای) لەناو برد ئا لەم شەودا)** دوای پرسیاریان كرد بینیان كەوایە[١].

وە لەم چیرۆكەدا ئەوەی تێدایە كە پێغەمبەر (ﷺ) دەیزانی تیاچونی كیسرا كاتێ كە بەربەرەكانەی پەیامەكەی كرد، وە حورمەتی ئەو پەیامەی ڕەچاو نەكرد، چونكە خوای گەورە بڕیاری داوە بە بنەبڕ كردنی شوێنەواری ئەو كەسەی قسە بە پێغەمبەرەكەی دەڵێت و زو لەناو بردنی وە فەرمویەتی:﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ﴾ الكوثر: ٣

واتە: ئەوەی دوژمنایەتی تۆ دەكات وە ڕقی لێتە ئەو وەجاخی كوێرەو خوا لەناوی دەبات.

وە لە جوانی تەواوێتی هەواڵەكە ئەوە بو كە بكوژی كیسرا كوڕەكەی بو، هەروەك **ئیبن حەجەر** باسی كردوە لە (الفتح)دا[٢], وە ئەوەش لە تەواوێتی گەورەی خوایە لە نانەوەی دوژمنایەتی لەنێوانی تاكەكانی یەك ئوممەتەتدا، چۆن نا كە ئەمەیان دوژمنایەتیە لە نێوان ئەهلی یەكماڵدا؟! كە پشت ڕاست كردنەوەی ئەو

---

[١] رواه ابن سعد (١\١٥٩-٢٦٠)، و أحمد (٥\٤٣)، و البيهقي في دلائل النبوة (٤\٣٨٧-٣٩٤).

وە بڕوانە: الصحيحة للألباني (١٤٢٩)، و تخريجه على فقه السيرة للغزالي (ص: ٣٨٨-٣٨٩).

[٢] بڕوانە: (٧\٧٣٣-٧٣٤)

فەرمایشتەی خـوای گەورەیـە: ﴿وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ﴾ المائدة: ٦٤

وە ئـەم چـیرۆكەی كیسـرا بـەراورد بكـە بـە چـیرۆكی قەیصـەر كـە بوخـاری و غەیری ئەویش ڕیوایەتیان كـردوە، وە تێیدایـەتی ئـەو وتەیـەی قەیصـەر بـۆ ئـەبو سوفیان دەربارەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): (**... ئەگـەر ئـەوەی كـە تـۆ دەیڵێیـت ڕاست بێت ئەوا ئەم تەختی پادشایەتیەی من بەدەست دەهێنێ، وە من لەڕاستیدا دەمزانی كە ئەو دێت، بەڵام نەمدەزانی كە لە ئێوەیە، وە ئەگەر من بزانم ئەتوانم پێی بگەم ئەوا هـەوڵی بینینـیم دەدا، وە ئەگـەر لـەلای بومایـە ئـەوا قاچـەكانیم دەشتن...**)[1].

**ئیبن تەیمیە** دەفەرموێت: (**وە پێغەمبەر (ﷺ) نوسراوی نـاردوە بـۆ كیسـراو قەیصەر، وە هیچ كامیان موسوڵمان نەبون، بەڵام قەیصەر ڕێزی لە نوسراوەكەی پێغەمبەر (ﷺ) و نێردراوەكەی گرت، هەربۆیە موڵكەكەی مایەوە، بۆیە ئەوترێت: موڵك و دەسەڵات ماوەتەوە لە ناو نەوەكانیدا هەتا ئەمڕۆ، وە كیسرا نوسراوەكەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دڕاند، وە گاڵتەو گەپی كرد بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، هەربۆیە خوای گەورە لەناوی برد دوای كەمێك، وە موڵك و دەسەڵاتەكەی لـەت و پەت كرد، وە لەنەوەی كیسرا دەسەڵات و موڵكیان بۆ نەمایەوە، وە ئەمەش — وە**

[1] صحيح البخاري (٧).

خـوا زانـاترە – سـەلماندنی ئـەو فەرمایشـتەی خوایـە: ﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ﴾ الكوثر: ٣. هەمو ئەوانەی كە ڕقیان لێیەتی وە دوژمنایـەتی دەكـەن ئـەوا بەبێ گومـان خـوای گـەورە پشـتی دەشـكێنێ و شـوێنەواری كـوێر دەكاتـەوەو ئەیسڕێتەوە، وەوتراوە: ئەم ئایەتە دابەزیوە لە حەقی عاصی كوڕی وائیل یاخود عوقبەی كوڕی ئەبی موطیع، یاخود كەعبی كوڕی ئەشرەف، وە دەشزانی خـوای گەورە چی بەسەر ئەوانەدا هێنا، وە یەكێك لەو قسە بەربڵاوانە ئەوەیە: (گۆشتی زانایان ژەهراویە) ئـەی چـۆن دەربـارەی گۆشـتی پێغەمبـەران سـەلامی خوایـان لەسەر بێت؟!)[1].

لێرەدا دەڵێم: ورد بەرەوە لەو وتەیەی: (وە موڵك و دەسەڵات ماوەتەوە لەناو نەوەكانیدا هەتا ئەمڕۆ). لەگەڵ وتەكەی هرقل لەدوای خوێندنەوەی نوسـراوەكەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـە ڕیوایەتەكـەی پێشـتردا: (ئـەی كۆمـەڵی ڕۆم! ئایـا ناتانەوێت سەركەتو سەرفراز بن وە موڵك و دەسەڵاتتان پارێزراو بێت وە بەیعەت بدەن بەم پێغەمبەرە (ﷺ)؟...).

وە ئـیبن تەیمیـە دەفـەرموێت: (وە هـاو شـێوەی ئەمـە كـە ژمارەیـەك لـە موسوڵمانانی دادپەروەو ئەهلی فیقهو شارەزا پێیان ڕاگەیاندوین دەربـارەی ئـەو

---

[1] الصارم المسلول (ص: ١٦٤–١٦٥)، وەبڕوانە: الفتح لابن حجر (١\٤٤).

ئەزمونەی کە بینیویانە چەندەها جار لە گەمارۆ دانی قەلاو شارەکان کە دەکەونە کەنارەکانی شامەوە، کاتێك موسولْمانان گەمارۆی بەنی ئەصفەریان دا تێیدا لەوەختی ئەواندا، وتیان: ئێمە گەمارۆی قەلأیەکمان دەدا یاخود شارێك مانگێك یاخود زیاتر لە مانگێك وە بۆمان نەدەگیرا هەتا خەریك بو نائومێد دەبوین، هەتا خەڵکەکەی دەکەوتنە جنێودان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و کەوتنە جنێودان بەداوێنی هەربۆیە ڕزگارکردنی ئاسان دەبو وە زو خۆیان دەدا بەدەستەوە، وە ڕزگار کردنی دوا نەدەکەوت تەنها ڕۆژێك یان دو ڕۆژ یان چەند ڕۆژێك، پاشان شوێنەکە ڕزگار دەکرا بەخێرای، وە دەبونە پەندو داستانێکی گەورەیان پێدە گێڕدرا، وەوتیان: هەتا ئێمە مژدەی ئەوەمان بەخۆمان دەدا بە زوی ڕزگار کردنی ئەو شوێنە کاتێك کە گوێمان لێدەبو قسەیان بە پێغەمبەر (ﷺ) دەوت، لەگەڵ پڕبونی دڵەکان لە توڕەی لەبەرامبەریان بەهۆی ئەو جنێوانەیان، هەروەك پێی ڕاگەیاندوم هەندێك لە خەڵکانی متمانە کە موسوڵمانانی ڕۆژئاوا حاڵیان لەگەڵ گاورەکاندا بەهەمان شێوەیە، وە لە سوننەتی خوای گەورەیە کە سزای دوژمنەکانی بدات جارێك بە سزایەك لەلایەن خۆیەوە، وە جارێك بە دەستی بەندە باوەڕدارەکانی)[1].

هەروەها ئیبن تەیمیە دەفەرموێت: (سورەتی کەوسەر، چەندە سورەتێکی گەورەیە! چەندە پڕیەتی لە سودو ئامۆژگاری لەگەڵ کورتی ئایەتەکانیدا! وە

[1] الصارم المسلول (ص: ١١٧).

حەقیقەتی واتاکەی لە کۆتایەکەیدا دەردەکەوێ، خوای گەورە بێ بەشی کردوە دوژمنی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لەهەمو چاکەیەك، هەربۆیە ناوی خۆی و خانەوادەو ماڵی کوێر دەکاتەوەو وە خەسارەو مەند دەبێت لە ڕۆژی دوایدا، وە ژیانی کوێر دەکاتەوەو سودی لێنابینێت، وە توێشی چاکی لێ دروست ناکات بۆ دوارۆژی, وە دڵی ڕەش دەکاتەوەوە دڵ ناداتە خێرو چاکە، وە سازو ئامادەی ناکات بۆ ناسینی خۆی وە خۆشەویستی وە باوەڕهێنان بە نێردراوەکانی، وە کردەوەکانی کوێر دەکاتەوە هەربۆیە بەکاری ناهێنێت لە گوێڕایەڵیدا، وە دایدەبڕێ لە یارمەتیدەران هەربۆیە هیچ یامەتی دەرو پاڵ پشتێکی دەست ناکەوێت, وە دایدەبڕێت لە هەمو نزیك بونەوەو کردەوەی چاکە هەربۆیە هیچ چێژێکی لێ نابینێت وە هیچ تامێکی شیرینی لێ نابینێت، وە ئەگەر بە ڕوکەش کردەوەی چاك جێبەجێی بکات ئەوا دڵی زۆر دورە لێی، وە ئەمە سزای ئەو کەسەیە کە دژایەتی بەشێك لەو شتانە دەکات کە پێغەمبەر (ﷺ) هێناویەتی وە یان ڕەتی دەکاتەوە بەهۆی هەواو ئارەزویەوە یان بەهۆی ئەو کەسەی کە شوێنی دەکەوێت، یان مامۆستاکەی یاخود ئەمیرەکەی یان سەرگەورەکەی، هەروەکو ئەوانەی کە دژایەتی ئایەتەکانی صیفات و فەرمودەکانی صیفات دەکات، وە لێکی دەداتەوە بە پێچەوانەی ویست و مەبەستی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، یاخود لێکدانەوەی بەو جۆرەی کە ڕێك دەکەوێت لەگەڵ مەزهەبەکەی وە مەزهەبی تاقمەکەی، یاخود تەمەننای ئەوە دەکات کە ئایەتەکانی صیفات

دانەبەزیایە، وە فەرمودەکانی صـیفات پێغەمبـەر (ﷺ) نەیفەرموبایـە... وە لـە بەهێزترینی نیشانەکانی دژایەتی کردن و ڕق لێبونەوەی لێـی ئەوەیـە کـە کاتێك گوێبیستی دەبێت ئەهلی سوننە بە بەڵگە دەیهێننـەوە لەسـەر ئـەو شـتانەی کـە بەڵگەیە لەسەری لە حەق بێتاقەت دەبێـت پێـی، وە دوردەکەوێتـەوەو ڕادەکـات لەوە، بەهۆی ئەو ڕقەی کە لەناو دڵیایەتی لەبەرامبەریداوە دوری لێیەوە، کەواتە چ دوژمنێك بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دوژنایەتی گەورەترە لەمە.... وە بەهەمان شێوە ئەوانەی کە قسەی خەڵکی و زانستیان پێش دەخەن بەسەر قورئان و سوننەتدا، وە ئەگەر ئەو کەسە ڕقە بەرایەتی ئەوە نەکات کـە پێغەمبـەر (ﷺ) هێناویـەتی ئەوەی نەدەکرد، هەتا هەندێکیان قورئانیان لەبیر دەچێتەوە لەدوای ئەوەی کـە لەبەریان کردوە، وە خەریك دەبێت بەوتەی فلاَن و فلاَن...

دەی کەواتە ئاگادار بە ئاگادار! ئەی پیاو لەوەی کە ڕقت لە شتێك بێـت کـە پێغەمبەر (ﷺ) هێناویەتی یاخود ڕەتی بکەیتەوە لەبەر خـاتری ئارەزوەکانـت، یاخود بۆ سەرخستنی مەزهەبەکەت یان مامۆستاکەت، یاخود بەهۆی خەریك بونت بە خۆشیەکان یان دونیا، چونکە بەڕاستی خوای گەورە پێویستی نەکردوە لەسەر هیچ کەسێك گوێڕایەڵی کردنی کەسێك جگە لە گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەرەکەی و وەرگرتنی ئەوەی کە هێناویـەتی، بـەجۆرێك کـە ئەگـەر بەنـدە سەرپێچـی هـەمو دروست کراوەکان بکات وە شوێن پێغەمبەر (ﷺ) کەوت خوای گەورە پرسیاری لێ ناکات دەربارەی سەرپێچی کردنی کەسانی تر، چونکە بە دڵنیایـەوە ئـەوەی

كە گوێڕایەڵ دەبێت یاخود گوێڕایەڵی دەكرێت تـەنها لەبـەر شـوێن كـەوتنی بـۆ پێغەمبەر (ﷺ) گوێڕایەڵی دەكرێت، وە ئیللا ئەگەر فەرمان بدات بە پێچەوانەی ئەوەی كە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی داوە گوێڕایەڵی ناكرێت.

ئەوە باش بزانە، وە گوێبیست بەوە گوێڕایەڵ بە، وە شوێن كەوتە بەوە شت لەخۆتـەوە دامەهێنـە، چـونكەوەجاخ كـوێر دەبیـت وە كردەوەكانـت بەسـەرتدا دەدرێتەوە، بەڵكو هیچ خێرێك لە كردەوەیەكدا نیە كە كـوێر بێتـەوە لەبەرامبـەر شوێن كەوتندا، وە هیچ خێرێك لە بكەرەكەیدا نیە، وە خواش لەهەموان زاناترە)[١].

[١] مجموع فتاوی (١٦\٥٢٦-٥٢٩).

# بنچینەی پێنجەم

## وەڵامدانەوەی کەسی سەرپێچی کار بەشێکە لە فەرمانکردن بە چاکەو قەدەغەکردن لە خراپە

# بنەمای پێنجەم

## وەڵامدانەوەی کەسی سەرپێچیکار بەشێکە لە فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپە

بەپێویستم زانی کە بۆ توێژینەوەکەم ئەم بەشە دابڕێژم، چونکە هەندێك لە کەسانی دەرون لاوازو کەم زانست دڵیان تەنگ دەبێت لەکاتی خوێندنەوەی بەرپەرچ دانەوەکان، بەگومانی ئەوەی کە ئەوە نزیکترە لەوەرع و خۆپاراستن و پاراستنی داوێنی موسوڵمانان.

وە بەچاوگێڕانێکی خێرا بە مێژوی زانایاندا ئەوەت بۆ دەردەخات کە هیچ سەدەیەك لە سەدەکان بێبەش نەبوە لە بەرپەرچ دانەوەی کەسانی پێچەوانەکار، ئەگەر ئەو کەسە لەباشترینی موسوڵمانانیش بوبێت.

وەلەبەر ئەوەی زۆرینەی حزبە ئیسلامیەکان کاردەکەن لەسەر زیندەبەچاڵ کردنی ئەو شتەی کە ناو دەبرێت بە: (**ڕەخنەی خۆیەتی**)، وە لەبار بردنی فەرمان کردن بەچاکەو ڕێگری کردن لە خراپەوە چۆڵ کردنی گەورەترین کەلێنی موسوڵمانان لەو کەسانەی کە پڕی دەکەنەوە، بە بیانوی چاوپۆشین لەموسوڵمانان جارێك، وە کۆکردنەوەی هێزو توانا لەدژی بێباوەڕان جارێکی تر، وە جگە لەوانەش لەو بیانوە سۆزاویانەی کەوادەکات بیروهۆشەکان بفڕێنێت لە خاوەنەکانیان لە سەردەمی لاوازی زانستیدا، کە پێویستی دەکات گێڕانەوەی

حەق بۆ دۆخـی خـۆی: ﴿لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنۢ بَيِّنَةٍ وَيَحْيَىٰ مَنْ حَيَّ عَنۢ بَيِّنَةٍ﴾ الأنفال: ٤٢

واتە: با ئەوانەی كە تیا دەچن لەسەر چاوڕۆشنی و زانینی ڕاسـتیەكان تیابچـن، وە ئەوانەشی كە دەژین لەسەر ئەو ئیسلامە ڕاستە لـەسـەر چاوڕۆشـنی و زانسـتەوە بژین.

(وە ئەوانـەی كـە زمانیـان بـەكاردەهێنن بـۆ گـۆڕین و نكـۆڵی كـردن لــە ڕەخنەگرتنی بەتاڵ با لەهەندێكیشیاندا خێرو چاكە هەبێت، بەڵام ئەوە بێتواناى و و لاوازیە لە هەوڵ و هیممەتدا هەنـدێك جـار، وە لاوازی تێگەیشـتنە لـە بەڵگـەكانی حەق و ڕاستی هەندێ جاری تر، بەڵكو لە ڕاستیدا ئەوە بریتیە لە پشـت هـەڵكردن و ڕاكـردن لـە كـاتی بەرەنگاربونـەوی دوژمـن و بەجێهێشـتنی ئـەو شـوێنانەی كـە پاسەوانی تێدا دەكرێت لە دینی خوا، وە پاراستنی، وە لەوكاتەشـدا ئـەو كەسـەی كە بێدەنگە لـەوتنی حـەق وەكـو ئـەو كەسـەوایە كـە قسـە دەكـات بـە بـەتاڵ لـە تاواندا.

**ئەبو عەلی دەققاق** دەفەرموێت: (**كەسی بێدەنگ لەوتنی حەق شەیتانێكی لاڵە، وە كەسی قسەكەر بە بەتاڵ شەیتانێكی قسەكەرە**) .

وە پێغەمبـەر (ﷺ) هـەواڵ دەدات بـە پارچـەپارچـە بـونی ئـەم ئوممەتـە بـۆ حــەفتاو ســێ تــاقم، وە ڕزگــاربون تــەنها بــۆ یــەك تاقمــە كەلەســەر ڕێبــازی

پێغەمبەرایەتیە، ئایا ئەوانە دەیانەوێت ئوممەت کورت بکەنەوە لەیەك تاقم و کۆمەڵدا لەگەڵ بونی ئەو هەمو جیاوازیە بیروباوەڕیە پشێوانەی کە هەیە؟!.

یان ئەمە بانگەوازە بۆ یەکیەتی تێك شکاندنی وشەی تەوحید؟! ئاگادارین!!.

وە بەڵگەکانیشیان تەنها ئەو قسە پڕوپوچانەیانە کە دەڵێ:

ڕیزەکان تێك مەشکێنن لە ناوەوە!.

تەپوتۆز هەڵمەسێنن لە دەرەوە!.

دوبەرەکی و جیاوازی مەجوڵێنن لەنێوان موسوڵمانناندا!.

(**کۆك دەبین لەسەر ئەو شتانەی کە لەسەری ڕێکەوتوین، وە هەندێکمان پۆزش بۆ هەندێکمان دەهێنینەوە لەو شتانەدا کە جیاوازین لەسەری!**) وە بەو شێوەیە.

وە لاوازترینی باوەڕ ئەوەیە کە بەوانە بوترێت: ئایا بەتاڵ چیەکان بێدەنگ بون هەتا ئێمە بێدەنگ بین، یان ئەوانە هێرش دەکەنە سەر بیروباوەڕ لە پێش چاو و گوێی خەڵکیدا، وە داواش دەکرێت بێدەنگ بین؟ خوایەگیان بەشایەت بە نا...

وە پەنای هەمو موسڵمانێك دەدەین بەخوا کە توش بێت بەو بەڵگەی یەهود، چونکە ئەوان جیاوازن دەربارەی قورئان، وە سەرپێچی قورئانیش دەکەن، لەگەڵ ئەوەشــداوایدەردەخەن کــە کــۆك و تــەبان، وە خــوای گــەورەش بــەدرۆیان دەخاتەوەوە دەفەرموێت: ﴿ تَحۡسَبُهُمۡ جَمِيعٗا وَقُلُوبُهُمۡ شَتَّىٰ ﴾ الحشر: ١٤

واتە: وا گومان دەبەیت کە کۆك و تەبان، کەچی لەڕاستیدا ئـەوان دڵـەکانیان زۆر لـەیەکەوە دورەو پەرتەوازەیە.

وە هۆکارێك لە هۆکارەکانی لەعنەت لێکردنیان ئەوەبو کە خوای گەورە باسـی کردوە لەو ئاەیەتەدا: ﴿ كَانُواْ لَا يَتَنَاهَوۡنَ عَن مُّنكَرٖ فَعَلُوهُۚ ﴾ المائدة: ٧٩

واتە: جولـەکە یـەکتریيان قەدەغـە نـەدەکرد لــە کاتێکـدا یـەکێکیان تـاوانێکی بکردایە.

(هەربۆیە ئەگەر کەسێکت بینی کەوەڵامی کەسێکی پێچەوانەکار دەداتـەوە لـە بابـەتێکی فیقهیـدا کـە فەتوایـەکی نـامۆی داوە یـان لـە قسـەیەکی بیدعیـدا، ئـەوا سوپاسی ئەو بەرگری کردنەی لێبکە بەئەندازەی ئەوەی کە شایستەیەتی.

وە ڕوشکێنی مەکە بەو قسە بێزراوەی کە دەڵێ (**بۆچی وەڵامـی عیلمانیـەکان ناداتەوە؟!**)، چونکە خەڵکی جۆرەها تواناو بەهرەن، وە بەرپـەرچ دانەوەی بـەتاڵ

پێویستە خاوەنەکەی پلەی هەرچەندێك بێت، وە هەمو موسوڵمانێك لەسەر کەلێنێك لە کەلێنەکانی دینەکەیەتی)[1].

وە بنچینەی ئەم باسە بریتیە لەو دەقانەی کە هاتوە دەربارەی فەرمان کردن بە چاکەو نەهی کردن لە خراپەوەك ئەو فەرمودەی خوای گەورە: ﴿ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ آل عمران: ١٠٤

واتە: با لەناو ئێوەدا کۆمەڵێك هەبن کە فەرمان بکەن بەچاکەو ڕێگری بکەن لە خراپە، وە تەنها ئەوانە سەرکەوتو سەرفرازن ، چونکە هەڵساون بەجێبەجێکردنی ئەو کارەی کە پێیان سپێردراوە.

**ئیبن تەیمیە** دەفەرموێت: (**وە فەرمان کردن بە سوننەت و نەهی کردن لە بیدعە بریتیە لە فەرمان کردن بەچاکەو نەهی کردن لە خراپە، وە بریتیە لە یەکێك لە باشترینی کردەوە چاکەکان ...**)[2].

وە نابێت کۆمەڵە ئیسلامیەکانی ئەمڕۆ دڵیان تەنگ بێت بە ڕەخنەگرتن، لەبەرئەوەی ڕەخنەگرتن بریتیە لە بەرپاکردنی دادپەروەری و شایەتی دان لەبەر خوا ئەگەر لەگەڵ خۆشمان و ئەهلی دینەکەشماندا بێت هەروەك خوای گەورە

---

[1] كتبه الشيخ بكر أبو زيد في الرد على المخالف من أصول الإسلام (ص: ٧٥–٧٦).

[2] منهاج السنة (٥\٢٥٣).

دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلْقِسْطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ أَوِ ٱلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ ۚ إِن يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَٱللَّهُ أَوْلَىٰ بِهِمَا ۖ فَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلْهَوَىٰٓ أَن تَعْدِلُواْ ۚ وَإِن تَلْوُۥٓاْ أَوْ تُعْرِضُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴾ النساء: ١٣٥

واتە: ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە لەهەمو کارەکانتاندا دادپەروەربن و شايەتی دانتان با تەنها لەبەر خاتری خوا بێت و شايەتی ناحەقی مەدەن تانانەت ئەگەر شايەتی دانەکە پەیوەندی هەبو بەخۆتانەوە یاخود بە دایك و باوك و خزمە نزیکەکانتانەوە، وە کاتێك شايەتی لەسەر دەوڵەمەندێك دەدەن دادپەروەربن نەك درۆی بۆ بکەن لەبەرئەوەی دەوڵەمەندە، هەروەها ئەگەر هەژاریش بو بەهەمان شێوە، وە شوێن هەواو ئارەزوتان مەکەون چونکە لاتان دەدات لە دادپەروەری، وە بە زوبانتان گۆڕانکاری مەکەن لە شايەتی داندا بەوەی دەستکاری بکەن یاخود بەتەواوی نەیلێن یان لێکدانەوەی تری بۆ بکەن، هەروەها نەکەن پشت هەڵکەن لەو کارەی کە پێتان سپێردراوە ئەگەر شايەتی دان بێت یان حوکم کردن، وە چاك بزانن کە خوای گەورە ئاگادارو زانایە بەهەمو کارەکانتان وە ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەی تێدایە بۆ هەمو ئەوانەی کە نادادپەروەرن.

وە (اللی): بریتیە لە درۆکردن. وە **پشت هەڵکردن (الإعراض)**: بریتیە لە شاردنەوەی حەق هەروەك ئیبن تەیمیە دەفەرموێت[1].

ئەی چۆن باوەڕدار دڵی بە بانگەوازێك خۆش دەبێت لەگەڵ شاردنەوەی هەڵەکان ئەویش بەخۆشاردنەوە لەژێروتووێژی سیاسی لەدوای ئەمە؟!

وە گومانی تێدا نیە کە ئەو غیرەتەی کە خوای گەورە دایناوە لەناو دڵی هەمو باوەڕدارێکدا لەبەرامبەر ئەو شتانەی کە حەرامی کردوە ئەوەیە کەوا دەیجولێنێت بۆ هەستان بەو ئەرکە، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (**خوای گەورە غیرە دەکات، وە باوەڕدار غیرە دەکات، وە غیرەی خوا لە بەرامبەر ئەو باوەڕدارەیە کە هەڵدەسێت بە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە حەرامی کردوە**)[2]

وە ئەگەر هەمو جارێك باوەڕدار بیەوێت ئەو رێگەیە ڕێك بکاتەوە پێی دەڵێن: ئێستا کاتی ئەوە نیەوە بێباوەڕان چاویان تێبڕیوین!.

ئەی کەی بە هەڵەکانی دەزانێت؟ وە کەی ڕێگری دەکرێت لێی؟ وە کەی نەخۆش چاك دەبێتەوەوە لاواز بەهێز دەبێت؟ وە ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە لە

[1] مجموع فتاوى (٢٨\٢٣٥).
[2] رواه البخاري (٥٢٢٣)، و مسلم (٢٧٦١).

پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە دەفەرموێت: (**باوەڕدار ئاوێنەی باوەڕدارە، وە باوەڕدار برای باوەڕدارە، یکف علیه ضیعته، وە پشتی دەگرێت و دەیپارێزێت**)[1].

وە بەهیچ شێوەیەك ئەوە دۆستایەتی نیە بۆ باوەڕداران کە براکەت سەربخەی لەو بەتاڵەی کە لەسەریەتی بەبەڵگەی ئەوەی کە ڕوبەڕوی شویعیەکان بوەتەوە، لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە دەفەرموێت:(**براکەت سەربخە کاتێ کە ستەم دەکات وە کاتێ کە ستەمی لێدەکرێت. وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! ئەوە سەری دەخەین کە ستەمی لێکرا، ئەی چۆن سەری بخەین کە ستەم دەکات؟ فەرموی: نایهێڵیت وە ڕێگری لێدەکەیت کە ستەم بکات**)[2].

وە لە ڕیوایەتێکی موسلیمدا لە ڕێگەی جابرەوە هاتوە بە لەفزی (**ئەگەر ستەمکار بو با قەدەغەی لێبکات، ئائەوە سەرخستنیەتی**)[3].

**ئیبن تەیمیە** لەو بارەیەوە دەفەرموێت: (**وە پێویستە سزادانی هەمو ئەوانەی کە خۆیاندەدەنە پاڵیان یان پارێزگاری دەکەن لێیان یاخود ستایشیان دەکەن یاخود نوسراوەکانیان بەگەورە دەزانن یاخود ناسراو بون بە یارمەتیدانیان و**

---

[1] رواه أبوداود (٣٠٤\٢) وهو صحيح.

[2] رواه البخاري (٦٩٥٢,٤٤٤).

[3] صحيح مسلم (٢٥٨٤).

هاریكاریان یاخود پێی ناخۆش بو باسیان بكرێت یان خەریك بو پۆزشی بۆ دەهێنانەوە، بەوەی كە بڵێ ئەو قسانە نازانرێت كە باسی چی دەكات؟ یان كێ دەڵێ ئەو ئەو كتابەی نوسیوە؟

وە هاو وێنەی ئەم جۆرە پۆزشانە كە نایڵێت مەگەر كەسێكی نەزان یان دوڕو، بەڵكو پێویستە سزادانی هەمو ئەوانەی كە حاڵیان دەزانن و یارمەتی پێشكەش ناكات لەسەر لێپێچینەوەیان، چونكە لێپێچینەوە لەوانە لەگەورەترینی پێویستیەكانە، لەبەرئەوەی ئەوانە عەقڵ و دینیان خراپ كرد لەو خەڵكە لە مامۆستایان و زانایان و پادشاو كاربەدەستان، وە ئەوانە هەوڵی بڵاوكردنەوەی خراپە دەدەن لەسەر ڕوی زەوی و وە ڕێگری دەكەن لە ڕێبازی خوا)[1].

وە لە بەرپەرچ دانەوەی كەسی پێچەوانەكار بەرگری كردنە لە ئیسلام لە دوو سەنگەرەوە:

(**یەكەمینیان**: مەترسی دەرەكی كە بریتیە لە بێباوەڕی تەواو، كە ڕوناكی ئیسلامی نەناسیوە، بەو فێڵ و تەڵەكانەی كە ئەینێتەوە لە ڕێی ئیسلام و موسوڵماناندا لە جەنگێن كە دەبێتە هۆی تێكشكاندنی بەهاداری بیروباوەڕی و هەڵسوكەوت و سیاسەت و حوكمكردنیان...

[1] مجموع الفتاوی (٢\١٣٢).

**دوەمینیان**: ڕوبەڕوبونەوەی تێکشکاندنی ناوەکی لەناو ئوممەتدا بە هۆی بڵاوبونەوەی دەستەو تاقمانێك كە دەوران دەور دەکات لەناو دڵی گەنجانی ئوممەتدا... چونکە تێکشکاندنی ناوەکی لەژێر پۆشاکی دیندا بەوێنەی تێك شکانە لە دەسمایەی موسوڵمانانداو، وە بەردەوام ئەوانەی کە دەڕۆن لە ژێر ڕۆشنای قورئان و سوننەت – کە کۆمەڵی ڕزگاربوانن – زۆرترین بەش و گەورەترین پلەیان هەبوە لە پڕکردنەوەی ناتەواوی موسوڵمانان ئەویش بە گێڕانەوەیان بۆلای قورئان و سوننەت، ئەویش بە تێك شکاندنی ئەو شتانەی کە لەسەری دروست بون ئەو تاقمە جیاوازانە لە شتانێکی پڕوپوچ لە ڕوانگەی تەرازوی شەرعەوە)[١].

وە لەو شتە بەنرخانەی زانست ئەوەیە کە خوێندومەتەوە لە نوسراوێکی **ئیبن تەیمیە** لەباسی جیاوازی کردن لە هەڵسوکەوتدا لەنێوان خەواریج و بێباوەڕاندا، کە ئەو تێکەڵ کردن و ئاڵۆزیە لادەبات کە دروست دەبێت لەلای هەندێك بیرو هۆشی ناتەواو دەربارەی هەندێك فەرمودە کە ئەوەی لێدەردەکەوێت کە خەواریج خراپترن لە بێباوەڕەکان بە ڕەهای، لەگەڵ ئەوەی هاوەڵان حوکمی کوفریان نەداوە بەسەریاندا.

ئەفەرموێت ڕەحمەتی خوای لێبێت: (**بەردەوام مێژوی موسوڵمانان لەسەر ئەمە بوە، بە هەڵگەڕاوەیان نەزانیون وەکو ئەوانەی کە ئەبوبەکری صدیق ڕەزای**

---

[١] اختصار لما كتبه الشيخ بكر في كتابه (حكم الانتماء الى الاحزاب) (ص: ٥٣-٥٤).

خوای لێبێت شەڕی لەگەڵ كردن، ئەمە لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی كردوە بە شەڕكردن لەگەڵیان لە فەرمودە ڕاستەكاندا، وە ئەوەش كە ڕیوایەت كراوە كە ئەوان واتە خەواریج: (خراپترین شەڕكەرن لەژێر پانتای ئاسماندا، وە چاكترین كوژراو ئەوەیە كە ئەوان دەیكوژن). لەو فەرمودەیەی كە ئەبو ئومامە ڕیوایەتی دەكات، وە ترمذی و جگە لەویش ڕیوایەتیان كردوە[1] ، واتە ئەوان دەرباری موسوڵمانان زۆر خراپترن لە غەیری خۆیان، وە هیچ كەس بەقەد ئەوان خراپ نەبوە لەسەر موسوڵمانان: نە جولەكەو نە گاوریش، چونكە ئەوان سوربون لەسەر كوشتنی هەمو موسوڵمانێك كە هاوڕا نەبوبێت لەگەڵیان[2] وە خوێنی موسوڵمانان حەڵاڵ دەكەن هەروەها ماڵ و سامانیان و وە كوشتنی منداڵەكانیشیان بەهەمان شێوە، وە حوكمی كوفر دەدەن بەسەریاندا، وە

---

[1] صححه الألباني في تحقيقه لسنن الترمذي برقم (٢٣٩٨)، و لعل سبب تصدير ابن تيمية له بصيغة التمريض هو روايته له بالمعنى كما يظهر من سياقه، وهو مسلك معروف عند بعض المتقدمين من المحدثين كالبخاري في صحيحه، ولا يعنون به – حينئذ – تضعيف الحديث. بڕوانه: الفتح (٤٦\٢، ٢٠٥). و لفظه عند الترمذي من رواية ابي غالب قال: رأى ابو امامة رءوسا منصوبة على درج دمشق، فقال ابو امامة: (كلاب النار، شر قتلى تحت اديم السماء، خير قتلى من قتلوه). ثم قرأ: ﴿ يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ ﴾آل عمران: ١٠٦ الى اخر الاية، قلت لابي امامة: انت سمعته من رسول الله (ﷺ)؟ قال: (لو لم اسمعه الا مرة أو مرتين أو ثلاثا أو اربعا حتى عد سبعا ما حدثتكموه). و عند ابن ماجة (٦٢\١) بلفظ: (وخير قتيل من قتلوا).

[2] واتە: تێدەكۆشن لە كوشتنی موسوڵماناندا هەروەك دێت.

**ئەوەشـیان بەدینـداری دەزانـی بـەهۆی گـەورەی نەزانینیانـەوەو ئـەو كـارە داهێنراوانەیان كە گومڕاكەرە...)**[1].

واتە خەواریج كەمتر تاوان بارن لە بێباوەڕەكـان لـە تـەرازوی گشـتی كۆتایـدا، بەسە كە ئـەوان (**لـە بێبـاوەڕی ڕایـان كـردوە**)[2], بـەڵام بـە بـەراوردی ئـەوەی كـە موسوڵمانان دەیناڵێنن بەدەستیانەوە، وە ئەو بـەلاو ناڕەحەتیانـەی كـە دەیهێـنن بەسـەریاندا ئـەوا خـەواریج شـەڕەنگێزیان زۆر زیـاترە لـە بێباوەڕەكـان، بـەڵكو بێباوەڕەكان هەوڵی لەناو بردنی موسوڵمانان نـادەن هـەروەك چۆن ئـەوان هـەوڵی لەناو بردنیان دەدن، هەربۆیـە سـزادانیان پـێش خـراوە هـەر لـە دونیـادا لـە پـێش خەڵكانی ترەوە.

وە جوان ورد بەرەوە لـە تێگەیشـتنی ئـیبن تەیمیـە كـاتێ كـە دەڵـێ لـە دوای قسەكانی پێشوی بە دو لاپەڕە: (**وە سـزادانیان هـەر لـە دونیـادا بـۆ ئەوەیـە كـە زیانیان دور بخرێتەوە لە موسوڵمانان، با لە دوارۆژیشدا باشتربن لەوانەی كە سزا نەدراون هەروەك چۆن سزای ئەو موسوڵمانە دەدرێت كە دەسـت درێـژی دەكاتـە سەر سنورێك لە سنورەكان وە ئەهلی زیممە لە جولەكەو گاور سـزا نادرێـت، وە موسوڵمان لە دوارۆژدا زۆر باشترە لەوان**).

---

[1] منهاج السنة (٥\٢٤٨).

[2] بڕوانە: مصنف ابن ابی شیبە (٥\٣٣٢)، و عبدالرزاق (١٠\١٥٠)، و صحیح ابن حبان (٥\١٣٤).

ئەمەت جوان لەبیر بێت، وە بە کاکیلەکانت قەپی پێدا بکە ئەو کاتە هەمو سەربازگەکانی بەتاڵ لەبەر چاوتدا دەڕوخێت کە دژایەتی کردن و تێکۆشان لە دژی ئەهلی بیدەع لەکار دەخەن، وەکو ئەوانەی کە دەڵێن: (**تیرەکانتان ڕودەکەنە براکانتان، وە عیلمانیەکان و شیوعیەکان زۆر لەوە چالاکترن لە بڵاوکردنەوەی دوبەرەکی لە نێوانتاندا؟!**).

**ئیبن تەیمیە** دەفەرموێت: (**چونکە پاك کردنەوەی ڕێبازی خواو دین و مەنهەج و شەرعەکەی و لادانی ستەم و خراپەی ئەوانەو شەڕەنگێزیان واجبی کیفایەتە بە تێکڕای موسوڵمانان، وە ئەگەر خوای گەورە هەندێك کەسی ئامادە نەکردایەو یارمەتی نەدانایە بۆ وەلانانی خراپەی ئەوانە ئەوا دین خراپ دەبو، وە خراپەی ئەوان لە خراپەی دەست بەسەراگرتنی دوژمن (ئەوانەی کە شەڕکەرن) زۆر زیاتر دەبو، چونکە ئەوان (بێباوەڕانی شەڕکەر) ئەگەر دەستیان گرت بەسەر شوێنێکدا ناتوانن دڵەکان خراپ بکەن و ئەو دڵەی دینی تێدایە خراپی بکەن وردەوردە نەبێ، بەڵام ئەوانی تر (ئەهلی بیدەع) یەکەم شت لەسەرەتاوە دڵەکان خراپ دەکەن**، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (**خوای گەورە تەماشای شێوەتان ناکات هەروەها ماڵ و سامانتان، بەڵکو تەنها تەماشای دڵەکانتان و کردەوەکانتان دەکات**) رواه مسلم (٢٥٦٤)....)[١].

---

[١] مجموع الفتاوى (٢٨\٢٣٢).

# بۆچی کۆمەڵەی زانایانی موسوڵمانانی جەزائیری گرنگی دا بە بەرپەرچدانەوەی تاقمە لادەرەکان وەك تەریقەتەکانی تەصەوف زیاتر لە گرنگی دانی بە بەرپەرچدانەوەی بێدینەکان لەگەڵ بونی داگیرکاری فەرەنسی؟

ئەم گومانە زۆردێت بەسەر زوبانی ئەوانەی کە خۆیان تێروتەسەل نەکردوە بە مەنهەجی پێشین وە شێخ **محمد البشير الإبراهيمي** وەلامی ئەم گومانەی دەداتەوە ڕەحمەتی خوای لێبێت وە دەڵێت: (**وە تۆ دورنەکەوتویتەوە ئەگەر بڵێیت: لە ڕاستیدا بلاوبونەوەی خوڕافات و ڕێگا گومڕاکان لەنێوان ئوممەتدا کاریگەری زۆری هەبو لە بلاوبونەوەی بێدینی لە ناو ڕۆڵە خوێندەوارەکان بە خوێندەواری ئەوروپی کە نەزانن بە حەقیقەتی ئاینەکەیان، لەبەرئەوەی ئەوان هەرلە منداڵیەوە ئەو بیروبۆچونە هەڵدەگرن کە ئائەم ڕێگا گومڕایانە دینە، وە ئەهلەکەی هەڵگری ئەو دینەن، وە کاتێك کە دەچنە پێش لە زانست و عەقڵدا ئەوا نە زانست و نە عەقڵ ئەو شتەیان لێ قەبوڵ ناکات، هەربۆیە ئینکاری دەکەن کە حەققەو ڕاستە** (واتە ئینکاری ئەو شتە پڕوپوچانە دەکەن)، **وە لەگەڵیشیا ئینکاری دین دەکەن بەستەم و نەزانی، وە ئەمەش یەکێکە لە تاوانکاریەکانی تەریقەتەکان لەسەر ئەم ئاینە.**

**ئایا نابینی کە لەناوبردنی تەریقەتەکان لەناوبردنی بێدینیە لە هەندێك لە ڕوەکانیەوەو یەکلایکردنەوەی هەندێك لە هۆکارەکانیەتی؟!**

وە من لەم ڕۆژانەداوتارێکی نوسەرێکی تونسیم خوێندەوە کە بانگ دەکات و هاوار دەکات لە کۆمەڵەی زانایان کە ئەم لایەنەیان فەرامۆش کردوە لە لایەنەکانی گەندەڵی کە بریتیە لە بێدینی، وە پۆزشی بۆ زانایانی مزگەوتی زەیتونە هێناوەتەوە بەوەی ئەوان – با پاڵیان دابێتەوە لە لایەنەکانی چاکسازی کە کۆمەڵەی زانایان سەروژێری تیادەکەن – هەستاون بە دژایەتی کردنی بێدینی بە جۆرێك کە سوپاس کراون لەسەری، بەڵام ئەو نوسەرە کارەکەی قەتیس کردون لەو پێناوەدا تەنها لەوتاری جومعەکاندا کە تێیدا ئیدانەی بێدینی دەکەن و خەڵکی لێئاگادار دەکەنەوە، وە ئەم نوسەرە بەڕێزە لە یادی چوە کە کۆمەڵەی زانایان هەرگیز بێدەنگ نەبوە لەبەرامبەر بێدینیدا، بەڵکو پەلاماری داوە لە بەربەسترین شوێنەکانیدا، وە بەربەرەکانەی کردوە لە تەسکترین گۆڕەپانیدا، بە هەمان شێوە لەیادی چوە کە ئەوانەی کە بەهۆی بێدینیەوە تێك چون نایەنە مزگەوتەکانەوە، کەواتە چ کاریگەری یەکی هەیەوتارەکانی جومعە کە بۆ نوێژخوێنان دەخوێنرێتەوە؟!.

وە ئایا نەخۆش چاسەر دەبێت بە ئاگادارکردنەوەی لەش ساغەکان لە نەخۆشی یان لە هۆکارەکانی نەخۆشی؟

ئەوە نەبێت کە زانای ڕێنمونی کاروەکو پزیشك وایە سەرکەوتو نابێت لە ڕزگارکردنی نەخۆش لە مردن بە چارەسەرکردنی ئەو شوێنانە نەبێت کە دەبێتە

**هـۆی مـردن و وە چارەسـەری ڕاسـتەوخۆی ئـەو میكرۆبانـەی كـە دەبنـە هـۆی مردن)**[1].

الله أكبر مەنهەجی پێشین چەندە بە هێزە! وە چـەندە بێنرخـە قـەدری لـەلای حزبەكان!

كەواتە ڕوبەڕبونەوەی ئەوانە دەبێتە هۆی پاراستنی ولآتی موسوڵمانان لـەوەی كـە لـە ژێـرەوە خیانـەتی لێبكرێـت، ئـەویش بـە جیهـاد كـردن لـە دژی دوڕوەكـان ئەوانەی كە خۆیان مەلآس دەدەن لەناو پـۆلی موسـوڵمانانداو خۆیـان دەشـارنەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡ﴾ التوبة: ٧٣

واته: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بجەنگێ لەدژی ئەو دوڕوانەو توندبە لەسەریان.

**ئیبن قەیم** دەفەرموێت: **(وە بەهەمان شێوە جیهادی دوڕوەكان كەتەنها بەوە دەبێت كە بەڵگەكان ڕون بكرێتەوەو بگەیەنرێت...).**

هەتا دەڵێ: **(وە جیهادی دوڕوەكان زۆر قورسترە لە جیهـادی بێباوەڕەكـان، وە ئەوەش جیهادی خەڵكانی تایبەتی ناو ئوممەت و میراتگرانی پێغەمبەرانن، وە ئەوانەی پێی هەڵدەسن چەند كەسێكن لە جیهاندا، وە ئەوانەی بەژداری دەكەن و**

---

[1] اثار محمد البشير الإبراهيمى (١\١٣٢-١٣٣).

**یارمەتی دەدەن تێیدا – با کەمیش بن لە ڕوی ژمارەوە – ئەوا زۆر بەڕێزن لەلای خوا...)**[1].

وە لەبەرئەوەی ئەوانە خۆیان شاردۆتەوە لە ناو پـۆلی موسـولمانانـدا، لەوانەیـە حالێـان شـاراوە بێـت لـەلای زۆرێـك لـە خـەلكی، هەرلەبـەر ئـەوە ڕونکردنـەوەی حالیان– بۆ ئەوانەی خۆشەویستیان فـەرزە لەسـەرمان – زۆر پێویسـتە، هەربۆیـە **ئیبن تەیمیە** دەفەرموێت: (**ئەگەر خـەلکانێك لـە دوڕوەکـان نـەبن، بـەلام گوێیـان بـۆدەگرتن، وە حـالی ئـەو دوڕوانـەیان لـێ شـێوا هـەتاواگومانیان دەبـرد کـە قسەکانیان ڕاستن، لەگەل ئەوەی پێچەوانەی قورئانە، وە بون بە بانگەواز کار بۆ ئەو شتانەی کە دوڕوەکان دایان دەهێنا، هەروەك خوای گەورە دەفـەرموێت:** ﴿ لَوْ خَرَجُوا۟ فِيكُم مَّا زَادُوكُمْ إِلَّا خَبَالًا وَلَأَوْضَعُوا۟ خِلَٰلَكُمْ يَبْغُونَكُمُ ٱلْفِتْنَةَ وَفِيكُمْ سَمَّٰعُونَ لَهُمْ ﴾التوبة: ٤٧

واتە: ئەو دوڕانە ئەگەر لـەگەلتان بچنە دەرەوە بۆ جیهاد ئـەوا نابنـە هـۆی زۆر کردنی ژمارەتان بەلکو کـەمتر تان دەکەنـەوە، وە هـەولێ ئـەوە دەدەن کـە توشـی فیتنەو ئاژاوەتان بکەن و دوبەرەکی بخەنە نێوانتانەوە، وە لـەناویشتاندا کەسانێك هەن کە گوێیان بۆ دەگرن و بەدەم داواکانیانەوە دەچن و پێیان هەلدەخەلەتێن.

---

[1] زاد المعاد (٣\٥).

**کەواتە پێویستە ڕونکردنەوەی حاڵی ئەوانە، بەڵکو توش بون بە فیتنەی ئەوانە زۆر گەورەیە، چونکە ئەوانەی کە توشی فیتنەی ئەوان دەبن ئیمانێکیان تێدایە کە پێویستی دەکات دۆستایەتی بکرێن، وە چونەتە ناو بیدعەیەك لە بیدعەکانی دوڕوەکان کە دەبێتە هۆی خراپ کردنی دین، هەربۆیە ئاگادارکردنەوە لە شتە داهێنراوەکان کارێکی پێویستە، ئەگەر پێویستیشی کرد کە باس بکرێن و ناوببرێن, بەڵکو ئەگەر ئەوان ئەو بیدعانەیان لە دوڕوەکانیشەوەوەرنەگرتبێت، بەلاَم بیلێن و بەگومانی خۆیان وابزانن کە ڕاستە، وە چاکە، وە دینە، ئەگەرواش نەبێت هەرپێویستە ڕونکردنەوەی حاڵیان)**[1].

وە بەلاَم ڕوبەڕوبونەوەیان لە دەرەوە، لەبەرئەوەیە کە دوژمن نایەتە ناو ماڵەکەتەوە مەگەر کاتێك کە پەنجەرەکانی کرابێتەوە یان لاواز بێت، وە تاقمە ئیسلامیە لادەرەکان لە بەرامبەر تاقمە ڕزگاربوەکە بریتین لە شوێنی هاتنە ژورەوە بۆ بێباوەڕەکان، ئایا موسوڵمانان نازانن کە کاریگەری صۆفیەکان چەندبو لە داگیرکردنی ولاَتانی ئیسلام وە یارمەتیان بۆ بێباوەڕان لەو پێناوەدا؟!.

وە **ئیبن تەیمیە** دەفەرموێت دەربارەی شیعەی ڕافیزە: (**وە ئەوان یارمەتی وەردەگرن لە بێباوەڕان لە دژی موسوڵمانان، وە بینیمان وە موسوڵمانانیش بینیان کە کاتێك کە موسوڵمانان توشی ناڕەحەتی هاتن بەدەس دوژمنێکی**

---

[1] مجموع الفتاوى (٢٨\٢٣٣).

بێبـاوەڕەوە ئـەوا لەگـەڵی دەبـن لـەدژی موسـوڵمانان، هـەروەك ڕویـدا لەگـەڵ جـەنگیزخان پادشـای بێبـاوەڕی تەتـەرەكان، كـە ڕافیـزە یارمـەتیان دا لـەدژی موسوڵمانەكان.

وە یارمەتیان بۆ هۆلاكۆی كوڕی كوڕەكـەی كاتێـك كـە هـات بـۆ خوڕاسـان و عێراق و شام ئەوە زۆر لەوە ڕون و دیارترە كە شاراوە بێت لەكەس، وە ئەوان لە عێراق و خوڕاسان لە گەورەترین پشتیوانانەكانی بون بە ئاشكراو نهێنی، وە ئەو وەزیرەی خەلیفەی بەغداد كە پێی دەوترا: ئـیبن عەلقـەمی لـەوان بـو، هەربۆیـە بەردەوام بو لە فێڵ كردن لە خەلیفـەو موسـوڵمانان، وە هـەوڵی دەدا بـۆ بڕینـی ئازوقــەی ســەربازگەكانی موســوڵمانان و لاواز كردنیــان وە ڕێگــری دەكــرد لــە كوشتاریان و چەندەها فێڵ و تەڵەكەی دەكرد، هەتا هاتنـە نـاوەوەو وە كەوتنـە كوشتنی موسوڵمانان بەجۆرێك كەوەك دەوترێ: دەهەزارو ئەوندە مرۆڤ یان زیاتر یان كەمتر... وە كاتێك موسوڵمانان تێك شكان لە ساڵی غازاندا هەستان بە بردنی ئەسپ و چەك و دیلەكان و فرۆشتیانەوە بە گـاورە بێباوەڕەكـانی قـوبروص، وە هــەمو ئــەو ســەربازانەیان بــرد كــە تێدەپــەڕین بەلایانــدا، وە زیانیــان لەســەر موسوڵمانان زۆر زیاتر بو لە هەمو دوژمنەكان...)[1].

---

[1] منهاج السنة (٥\١٥٥-١٥٩)، وە بڕوانە: مدارج السالكين لابن القيم (١\٧٢).

لێرەدا دەڵێم: هەربۆیە پێشەواکانمان بەردەوام زۆر لەوە زیرەکتر بون کە مەرایی بکەن بۆ ئەوانەی کە لایان داوە لە ڕێبازی پێشین، بەڵکو وایان دەبینی کە جیهاد کردن لەدژی ئەوانە گەورەترین جیهادە، هەروەك **یەحیای کوڕی یەحیای** مامۆستای بوخاری و موسلیم دەڵێت: (**پارێزگاری کردن لە سوننەت باشترە لە جیهاد کردن**)[١].

**الهروی** ڕیوایەت دەکات بەسەنەدەکەیەوە هەتا نەصری کوڕی زەکەریا کە دەفەرموێت: گوێم لە موحەممەدی کوڕی یەحیای ئەل زوهلی بو دەیوت: گوێم لە **یەحیای کوڕی یەحیا** بو دەیوت: (**پارێزگاری کردن لە سوننەت زۆر چاکترە لە تێکۆشان لە ڕێی خوادا**، موحەممەد دەڵێت: بە یەحیام وت: پیاوی وا هەیە سەروەتەکەی دەبەخشێت و وە خۆی هیلاك دەکات و تێدەکۆشێت، کەچی ئەمە باشترە لەوە؟! وتی: **بەڵێ زۆریش!**)[٢].

وە **حومەیدی** مامۆستای بوخاری دەفەرموێت: (**سوێند بەخوا! غەزا بکەم لەدژی ئەوانەی کە فەرمودەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕەت دەکەنەوە**

---

[١] مجموع الفتاوى (١٣\٤).

[٢] ذم الكلام (ق ١١١– أ).

**خۆشەویست ترە لەلام لەوەی کە غەزای هاوژمارەیان بکەم لە تورکەکان)**[1].

مەبەستی لە تورکەکان: واتە بێباوەڕەکان.

وەوێنەی ئەمەم بەرچاو کەوت لە لای کەسێك کە تەبەقەی بەرزترە لە حومەیدی، عاصمی کوڕی شومەیخ دەڵێت: ئەبو سەعیدم بینی – واتە: خودری – لەدوا ئەوەی کە گەورە بو بو وە دەستەکانی دەلەرزی وە دەیفەرمو: **(کوشتاریان – واتە: خەواریجەکان – گەورە ترە لەلام لە کوشتاری هاوژمارەیان لە تورکەکان)**[2].

---

[1] رواه الهروى بسنده في ذم الكلام (٢٢٨– الشبل).

[2] رواه ابن أبي شيبة (١٥\٣٠٣)، و أحمد (٣\٣٣)، هكذاوقع عنده: عاصم بن شميخ بالخاء وهو صحيح، وقد رواه ابنه عبدالله في كتاب السنة (٢\٦٣٥) باسناد أبيه نفسه إلا أنه جاء في المطبوع بتحقيق محمد بن سعيد القحطاني: عاصم بن شميج بالجيم، وقد كنت حسبته خطأ مطبعيا لولا أني وجدته مثبتا كذلك مرتين! قال محققه في أولاهما (٢\٦٣٤): (عاصم بن شميج! بمعجمتين مصغراو تشديد الجيم!! الغيلاني التقريب (١\٣٨٤)!!!). فرجعت الى التقريب فإذا فيه: (عاصم بن شميخ بمعجمتين مصغرا، أبو الفرجل بفتح الفاء و الراء و تشديد الجيم...) فعرفت أن هذا الخطأ من تصرف المحقق حين انقلبت عليه خاء اسم أبي عاصم الى جيم كنيته، مع أن قراءت شميج بجيم مشددة متعذرة!

و هذه الرواية أعلها المحقق بعكرمة بن عمار، إلا أنني وجدت لها متابعا عند ابن أبي شيبة في المصنف (١٥\٣٣١) من طريق يزيد بن هارون قال: أخبرنا العوام بن حوشب قال: حدثني من سمع أبا سعيد الخدري يقول في قتال الخوارج: (لهو أحب إلي من قتال الديلم). و مثل هذه المتابعة تنفع على الرغم من جهالة من روى عنه العوام بن حوشب، كما أجابني به شيخاي الفاضلان: عبدالمحسن العباد، و ربيع المدخلي إذا لم يكن في الإسناد مقال اخر، ولا سيماو أن المجهول من أهل القرون المشهود لها بالخيرية كما نبه عليه ابن كثير في الباعث الحثيث (ص: ٩٧) مع العلم أنه ممن ثبت سماعه من أبي

لێرەدا دەڵێم: هەربۆیە **ئیبن هەبیرە** دەفەرموێت دەربارەی ئەو فەرمودەی ئەبو سەعید دەربارەی کوشتاری خەواریج: **(وە لە فەرمودە دا هاتوە کە شەڕ کردن لەگەڵ خەواریج لە پێشترە لە شەڕکردن لەگەڵ هاوەڵ دانەرەکان، وە حیکمەت تێیدا ئەوەیە کە شەڕکردن لەگەڵ خەواریج پاراستنی دەستمایەی ئیسلامە، وە شەڕکردن لەگەڵ هاوەڵ دانەرەکان بەدەست هێنانی قازانجە، وە پاراستنی دەستمایە لە پێشترە)**[1].

وە ئەبو **عوبەید قاسمی کوڕی سەلام** دەفەرموێت: **(ئەو کەسەی کە شوێن سوننەت دەکەوێت وەك کەسێك وایە کە پشکۆی لەدەستدا بێت، وە ئەو کەسە ئەمڕۆ لەلای من بەڕێز ترە لە کەسێك کە بە شمشێر شەڕ بکات لە پێناوی خوادا)**[2].

وە **ئیبن قەیم** دەفەرموێت: **(وە جیهاد کردن بە بەڵگەو زوبان لە پێشترە لە جیهاد کردن بە شمشێرو سەرە نێزەکەکان)**[3].

---

سعيد – كما مر – و ليس هو عاصم بن شميخ الذي في إسناد أحمد، لانه ليس في شيوخ العوام، وحديث عكرمة ينجبر، لان ضعفه يسير، فقد قال فيه الحافظ في التقريب رقم (٢٧٦): (صدوق يغلط) والله أعلم.

فائدة: نقل ابن منظور في لسان العرب في مادة: (دلم) عن ابن سيده أن الدليم جيل من الناس من الترك.

[1] فتح الباري لابن حجر (١٢\٣٠١).

[2] رواه الخطيب في تاريخ بغداد (١٢\٤١٠)، و ابن عساكر في تاريخ دمشق (٤٩\٧٩).

[3] شرح القصيده النونيه للشيخ محمد خليل هراس (١\١٢)، وە بڕوانە: الجواب الصحيح لابن تيميه (١\٢٣٧).

# بەکارهێنانی توندو تیژی لە نکۆڵی کردن لە بیدعەچیەکان واتای دۆستایەتی نیە بۆ بێباوەڕەکان

لە ڕاستیدا بنەوانە لە فەرمان کردن بە چاکەو نەهی کردن لە خراپە بریتیە لە نەرمونیانی هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ﴾النحل: ١٢٥

واتە: بانگەواز بکە بۆ ڕێبازو ئاینی پەروەردگارەکەت بە بەکارهێنانی دانای و ئامۆژگاری چاکەو وە بانگەوازو گفتوگۆیان لەگەڵدا بکە بە باشترین و چاکترین شێوە.

وە خوای گەورە بە موساو هارونی – صلى الله عليهماوسلم – فەرمو: ﴿ ٱذۡهَبَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ فَقُولَا لَهُۥ قَوۡلٗا لَّيِّنٗا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوۡ يَخۡشَىٰ ﴾طه: ٤٣ - ٤٤

واتە: بڕۆن بۆلای فیرعەون، چونکە ئەو بەڕاستی لەسنور لایداوەو ئەو پەڕی ستەمکاری بەکاردەهێنیێ، چونکە بانگەشەی ئەوەی دەکرد ' کە خوایە، وە ئێوە ئامۆژگاری بکەن و بە شێوەیەکی لەسەرخۆ و نەرمونیان گفتوگۆی لەگەڵ بکەن و بیریبخەنەوە کە ئەویش مرۆڤەو هیچ دەسەلاتێکی نیە لەوە زیاتر کە خوا پێی داوە بەڵکو بگەڕێتەوەو بترسێت و وازبهێنێت لەو سەرکێشیەی.

وە لە **عائیشەوە** خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) كە فەرمویەتی: (**بەڕاستی لەسەر خۆی و نەرمونیانی لەهەر شتێكدا بێت ئەو شتە جوان دەكات و دەیڕازێنێتەوە، وە لەهەر شتێكدا دەربهێنرێ و لابرێت ئەو شتە ناشرین دەبێت**)[1].

بەڵام ئەگەر خراپەكاری لانەبرا مەگەر بە بەكارهێنانی جۆرێك لە زبری نەبێت ئەوا قەی ناكات بە بەكارهێنانی، ئەگەر لەبەرامبەر موسوڵمانانیشدا بێت، ئایا نابینیت كە خوای گەورە بۆ ئەوشتە شەڕكردنیشی حەڵاڵ كردوە، وە لەسەرو شەڕەوە لەوە زبرتر نیە، وە دەفەرموێت: ﴿ وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٱقۡتَتَلُواْ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَاۖ فَإِنۢ بَغَتۡ إِحۡدَىٰهُمَا عَلَى ٱلۡأُخۡرَىٰ فَقَٰتِلُواْ ٱلَّتِي تَبۡغِي حَتَّىٰ تَفِيٓءَ إِلَىٰٓ أَمۡرِ ٱللَّهِ ﴾ الحجرات: ٩

واتە: ئەگەر دو كۆمەڵ لە باوەڕداران بوبە شەڕیان ئەوا با كۆمەڵی گەورەی موسوڵمانان كەبریتین لە كۆمەڵی دایك بەسەرپەرشتی پێشەوای موسوڵمانان هەستن بە ئاشت كردنەوەیان و نێوانیان چاك بكەن، ئەگەر هەردانەیەكیان ملی نەدا بۆ حوكمی خواو وازی نەهێنا بەڵكو پەلاماری ئەوی تریداو ستەمی لێكرد ، ئەوا ئێوە دەستەوسان دامەنیشن بەڵكو یارمەتی ستەم لێكراوەكە بدەن و بچن بەگژ ئەوەی

---

[1] رواه مسلم (٢٥٩٤).

ترداو بیخەنەوە سەر ڕاستە شەقامی دادپەروەری و مەیهێڵن زوڵم بکات وە هەتا مل دەدات بۆ حوکمی خوا، دەبینین ئایەتەکە باسی ڕودانی پشێوی دەکات لەنێوان دو عەشرەتدا کە باوەڕدارن، وە باسی ئەوە دەکات کە کۆمەڵی موسوڵمانان کە یەك کۆمەڵن هەستن بە چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە ئەویش بەسەرپەرشتی پێشەوای موسوڵمانان، کەچی دەبینی کۆلکە خوێنەوارەکانی ئەم سەردەمە دەیکەن بە بەڵگە بۆ دروستێتی حزبایەتی و پارچە پارچە بون، هەربۆیە دەڵێم انا لله و انا الیه راجعون.

وە لەوانەیە باوەڕدار توندبێت لە نکۆڵی کردنی لە بەرامبەر براکەیدا زیاتر لە بەکارهێنانی توندی لەگەڵ دوژمنەکەیدا، ئایا نابینی موسا (ﷺ) چەند نەرم بو لەگەڵ فیرعەون، وە زۆر توند بو لەسەر براکەی هارون (ﷺ)، هەتا بەجۆرێك بو کە خوای گەورە بۆمان باس دەکات لەو فەرمودەیەیدا: ﴿وَأَخَذَ بِرَأْسِ أَخِيهِ يَجُرُّهُۥٓ إِلَيۡهِ﴾الأعراف: ١٥٠

واتە: سەری براکەی گرت و قژی ڕادەکێشا بەرەو لای خۆی.

ئایا بۆکەس هەیە کە دۆستایەتی و دوژمنایەتی بکات بە بەڵگە لەسەری، وە تۆمەتباری بکات بەوەی کە زوبان و دەستی درێژ کردوە لە براکەی و وە نەرمونیان بوە لەگەڵ تاغوتەکاندا؟!

بەڵکو جاری واهەیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) توندو تیژی بەکار دەهێنا لەگەڵ ئەو هاوەڵانەی کە شارەزابون کاتێك کە هەڵەیەکیان دەکرد زیاتر لەکەسانی تر، وەوەکو نمونەیەك وەری بگرە ئەو وتەیەی کە بە موعازی فەرمو کاتێك کە نوێژەکەی درێژ کردەوە بەخەڵکی: (**ئایا تۆ دەتەوێت خەڵکی توشی فیتنە بکەیت؟!**)[1].

وە لەبەرامبەریدا دەوەستێتەوە ئەو لەسەرخۆییەی لەگەڵ ئەو کابرا دەشتەکیەی کە میزی کرد لە مزگەوتەکەیدا هەروەك باس کراوە لە صەحیحی بوخاری و جگە لەویشدا[2].

وە بە ئوسامەی کوڕی زەیدی فەرمو کاتێك کە لە شەڕێکدا هاوەڵ دانەرێکی کوشت لەدوای ئەوەی کە شایەتومانی هێنا: فەرموی: (**ئەی ئوسامە ئایا کوشتت لەدوای ئەوەی کەوتی: لا الە الا اللە؟!**. ئوسامە دەڵێ: بەردەوام ئەو قسەیەی دەوتەوە هەتا خۆزگەی ئەوەم خواست کە موسوڵمان نەبومایە پێش ئەو ڕۆژە)[3].

---

[1] رواه البخاري (٦١٠٦) و مسلم (٤٦٥).

[2] البخاري (٢٢٠).

[3] رواه البخاري (٤٢٦٩)، و مسلم (٩٦).

وە ئوسامە سودی لەم توندیەوەرگرت لە ئامۆژگاریدا لە ڕۆژانی ئـەو فیتنانـەی کـە ڕویـدا لـەدوای کوشـتنی عوسمـان ڕەزای خـوای لێبێـت، هەربۆیـە فێـری خۆپاراستنی کرد لەبەرامبەر خوێنی موسوڵماناندا.

**زەهەبی** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفـەرموێت: (**ئوسـامە سـودی وەرگـرت لـەو ڕۆژەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فـەرمو: (ئـەی چۆن لەبەرامبـەر لا الـە الا اللە بوەستم؟!) هەربۆیە دەستی گرتەوە، وە لە ماڵەوە مایەوە، وە چاکیشی کرد**)[1].

لێـرەدا دەڵـێم: اللە اکـبر! چـەندە گەورەیـە پـەروەردەی پێغەمبەرایـەتی! وە چـەندە بێزێـزە پـەروەردەی حزبایـەتی! لـەو ڕۆژەوەی بنچینەی (وەلاّمدانـەوەی سەرپێچی کاریان) حەرام کرد ڕۆڵەکانیان دەست ناپارێزن لە خوێنی موسـوڵمانان، بەڵکو خوێنیانیان بە فیڕۆ ڕشت بەناوی جیهادەوە، وە هیچ فیتنەیەك بەرپا نابێـت ئیللا ئەوان سوتەمەنی ئەو فیتنەیەن یان هەڵگیرسێنەرینی.

ئەمـە سـەرئەنجامی مـەرایی کردنـی هەندێکیانـە بـۆ هەنـدێکیان بـە خـەیاڵی سەرقاڵ بون بە بێباوەڕەکانەوە!! هەربۆیە **ئیبن تەیمییە** دەفەرموێت: (**بـاوەڕدار بۆ باوەڕداروەکو دو دەستەکان وایە یەکێکیان ئەوەی تریان دەشوات، وە لەوانەیە ئەو چڵك و پیسیە لانەچێت مەگەر بە جۆرێك لە زبری نەبێت، بەلاّم ئەمـە پـاك و**

[1] السير (٢\٥٠٠–٥٠١).

**خاوێنی و نەرمیەك لەگەڵ خۆی دەهێنێ كە سوپاسی ئەو زبریشەش دەكەین لەگەڵیدا)**[1].

كەواتە ئەم نەرمونیانیەی كە زۆرێك لە حزبە ئیسلامیەكان بەكاری دەهێنن لەگەڵ ئەو تاك و كۆمەڵە بێئەقڵ و سەركێشانەی – ئەوانەی كە زۆرجار دەبنە هۆی دوژمنكاری دوژمنان لەسەر موسوڵمانان – هیچ پەیوەندی بە دۆستایەتیەوە نیە، چونكە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی كە زیاتر نقوم بون لە گومڕاییەكانیاندا لەبەر هەست نەكردنیان بەگەورەی تاوان كاریان.

پاشان ئەو توندیە پیادەكراوەی بەكار دێت لەگەڵ موسوڵماناندا هەندێك جار، سەرچاوەكەی پەرۆشیە بۆیان بەوەی كە ببینرێن تێوە چون بە پیسیەكان، وە هەوڵ دانە بۆ توندوتۆڵ كردنی ڕیزەكان و وە دروست كردنی بەربەست لەڕێی ئەو ناتەواوی و درزانە بۆئەوەی كە دوژمن لێوەی نەیەت، ئەمە با چاك بزانرێت.

هەربۆیە ناودارو شارەزا **شێخ عبدالعزیز بن باز** لە ژێر ناونیشانی (ئەو بەڵگانەی كە دەریدەخەن هەڵەی هەندێك نوسەر) دەفەرموێت: **(وە گومانی تێدا نیە كە شەریعەتی ئیسلامەتی تەواوەتی بۆ ئەوە هاتوە كەوشیاری بدات لە ڕۆچون لە ئایندا، وە فەرمانی كردوە بە بانگەواز كردن بۆ ڕێگای ڕاست بە دانای و**

---

[1] مجموع الفتاوی (٢٨\٥٣-٥٤).

**ئامۆژگاری چاکەو گفتوگۆ کردن بە جوانترین شێوە، بەڵام ئەم شەریعەتە لایەنی توندو تیژی و توڕەی فەرامۆش نەکردوە لە شوێنی خۆیدا کاتێك کە نەرمونیانی و گفتوگۆی جوان سودی نیە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت:** ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡ﴾ التوبة: ٧٣

واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تێبکۆشەو جیهاد بکە لە دژی بێباوەڕان و دوڕوەکان وە ڕەق و توندو تیژبە لەگەڵیان.

وە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلۡكُفَّارِ وَلۡيَجِدُواْ فِيكُمۡ غِلۡظَةٗۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ﴾ التوبة: ١٢٣

واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە هەستن بە جەنگین و کوشتار لەدژی ئەو بێباوەڕانەی کە لێتانەوە نزیکن وە توندو تیژی و ڕەقی خۆتانیان نیشان بدەن و ئازای و بەتونای خۆتانیان بۆ بسەلمێنن، وە چاك بزانن کە یارمەتی تەنها لە خواوەیە، وە بەپێی هەبونی تەقواتان بۆتان دادەبەزێت، هەربۆیە تەقوای خواتان هەبێت خواش سەرتان دەخات، وە ئەم فەرمانە بەشەڕ کردن لەگەڵ دوژمنی نزیکدا کاتێکە کە شەڕ کردن لەگەڵیان بەرژەوندی ئیسلام و موسەڵمانانی تێدا بێت، وە ئەوەش تەنها زانایان بڕیاری لەسەر دەدەن.

وە دەفـــەرموێت: ﴿ وَلَا تُجَٰدِلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡ ﴾العنكبوت: ٤٦

واتە: گفتوگۆ و وتوویژ مەكەن لەگەڵ ئەهلی كیتابدا (جولەكەو گاور) بە باشترین شێوە نەبێت، مەگەر ئەوانەیان نەبێت كە ستەم دەكەن و ستەمكارن.

**بەڵام ئەگەر سودی نەبو وە ستەمكار یان بێباوەڕ یان كەسی فاسق بەردەوام بو لەسەر كارەكەی وە گوێی نەدا بە كەسی ئامۆژگاریكارو بیرخەرەوە، ئەوا ئەوەی كە پێویستە ئەوەیە كە دەستی بگیرێت و بەتوندی هەڵسوكەوتی لەگەڵ بكرێت و ئەوەی كە پێویستە بەسەریدا جێبەجێ بكرێت لە جێبەجێكردنی سنور (إقامه الحد) یان سزادان و لێپرسینەوە یان هەڕەشە كردن یاخود سەرزەنشت كردن هەتا لە ئاستی خۆیدا بوەستێت و وازبهێنێت لەو شتە پڕوپوچانەی)**[١].

لەگەڵ ئەوەی كە ئەوەی دەردەكەوێت لە میانەی زمان شیرینی حزبە ئیسلامیەكان لەگەڵ ئەهلی بیدەع و بێدەنگی لە هەڵەكانیان بریتیە لەوەی كە ئەوان كاتێك ڕێگای بەدەس هێنانەوەی سەربەرزی و دەسەلاتیان بۆ موسوڵمانان تەسك كردەوە لە سندوقەكانی هەڵبژاردن ڕقیان لە ڕەخنە هەڵگرت، چونكە لەوانەیە دەنگەكانیان لەكیس بدات، وە ئا بەو شێوەیە خراپە خوشكەكانی یەك لەدوای یەك شوێنی دەكەون.

ئەمەو وە لەبەرئەوەی خوای گەورە پێویستی كردوە لەسەرمان لە چارەنوسدا بونی كەسانی پێچەوانەكار – كە لەسەر ئیسلام ماڵن – ڕێگای پاڵفتەكردنمان گرتەبەر، چونكە خوای گەورە فەرزی كردوەی لەسەرمان شەرعەن وەلامدانەوەی، هەروەك ڕونمكردەوە لەم بنچینەیەدا.

---

[١] مجموع فتاوی و مقالات متنوعة للشيخ عبدالعزيز بن باز (٣\٢٠٢–٢٠٣).

وه لەبەرئـەوەی خـوای گـەوره سـەرفرازی بڕیـار داوه بـۆ ئـەهلی زانسـت و فێركـاری زانسـت – هـەروەك ڕونمكردوەتـەوه لـەو دو بنچـینەیەی پـێش ئەمـە – ڕێگـای پـەروەردەكردنمان گرتەبـەر، وه بـاس كـردن و ڕونكردنـەوەی لـەم چـەند لاپەڕەیەیەدا دەبێت كەوا دێت.

# بنچینەی شەشەم

## پاڵاوتە كردن و پەروەردە كردن

# بنەمای شەشەم

## پاڵاوتە کردن و پەروەردە کردن

ئەگەر ڕونمان کردەوە کە سەربەرزی ئەم ئوممەتە پەیوەستە بە زانست و کارکردنەوە، وە زانیمان کە ئەم ئوممەتە توشی دوبەرەکی و جیاوازیەکی زۆر هاتوە تێیدا، وە شتانێك هەڵواسراوە بە ئیسلامەوە کە لە ئیسلامدا نیە، وە هیچ ڕێگەیەکیش نیە بۆ ڕزگاربون لەو زەلیلیە سەپێنراوەی کە باڵی کێشاوە بەسەرماندا چەند سەدەیەك تەنها بە گەڕانەوە نەبێت بۆ ئاینی ڕاستەقینە، هەروەك **ئیبن عومەر** لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: (**ئەگەر خەریکی کڕین و فرۆشتنی عینە بون** (کە شێوازەکەی بریتیە لە کڕینی شتێك بە بڕێك پارە بە فەرزوە دوای فرۆشتنەوەی بەکەسی فرۆشیاری یەکەم بە بڕێکی کەمتر بەلاّم بە نەقدی)، **وە شوێن کلکی مانگا کەوتن، وە خۆتان بە کشتوکاڵەوە خەریك کرد، وەوازتان لە جیهاد هێنا، ئەوا خوای گەورە سەرشۆڕی و زەلیلیەك زاڵ دەکات بەسەرتانداوە لای نابات لەسەرتان هەتا دەگەڕێنەوە بۆلای ئاینەکەتان**)[1].

---

[1] رواه أبوداود (٣٤٦٢)، وهو صحيح: بڕوانە: الصحيحة للألباني رقم (١١).

ئەوا پێویستە خێرای كردن بۆ جێبەجێكردنی ئەوشتانەی كە ئەو زەلیلیەمان لەسەر لادەبات، كە ئەویش گەڕانەوەیە بۆلای دوو وەحیە پاكەكە: قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی پێشین چاك ئەوانەی كە بریتین خەڵكی سێ سەدەكەی یەكەم.

وە مادام دەستی تێك دان و گۆڕین درێژبو بۆ پاكی ئیسلام هەتا پەلاّوی كرد، وە بۆ جوانیەكەی هەتا تێكیدا، هەربۆیە پالأوتەكردنی لە هەمو ئەوانەی كە هاتونەتە ناوی یەكێكە لە كارە هەرە پێویستەكان، مادام ئەو حەققەی كە خوای گەورە پێغەمبەری (ﷺ) بە هۆیەوە نارد زامنكراوە مانەوەی هەتا ئەو ڕۆژەی كە زەوی و ئاسمانەكان دەگۆڕێن، ئەویش بە پاراستنی لەلایەن ئەو خوایەی كە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴾ الحجر: ٩

واتە: ئێمە كە مەبەست لە گەورەی ئەو خوایەیە كە خاوەنی هەمو شتەكانە، ناردومانەتە خوارەوە ئەم قورئانە كەئەمەش دەری دەخات كە قورئان كەلامی خوایە نەك دروستكراو بێت، وە بە زیكر ناوی بردوە كە مەبەست تێیدا ئەوەیە كە هەمو ئەو باس و یاساو حوكمانەی كە لەخۆی گرتوە دەمێنێتەوەو هیچی لێنایەت وە كەس ناتوانێت بچوكترین شتی تێدا بگۆڕێت، وە ئێمە هەرخۆمان هەڵدەسین بە پاراستنی ئەو قورئانەو دەیهێڵینەوە، كە ئەمەش گەورەی ئەو قورئانە دەردەخات وە ڕاستێتی دەردەخات كە كەلامی خوایە.

وە ئەگـەر نەخۆشــی دەســتكاری كـردن و گـۆڕین چـوە نـاو گەلێكـەوە، وە مەنهەجەكانیان دوربو لە پالأوتە كردن، ئەوا توشی سەرگەردانی دەبـن و لەگەڵیـدا جیـاوازی ناكـەن لـە نێـوان حـەلاڵ و حەرامـدا، هـەروەك موسـلیم دەگێڕێتـەوە لـە عیاضی كوڕی حماری المجاشعی كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەوتارێكیـدا فـەرموی: (**ئاگادارین كە پەروەردگارم فەرمانی پێكـردم كـە ئـەو شـتانەتان فێـر بكـەم كـە نایزانن كە فێری كردوم ئـا لـەم ڕۆژەمـدا: هـەمو سـەروەتێك كـە داومـە بـە هـەر بەندەیەك ئەوە حەلاڵی خۆیەتی، وە من بەندەكانم دروسـت كـردوە هەرهـەمویان لەسـەر یـەك خواپەرسـتی، وە بـەلأم شـەیتانەكان هـاتن بۆلایـان و لایانـدان لـە ئاینەكەیان، وە ئەو شتانەی كەمن بۆم حەلاڵ كردبون ئەوان لێیان حەرام كردن، وە فەرمانیان پێكردن كە هاوەڵم بۆ بڕیار بدەن كە من هیچ كاتێك شتی وام نەوتوە، وە خوای گـەورە تەماشـای خـەڵكی سـەر زەوی كـردوە ڕقـی لێیـان دەبویـەوە: عەرەب و عەجەمیان، تەنها چەند كەسانێك نەبێت لە ئەهلی كیتاب**)[١].

وە لەبەرئەوەی كە سەردەمی نەفامی ئا بەو شێوەیە بون كە لە فەرمودەكـەدا هاتوە، خوای گەورە پێغەمبەرەكـەی موحەممـەدی (ﷺ) نـارد بـۆ پاككردنـەوەی ئاینەكـەی لـە خڵتـەو پیسـی، وە بـۆ ئـەوەی پـەروەردەیان بكـات لەسـەر ئـەو ئیسلامەی كە پەروەردگارەكەی ڕازی بوە لێی بۆی، وە لەسەر بنچینەی (**پالأوتـە**

---

[١] صحیح مسلم (٢٨٦٥).

**کـردن و پـەروەردەکردن)** وە ئەگـەر حـەزت لێیـە بڵـێ: (**ڕێکوپێـك کـردن و پاراندنەوە**). بانگەوازی ئیسلام ڕاوەستا.

لە تەوحیدا مرۆڤ پەروەردە نابێت لەسەری بە تەواوی هەتا ڕزگاری نەبێت لـە پاشماوەی نیشتوی هـاوەڵ بـۆ خـوا دانـان، هەربۆیـە خـوای گـەورە دەفـەرموێت:

﴿فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَا﴾البقرة: ٢٥٦

واتە: هەرکەسێك بەرائەت و بێباوەڕی خۆی ڕابگەیەنێ لەبەرامبـەر هـەمو ئـەو شتانەی کە تاغوتن واتە ئەو شتانەی کە خەڵکی دەیپەرستن یان شوێنی دەکەون یـان گوێڕایەڵی دەکەن لـە غەیری خوا، وە باوەڕی خۆی ڕابگەیەنێت بـەوەی کـە خـوا پەروەردگارو پەرستراوی بەتەنهایە بە حـەق، ئـەوا ئـەو کەسـە دەسـتی گرتـوە بـە ڕزگارکارێکی چاك و توندو تۆڵەوە کە شایەنی پشت پێبەستنەوە ئەو کەسە لەسـەر ڕێگایەکی ڕاستە هەتا ڕۆژی قیامەت وە لێی جیا نابێتەوە.

وە لە شەرعدا مرۆڤ پەروەردە نابێت لەسەری بە چاکی هەتا ڕزگاری نەبێت لـە بیدعەکان، هەربۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بەردەوام لە هەمو وتارێکی جومعەدا فەرمانی دەکرد بە پەیوەست بون بە ئاینی ڕاستەقینە کە خـۆی دەبینێتـەوە لـە قورئـان و سوننەتداوەوریای دەدا لە هەمو ئـەو شـتانەی کـە تێکـی دەدات و ڕونیەکـەی لێـڵ دەکات کە بریتیە لە بیدعەکان، موسلیم ڕیوایەت دەکات لە جابرەوە کە فـەرموی:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) كاتێك كەوتاری دەدا چاوەكانی سور دەبویەوە، وە دەنگی بەرز دەبویەوە، وە تورەی زیادی دەكرد، هەر دەتوت ئاگاداركەرەوەی سوپایە، وە دەیفەرمو: (**بەیانی دوژمن دەیدات بەسەرتاندا، ئێوارە دەیدات بەسەرتاندا**).

وە دەیفەرمو: (**هاتنی من و ڕۆژی دوای وەك ئەم دوانەوایە**). وە پەنجەی شایەتومان و ناوەڕاستی لەیەك نزیك دەخستەوە، وە دەیفەرمو: (**لە پاشاندا، چاك بزانن كە چاكترین ئامۆژگاری كتابەكەی خوایە، وە چاكترین بەرنامەو هیدایەت بەرنامەی موحەممەدە، وە خراپترین كار شتە داهێنراوەكانە، وە هەمو شتێكی داهێنراو گومڕاییە**)[1]. وە دوبارەكردنەوەی ئەم ڕستەیە بەڵگەی داڕشتنیەتی و بەڵگەی زۆر سور بونە لەسەری.

وە پوختەی ئەم یاسایە: (بریتیە لەوەی كە پاككردنەوەی ئیسلام لە هەمو شتێك كە هاتوەتە ناویەوە، وە پەروەردەكردنی خەڵكی لەسەر ئەو ئیسلامە ڕەسەنە، واتە: پاڵفتەكردنی تەوحید لە هاوەڵ دانان، وە سوننەت لە بیدعە، وە فیقه لە بیرو بۆچونە تازە نەشیاوەكان، وە خورەوشت لە هەڵسوكەوتی گەلانی

---

[1] صحيح مسلم (٨٦٧).

تیاچـوی درێـو، وە فــەرمودە ڕاســتەکانی پێغەمبــەر (ﷺ) لــە فــەرمودە درۆ و هەڵبەستراوە ئاشکراکان... وە بەم شێوەیە)[1]

**جێبە جێکردن:**

شێخ **محمد ناصر الـدین الألبـاني** کۆبویـەوە لەگـەڵ یـەکێك لـە سـەرکردەکانی حزبــە ئیســلامیەکان، وە شــێخ شــارەزاییەکی وردی هــەبو بــە کارەکانیــان، وە پێیگەیشتبویەوە کە لایەنگرانی ئەو حزبە بە ملیۆنەها کەس دەژمێرێن.

وە لەو شتانەی کە پرسیاری لێکرد دەربارەی کە من لێرەدا ئاماژەی پێدەکەم بە کورتی ئەوەیە کە شێخ پێی وت: (**هەمو ئەوانەی کە لەگەڵتن ئەزانن کە خـوای گەورە لەسەرو عەرشەکەوەیەتی؟**).

وە لــــە دوای بێنــــەو بەردەیــــەکی زۆر، وە ڕاکــــردن و خــــۆلادان، ئــــەوەی پرسیارەکەی لێکرا وتی: **بەهیوای ئەوەین!**

شێخیش پێی وت: (**وازبهێنە لەوەڵامی سیاسی!**)، ئەویش وەڵامــی دایــەوە بــە **نەخێر**.

شێخیش پێی دەڵێت: (**ئەوەم بەسە لێت!**)[1].

---

[1] وە هەرکەسێك ئەیەوێت زیاتر بزانێت بەدورو درێژی لەم بابەتەدا با بگەڕێتەوە بۆ کتابی (التصفیەو التربیــە) کە دانراوی برامان علی بن حسن بن عبدالحمید لە چاپە تازەکەیدا بۆ ساڵی (١٤١٥).

ئەم پرسیارە یاسای پاڵاوتەکردن و پەروەردەکردن دەیسەپێنێت کە بریتیە لەوردترین تەرازو کە بانگەشە جیهادیەکانی ئەمڕۆی پێدەناسرێت، لەبەرئەوەی هەرکەسێك نەیتوانی بیروباوەڕی لایەنگران و خۆشەویستانی پاك بکاتەوەو پەروەردەیان بکات لەسەر بیروباوەڕێکی ساغ، ئەوا زۆر لەوە بێتواناترە کە بتوانێ بەرهەمەکانی (واتە بەرهەمی بانگەوازەکەی کە بریتین لە خەڵکانێکی تر جگە لە لایەنگرانی) پاك بکاتەوە لە خوڕەوشت و سەرجەم کردەوەکانیان، کە تێیاندایە کە ڕقی لێیەتی وە دژایەتی دەکات، ئەی چۆن بۆ پەروەردەکردنیان لە دوای ئەوەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ﴾ الرعد: ١١

واتە: خوای گەورە هیچ قەومێك ناگۆڕێت هەتا خۆیان بە کردەوە نەیسەلمێنن کە دەیانەوێت خۆیان بگۆڕن، لە خراپەوە بۆ چاکە، لە بێباوەڕیەوە بۆ باوەڕهێنان، وە لە شیرکەوە بۆ تەوحید، وە لە بیدعەوە بۆ سوننەت، وە لە بەدڕەوشتیەوە بۆ خوڕەوشتی بەرز، وە بەو شێوەیە.

وە پاشان جیهاد خۆی بۆخۆی نابێت مەگەر ئوممەتێکی دڵ بەیەکەوە پەیوەست هەبێت، لەبەرئەوەی یەکگرتن پشتگیری سەرکەوتنە هەروەك خوای

[1] شريط مسجل من سلسلة الهدى و النور رقم (١\٤٧٥) و (١\٤٧٦).

گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَيَّدَكَ بِنَصۡرِهِۦ وَبِٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِهِمۡ ﴾ الأنفال: ٦٢ ــ ٦٣

واتە: ئەو خوایە ئەو خوایەیە كە یارمەتی دایت و بە جۆرێـك سەریخسـتیت كـە كەس نەیتوانی ڕوبـەڕوت ببێتـەوە، وە باوەڕدارانیشـی كـرد بـە یارمـەتی دەرت و كردنی بەهۆی سەرخستنت، وە هەمویانی لـەگەڵ یەكتر كۆكردەوەو دڵـەكانی یـەك خستن كە بوە هۆی زیادبونی توانایان كە ئەمەش بە هەوڵی كەس نەبو بەڵكو تـەنها بە هێزو ویست و توانای خوای گەورە بو.

وە دڵەكان ئەگەر كۆنەبێتەوە لەسەر بیروباوەڕێكی سەلەفی ئـەوا خاوەنـەكانی لە پەرتەوازەیدان وە كۆبونەوەیان لە سندوقەكانی دەنگدان ئـەو پەرتەوازەیـەیان پڕناكاتەوە، خوای گەورە دەفـەرموێت لەبەرامبـەر هاوەڵـەكانی پێغەمبـەر (ﷺ):

﴿ فَإِنۡ ءَامَنُواْ بِمِثۡلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهۡتَدَواْۖ وَّإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا هُمۡ فِي شِقَاقٖ ﴾البقرة: ١٣٧

واتە: ئەگەر جولـەكەو گاورەكان ئیمانیان هێنا بەو شـتانەی كـە ئێـوە ئیمانتـان هێناوە پێی ئەی كۆمەڵی باوەڕداران، كە ئەویش باوەڕهێنانە بە سەرجەم پێغەمبـەران سەلامی خوایان لـەسەر بێت هەر لـە ئادەمەوە تا خاتەم، وە بەهەمو پەیامە ئاسمانیەكان وە مل كەچی خوابون وە جیاوازیان لـەنێوان هیچ كام لـە پێغەمبەرانـدا نـەكرد ئـەوا ڕێنمونی كـراون بـۆ ڕێگـای ڕاسـت كـە دەیانگەیەنێتـە بەهەشـتی نـەبڕاوە، بـەڵام

ئەگەروایان نەکرد ئەوا پێیان ڕابگەیەنە کە ئەوان دورن لە ڕەحمەتی خواوە ئەو کارەیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ببنە دوژمنی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ).

وە هەرچەندە ئەوەی کە لەسەری بێت و کاری بۆ بکات کەف و کوڵی سیاسەت لە کۆکردنەوە، ئەوا سەرەتای کاروباری بیروباوەڕەکەی بەرەو توانەوەو نەمانە، وە کۆتای کۆبونەوەکەی بەرەو دوبەرەکی و یەکتری تاوان بار کردنە، لەبەرئەوەی کۆبونەوەی لاشەکان ڕونادات تەنها بۆ ماوەیەکی کاتی نەبێت، لەکاتێکدا ئەوەی لەناو دڵەکاندا بێت پەرت و بلاّو بێت، وە هیچ وەصفێکی تەواو و ڕاستم چنگ نەکەوت بۆ ئەوانە لەو فەرمودەیەی خوای گەورە نەبێت کە دەربارەی جولەکە دەفەرموێت: ﴿بَأْسُهُم بَيْنَهُمْ شَدِيدٌ ۚ تَحْسَبُهُمْ جَمِيعًا وَقُلُوبُهُمْ شَتَّىٰ﴾ الحشر: ١٤

واتە: لەنێوان یەکتریدا زۆر ڕقیان لەیەکتریە، هیچ دەردێك لە لاشەو توانایاندا نیە, بەلاّم دەردەکە لە لاوازی ئیمان و کۆنەبونەوەیانە لەسەر یەك شت، هەربۆیە دەفەرموێت: کاتێك کە دەیانبینی کۆك و تەبان لە ڕواڵەتدا بەلاّم لەناخدا دڵەکانیان دورە لەیەکتریەوەو ڕقیان لەیەکتری دەبێتەوەو پەرتەوازەن.

**وە کۆی هەمو باسەکە ئەوەیە کە**: خوای گەورە بەڵێنی داوە بە دامەزراندن و پێدانی دەسەلاّتی چاك بەهەرکەسێك کە بیپەرستێت بەتەنهاو بە بێ ئەوەی هاوەڵی بۆ بڕیار بدات وە فەرمویەتی: ﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَعَمِلُواْ

ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗاۚ ﴾النور: ٥٥

واتە: خوای گەورە بەڵێنی داوە بەوانەی کە باوەڕدەهێنن و کردەوەی چاك دەکەن بەوەی کە دەیانکات بە دەسەڵات دارو خاوەن هێزو توانا هەروەك چۆن ئەوانەی پێش ئەوانیشی کردە خاوەنی هێزو توانا لەسەر زەویدا، وە هەروەها ئاینەکەیان بۆ سەردەخات و زاڵی دەکات بەسەر هەمو ئاینە بەتاڵەکانی ترو بەجۆرێك کە بتوانن شیعارەکانی ئاینەکەیان دەربخەن و ئاشکرای بکەن بە بێئەوەی لە هیچ کەس بترسن, وە ئەو ئاینەش کە خوای گەورە منەتی خۆی ڕشتوە بەسەر ئەو بەندە ئیماندارانەیدا بەوەی کە سەری دەخات بۆیان بریتیە لە ئاینی ئیسلام کە خوای گەورە پێی ڕازیەو لێی ڕازیە، وە دەفەرموێت هەروەها لەو ترس و نارەحەتیانەش ڕزگاریان دەکەم و ئارام و ئاسایش دەخەمە ناووڵات و شاریانەوە، ئەویش بەومەرجەی کە بەتەنها من بپەرستن و هاوەڵم بۆ بڕیار نەدەن، ئەگەروایان کرد ئەوا خوای گەورە بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ دەکات.

وە دروست نیە کە پاڵ بەم دەقەوە بنرێت بە هێنانەوەی نمونەگەلێکی مێژوی بۆ بەرپەرچدانەوەی، لەبەرئەوەی موسوڵمان ڕادەوەستێت لە ئاستی دەقدا، وە

خوای گەورەش فەرمویەتی: ﴿ فَلَا تَضْرِبُوا۟ لِلَّهِ ٱلْأَمْثَالَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾ النحل: ٧٤

واتە: ئێوە نمونە بۆ خوا مەهێننەوە بۆ ئەوەی بیشوبهێنن بە دروستكراوەكانیەوە، خوای گەورە هەر خۆی زانایە بە هەمو شتەكان وە ئێوە نازانن، هەربۆیە نابێت هەرلەخۆمانەوە قسە بكەین بە بێ بونی زانست بەڵكو دەبێت گوێ بۆ ئەو نمونانە بگرین كە خوای گەورە باسی كردوە.

وە بەڵام دیاری كردنی پرسیارەكەی شێخ لە بابەتی بونی خوا لەسەرو عەرشەوە، لەبەرئەوەیە ئەو پرسیارە ئەو دوڕیانەیە لە نێوان ئەهلی سوننەو خاوەن ئارەزوەكان، وە لەبەرئەوەیە كە ئەو پرسیارە بیروباوەڕێكی ئاسانە كە كۆمەڵگای پێغەمبەر (ﷺ) دەیانزانی ئەو كۆمەڵگەیەی كە دونیای ڕزگار كردو پێشەنگی ئوممەتەكانی كرد، هەتا كەنیزەكەكانیش دەیانزانی لەوانەی كە شوانی مەڕومالآت بون.

وە تاقیكردنەوەی شێخ بەو پرسیارە بۆ ئەو حزبە سیاسیە كەواگومان دەبات كە تەواوە لە ئاینەكەیداوە لەڕوی ئاستی نەزانی ئەو كاتەی، ئەم تاقیكردنەوەیە ڕێبازێكی سەلەفیانەیە، با هەرچی خەلەفیشە پێی ناخۆش بێت، ئەوەتا موسلیم و جگە لەویش دەگێڕنەوە لە موعاویەی كوڕی حەكەمی سولەمیەوە كە دەفەرموێت: (هەندێك مەڕو مالآتم هەبو لەنێوان ئوحودو جوانیەوە كەنیزەكێكمی لەلابو لەوێ،

ڕۆژێك چوم بۆلایان تەماشام کرد گورگ دانەیەکی بردوە لێی، وە منیش پیاوێکم لەنەوەی ئادەم، وە بێتاقەت بوم پێی، وە زللەیەکم لێدا، وە ڕۆشتم بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) وە ڕوداوەکەم بۆباس کرد، ئەویش کارەکەی بە گەورە زانی لەسەرم واتە ڕونی کردەوە بۆم کەمن کارێکی خراپم کردوە، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا ئازادی نەکەم؟ فەرموی: **بانگی بکە**. منیش بانگم کردوە پێی فەرمو: **خوا لە کوێیە؟** وتی: **لە ئاسمانە.** فەرموی: **من کێم؟** وتی: **تۆ پێغەمبەری خوایت.** فەرموی: **ئازادی بکە بەڕاستی ئەو ئیماندارە**)[1].

جوان ورد بەرەوە – ڕەحمەتی خوات لێبێت – لەم کۆمەڵگەیەی کە پێغەمبەر (ﷺ) جیهادی پێدەکردن، دەبینی بیروباوەڕی تێرو تەواو بوبو هەتا لەلای شوانی ئەو مەڕومالاّتانەی کە هاوەڵی و هاودەمیان کەم بو لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) هەروەك ئەم کەنیزەکە !

وە جوان ورد بەرەوە لە حەقیقەتی کۆمەڵگاکانی ئیسلامەتی ئەمڕۆ کە دەیەوێت بە هۆیەوە سەربکەوێت بۆ بەدەست هێنانی تەختی دەسەلاّت، ئەو کاتە بە جوانی بۆت دەردەکەوێت ئەو بۆشاییە فراوانەی کە هەیە لەنێوان جیهادی ئەوان و جیهادی ئەمانە.

---

[1] رواه أحمد (٥\٤٤٧)، و مسلم (٥٣٧).

ئایا بانگەشە جیهادیەکان توانیان کە شوێن کەوتوانیان کۆبکەنەوە – چ جای شوانەکان – لەسەر (**خوا لە کوێیە؟**).

یان ئەوە پرسیارێکە کە بوە بە جێگای پێکەنینێك کە تەنها حزبیەکان وایدەزانن لە زەمەنی کاریگەری شارستانیەکان، وە جێگای گاڵتە پێکردنە لەلای داکۆکی کاری تاقمەکان؟

یان ئەوان تێگەیشتون لە پێویستی حوکم کردن بەو بەرنامەیەی کە خوا ناردویەتە خوارەوە ئەگەر خواش لەدەس بدەن؟!

کەواتە کەی خوای گەورە بڕیار دەدات بە ئازاد کردنی گەردنیان لەدەست ئەوانەی کە زەلیلیان کردون، هەروەك چۆن ئەو کەنیزەکەی ئازاد کرد لەدوای ئەوەی کە خوای بە چاکی ناسی؟ ﴿وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ﴾ یوسف: ٢١

واته: خوای گەورە فەرمانەکانی هەرهەموی جێبەجێ دەبێت و هیچ کەسێك ناتوانێت ڕێگری لێبکات، بەلاَم زۆربەی خەڵکی نەزانن هەربۆیەوادەزانن کە دەتوانن بەرەنگاری فەرمانەکانی ببنەوە بەلاَم ئەوان زۆر لەوە بێتواناترو لاواز ترن.

بەلاَم حەقیقەتی ئەم پرسیارە بریتیە لە دەرهێنانی ڕاستی بانگەوازەکان، وە ئاشکرا کردنی ڕادەی ئیخلاصی نیەتەکان، لەبەرئەوەی لە گرنگی دان بە حوکم

کـردن بـە شـەریعەت، وە لـە گرنگـی دان بـە بابـەتی ڕاوەسـتانی خـوا لەسـەرو عەرشەوە گرنگی دانە بە مافی خوا، بـەڵام لـە نێـوان یەکـەم و دوەمـدا جیاوازیـەك هەیە، ئـەویش ئەوەیـە کـە لەیەکەمـدا بەنـدە بەشـێکی بـۆ نەفسـی خـۆی تێدایـە، ئـەویش ئەوەیـە کـە لەسـەر زوبانـەکان دوبـارە دەبێتـەوە لـە گێڕانـەوەی مافـە خوراوەکان و وە بەدەست هێنانەوەی مافـەکان، وە گـوزەرانی خـۆش کـە بـەڵێنی پێدراوە بە ڕاسـتی لـەو فـەرمودەی خـوای گـەورەدا: ﴿ وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَىٰ آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ ﴾ الأعراف: ٩٦

واتە: ئەگەر خەڵکی دانیشتوی شـارو لادێکـان بـاوەڕبهێنن بـەو شـتانەی کـە پێویستە باوەڕی پێبهێنن و وە تەقوای خوایان هەبێت لە جێبەجێکردنی فەرمانـەکان و دورکەوتنەوە لـە قەدەغە کراوەکـان، ئەگـەروایان کـرد ئـەوا ئێمـەش بەرەکـەتی ئاسمان و زەویان بەسەردا دەڕژێنین.

واتە: بەشی بەندە تێکەڵاو بوە بە مافی خوا.

وە بەڵام گرنگی دان بە سیفەتی بڵندی خوا بریتیە لە گرنگی دان بە مافی خـوا بە تـەواوی، کە ئەو کەسەی کە بانگەوازی بـۆ دەکـات هـیچ بەشـێکی تێـدا نیـە بـۆ نەفسی خۆی.

وەورد بەرەوە لەم جیاوازیە بۆت دەردەکەوێت قورسی ئیخلاص، لەبەرئـەوەی گیزەگیز لە چوار دەوری مەسەلەی حوکم کردن بەو بەرنامـەی کـە خـوا ناردویەتـە خوار، لەگەڵ فەرامۆش کردنی مەسەلەکانی صیفاتە بێگەردەکانی پەروەردگار یان دواخستنی یاخود پەراوێز خستنی – کە ئەویش بەڕێزترین شتە کە خوا ناردویەتـە خـوارەوە، چـونکە بـەڕێزی زانسـت بـە هـۆی بـەڕێزی زانراوەکەوەیـەوەك پێشـتر باسمان کرد – گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو بابەتە خڵتەیەکی تێدایە، کە جەخت دەکاتەوە لە پێویستی گەڕانەوە بۆلای بانگەوازی پێغەمبـەران سـەلامی خوایان لەسەر بێت کە بە میللەتەکانیان وت: ﴿ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ﴾ الأعراف: ٥٩

واتە: بەتەنها خوا بپەرستن و هاوەڵی بۆ بڕیار مەدەن، چونکە هیچ خوایەکی تـر نیە کە بەڕاستی شایەنی پەرستن بێت جگە لـە زاتی اللە.

هەربۆیە گرنگی دانیان بە شیرکی گۆڕەکان پێش خست بەسەر گرنگـی دان بـە شیرکی کۆشکەکان – ئەگەر ئـەم دەربڕینـە ڕاسـت بێـت – هەربۆیـە پێشـەوایەتی کردن هیچ کات بنچینەیەك نەبوە لە بنچینەکانی باوەڕ جوان لێی ورد بەرەوە ![1].

[1] وە ئیبن تەیمیە کۆمەڵێ قسەی بەنرخی هەیە لەو بارەیەوە لە منهاج السـنە (١\١٠٦–١١٠) بگـەڕێرەوە بـۆی، وە دەربارەی شەڕکردن لەگەڵ سەرپەرشتیاران لە بەرخاتری دونیاو تێکەڵ کردنی بە فەرمان کردن بە چاکەو نـەهی کـردن لە خراپە لە (٥\١٥٢)، وەوێنەی ئەوە لە العقود الدریە کە هی ابن عبد الهادی یە (ص: ١٤٧).

# کۆتایی

لەگەڵ ئەمەدا، داوا لە خوای گەورە دەکەم کە دڵی تەواوی موسوڵمانان بکاتەوە، وە بانگەواز کارانیان بە تایبەتی بۆ ئەوەی شوێن ڕێگای پێشینی چاکیان بکەون لە کردەوە کردن بەم شەش بنچینەیە، لەبەرئەوەی هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ گەیشتن بە خێرو چاکەی دونیاو دواڕۆژ تەنها بە شوێن کەوتنی نەبێت، هەروەها هیچ مەجالی تێدا نیە بۆ تێپەڕاندنی بۆ شتی تر، لەبەرئەوەی ئەو شەش بنچینەیە چەند کۆڵەکەیەکە کە ئەوانەی کە لە پێش ئێمەوەن لە دینەکەیاندا لەسەری بینایان دروست کردوە بە هۆیەوە بیناکەیان دروست بو وە ڕاوەستا، وە بێخیان قایم بو، وە دەسەڵاتیان بەتوانا بو، وە ئەوەش لە یارمەتی خواوەیە بۆیان، کاتێ کە بینی دڵەکانیان چەسپاوە لەسەر ڕاستگۆی و ئیخلاص، وە بەهۆیەوە ئەم ئاینەیان بۆ ئێمە پاراست بە پاکی و صافی هەروەك ئەوەی ئەمڕۆ دابەزیوە.

وە ڕاستی فەرمو ئیمامی شاری کۆچ بۆکراو **مالیکی کوڕی ئەنەس** ڕەحمەتی خوای لێبێت کە دەفەرموێت: (چاکی ناکات کۆتای ئەم ئوممەتە ئەوە نەبێت کە سەرەتاکەی چاك کرد). وە پێشتر باسمان کرد، وە ڕاستی فەرمو ڕاسترینی ڕاست بێژان کە دەفەرموێت: ﴿ إِن يَعْلَمِ ٱللَّهُ فِى قُلُوبِكُمْ خَيْرًا يُؤْتِكُمْ خَيْرًا مِّمَّآ أُخِذَ مِنكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ﴾ الأنفال: ٧٠

واته: تۆ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان ڕابگەیەنە ئەگەر دڵەکانتان خێرو چاکەی تێدا بێت ئەوا دڵنیا بن کە خوای گەورە زۆر لەوە زیاتر ماڵ و سامان و نیعمەتەکانی خۆیتان بەسەردا دەڕژێنێت کە لێتان داوا کراوەو لێتان وەرگیراوە.

**وە سوپاس تەنها بۆ خوا لە سەرەتاو و لە کۆتاییشدا**....